زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ( ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور ) دا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لەلایەن
دیـــار محەمەد کەریم
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر– ٢٠١٠


بە سەرپەرشتی
پ. ی. د. نـەجم خـالـید ئەلوەنـی


اربیل ـ کوردستان
کانونی یەکەم ٢٠١٥

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور) دا، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: دیار محەمەد کەریم

بەروار:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی کوردیدا. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.ی.د. نەجم خالید ئەلوەنی    واژوو:

بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێ بەجێ کراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو:پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێ بەجێ کراوە، بۆیە رازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێ بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژی زمان

واژوو:

ناو: د.عاطف عەبدوڵلا فەرهادی

بەروار:

هەواڵنامەی کتێب

**بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە**

ئـێمە وەکـو لیـژنەی تـاقیکردنەوە، ئەو ماسـتەرنامەیەمان کە ناونیشـانی بریتـی بـوو لە: (ئاسـتەکانی روانـین لە رۆمانەکـانی کـاروان عـومەر کاکەسـوور) خوێنـدەوە و قوتابییەکەمـان کە نـاوی (دیـار محمـد کریم)بـوو، لە نـاوەڕۆکەکەی تـاقیکردەوە. ئـێمە بڕیـار دەدەیـن کە پێداویسـتیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆری ئەدەبی کوردی تێدایە.

واژوو:

ناو: پ.ی.د.نەوزەت ئەحمەد عوسمان

سەرۆکی لیژنە

بەروار:

واژوو:

ناو: پ.ی.د. فوئاد رەشید

ئەندام

بەروار:

واژوو:

ناو: پ.ی.د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

ئەندام

بەروار:

واژوو:

ناو: پ.ی.د.نەجم خالید ئەڵوەنی

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار:

واژوو:

د.عاطف عەبدوللا فەرهادی

راگری کۆلیژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین

بەروار:

هەوالنامەی کتێب

## پێشکەش بە:

- گیانی پاکی عەرفانی برا و هاورێم.
- دایکی خۆشەویستم.
- باوکی ماندوونەناسم.
- هاوسەرە ئازیزەکەم.
- جگەرگۆشەکانم (رۆژ، دیاستان، دڵارام).

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

•سوپاس و پێزانین بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین و کۆلیژی زمان/ بەشی کوردی.

•سوپاس وپێزانین بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانم کە هەردەم یارمەتی دەرمن لە کارەکانمدا.

•سوپاس و پێزانین بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.ی.د. نەجم خالید ئەڵوەنی) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە گرنگەکانی ڕێنیشاندەرم بوو.

•سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندن فێریان کردووم.

•سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستای بەڕێز (د.سەنگەر حاجی) کە لە پێدانی سەرچاوە هاوکاریی کردووم.

•سوپاس و پێزانین بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکان هاوکارییان کردووم، بەتایبەت(کاک خلیلی برام و مامۆستا سەردار و سوندس خان و لیقاء خان).

•سوپاس و پێزانین بۆ (وردەی خێزانم و ئەمەلی خوشکم) کە تا کۆتایی نامەکە بێ ماندووبوون لەگەڵم بوون.

# پوختەی توێژینەوە

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

(ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور) دا، بۆیە بووە بە ناونیشانی بابەتی توێژینەوەکەمان، چونکە خاڵی جەوهەری تێگەیشتنی دەقی هەر رۆمانێک پەیوەستە بە تێگەیشتن لە روانینەکان.

روانین، واتا دیدی مرۆڤە بۆ ژیان و گەردون و کۆمەڵگە...تەنانەت بۆ وردترین بابەت و جوولە وهزرێک کە پەیوەندی بەمرۆڤ و ئەو ژینگەیەوە هەبێت کەمرۆڤ تێیدا دەژیت. لەرێگەی روانینی کەسەکانەوە دەتوانین هەڵوێستیان بەرانبەر بەژیان و بوون و تەواوی شتەکان بزانین. لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، روانین لەگەڵ یەکەم هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هاتۆتە ئاراوە. پێویستییەکە بۆ مرۆڤ، چونکە بەهۆی روانینەکانەوە دەتوانین لەشتەکان تێبگەین، هەر لەرێگەی دەربڕینی روانینەکانمانەوە دەتوانین پەیامی خۆمان ئاراستەی کەسی بەرانبەر بکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەنێو مرۆڤەکاندا، کەبناغەی سەرەکی دروستبوونی شارستانییەتە.

## گرفتی توێژینەوەکە:

یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تێکەڵکارییەکی زۆر هەیە لە بەکارهێنانی چەمکەکانی (روانین و گۆشەنیگا) دا، وەک لە توێژینەوەکەدا ڕوونمان کردووەتەوە ئەم دوو چەمکە، بە هیچ شێوەیەک یەک شتنین، ئەگەرچی زۆرێک لە نووسەرانی کورد و عەرەب وفارس نەیانتوانیوە درک بەم جیاوازییە بکەن و لە بری یەک بەکاریان هێناوە. ئاستەکانی روانین لە رەخنەی رۆمانی کوردی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری لەسەر نەکراوە، ئەگەر باسیش کرابێت بەشێوەی تایبەت نەبووە، لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بارەی گۆشەنیگاوەن باس لە روانینیش کراوە، کەئەمەش گەلێ جار توێژەرانی تووشی هەڵەکردووە، چونکە وەک یەک سەیری هەر دوو زاراوەی (روانین، گۆشەنیگا) یان کردووە.

کارکردنمان لەبارەی رۆمانەکانی ئەم نووسەرە بەپێویست زانیوە، چونکە بەرهەمەکانی لە پلەیەکی بەرزی هونەری و هزریدان،کەچی کەمترین کاری ئەکادیمی لەسەر بەرهەمەکانی کراوە بۆیە بە پێویستمان زانیوە توێژینەوەکەمان بۆ لێکۆلینەوە لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە تەرخان بکەین.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگترین کار بۆ تێگەیشتن لە دەقی هەر رۆمانێک تێگەیشتنمانە لە روانینەکان، روانینەکانیش لە دەقی رۆماندا دەکرێ دابەشی سەر سێ ئاست بکرێن، ئەوانیش ئاستەکانی (هزری و دەروونی و دەربڕین)ن، لە نێوان ئەم ئاستانەدا پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە، هیچ ئاستێک بێ دوو ئاستەکەی دیکە ناتوانێت پێکهاتەیەکی تەواوی هەبێت، کۆی ئاستەکان روانین پێکدەهێنن. هەر یەکێکیان کاردەکاتە سەر دوو ئاستەکەی دیکە. خۆیشی لە ژێر کاریگەری ئەواندایە. ئاستی هزری جەوهەریترین ئاستی نێو روانینە، هزرەکان پێگەی خاوەن روانینەکان دیاریدەکەن، پەیوەستن بە جۆری بیرکردنەوەیانەوە. ئاستی دەروونیش وەک ئاستێکی گرنگ لە روانیندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ روانینێک بێ کاریگەری لایەنی دەروونی بوونی نییە، دروستکەری جیاوازییە هزرییەکانە، شێوازی گوزارشتکردنەکان دیاریدەکات. ئاستی دەربڕینیش ئەرکی خستنەڕووی هزر و بارە دەروونییەکانە لە روانیندا، لە رێگەی دەربڕینەوە دەتوانین درک بە ئاستی هزری و دەروونی خاوەن روانینەکان بکەین. شێواز و گوزارشتکردنە بۆ گەیاندنی روانینەکان بە خوێنەر، زمان و سیمای روانینەکانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەماندا پەیڕەوی میتۆدەکەی (بۆریس ئوسبنسکی) مان کردووە، کارکردنی ئەم میتۆدە لەسەر خودی دەقەکەیەو کاریگەرییە دەرەکییەکانیش تێیدا دیاریدەکرێت، بە واتایەکی دیکە لەم میتۆدەدا هەردوو رووی دەق، واتا دەرەوە و ناوەوە کاری لەسەر دەکرێت، هیچ لایەکیان فەرامۆش ناکرێت.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەیەوە:**

ئەم باسە چەندین ئەنجامی گرنگی داوەتە دەستەوە کە ئەمانە گرنگترینیانە:

(١) روانین جیاوازە لەگەڵ گۆشەنیگا، چونکە (گۆشەنیگا) ڕەهەندێکی شوێنی هەیە. بەڵام روانین ڕەهەندی هزری و دەروونی و زمانی هەیە، لەیەک کاتدا هەرسێ ئاستەکەی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، لەبەر ئەوە تەنیا خودی روانین ئاماژەیە بۆ چەمکی روانین نەک گۆشەنیگا.

(٢) بۆ تێگەیشتن لە دەقی رۆمان، گرنگترین شت تێگەیشتنە لە روانینەکان، چونکە روانین کۆکەرەوەی (فۆرم و واتا) یە، پەیوەندی بەهزر و باری دەروونی نووسەر و کارەکتەرە جیاجیاکانی رۆمانەوە هەیە، لەگەڵ ئەو زمانەیش کە پێی دەدوێین، بۆیە لەڕێی روانینەوە دەتوانین پەی بە تەواوی ماناکانی رۆمان ببەین.

(٣) روانین پەیوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە و لەڕێی روانینەکانەوە دەتوانرێ تایبەتمەندی جیاوازی کارەکتەرەکان دەستنیشان بکرێت. ئەگەرچی دەکرێ ئەم روانینە تایبەت بێ بە رۆماننووس و لە رێی کارەکتەرێکەوە خرابێتە نێو دەقی رۆمانەکەوە.

## ناوەڕۆك


| بـــــابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشکەش | V |
| سوپاس و پێزانین | V |
| پوختەی توێژینەوە | IX-VII |
| ناوەڕۆك | XI-X |
| پێشەکی: | 3 - 1 |
| بەشی یەکەم: ڕوانین لەڕووی تیۆرییەوە: | 49 - 4 |
| ا/چەمکی ڕوانین | 4 |
| ب/پێناسەی ڕوانین | 13 |
| ج/گرنگی ڕوانین لە ڕەخنەی ڕۆماندا | 29 |
| بەشی دووەم: پەیوەندی نیوان ڕوانین و دەق لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور دا | 98 – 50 |
| ا/ ڕوانینی نووسەر | 50 |
| ب/ ڕوانینی حەکایە تخوان | 68 |
| ج/ ڕوانینی کارەکتەر | 85 |
| بەشی سێیەم: ئاستەکانی ڕوانین لە ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا: | 150 - 99 |
| ا/ئاستی هزری | 99 |
| ب/ئاستی دەروونی | 114 |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ج/ئاستی دەربڕین | 133 |
| ئه نجام: | 151 |
| لیستی سەرچاوەکان: | R 162-R153 |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | C-A |


هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی:

روانین، دید و جیهانبینی یە، بەرانبەر بە گەردوون و کۆمەڵگاو تەواوی ئەو بابەتانەی دەوری مرۆڤیانداوە. لەگەڵ هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤدا روانین هاتووەتە ئاراوە. روانین گوزارشتکردنە لە هزر و دەروونی خود بەرانبەر جیهان و دەوروبەر وپێشهات و ڕووداوەکان.

لە ڕێگەی روانینەوە مرۆڤ بە حەقیقەت دەگات و دەتوانێت پەی بە لایەنە شاراوەکانی ژیان ببات. لەناو دەقی رۆمانیشدا روانینەکان تایبەتن بە نووسەر و کارەکتەرە جیاجیاکانی رۆمان، واتا هەڵوێست و دید و روانینی ئەوانە بەرانبەر بە ژیان و ڕووداوەکانی دەوروبەریان، بۆیە لە رۆماندا روانین بەهای پێکهاتەکان پێکدەهێنێ، ناکرێ باس لە دەقێکی ئەدەبی بکرێت بێ ئاماژەدان بە روانینی نێو دەقەکە، چونکە خاڵێکی جەوهەری دەقی ئەدەبی جۆر و پێکهاتەی روانینەکانە.

(روانین) بەچەندین وشە و زاراوە گوزارشتی لێکراوە، (جیهانبینی، گۆشەنیگا، بینین، دید...)، فرەیی لە بەکارهێنانی زاراوەکان لەم بوارەدا دەلالەتە لەسەر فراوانی بواری واتایی ئەم چەمکە.

روانینەکان لە دەقی رۆماندا دەکرێ دابەشی سەر سێ ئاست بکرێن، ئەوانیش ئاستەکانی(هزری و دەروونی و دەربڕین)ن، لە نێوان ئەم ئاستانەدا پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە، هیچ ئاستێک بێ دوو ئاستەکەی دیکە ناتوانێت پێکهاتەیەکی تەواوی هەبێت، کۆی ئاستەکان روانین پێکدەهێنن. هەر یەکێکیان کاردەکاتە سەر دوو ئاستەکەی دیکە. خۆیشی لە ژێر کاریگەری ئەواندایە. ئاستی هزری جەوهەریترین ئاستی نێو روانینە، هزرەکان پێگەی خاوەن روانینەکان دیاریدەکەن، پەیوەستن بە جۆری بیرکردنەوەیانەوە. ئاستی دەروونیش وەک ئاستێکی گرنگ لە روانیندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ روانینێک بێ کاریگەری لایەنی دەروونی بوونی نییە، دروستکەری جیاوازییە هزرییەکانە، شێوازی گوزارشتکردنەکان دیاریدەکات. ئاستی دەربڕینیش ئەرکی خستنەڕووی هزر و بارە دەروونییەکانە لە روانیندا، لە ڕێگەی دەربڕینەوە دەتوانین درک بە ئاستی هزری و دەروونی خاوەن روانینەکان بکەین. شێواز و گوزارشتکردنە بۆ گەیاندنی روانینەکان بە خوێنەر، زمان و سیمای روانینەکانە.

(ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور)دا ، بۆیە بووە بە ناونیشانی بابەتی توێژینەوەکەمان، چونکە خاڵی جەوهەری تێگەیشتنی دەقی هەر رۆمانێک پەیوەستە بە تێگەیشتن لە

روانینەکان. یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تێکەڵکارییەکی زۆر هەیە لە بەکارهێنانی چەمکەکانی (روانین و گۆشەنیگا)دا، وەک لە توێژینەوەکەدا ڕوونمان کردووەتەوە ئەم دوو چەمکە، بە هیچ شێوەیەک یەک شتنین، ئەگەرچی زۆرێک لە نووسەرانی کورد و عەرەب وفارس نەیانتوانیوە درک بەم جیاوازییە بکەن و لە بری یەک بەکاریان هێناوە، لەلایەکی دیکەشەوە (کاروان عومەر کاکەسوور)[*]، کەمترین کاری ئەکادیمی لەسەر بەرهەمەکانی کراوە، تەنیا یەک نامەی ماستەری لەبارەوە نووسراوە بەناوی ((مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا، رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور بەنموونە)) لەلایەن (شوان غازی) یەوە لە ساڵی ٢٠١٥، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێک بەر لە ئێستا. بۆیە بە پێویستمان زانیوە ئەم نامەیە تەرخان بکەین بۆ توێژینەوەی رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسە، کارکردنمان لەبارەی رۆمانەکانی ئەم نووسەرە بەپێویستی زانیوە، چونکە بەرهەمەکانی لە پلەیەکی بەرزی هونەری و هزریدان، جگە لە رۆمانەکانی چەندین بەرهەم و نووسراوی دیکەشی هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا کارمان لەسەر پێنج رۆمانی کردووە ئەوانیش رۆمانەکانی(ئای لەڤیلیا لەڤیلیا...!!، مامزێر، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کازینۆی منداڵان و ماڵی نانی)یە، جگە لەو رۆمانانە (کاروان عومەر کاکەسوور)، لە نووسینی رۆمانێکی دیکەش بەشدارە بە ناوی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)، بە هاوبەشی لەگەڵ دوارۆژ کاروان کاکەسوور نووسیویانە، بەڵام بە پێویستمان نەزانی کار لەسەر ئەو رۆمانەی بکەین، چونکە خۆی بە تەنیا خاوەنی نییە، رۆمانێکی دیکەشی بەناوی (ریبەنێکی سوور و ملپێچێکی رەش) لە مانگی (دە)ی ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە، ئەویش لە ناو توێژینەوەکەماندا نەخراوەتە بەرباس، چونکە لەکاتی چاپکردنی ئەو رۆمانەیدا، ئێمە لە کۆتایی کارەکەماندابووین.

ئاستەکانی روانین لە رەخنەی رۆمانی کوردی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاری لەسەر نەکراوە، ئەگەر باسیش کرابێت بەشێوەی تایبەت نەبووە، لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بارەی گۆشەنیگاوەن باس

(*) کاروان عومەر کاکەسوور، لە١٩٦٤/٥/١٥ لەهەولێر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی بەر لەزانکۆی هەر لەم شارە تەواوکردووە، لەساڵی١٩٨٥ لەبەشی مێژووی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی مووسڵ وەرگیراوە،بەهۆی بەشداری نەکردنی لە مەشقی هاوینەی سووپای میللی ناسراو بە (الجيش الشعبي) سەر بە رژێمی رووخاوی بەعس، دووساڵ لەزانکۆ دوورخراوەتەوە. پاشان دووبارە گەڕاوەتەوە و لە١٩٩١ تەواوی کردووە، لەساڵی١٩٩٢ کوردستانی جێهێشتووە، ئیستا لە دانیمارک دەژیت، لەساڵی١٩٨٥ەوە دەنووسێت.

بروانە: دانا فایەق: منداڵێک بەدزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە/ گفتوگۆ لەگەڵ(کاروان عومەر کاکەسوور)، ل١٢٤-١٢٥.



هەواڵنامەی کتێب

له روانینیش کراوه، کەئەمەش گەلێ جار توێژەرانی تووشی هەڵەکردووە،چونکە وەک یەک سەیری هەر دوو زاراوەکەیان(روانین، گۆشەنیگا)کردووە.

له توێژینەوەکەماندا پەیڕەوی میتۆدەکەی (بۆریس ئوسبنسکی) مان کردووە، کارکردنی ئەم میتۆده لەسەر خودی دەقەکەیەو کاریگەرییە دەرەکییەکانیش تێیدا دیاریدەکرێت، بە واتایەکی دیکە لەم میتۆدەدا هەردوو رووی دەق، واتا دەرەوە و ناوەوە کاری لەسەر دەکرێت، هیچ لایەکیان فەرامۆش ناکرێت.

تویژینەوەکەمان پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشێکی تیۆری و دوو بەشی پراکتیکی، هەر بەشێکیش سێ تەوەر لە خۆدەگرێ. بەشی یەکەم کە بەشێکی تیۆرییە، لە تەوەرەکانیدا باس لە چەمک و زاراوەی روانین و پێناسەکانی روانین و گرنگی روانین لە رەخنەی رۆماندا کراوە، بەشی دووەمیش بەشێکی پراکتیکییە و تێیدا کارمان لەسەر رۆمانەکان کردووە و بە دوای روانینی (نووسەر و کارەکتەرەکان)دا گەراوین و لێکدانەوەمان بۆکردووە. بەشی سێیەمیش تەرخان کراوە بۆ باسکردنی ئاستەکانی روانین (هزری، دەروونی، دەربڕین) لە رۆمانەکاندا و بۆ هەر ئاستێکێ چەند نموونەیەکمان شیکردووەتەوە.

ئەم باسە چەندین ئەنجامی گرنگی داوەتە دەستەوە کە لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و گرنگترین سەرچاوەکانی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو. لە دواجاردا زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هیچ توێژینەوەیەکی لەمجۆرە بێ کەم و کوڕی نابێ، ئەگەرچی هیوادارین کەلێنێکی لە رەخنەی ئەکادیمی رۆمانی کوردیدا پڕکردبێتەوە.

## بەشی یەکەم: روانین لەرووی تیۆرییەوە:

### ا/چەمکی روانین

### ب/پێناسەی روانین

### ج/گرنگی روانین لە رەخنەی رۆماندا

هەواڵنامەی کتێب

**بەشی یەکەم: روانین لە رووی تیۆرییەوە:**

**تەوەری یەکەم:**

**چەمکی روانین:**

چەمکی روانین هەر تەنیا پەیوەست نییە بەرۆمانەوە، بەڵکو چەمکێکی گشتییە، پەیوەندی بەکۆمەڵێ بواری دیکەشەوە هەیە، وەک فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و سروشتناسی و...هتد.

روانین، واتا دیدی مرۆڤ بۆ ژیان و گەردون و کۆمەڵگە...تەنانەت بۆ وردترین بابەت و جوولە وهزرێک کە پەیوەندی بەمرۆڤ و ئەو ژینگەیەوە هەبێت کەمرۆڤ تێیدا دەژیت. لەرێگەی روانینی کەسەکانەوە دەتوانین هەڵوێستیان بەرانبەر بەژیان و بوون و تەواوی شتەکان بزانین. لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، روانین لەگەڵ یەکەم هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هاتۆتە ئاراوە. پێویستییەکە بۆ مرۆڤ، چونکە بەهۆی روانینەکانەوە دەتوانین لەشتەکان تێبگەین، هەر لەرێگەی دەربڕینی روانینەکانمانەوە دەتوانین پەیامی خۆمان ئاراستەی کەسی بەرانبەر بکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەنێو مرۆڤەکاندا، کەبناغەی سەرەکی دروستبوونی شارستانییەتە.

ئەمە بەگشتی باسکردنی چەمکی روانینە لەدەرەوەی دەقی ئەدەبیدا، بەڵام ئێمە کاتێک لەروانین دەدوێین لەناو دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی لەرۆماندا ئەوا خۆمان لەبەردەم روانینی چەند کەسێکی دیاریکراودا دەبینینەوە، ئەوانیش نووسەری رۆمان و کارەکتەرەکانن کە لەرێگەی رۆمانەوە بەخوێنەر دەگەن. لەرۆماندا روانین بەهای پێکهاتەکان پێکدەهێنێ.

ئەم چەمکە لەلایان نووسەرانی کۆن و نوێ باسی لێوە کراوە، چونکە ناکرێت رۆمان یان هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی بەدەربێت لە روانین، جا ئەو روانینە، هی خودی نووسەر بێت یان هی هەریەک لەوانەبێت کە لە دەقێکی ئەدەبیدا دەبنە توخمی سەرەکی ئەو دەقە.

ئاستی ((هزر و دارشتن ))[1]، کە دوو ئاستی روانینن ئەوا لەسەردەمانێکی کۆنەوە ئەرستۆ باسی کردوون و بە دوو پێکهاتەی سەرەکی تراژیدیای داناون. ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ لای ئەفلاتوون ئەوا دەبینین ئەفلاتوون پێی وابووە دەبێت هــــزرو روانینەکان یەک ئاراستەیان هەبێت، رووەو یەک سەر چاوەبن، چونکە

(١)ئەرەستۆ: هونەری شیعر(شیعرناسی)، و:عزیز گەردی، چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٨.

ئەفلاتوون فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای ئایدیالیزم دامەزرابوو، بۆیە نەی دەویست جگە لەکەسە ئایدیالیستەکان دەنگێکی دی هەبێت. بەلای ئەفلاتوونەوە ئەو روانینە چاکترە، کە هی نووسەرە نەک ئەوەی کە گوزارشت لە کارەکتەرەکان دەکات و لەرێگەی ئەوانەوە بە خوێنەر دەگات، بۆیە لە گفتوگۆکانی نیوان سوکرات و گلاوکۆن لە کۆمارەکەی ئەفلاتوون لە بارەی پێشکەشکردنی درامی روانینێکی نەرێنی ئەفلاتوون بەرجاو دەکەوێت، ئەو ئەم جـۆرە پێشکەشکردنە بەباش نازانێت و دەلێت: ((بەبڕوای من زیاتر ڕوون بووەتەوە کە ئەو جۆرە شیعرانە دەبێ بە تەواوی ڕەتبکرێنەوە...ئەو جۆرە بەرهەمە فکرییانە مێشکی گوێگر ئازار دەدا))[1]

لەمێژووی ئەدەبی دا گەلێک زاراوەی هاو واتا بۆ روانین و چەمکی روانین بەکار هاتووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین چاوێک بە زاراوە هاو واتاکانی چەمکی روانین دابخشێنین. بێگومان کاتێک نووسەرێک زاراوەیەک هەڵدەبژێرێت پاساوی خۆی هەیە بۆ ئەم کردارە، بەلای ئێمەوە چەمکی (ڕوانین) ڕەهەندی هزری و زمانی و دەروونی هەیە، ڕوانینەکانی نێو هەر ڕۆمانێکیش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بنیاتی هونەری و هزریی ئەو ڕۆمانەدا، بۆیە بەتوخمێکی گرنگی ڕۆمان هەژمار دەکرێت، ئەمەش ڕێگا بە نووسەران و ڕەخنەگران دەدات بە زۆر شێوە لەبارەی ئاستەکانی ڕوانینەوە بدوێن و بەزاراوەی جۆراوجۆریش گوزارشتی لێبکەن.

ئەگەر سەرەتا لە فەرهەنگە کوردییەکاندا سەرنج لە واتای ئەم وشەیە بدەین ئەوا دەبینین بەشێوەیەکی گشتی واتاکان لەیەکەوە نزیکن بۆنموونە، لە فەرهەنگی (خاڵ)دا بەم شێوەیەیە: ((ڕوانین:تەماشاکردن))[2]، لێرەدا بە واتای تەماشاکردن هاتووە، واتا کەسێک تەماشای بابەتێک یان هەر شتێک بکات، یانی سەرنجی کەسەکانە بەرانبەر بە هەرشتێک.

لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی) دا هاتووە: ((روانین، دیتن، النظرة،

---

(١) ئەفلاتون: کۆمار، و:سۆران عومەر حمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،چاپی دووەم، هەولێر ، ٢٠١٥، ل٤٥٨.

(٢) شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢١٩.

Vision))[1]، واتا زاراوەی روانین هاو واتای دیتنە، کە لەبەرانبەر هەردوو وشەی (النظرة، vision) بەکار هاتووە. زۆرێکیش لە ڕەخنەگران و نووسەران بۆ چەمکی ((روانین)) زاراوەی (the point of view) یان بەکار هێناوە، بە تایبەت (هێنری جێمس) و (بۆرێس ئۆسبنسکی) و...نووسەرانی عەرەبیش ئەم زاراوەیان بە (وجهة النظر) وەرگێڕاوە و لەبوارەکانی رەخنەی رۆماندا بەکاریان هێناوە.

(روانین- وجهة النظر- the point of view) سەرەتا لەلایان (هێنری جێمس)ەوە بایەخی پێدراوە، روحی نوێگەری بەبەردا کردووە, بۆیە بەخاوەن و نوێکەرەوەی ئەم زاراوەو چەمکە دادەنرێت. ئەم زاراوەیە بۆچەند مەبەستێک سوودی لێوەرگیراوە, زۆرجار وەک ڕوانگە بەکارهاتووە، واتا شوێنی ئەو کەسەی کە دەروانێتە بابەتێک یان دیاردەیەک. زۆرجاریش هەر بەواتای ((روانین)) بەکارهاتووە، واتا بۆ خودی روانینەکە بەکار هاتووە نەک ئەو شوێنەی کەکەسی تەماشاکەر لێیەوە لە بابەتێک یان دیاردەیەک دەڕوانێت. کاتێک ئەم زاراوەیە وەک شوێنی لێڕوانین بەکار بهێنرێت، دەبێتە ئەو زاراوە رەخنەییەی، کە ئەرکی هونەریی پێ دەسپێردرێت و دەبێت بە گوێزەرەوە و پیشاندەری روانینەکان، جا چ شوێنی لێڕوانینی کارەکتەرەکانبێت یاخود حەکایەتخوانەکانی نێو رۆمان. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تەنیا روانینە لە چوارچێوەی ئاستی (هزری، دەربڕین، دەروونی) جا لە چ ڕێگایەکەوە بە خوێنەر دەگات کێشەنییە. ناکرێت کاتێک روانینێک لە ڕێگەی کارەکتەرێکەوە بە ئێمە گەیشت، ڕاستەوخۆ بڵێین ئەوە روانینی کارەکتەرە، چونکە دەکرێ روانینی نووسەر لەڕێگەی کارەکتەرێکەوە بەخوێنەر بگات: کەلێرەدا کارەکتەر تەنیا دەبێتە گوێزەرەوەی روانینەکانی نووسەر، خۆی خاوەن روانین نابێت، بۆیە خودی بابەتی روانینەکە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە گرنگە، نەک شوێنی روانینەکە. لێرەدا دەکرێ هەر لەم سۆنگەیەوە جیاوازی گۆشەنیگاو روانین دیاری بکەین، بەوەی ((گۆشەنیگا وەکو زاراوەیەک، پێوەندی بە هونەری شێوەکارییەوە هەیە و لەوەوە وەرگیراوە و هێنراوەتە بواری رەخنەی ڕۆمانەوە و بۆ ئەوە بەکار هێنراوە کە گوزارشت لە تێڕوانین و بۆچوونی حەکایەتخوان و کارەکتەرەکان بکات))[2]. لێرەدا رۆڵی روانین بەگۆشەنیگا دراوە،کەچی گۆشەنیگا

---

(١) لێژنەی ئەدەبی کۆڕی زانیاری کورد: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٥.

(٢)نەجم ئەڵوەنی(د): ٣لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١،ل٥٦.

دەلالەتێکی شوێنی هەیە، بەلام ئەوە روانینە کە دەربڕی ئاستی بیرکردنەوە و ئاستی زمان و لایەنی دەروونیی کارەکتەرەکانە لە رۆماندا.

وەک ئاماژەمان پیدا بەکارهێنانی زاراوەی روانین سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ (هێنری جێمس)و ((رێکەوتنێک هەیە لەنێوان گەورە ڕەخنەگران و توێژەراندا کە ئەم چەمکە (هێنری جێمس) نوێیکردووەتەوە، ئەو ناوی ناوە رێگای دۆزینەوەی راستییەکانی چیرۆک،پەیوەستە بە روونکردنەوەی هەڵوێستی کارەکتەرەکانی نێو چیرۆک لە رێی بیری یەکێک لەکارەکتەرەکان یان بیری چەند کارەکتەرێکەوە پێی گوتراوە روانین))[1]. جێمس، دەیویست ئازادی بدرێ بە روانینەکان و تەنیا یەک روانین نەبێت بەسەنتەر لە رۆماندا، بۆیە پێشنیازی گۆڕینی جۆری پێشکەشکردنی رووداوەکانی کرد بۆ شێوازی درامی، هێنری جێمس بانگەوازی بۆ شێوازی درامی دەکرد، لەپیشاندانی ڕووداودا، بەتەنیا بەوە رازی نەبوو کە چیرۆک بگێردرێتەوە و بگوترێت، بەپێویستی زانی کە چیرۆک خۆی گوزارشت لەخۆی بکات، نەک نووسەر بیگێڕێتەوە[2]. بەگوێرەی ئەم بۆچوونەش داواکراوە کە کارەکتەرەکان خاوەنی روانینی خۆیان بن و ئەو روانینە نەبێتە پاشکۆی روانینەکانی نووسەری رۆمان، هەروەها کارەکتەرەکان ئازادی جوولەو قسەکردن و خۆ نواندنیان پێ بدرێ.

هەندێک لەنووسەران زاراوەی (بینین- الرؤية -vision) لەبڕی ((روانین)) بەکاردەهێنن، ((ئەم زاراوەیەش پێشنیازی رەخنەگری فەرەنسی(جان بۆیۆن-١٩٤٦)ە کە لە کتێبی(کات و رۆمان)دا ئاماژەی پێکردووە. لەلای ئەو چۆنیەتی بنیاتنانی(بینین- الرؤية )بۆ تێگەیشتن لە خود و ئەوانی دیکە، لە تێڕوانینی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێ))[3], بەڵام هەرتەنیا لایەنی دەروونی سەرچاوەی بنیاتی ((روانین)) نییە، بەڵکو روانین دابەش دەبێت بەسەر ئاستەکانی هزری و دەربڕینیشدا، هەربۆیەش لەڕێگەی روانینەوە دەتوانین پەی بەلایەنی شاراوەی هزری و دەروونی کارەکتەرەکان ببەین، کەئەمە لەشێوازی

---

(١)إبراهيم جنداري: الفضاء الروائي في أدب جبرا إبراهيم جبرا، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى،دمشق،٢٠١٣،ص١٦٤.

(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە.

(٣)باسم صالح حميد(د): الرواية الدرامية دراسة في تجليات الرواية العربية الحديثة، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة ،بغداد،٢٠١٢،ص١٨٥.

زمانییاندا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت.

لوسیان گۆڵدمان بە دەستەواژەی (جیهانبینی ـ vision du mond) ئاماژەی بە روانین داوە. خاوەنی ئەم چەمکە پێی وایە ((جیهانبینی بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە خۆی بەسەر دەستەیەک لەخەڵکی دەسەپێنێت کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکچوودان))[1]، بەڵام مەرج نییە لەرۆماندا روانینێک هەبێت خۆسەپێنبێت، دەکرێت هەریەک لەکارەکتەرەکان روانینی خۆیان هەبێت، بێ ئەوەی هیچ یەکێکیشیان خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت. لە رۆماندا گرنگە تاکە روانینێک نەکرابێتە سەنتەرو بەسەر تەواوی کارەکتەرەکانی نێو رۆماندا باڵا دەست نەبێت. زۆر جاریش روانین وەک هاو واتای((بینین- رۆیە و بەچەقکردن-التبئیر بەکاردێت، ئەوەی جیایان دەکاتەوە بەشێوەیەکی بڵاو تەنیا رەهەندی دەلالەتە، کەوا هەستکردنی کەسی (بەچەقبوو - مویئیر) دەگرێتەوە، لەگەڵ بیرۆکەو هەڵوێستە فکرییەکان لەهەمان کاتدا))[2]. لێرەدا تەنیا ئاماژەدانە بە لایەنی هزری روانین ئەگەرچی لایەنەکانی روانین هەر تەنیا ئەم لایەنە ناگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی.

زۆرجار زاراوەی (بەچەقکردن ـ التبئیر ـ focalization) دەبێت بە هەڵگری واتای (روانین) و لە رێی ئەوەوە هەمان مەبەستی روانین دەپێکرێت. (( بە چەقکردن لەپرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکدا دیاریکردنی گۆشەی بینینە لە سەرچاوەیەکی دەستنیشانکراودا، ئەو سەرچاوەیە دەبێت کارەکتەرێکی ناو رۆمان بێت یان حکایەتخوانێکی گریمانەیی بێت، کەپەیوەندی بە رووداوەکانەوە نەبێت ))[3]. ئەم چەمکەش لەلایان (ژیرار ژنێت) ەوە ئاماژەی پێدراوە و هەر ئەویش ناوی ناوە ((بەچەقکردن ـ التبئیر ـ focalization)). لەم چەمکەدا (ژنێت) یەکەم جار باسی توخمی (پانتایی) کردووە لەکاری ئەدەبیدا، بە گوێرەی خواستنی شوێن و بەکارهێنانی لە هونەری بینینی چاو بۆ دەلالەتکردن لەو پانتاییەی کە لەنێوان بینەرو بینراودا هەیە، وەک لەنێوان تەماشاکەرو ئەو تابلۆیەی کەوا لێی دەڕوانێت))[4]. روانینەکان

(١)مجموعة مؤالفين: البنيوية التكوينية والنقد الادبي، ت:محمد سبيلا، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت،ط٢، ١٩٨٦،ص١٥.
(٢)مجموعة من مؤلفين: معجم السرديات، الطبعة الأولى، دار محمد علي للنشر- تونس، دار فارابي-لبنان ، ٢٠١٠،ص٤٦٩.
(٣)حميد لحمداني(د.): بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٠، ص٤٦.
(٤) شاهو سعيد(د): التبئير الفلسفي في الرواية.. مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات، الطبعة الأولى، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر،كوردستان ـ السليمانية، ٢٠٠٧،ص٣١.

پەیوەندییان بە پانتاییەوە هەیە، کە لەنێوان بابەت و کەسی خاوەن روانین دا هەیە. ڕەنگە لەیەکێک بۆ یەکێکی دیکە ئەم ڕوانینە بگۆڕێت بە پێی ئەو پانتاییەی کە لەگەڵ بابەتەکەدا هەیەتی.

زۆر جار ((گۆشەی بینین ـ زاوية الرؤية))[1]یش بەکار دەهێنرێت کە مەبەست لە شوێنی کەسی خاوەن روانینە، واتا ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی ڕوانینەکەیە، ئەم زاراوەیە زۆر دروستتە ئەگەر بۆ شوێنی بینینی کەسی خاوەن روانین بەکاربهێندرێت، نەک بەمانای خودی روانینەکە.

(يمنى العيد) زاراوەی (پێگە ـ الموقع )بەکاردەهێنێت، پێیشی باشترین و گونجاوترە لە بری (گۆشەی بینین ـ زاوية الرؤية) کە زۆرێک لە نووسەران بەکاریان هێناوە وەک خۆی دەڵێت : هەڵی بژاردووە، چونکە بەلای ئەوەوە زاراوەی ((پێگە)) لەدەقی ئەدەبییدا پەیوەندی بەلایەنی فیکرەوە هەیە، یان لەو ڕوانگەیەوە هەڵی بژاردووە کە ئاستەکانی ئەدەب هەڵقولاوی کۆمەڵگەن[2]، ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی (يمنى العيد) زاراوەی (پێگە)ی لا پەسندبێت و لەسەروی هەموو زاراوەکانی دیکەی دابنێت، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە ئەم زاراوەیەش دەلالەت لە شوێن دەکات زیاتر لەوەی کە چەمکی (روانین) بگەیەنێت لەبەر ئەوە لە توێژینەوەکەماندا پەیڕەومان نەکردووە. هەروەها سەبارەت بەوەی کە (گۆشەنیگا) نزیکترین زاراوەیە لە چەمکی (روانین)ەوە (فيصل مالک) لەو بڕوایەدایە، کە هیچ یەک لەو هەوڵانە سەرنەکەوتوون بۆ ئەوەی زاراوەی (گۆشەنیگا) بۆ زاراوەیەکی دیکە بگۆڕن و ئەم زاراوەیە مایەوە وەک نزیکترین ئاماژە بۆ چەمکی روانین[3]. سەبارەت بەم بۆچوونەش قەناعەتمان بەوەیە کە راستی نەپێکاوە، چونکە زاراوەی(گۆشە) هەڵگری مانایەکی شوێنییە و ناتوانێت ئەو رەهەندە هەلوەشێنێتەوە کە لە سەرەتاوە پێیدراوە، کەچی زاراوەی (روانين) هیچ مانایەکی شوێنی نابەخشێ و تەنیا ئاماژە بۆ خودی چەمکی(روانين) دەکات.

هەر یەک لە نووسەران بەپێی تێگەیشتنی خۆی و بواری کارەکەی ئەم چەمکەی بەکارهێناوە، بۆیە لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی دی بەکار هێنانی ئەم زاراوەیە گۆڕانکاری بەسەر دا هاتووە. ئەوەی لێرەدا گرنگە

(١) حميد لحمداني(د.): بنية النص السردي من منظور النقد الادبي،ص٤٦.

(٢)بروانە: يمني العيد: الراوي الموقع و الشكل (بحث في السرد الروائي )، الطبعة الأولى، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٦،ص٣٣.

(٣)بروانە: فيصل مالک أبكر: الرواية الحديثة ونظرية ٠٠وجهة النظر، مجلة نزوي، العدد ٧٣، ٢٠١٣، ص٢.

ئەوەیە کەلەبەر فراوانی بواری چەمکی روانین، فرەیی لەبەکارهێنانی زاراوەکانیشدا دروستبووە، بۆیە (روانین) لەرۆماندا زۆر جێی بایەخە، بێ بوونی (روانین) ناکرێت باس لە پێکهاتەی ڕۆمان بکەین، چونکە روانین پەیوەستە بە رەهەندی فیکری و زمانی و دەروونی لە رۆماندا، واتا روانین هەم لایەنی واتا و هەمیش لایەنی فۆرمی دەق دەگرێتەوە. روانین یەکێکە لەبەشە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بنیاتی رۆمان، کە بریتیە لە بیرکردنەوەو رامان لە ژیان و گەردوون و تەواوی ئەو شتانەی پەیوەندیدارن بە مرۆڤەوە. لەلایەکی تریشەوە شێوەی دەربڕین و زمانی دەقەکەیە، واتا لە رێگەی روانینەوە دەتوانین بە شێوازی دەربڕینەکان ئاشنابین و لە رێگاشیانەوە درک بە لایەنەکانی دیکەی رۆمان بکەین، روانین ئەو تاکە دەریچە گرنگەیە بۆ تێگەیشتن لە رۆمان و قسەکردن لەسەری. بۆ توێژینەوەی رەخنەیی لەبارەی هەر رۆمانێک، پێویستە لە روانینەکان تێبگەین: ئینجا دەست بە توێژینەوە لەبارەیەوە بکەین، کەواتە ئاشنا بوون بە روانینەکانی نێو هەر رۆمانێک، ئاشنابوونە بەخودی رۆمانەکە.

روانین ((لەناو دەقی گێڕاوەدا، هەر ئەوە نییە کە هۆکارێکی یارمەتیدەربێت بۆ گێڕانەوە، یان پردێک بێت نووسەر مانای پێ بگوازێتەوە، بەڵکو رێگایەکیشە واتا دروستدەکات، بۆیە زۆربەی ئەوگفتوگۆیانەی لەم رۆژگارەدا لەبارەی گێڕانەوەوە دەکرێن تایبەتن بە روانینەوە))[1]، هەروەها لەبارەی روانینەوە رەخنەگری ئەمریکی (ئەبرامس) دەڵێت: ((ئەو دارشتن و تێروانینانەیە کە نووسەر هەڵسەنگاندنی پێدەکات، رێگایەیە چیرۆک پێی دەدوێت، ئامرازێکە بۆ بە خوێنەر ناساندنی کارەکتەرەکان و زنجیرەی رووداوەکان و ریچکەکان))[2].

روانین پەیوەستە بەو دارشتنانەی کەوا لە زمانی هەریەک لە کارەکتەرو حکایەتخوانیشەوە دەردەبڕدرێن، لەگەڵ رەهەندی دەروونی و هزرییان، کە پەیوەستە بە چۆنیەتی روانینی کارەکتەرەکان و نووسەر لە رۆماندا. لەهەمان کاتدا ((روانین)) زمانی چیرۆکە، کە بە هۆیەوە گوزارشت لە خودی خۆیدەکات دەتوانین، ((هەر روانینێک یان ناوەندێکی تێروانین دیاریبکەین بۆ رێکخستن و دۆزینەوەی

(١) والاس مارتن: نظريات السرد الحديثة، ت:حياة جاسم محمد، المجلس الأعلى للثقافة،الأسكندرية، ١٩٩٨، ص١٧٥.
(٢)باسم صالح حميد(د)،الرواية الدرامية دراسة في تجليات الرواية العربية الحديثة، ص١٨٢.

زۆربەی کارەکتەر و بابەتەکان لە دیمەندا))[١].

بۆ گوزارشتکردن لە چەمکی روانین زیاتر لەزاراوەیەک بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە رێزان رەحمان دەڵێت: ((لەرۆماندا (گۆشەنیگا یان ڕوانگە)[*]، یان بگرە جیهانبینی زۆر گرنگە))[٢] لێرەدا بەکار هێنانی ئەم چەمکانە، بە تایبەت ((جیهانبینی)) لەبری واتای روانین بەکارهاتووە، چونکە ئەوە روانینە دەتوانین لەرێگەیەوە هەڵوێست و ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان و تەنانەت نووسەریشمان بۆ روون بێتەوە، چونکە((روانین، جیهانبینی حەکایەتخوان و شێوەی بینینی ئەوە بۆ دونیای رۆمان، روانگەو شوێنگەی ئەوە بەرانبەر بە رۆمان و رووداوەکانی رۆمان))[٣]، هەروەها هۆیەکیشە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی نووسەر و کارەکتەرەکان و کارەکتەرێک لەگەڵ کارەکتەرێکی دیکە لە رۆماندا. بەشێوەیەکی گشتی فراوانی واتای روانین وایکردووە چەند چەمکێکی نزیک لەئەو بۆ هەمان واتا بە کاربهێندرێت. ئەمە پەیوەندی بە قووڵی چەمکەکەوە هەیە. ئەم دیاردەیە، واتا دیاردەی فرە زاراوەیی بۆ چەمکی روانین رەگ و ریشەی لە نێو نووسەرە ئەوروپیی و عەرەبی و تەنانەت نووسەرانی کوردیشدا بەرچاو دەکەوێت.

لەکۆی بەکارهێنانی زاراوەکان ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە خزمەتی زیاتر بە روانین دەکرێت و قسەو باسی زیاتری لەسەر دەکرێت، چونکە ((ئەم چەمکە بەشێوەیەکی گشتی بە واتای هەڵوێست دێت، هەڵوێستی نووسەر لە بەرانبەر واقیعی ژیان یان، ئەو جیهانەی ئەو تێیدا دەژیت، لەگەڵ هەموو رووداو و پەیوەندییەکانی، کە ئەمەش هەڵوێستێکی رۆشنبیرییە))[٤].

ئەگەر هەر یەک لە زاراوەکان بەکار بهێندرێت لەلایەن رەخنەگرانەوە ئەوا تەنیا مەبەست لەو هەڵوێستەیە کەوا نووسەر لەناو رۆماندا دیمەزرێنێ، واتا ئەو هەڵوێستەیە بەرانبەر بە بوون و ژیان کە نووسەر لەناو رۆمانەکەیدا لە رێی کارەکتەرەکانەوە بەخوێنەری دەگەیەنێت. خۆ رەنگە ئەو هەڵوێستە،

---

(١)رولان بورنوف و ريال اوئيلية: عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة "افاق عربية"، بغداد- اعظمية، ١٩٩١ ص٧٨.

(*)لێرەدا بەکارهێنانی زاراوەی گۆشەنیگا، یان روانگە، لەباتی(روانین) بەڵگەی ئەوەیە کە توێژەر بەوردی لەماناکانی(روانین) یان (جیهانبینی) نەگەیشتووە.

(٢) ڕێزان ڕەحمان خدر: تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٢،ل٢٤.

(٣) وحيد رنجبر: راوی، انتشارات باغ نی، چاپ اول، كرمانشاه، سال١٣٨٩، ص٢٠.

(٤) ليلى عثمان عبدالله: فواد التكرلي روائيا، رسالة دكتورا، كلية اللغات، جامعة كويه، كويه، ٢٠٠٧،ص١٠.

هەڵوێستی نووسەریش نەبێت. ئاساییە روانینمان هەبێت لە رۆماندا گوزارشت لە هەڵوێستی کارەکتەرێک بکات، ئەگەر چی پێچەوانەی هەڵوێستی کارەکتەرەکانی دیکەشبێت.

لەباسکردنی روانین لەنێو رۆمان و جیهانی واقیعیدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە روانینەکانی ناو رۆمان راستەوخۆ لە جیهانی واقیعییەوە وەرنە گیراون، ئەگەرچی تەواویش دژ و رەتکەرەوەی نین ((ئەمەش واتای ئەوە نییە کەوا بە رەهایی پچران لەنێوان جیهانی گێرانەوەو جیهانی راستەقینەدا نییە، بە واتای ئەوەش نایەت بڵێین: زانیاری جیهانی رۆمان جیهانی واقیعی رەت دەکاتەوە، واتای ئەوەش نییە کە جیهانی رۆمان جیهانێکی بچکۆلەی بەسەرخۆدا داخراوە، کەلە هیچەوە دەردەچێت))[1]. نووسەر بە سوود وەرگرتن لە جیهانی واقیعی و خەیاڵی خۆی روانینەکان لەنێو رۆماندا دەمەزرێنێت و بەسەر پێکهاتەکاندا دابەشیدەکات، بۆیە روانینەکانی تەنیا سەودا لەگەڵ هەستی بینیندا ناکەن، بەڵکو پەیوەستن بە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیشەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لەناو هەموو زاراوەکاندا (روانین) هەڵبژێرین.

روانین و ئاستەکانی روانین لە رۆماندا پێویستی بە تەکنیکێک هەیە تا لە رێیەوە بە شێوەیەکی گونجاو بە خوێنەر بگات. لە زۆربەی رۆمانی کۆندا تەواوی روانینەکان لەرێی حەکایەتخوانی هەموو شتزانەوە پێشکەش دەکرا، ئەمەش چەق بەستوویی لەجۆری روانینەکاندا دروستکردبوو. زۆرێک لەرەخنەگران و رۆماننووسانی سەدەی بیستەم وەک (میخائیل باختین و پیرسی لۆبۆک و جیمس جۆیس و ڤێرجینیا ولف و مارسیل پرۆست)، هەوڵیاندا گۆرانکاری لەجۆری پێشکەشکردنی روانینەکاندا بکەن تاتەواوی روانینەکان تەنیا لەدیدی نووسەرەوە دەرنەکەون.مەبەست لەم کارەش ئەوەبوو کە ئازادییەکی رێژەیی بە کارەکتەر بدرێ و لە رێی خۆیەوە گوزارشت لە هەڵوێست و روانینەکان بکات. ئەم بۆچوونەش ئەوە ناگەیەنێ کە نووسەر مافی نەبێ لە رێی بەرهەمەکانیەوە گوزارشت لە روانینی خۆی بکات. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێن روانین گوزارشتکردنە لە بیرو بۆچوونی نووسەر و کارەکتەرە جۆراو جۆرەکانی ناو رۆمان، کە هەندێ جار حەکایەتخوان لەزاری کارەکتەرەکانەوە بەخوێنەری دەگەیەنێت، یاخود ئەوان راستەوخۆ بۆخوێنەری دەردەبڕن

(١)محمود امين العالم وأخرون: الرواية العربية بين الواقع والأيديولوجية، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية - اللاذقية، ١٩٨٦، ص١٤.

**تەوەری دووەم:**

**پێناسەی روانین:**

**لەبارەی پێناسەی روانینەوە بیروڕاکان زۆرن، یان بە زۆر شێوە پێناسەی روانین کراوە. ناکرێت روانین لە چوارچێوەی پێناسەیەکدا کورتبکەینەوە، چونکە (روانین) لەناو دەقی رۆماندا پەیوەستە بە کارەکتەرو حەکایەتخوان و نووسەریشەوە. سەربارى ئەوەی کە (روانین) دابەشبووی سەر سێ ئاستە، ئەوانیش ئاستەکانی (هزری، دەربرین و دەروونی)ن. بۆیە هەروا بە سانایی ناتوانین پێناسەیەک بۆ روانین دیاریبکەین. لەو سەرچاوانەی بەردەستمان کەوتوون، پێناسە گەلێک هەن شیاون بۆ پێناسەکردنی (روانین و ئاستەکانی روانین) لەبەر ئەوە سوودمان لە بیرو بۆچوونی کۆمەڵێک نووسەر وەرگرتووە، بۆ ئەوەی زیاتر روانینمان بۆ روون ببێتەوە هەروەها بۆ ئەوەی بزانین لەبارەی چی دەدوێین و کارەکەمان بەرەو چ ئاراستەیێکە.**

**پێناسەکردنی هەر چەمکێک، زانیاری بەخشینە لەسەر بابەتی ئەو چەمکە. لەسادەترین پێناسەدا کە بۆ روانینی بکەین دەبێت بڵێین: روانین، بریتییە لە هزری نێو رۆمان و گەیاندنی بە خوێنەر لە رێی دەربڕینەکانەوە، لەگەڵ کاریگەری لایەنی دەروونی خاوەن روانین. لەم پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە روانین کۆکەرەوەی (فۆرم و واتایە) لە دەقی رۆماندا، پەیوەندی بە هزرکردن و دەروونی هەریەک لەکارەکتەرەکانەوە هەیە، لەگەڵ ئەو زمانەش کە پێی دەدوێن، بۆیە روانین جێگەی بایەخە بۆتێگەیشتن لە هەر دەقێک. بە مانایەکی دیکە بڵێین (روانین ) کلیلی دەرگای چوونە نێو هەر دەقێکی ئەدەبییە، کەلەرێگەیەوە دەتوانین پەی بەتەواوی دەقەکە ببەین. یان دەگوترێت فەلسەفەی نووسەری دەقە. ((روانین دوو یان سێ واتا دەگەیەنێت، لەوانەیە مانای فەلسەفەی گێڕەرەوە-نووسەر بگەیەنێت، یان هەلوێستی کۆمەلایەتی یان سیاسی یان شتی دی لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی....))[1] واتا بە پێی ئەم پێناسەیەبێت دەکرێ بڵێن روانین فەلسەفەی نووسەرە یان هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیەتی بەرانبەر بە ژیان و مرۆڤایەتی، بەڵام دەشبێت ئەو فەلسەفە و هەڵوێستانە هی خودی کارەکتەرەکانیش بێت**

(١)أنجيل بطرس سمعان: وجهة النظر في الرواية المصرية "الفصول" مجلة النقد الادبي, عدد٢، مجلد٢،الهيئة المصرية العامة للكتاب، ينار- فيبروري- مارس ١٩٨٢،ص١٠٣.

هەواڵنامەی کتێب

کە دەکرێت نووسەر لەگەڵ هەموو هەڵوێستەکانی نێو دەقەکەی خۆی نەبێت.

نووسین لە بنەڕەتدا گەڕانێکی بێ کۆتایە، بەدوای نەزاندراوەکاندا،یاخود (( نووسین، دۆزینەوەی جیهانە))[1]، نووسەر بەدوای شتێکدا دەگەڕێ پەی پێنەبردرابێت، واتا نووسین لەڕێی هزرەوە بە دوای دیتنەوەی دورگە ونبوەکانی نێو ناخی مرۆڤ و جیهاندا دەگەڕێت، دواتریش پێشکەشکردنەوەیەتی لەنێو تێکستی ئەدەبیدا، کەئەم پێشکەشکردنەوەیە دەبێتە روانین. نووسەر لە ئەنجامی بیرکردنەوە بەردەوامەکانی، جیهان دەدۆزێتەوە، بۆ خوێنەری ئاراستە دەکات. کرۆکی بیرکردنەوەکانی نووسەرو ئاراستەکردنی بۆ خوێنەر ( روانین ) دەخوڵقێنێ. هەر ئەو جیهانەی کە تێیداین لەگەڵ خەیاڵە قووڵەکانی نووسەر سەرچاوەن بۆ بەرهەم هێنانی روانین و ئاستەکانی روانین.

رۆماننووس بە سوود وەرگرتن لەکۆمەڵگە روانین بەرهەم دێنێت. لە راستیدا ئەگەر نووسەر روانینی خۆی هەبێت ئەوا بە پێی بۆچوونی (لۆکاش) هەم دیسان تایبەت نییە بەخوودی خۆیەوە, بەڵکو نووسەر لە نێو کۆمەڵگەیەکدا دەژیت, ئەو کۆمەڵگەیە رەنگدانەوەیان لەسەر هزری ئەو نووسەرە دەبێت، بۆیە منی نووسەر لەدەرەوەی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو نووسەر هەڵگری روانینی کەسانی ناو کۆمەڵگەیە. (( لای لوکاش تەنیا لەمیانەی مەتریالیزمی دیالیکتیکی دەتواندرێت بنچینەیەکی پتەوی تیۆری رەنگدانەوە بەرچاو بکەوێت بە پێی بۆچوونی مەتریالیزمی دیالیکتیک، ئەدەب و هونەر رەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەن کە هونەرمەند و نووسەر تێیدا دەژین))[2]، ئەگەرچی مەرج نییە هەموو کات هزری نووسەر رەنگدانەوەی هزری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە تێیدا دەژیێت، بەڵکو هەندێجار لەو هزرانەش یاخی دەبێت. نووسەر بۆ ئاستێک دەنووسێ، رەنگە هێشتا ئەم ئاستە دروست نەبووبێت، ئاساییە پێش زەمەنی خۆی بکەوێت. کەواتە روانینەکانی هەر دەقێک مەرج نییە هاوتابێت بە روانینی کۆمەڵگە جا ئەو روانینانە راستەوخۆ نووسەری لە پشت بێت، یاخود لە رێی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە بە خوێنەر بگات . بۆئەوەی رۆمان لەژیان بچێت پێویستە نووسەر بە فراوانی ژیان روانینەکان دابەشبکات ، بەرهەم هێنی روانین بێت. نەک تەنیا پەیوەست بێت بە تاکە روانینێکی لۆکاڵییەوە کە هیچ دژ و جیاوازییەک قبوڵ نەکات. ئــەو جیهانەی کـە نووسەر لـە

(١) ژان پۆل سارتر: ئەدەب چییە؟، و: مستەفا غەفور، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٩، ل١٢٠.
(٢) عوسمان یاسین: بونیادگەری پێکهاتووی (میتۆدی لوسیان گۆلدمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل٩.

ڕۆمانەکەیدا درکی پێدەکات، لە ڕێی ڕوانینی خۆی، یان هی حەکایەتخوان، یاخود یەکێ لەکارەکتەرەکانەوە پێشکەش بەخوێنەری دەکات. نووسەر نایەت تەواوی ڕوانینەکان بکات بە هی خۆی و لە ڕێگەی خۆیەوە بە خوێنەری بگەیەنێت، بەڵکو دابەشی دەکات بەسەر توخمە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوەی ڕۆماندا. لەم بارەیەوە د.نەجم ئەڵوەنی دەڵێت: ((لەهەندێ ڕۆماندا کارەکتەرەکانیش خاوەنی گۆشەنیگای خۆیانن و مەرج نییە لەگەڵ گۆشەنیگای نووسەردا یەک بگرنەوە، بۆیە ئێمە ئەو پێناسەیەی خوارەوە پێشنیاز دەکەین و دەڵێین: گۆشەنیگا بریتییە لەچۆنیەتی گوزارشتکردنی ڕۆماننووس و حەکایەتخوان وکارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لە بیرو بۆچوونی خۆیان))[1].

ڕوانین ((پەیوەندی گێڕەرەوە بە ڕۆمان پیشاندەدات. لەدوو لایەنەوە بۆ خوێنەر گرنگی هەیە، یەکێکیان لایەنی تێگەیشتنە لە ڕۆمان، ئەویدیکەیشیان ئەوەیە کە ڕۆمان تۆکمە دەکات))[2]. جا ئەوەی ڕوانینەکە ئاراستە دەکات، چ کارەکتەر، یان حەکایەتخوان، یاخود خودی نووسەر بێت. بایەخی (ڕوانین) لەوە دایە تێگەیشتنی ڕۆمانەکە لە خۆیدا چڕدەکاتەوە. تێگەیشتن لە ڕوانینەکانی هەر ڕۆمانێک، تێگەیشتنە لە تەواوی ڕۆمانەکە. هەر لەڕێی ڕوانینەکانیشەوە دەتوانین پەیوەندی خاوەن ڕوانین بە ڕۆمانەکەوە دیاری بکەین. لەلایەکی دیکەشەوە هەر ڕوانینە دەبێتە هۆی دروستکردنی فرە دەنگی لە ڕۆماندا، چونکە ((ئامادەیی ڕوانینی جۆراوجۆر لە ڕۆماندا، یارمەتی هەبوونی فرەدەنگی و زیندوویی (پویایی)ڕۆمان دەدەن))[3]. زۆر جار دەگوترێت گۆشەنیگا هۆی دروستکردنی فرە دەنگییە، کەچی ئەوە ڕوانین و چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕوانینە ئەم کارە دەکات، چونکە ئەگەر لەڕۆمانێکدا زیاتر لە حەکایەتخوانێکیش هەبوو، واتا لەچەند گۆشەنیگایەکەوە ڕۆمان پێشکەشکرا ئەوا دەکرێت فرەدەنگی دروست نەبێت. دەکرێ تەواوی حەکایەتخوانەکان هەر دەنگی ڕۆماننووس بن، بەڵام دەشبێ لە ڕۆمانێکدا یەک گۆشەنیگامان هەبێت، واتا لە ڕێگەی یەک حەکایەتخوانەوە ڕۆمان پێشکەش بکرێت, بەڵام ڕوانینی جۆراوجۆر ئامادەییان هەبێت. لێرەدا

(١)نەجم ئەڵوەنی(د): ٣لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، ل٥٧.

(٢)قدسیه رضوانیان(د.) و حمیده نوری: راوی در رمان ((اتش بدون دود))، مجله متن شناسی ادب فارسی، پژوهشهای زبان و ادبیات فارسی (علمی . پژوهشی)، دانشگاه اسفهان، شماره:٤، زمستان١٣٨٦، ص٨١.

(٣) سلماز يگانه مهر: بررسی رمان (سمفونی مردگان) از لحاض زاویه دید،ص٩،٢٠٠٨/٦/١.
.http://solmazyeganemehr.files.wordpress.com/.../barasi-roman

لەگەڵ هەبوونی روانینی جیا جیا بۆ ژیان دەنگی جیاجیاش دروست دەبێت، ئەگەرچی زۆرجار روانگەی جۆراوجۆریش یارمەتیدەرە بۆ فرەروانینی. فرەیی روانینەکانیش، ریخۆشکەرە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو سوود لە تەکنیکە نوێیەکان وەربگرێت. ئەو رۆمانەی تاکە روانینی نووسەر بەسەریدا زاڵ نییە، ئامادەترە بۆ ئەوەی رۆماننووس بتوانێت رووداوەکان پارچە پارچە بکات و هەر پارچەیەکیش بە ئارەزوی خۆی پاش وپێش پێ بکات، کە ئەمەش یەکێکە لە سیما بەرچاوەکانی رۆمانی نوێ.

رۆمان نزیکترین دەقە لەژیان و مرۆڤەوە، بۆیە دەبێت وەک مرۆڤ فرە رەهەندبێت، روانینەکانی فرەبن، چەندە روانینەکان زێدەتربن، ئەوا زیاتر بایەخدارتر دەبێت، لەبەر ئەوە رۆماننووسان هەوڵدەدەن تەنیا باسی یەک لایەن نەکەن، لەرەهەندێک زیاتر دەدوێن، ئەوەش وادەکات روانینی زیاتر بەرهەم بێت، لەم بارەیەوە د.فوئاد رەشید دەڵێت: ((پێم وایە لێرەوە دەکرێ بڵێین دەقیش وەکو مرۆڤ وایەو قسە لەسەر مرۆڤایەتیبوونی دەق بکەین، بەو مانایەی کە هەندێ لە خاسیەت و ئەدگارە فیکری و سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤ بۆ نێو دەق شۆڕببنەوە سەرەنجامیش دەق لە هەندێ ڕواڵەتیدا لە مرۆڤ بچێت. کەواتە فرە رەهەندی مرۆڤ بە شێوەیەک لە شێوەکان (دەق)یش فرە رەهەند دەکات، هەرچەندە رادەی ئامادە بوون و نەبوونی رەهەندەکان چەسپاو و نەگۆر نییە و لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی دی، لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دی دەگۆڕێت. بە پێی گۆڕانی شیان و شێوازی نووسەرو جۆری بابەت و ناسنامەی دەقەکەیش))[1].

روانینەکان لە روانگەیەکی دیاریکراوەوە بە ئێمە دەگەن، بۆیە روانین ((ئەگەری ئەوەمان پێدەدا تا تایبەتمەندی راستەرێی نێوان وتەو چیرۆک دیاریبکەین، بەستێنی روانینە: ئەو دیاردانەی کە دنیای چیرۆک ساز دەکەن، هیچ کات بەشێوەی (لەخۆدا) بۆ ئێمە ئاراستە ناکرێن، بەڵکو لە روانگەیەکی تایبەتەوە ئاراستە دەکرێن))[2]. بێگومان هەر روانینێک گوزارشت لە بیر و باری دەروونی خاوەنەکەی دەکات، بۆیە دەگوترێ (لەخۆدا) بۆ ئێمە ئاراستە ناکرێت. رۆمان خۆی بریتییە لە روانین. بەشێوەیەکی گشتی هەر رۆمانێک بریتییە لە وردبوونەوەو رامان لە ژیان، ئەم لە ژیان روانینە بەرهەم هێنەری رۆمانە لەبەرئەوە دەگوترێت: ((رۆمـان تێڕوانینی نووسەرە لە ئاست ژیاندا، لـە ئاست ئەم کەونەو لۆگۆسەدا، لەمەڕ مرۆڤ و

(١) فوئاد ڕەشید(د): دەقی ئەدەبی ئەدگار، چێژ، بەها چەند نووسینێکی ڕەخنەییی تیۆری و پراکتیکیە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٨.

(٢) تزوتان توودۆرۆف: بۆتیقای پێکهاتە خواز، ل٧٥.

هەواڵنامەی کتێب

ئاین و مردن و.. هتد. هەر نووسەرە و بۆچوون و گۆشەنیگای خۆی هەیە لەمەڕ: زندگی و مەرگ، گەردوون و زەمەن، خوداو بڕوا،شەڕو ئاسودەیی و...هتد. دەکرێ ئەو بۆچوونانە، بە(فەلسەفەی نووسەر) ناوزەد بکەم))[1]. تەواوی ئەو روانینانەی کەنووسەر لەدەرەوەی رۆمان هەیتی، لە چوارچێوەیەکی هونەری لەناو رۆماندا، وەک کەرستەیەک لە نەخشاندنی دیمەنەکانی نێو رۆمانەکەیدا بەکاری دەهێنێ.

دەبێت بۆ خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی هەر بەرهەمێک، سەرنج لەو جۆرە روانینانە بدرێت کە لەخۆی گرتوون، چونکە گەر لە روانینەکان نەگەین ئەوا ناتوانین لەبەرهەمەکە تێبگەین. بەرهەمی ئەدەبی زۆر جار وەک ئەو تابلۆیە وایە کە پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، تێگەیشتنی ئاسان نییە، بۆیە بۆ هەر کارێکی رەخنەیی لەبارەی رۆمانەوە پێویستمان بە ئەزموونێکی پڕ زانیاری دەبێت (( لە رووبەڕووە، سەیریان بکەی، فام ناکرێن، بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی تایبەتەوە (زۆرجار روانگەی هاو تەریب لەگەڵ تابلۆ ) سەیریان بکەیت، تێگەیشتنیان ئاسانە، هەمبەرین نەبوونی روانگەی دەروونی، راستییەکی حاشا هەڵنەگرە و بۆ تێگەیینی بەرهەمی هونەری،(روانین) شیاوی سەرنجێکی زۆرە))[2].

روانین لەنێو رۆماندا دروستکەری جیاوازییەکانە (( هەر کەسێتیەک شێوازی خۆی هەیە لە قسە کردن و رەفتاردا، لەتێروانین و هەڵوێست وەرگرتندا کە لەوانی تر جیاوازە، گەر ئەو جیاوازییە تۆزێکیش بێت، کە دەبێ ئەو جیاوازییە لە گوزارشت کردنیشدا دەرکەوێت ))[3]. وەک چۆن کارەکتەر لە رێی قسەو رەفتاری، واتا لەسەر ئاستی دەربڕین و دەروونیدا جیاوازی دەنوێنێت ئاواش ئەم جیاوازییە لەسەر ئاستی هزری رەنگ دەداتەوە، چونکە شێوازی قسەو بیرکردنەوەی هەریەک لەکارەکتەرەکان جیایە لەگەڵ یەکدی، بۆیە هەڵوێستی هەر یەکێکیشیان بەرانبەر بەرووداو و ژیان جیاوازدەبێت، ئەگەر جیاوازییەکە زۆریش نەبێت. زۆر جار شێوازی پێشکەشکردنی روانینەکان خوێنەر بە ململانێ و هزرو رووداوەکانەوە دەبەستێتەوە، بۆیە (عەبدوڵلا سەراج) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گۆشەنیگا جا هی نووسەر بێت یان هی کەسایەتی . زۆر

---

(١)عەبدوڵڵا سەراج، بەرەو..ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان . سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٢٦.

(٢)تزوتان توودۆرۆف: بۆتیقای پێکهاتە خواز، ل٧٦-٧٧.

(٣)عەبدولڕەحمان مونیف: تیشکێک بۆسەر رۆمان، و:شیرین.ک، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٨.

پێویست و بایەخدارە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر و بەستنەوەی بە ململانێ و هزر و ڕووداوەکانەوە و هەم چێژ وەرگرتنە لەتەکنیک و هونەری گێرانەوەکان))[1]. ئەگەر ڕۆمانێک لەسەر ئاستی ڕوانینەکان فراوان بێت و لە چوارچێوەی یەک ڕوانیندا گیری نەخواردبێت، بێگومان ئەو ڕۆمانە خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت و هەرخوێنەرێک لێکدانەوەیەکی بۆدەکات، بۆیە زۆرجار نووسەر لە ڕێی فرەیی ڕوانینەکانەوە ڕێگا بەخوێنەر دەدات شرۆڤەی جیاجیا بۆ دەقی ڕۆمانەکەی بکەن. بەگشتی ڕوانین ڕێگەیەکە نێرەر بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەی وەرگر خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ چیرۆکەکەی بکەن[2]. ئەگەر ڕۆمانێک ڕوانینەکانی تێدا والانەبوون و ئازادانە کارەکتەرەکان گوزارشتیان لەبیرو بۆچوونەکانیان نەکرد، ئەوا ئەو ڕۆمانە دەکەوێتە ژێر کاریگەری تاکە ڕوانینێک کە ئەویش هی نووسەرە. لێرەدا ئەم تاکە ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی تەنیا یەک لێکدانەوەی بۆبکرێت، کە ئەویش نزیکە لە بۆچوونی نووسەرەکەی، بۆیە ناکرێت ڕوانینی نووسەر تاکە پێوەربێت و ڕۆمانی لەسەر دابمەزرێت، ئەگەرچی (( هەندێ جار چەمکی ڕوانین دەلالەتە لە هەڵوێستی هزری یان سیاسی نووسەر، یان ڕەوتی ئایینی یاخود کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت))[3]. بەپێی ئەم پێناسەیەش بێت کۆی دەقی ڕۆمان دەبێت پشت بە تاکە سەرچاوەیەکی هزری ببەستێت کە ئەویش هزری نووسەرە. ڕۆمان گوزارشتە لە بەشێکی ژیان، کایەێکی گەورەترە لەوەی تەنیا هەڵگری ڕوانینی یەک کەس بێت. هەرچەندە ناشبێت بڵێین ڕۆمان بەدەرە لە ڕوانینی نووسەر.

ناکرێ واتای تەواوی ڕوانین بەدەست بهێنین، ئەگەر لەبارەی ڕوانینی نووسەری دەق وکارەکتەرو حەکایەتخوانەوە نەدوێین، بۆیە پێویستە زیاتر لەم بارەیەوە قووڵ ببینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەکۆی ڕوانینەکان تێبگەین، سەرەڕای ئەمەش ئێمە ئاستەکانی ڕوانینمان دابەشکردووەتە سەر سێ ئاست کە (هزری، دەروونی ، دەربڕین)ن و پێویستە تیشک بخەینە سەر هەریەک لەو ئاستانە، بۆیە سەرەتا باسی خاوەن ڕوانینەکان دەکەین دواتریش لەیەکە یەکەی لەئاستەکان دەدوێین.

---

(١) عەبدوڵڵا سەراج: بەرەو..ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٢١.

(٢)بڕوانە: سمير الخليل(د.): قراوه في (وجهة النـظر) ٩ /٢٠١٤/٠٤، ص١،
http://www.almashriqnews.com/inp/view.asp?ID=66023

(٣) فيصل مالک أبكر: الرواية الحديثة ونظرية٠٠وجهة النظر، ص٢.

هەولێرنامەی کتێب

**خاوەن روانینەکان:**

هیچ رۆمانێک یان هیچ گێڕانەوەیەک خاڵی نییە لە روانین. روانین کرۆکی دەقە بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش لە رۆماندا، بەڵام ئەوەی هەبووە و هەیە لەناو رۆمانی نوێ جیاوازە، لە رۆمانی کۆن. نووسەرێک لە رێی هزری خۆیەوە ئامادەیە، خاوەنی تەواوی دەقەکەیە، لەتەواوی پێکهاتەی رۆمانەکەیدا هەر خۆی خاوەنی بیرکردنەوەکان بووە، بیرکردنەوەی کەسێکی دی بوونی نەبووە، خۆی سەنتەری بیرکردنەوە بووە، رۆمانەکە بەگشتی بە ئاراستەیەکی راست رووەو خوێنەر ئاراستەدەکرا، لە نووسەرەوە بەرەو خوێنەر . ئەگەرچی نووسەران بەشێوەیەکی گشتی دەیانەوێت ((بیروڕاو فەلسەفەکانیان لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵگەو ژیان لەناو بەرهەمەکانیاندا رەنگ بداتەوە))[1]، بەڵام مەزراندنی بیروڕا و فەلسەفەی رۆماننووس تەنیا لەرێی یەک روانینەوە نابێت، بەڵکو ئاساییە لە رێی کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکانەوە روانینی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت، لە رێی حەکایەتخوانێکەوە لەگەڵ رێگەدان بەروانینی دی، واتا بەشێوەیەکی شاراوە روانینی خۆی هاوشان بێت لەگەڵ روانینەکانی دیکەی نێو رۆمان، واتا هەوڵی ئەوە نەدات تەواوی روانینەکان بەروانینی خۆی هەڵبسەنگێنێت. نابێت رۆماننووس تەنیا پێداگیری لەسەر سەپاندنی هزری خۆی بکات، ((پەیوەندی نێوان هزری نووسەرو هزری ئەوانی تر لەناو چیرۆکی مۆنۆفۆنیدا ئەوە دەردەخات کە نووسەر نایەوێ هزری ئەوان وەک کەرەسەیەک بۆ وێنەکێشانی جیهانی هزری چیرۆکەکە بەکاربهێنێ ، بەڵکو تەنیا پێداگیری لەسەر هزری خۆی دەکات و هەوڵ دەدات لە یەکێتی واتای چیرۆکەکەدا بەرجەستەی بکات))[2]. ئەم پێداگیرییەی نووسەر لەبەکارهێنانی هزری خۆیدا، تاک دەنگی و یەک ئاسۆیی روانین بەرهەمدێنێ و دەقی رۆمان ئەوەندە نزیک دەکاتەوە لە رۆماننووس جۆری بیرکردنەوەی تا ئەو ئاستەی لە رۆمانبوون دای دەبڕێنێت، چونکە کارەکتەرەکان دەبن بە چەند ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە بیرو ڕای نووسەر، ئەمەش ئەدگاری رۆمان و چیرۆکی یەک دەنگییە ((لە چیرۆکی مۆنۆفۆنیدا رێ بەململانێی قووڵی ئایدیالۆجی نادرێ. کارەکتەرەکان خاوەنی هزرێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ نین، ئەوان چەند ئامرازێکن

---

(١) شجاع مسلم العانی: البناو الفنی فی الروایه العربیه فی العراق،ص١٦٦.

(٢)نەجم ئەڵوەنی(پ.ی. د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆ چیرۆکی(کێ وەستا کەریمی کوشت؟)، لەنووسینی(موحسین چینی)، شیکردنەوەیەکی رەخنەییە لەڕوانگەی بنیاتگەری سۆسیۆلۆجییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، ٢٠١٥، ل٨٣-٨٤.

خزمەتی هزرو ئایدیالۆجی نووسەر دەکەن))[1]. کاتێک دەقێکی ئەدەبی ململانێی قووڵی ئایدیالۆژی تێدانەبێت بە دڵنیاییەوە لە چەند وتارێکی سیاسی زۆر نزیکی لەیەکچوو دەچێت ، دەبێت لە رووی هزرییەوە رەنگ و دەنگی نێو رۆمان لەچوارچێوەیەکی هونەریدا دابرێژرێت، لەرووی بیرکردنەوەشەوە هەڵگری چەندین جۆرە هزر و گوزارشت بێت لە خودی کارەکتەرەکان، ئەگەرنا کۆی روانینەکان دەبنە دەربڕی هزری نووسەر. ئاستی دەروونی و ئاستی دەربرینیش لێرەدا لەخزمەت ئەو هزرە دەبن کە رۆماننووس مەبەستیەتی داکۆکی لێبکات، بۆیە لە زۆر رۆمان دا کارەکتەرەکان دەبنە بووکە شووشە یان شتێک کە لە بووکە شووشەوە نزیکبن، سەرەرای ئەو وشە گەورە گەورانەی دەیڵێن و ئەو کردەوانەی دەخرێنە پاڵیان.[2] بە بووکەشووشە بوونی کارەکتەرەکان زیاتر لەو رۆمانانەدا بەرچاو دەکەوێت کەرۆمانی ئایدیالۆژین، نووسەر دەنگێکی دیارەو لەنێو رۆماندا هەرجارەو لەزاری کارەکتەرێکەوە دەدوێت. کارەکتەرەکان دەکات بەو رووپۆشەی کە هەر جارەو بۆ نواندنێک بەکاری دەهێنێت. لەتەواوی رۆمانەکەدا دەبیندرێت کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی تەواو بارگاوی کراون بەروانینەکانی نووسەر. جاری واهەیە، وارێکدەکەوێت کارەکتەرەکان دەدوێن، بەڵام ئەوە خۆیانین بیردەکەنەوە،بەڵکو تەنیا راگەیەنەری روانینەکانی نووسەرن، ((رۆماننووس ئەو کارەکتەرەی وەکو دەمامک هەلبژاردووە و کردوویەتییە هەڵگری پەیامی فیکری خۆی و بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکێکی گرانی خستۆتە ئەستۆی کەلە تواناى ئەودا نییە))[3]. راستییەکەی کاتێک رۆماننووس دەیهەوێت کارەکتەرەکانی بدوێن دەبێت رێگا بەبیرکردنەوەشیان بدات، ناکرێت تەنیا بیانکات بە موگناتیس بۆ پێوەلکاندنی روانینەکانی خۆی. ئەگەر وایکرد بەدڵنیاییەوە کارەکتەر لەناو فیکرو بیرکردنەوەی نووسەردا وندەبێت. جاری واش هەیە، کە نووسەرێک زیاتر لە روانینێک لە رۆمانەکەیدا دەبیندرێت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە فرە روانینی تێدایە، بەڵکو نووسەر ئەوکاتە لەتای تەرازووی روانینی خۆیدا روانینەکانی دیکە دەکێشێ، ئەمەش دیسان هەر دەبێتەوە یەک روانین، چونکە ئەگەر روانینی دووەم جیابوو لەگەڵ ئەو روانینەی پێوانەیە بۆپێوانی گشتی روانینەکان، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی رەتی دەکاتەوە و بە خراپ وەسفی دەکات، بەهاو نرخی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

(٢) بروانە:عەبدولرەحمان مونیف: تیشکێک بۆسەر رۆمان، ل٥٤-٥٥.

(٣) نەجم خالید ئەڵوەنی (پ.ی.د): کارەکتەرسازی لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی شیکارییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠٠.

کەمدەکاتەوە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای تاکە روانینە زاڵەکە. واتا ئەگەر تاکە روانینێکی ئایدیالۆژییانە لە دەقی رۆماندا بالادەست بێ ئەوا دەبێت هەموو روانینەکان، ملکەچی ئەو روانینەبن، ئەگەر روانینێکی پێچەوانەش لەلایەن کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکانەوە ئامادەبێ، ئەوا پێداچوونەوەیەکی دیکە لەژێر تیشکی (روانینی سەنتەر) بۆ روانینی کارەکتەرەکە دەکرێت، ئەمەش زیاتر سیمای رۆمانی کۆنە نەک نوێ.

تاک دەنگی و بالابوونی روانینی نووسەر لەناو رۆماندا، جۆرێک لە بێزاری دروستکرد لەلایان نووسەر و خوێنەرانەوە، بۆیە تاکدەنگی نەیتوانی تینویەتی نووسەران و خوێنەرانی رۆمان تاسەر بشکێنی، جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی پێوە دیاربوو، نەدەکرا لە رۆماندا  هەر رۆماننووس بدوێت و ئەوانی دی وەک گوێرایەڵێک گوێی لێبگرن،لەبەر ئەوە بەشێک لە نووسەران وەک (جۆیس، ئەلبێرکامۆ، کافکا) لە سەدەی بیستەوە ئەو کۆتەیان شکاند و لە رۆمانەکانیاندا پەیڕەوی ئەوەیان نەکرد کە پێی دەگوترێ تاکەسەنتەری بیرکردنەوە و تەنیا سەنتەری روانین. روانینەکانیان ئازادکرد، نووسەر لەبری ئەوەی هەر خۆی ئامادەیی هەبێت، رێگەیدا لەناو رۆماندا جێگەی روانینی دیکەش ببێتەوە. چەندە نووسەر بتوانێ کارەکتەری ئازاد بخوڵقێنێ ئەوەندە رۆمانەکەی سەرکەوتووتر دەبێت،دەبیت نووسەر ئەوەندە سەربەستی بە کارەکتەرەکان بدات تا لەبیرکردنەوەدا سەربەخۆبن. روانینی هەرکارەکتەرێک گوزارشتە لە بیرکردنەوەو دەربڕین و باری دەروونی خودی خۆی نەک هی نووسەر، لەبەر ئەوە مەرج نییە لە رۆماندا ئەوەی دەدوێت هەرتەنیا نووسەر بێت، بەڵکو ئاساییە هەریەک لەکارەکتەرەکان خۆیان خاوەنی دەربڕی بیرو بۆچوونەکانی خۆیانبن، هەرکاتێکیش کارەکتەر دوا، ئەوا ئەوکارەکتەرە دەبێت جیابێت لە رۆماننووسەکە، خاوەنی هزرو ئایدیالۆژیای خۆیشبێت.

روانینی کارەکتەر لە رۆماندا بایەخی تایبەتی هەیە، مەرج نییە ئەوەی دەمانەوێت بیبیستین تەنیا لە رێی نووسەرەوە بێت. دەبێت کارەکتەرەکان دەربڕی هزری خۆیانبن. بۆیە دەبێت رۆماننووس لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەرەکاندا وەک ئەوە وابێت چەند کەسانێکی زیندووی لە بەرانبەر دایە و ئاساییە ئەگەر ئەو کەسانە لەرووی فیکرەوە رووبەڕوویشی بوەستنەوە.

نابێت رۆماننووسان بە ئارەزووی خۆیان مامەڵە لەگەڵ کارەکتەر بکەن ، بەڵکو ئەوە خودی کارەکتەرە کە دەخوازێ چۆن لەناو رۆماندا بیربکاتەوەو بپەیڤێ، بۆیە کارەکتەر  ((هەرئەوەندەی یەکەم

هەنگاوەکانی لەنێو رۆمانەکەدا هەڵهێنا ، ئیتر ژیانێکی سەربەخۆی دەبێت لەبەر ئەوە مافی خۆیەتی و مافی ئەو کەسەشە کە مامەڵەی لەگەڵ دادەکات حوکم بەسەر رەفتارو خواستەکاندا بدات، لەبەر ئەوە کەسێتی لە زۆر قۆناغدا بە خوڵقێنەری خۆی دادەنرێ و خۆی لە هەڵسوکەوتەکانی خۆی بەرپرسە))[1].
لێرەدا دەگەینە ئەوەی کەبڵێین تەنیا ئەرکی رۆماننووس دیاریکردنی کارەکتەرە، ئەگەرنا بەرەو پێش چوونی ئاستی هزری و ئاستی دەروونی و تەنانەت دەربڕینەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی کارەکتەرەوە، بۆیە لەرووی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتەوە کارەکتەرێک لە یەکێکی دی جیایە. لەو رۆمانانەی کارەکتەرەکان وتەبێژی نووسەرنین ئازادییەکی تەواو بەدی دەکرێ. هیچ هزرێک تاکە پێوەرنییە، فرەییەک لە بیرکردنەوەدا هەیە، چونکە رۆمان ژیان لەخۆ دەگرێت و پڕە لە بیرکردنەوەو خەیاڵ و تێڕامان.

بۆباسکردنی روانینی حەکایەتخوانیش دەبێت بەر لەهەر شتێک ئەوە بڵێین کە حەکایەتخوان، بوونەوەرێکی خەیاڵییە لەنێو رۆماندا ئەرکێکی هونەری پێدەسپێردرێت، ناکرێت حەکایەتخوان، وەک هەریەک لەکارەکتەرەکان بکەین بە خاوەن روانین و ناتوانێ رۆڵی رۆماننووسیش بگێرێ[2]، واتا حەکایەتخوان خاوەن روانینی خۆی نییە. وەک ئەوەی زۆرجار دەگوترێ ((لەهەموو حاڵەتێک ناو بڕێک حەکایەتخوان لەکارەکتەر جیادەکاتەوە هەرچەند ئەم دوانە لێک جیابن و سەربەخۆییان دیارتربێ ئەوا گێڕانەوەی چیرۆکەکە جوانترو بەتام و چێژتر دەبێ و کەمتر نیشانەی دەست تێوەردانی نووسەر لەدەقی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت))[3]. ئەو ناوبڕەی نێوان کارەکتەرو حەکایەتخوان ئەوە دەردەخات کە حەکایەتخوان جیایە لە کارەکتەرەکان و لێرەشدا لەوە دڵنیا دەبین کە کاتێک حەکایەتخوانێک لەبارەی روانینێکەوە دەدوێت ئەوا ئەو روانینە هی خۆی نییە، چونکە ئەرکی حەکایەتخوان تەنیا گەیاندنی روانینەکانە نەک گوزارشتکردن لە روانینی خۆی.

حەکایەتخوان لەتەواوی رۆماندا ئامادەیی هەیە، پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات. دەکرێ حەکایەتخوان نزیکبێت لەکارەکتەر یاخود لەنووسەری دەقەکە، بەڵام دەبێت لەدەرەوەی هەردووکیان بووەستێ

---

(١)عەبدولڕەحمان مونیف: تیشکێک بۆسەر ڕۆمان،ل٥٩.

(٢)بڕوانە:نەجم ئەڵوەنی(پ.ی.د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟)،ل١٣١.

(٣)سەرچاوەی پێشوو:ل٩.

تــا پێکهــاتە هــونەرییەکەی بپارێزێــت. لەم بــارەیەوە مــحەمەد فەریــق حەســەنی چیرۆکنــووس دەڵێــت: ((یەک لەبــاری خــۆم، دەتــوانم بڵــێم حیکــایەتبێژ کوتومــت خــۆم نــیم، بەڵام نــزیکە لەخــۆمەوە، چــونکە خــۆم هەڵــم بــژاردووەو خــۆم کــاری گێــڕانەوەم پێســپاردووە لێــرەدا گرینــگ ئەوەیە، حیکــایەتبێژ بــێلایەن بێــت ومــاوەیەک لەنێــوان ئەو و چیرۆکنووســدا بەجێبهێڵێــت، نەبــادا دەســت بخــاتە نێــو کــارەکەیەوە ))[1]، بــۆیە ناکرێــت بڵێــین حەکــایەتخوان کتومــت نووســەرە، بەڵکــو حکــایەتخوان ئــامرازێکە نووســەر بــۆگێڕانەوەی رۆمــانەکەی بەکــاری دەهێنێــت. ئەگەر نووســەر بە رانــاوی (من)یــش بــدوێ ئەوا بــوونی حەکــایەتخوان هەر هەســت پێــدەکرێ ((چــونکە (مــن) ی قســەکەری ئاســایی زۆر جیــاوازی هەیە لەگەڵ (مــن)ی بەکارهــاتوو لەگێــڕانەوەی دەقێکــی خەیاڵیــدا. هەر ئەمەشــە کە دەتــوانین بەکــاری بهێنــین بۆجیــاکردنەوەی ژیاننــامەو بیــرەوەری لەدەقــی چیــرۆک ))[2]، بــۆیە ئەگەر ســەرنج بــدەین کاتێــک لە رۆمانێکــدا کارەکتەرێــک دەدوێــت ئەوا بەروونــی هەســت بەبــوونی حەکــایەتخوان دەکەیــن. ئەو هەســتە ئەوە دەردەخــات کە حەکــایەتخوان خــودی ئەو (مــن)ە نیــیە کەلەبــارەیەوە دەدوێــت، ئەگەر (مــن)ی حەکــایەتخوان و (مــن)ی کــارەکتەر هەمــان شــتبن ئەوا دەبێــت بەژیاننــامەی خــودی نەک رۆمــان، چــونکە لە رۆمانــدا حەکــایەتخوان باســی ژیــانی کــارەکتەرێکی جیهــانی خەیاڵیمــان بۆدەکــات و لەبــارەیەوە دەدوێــت، بەڵام نووســەری ژیاننــامەی خــودی ئەوە بە رانــاوی (مــن) دەگێــڕێتەوە کە بەراســتی بەســەرخۆیدا هــاتووە، لەبــارەی ژیــانی خــۆی و ئەوانــی کەپەیوەندی پێیانەوە هەیە دەدوێت، راستەوخۆ زانیاری لەبارەی خۆیەوە بەخوێنەر دەدات[3].

---

(١) محەمەد فەریق حەسەن: ئەزموونی چیرۆکنووسین، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢،ل٢٢٦.

(٢) نەجم ئەڵوەنی (پ.ی.د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟)، ل٣٣.

(٣)بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

**ئاستەکانی روانین:**

**روانین پێکهاتووە لەسێ ئاست کە پەیوەندی بەتینیان لەنێواندایە، مەحاڵە بتوانین لەئاستێک تێبگەین بێ ووردبوونەوە لەدوو ئاستەکەی دیکەش، کۆی ئاستەکانیش پلۆتی روانین پێکدەهێنن. وەک ئۆسبنسکی دەڵێت: ئاستی هزری کاریگەرترین و گرنگترین ئاستە، چونکە سیستەمی وێناکردنی جیهانە، دەرگای روانینە بۆ تێڕامان لە ژیان و قسەکردن لەبارەی گەردوون و بەها رەوشتی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان. ئاستی هزری یەکێکە لە ئاستە هەرە گرنگەکانی نێو رۆمان، ((هزر بەشێوەیەکی گشتی کۆی چالاکییە زەینییەکانە، واتا بیرکردنەوە و توانست و ویژدان و سۆز دەگرێتەوە))[1]، بۆیە هزر دەقی لەسەر بنیاد دەندرێت. بەشێوەیەکی گشتی ((نووسین مانای شۆڕبوونەوەیە بۆناو قووڵایی هزرو داهێنان لەلای تاکدا))[2] نووسین مانای نابێت بێ پشت بەستن بەهزر. ئاستی هزری بیرکردنەوەی هەریەک لەنووسەر و حەکایەتخوان و کارەکتەرەکانە. لەهەر رۆمانێکدا ئامادەیی هزر پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات، ناکرێت رۆمان بێ هزر بەرهەم بێت. دەکرێت بڵێین (هزر ) کەرەستەی خامی رۆمانە، کە لەناو پێکهاتەکەیدا سوودی لێوەردەگیرێت، بۆیە لەهەر رۆمانێکدا هزر بنەمای سەرەکی بێت، ئەوا ئەو رۆمانە شیاوی لێڕوانینە، بەو مەرجەی بەشێوەیەکی بەرزی هونەری کاری لەسەر کرابێت، چونکە تەنیا هزر بەس نییە بۆ رۆمان، بەڵکو لایەنی هونەری ئەرکی گەیاندنی ئەم هزرەی دەکەوێتە ئەستۆ.**

**کۆڵەگەی بنچینەیی ئەدەب بەگشتی و رۆمان بەتایبەت روانینە، ئاستی هزریش لەپێش هەردوو ئاستەکەی دیکەدایە، باسکردن لە هزر بەو مانایە نییە، کەباس لە هزربکەین وەک کایەیەکی سەربەخۆ لەدەرەوەی پێکهاتەی ئەدەب، ((بوونی هزر (thought)لەئەدەبدا مانای بەکارهێنان، یان پەنابردن نییە بۆ رەگەزێکی سەربەخۆ، بەڵکو هزر هەمیشە لە تێکستی ئەدەبیدا ئامادەیە، مادام هەردووکیان دیاردەی بوونی مرۆڤ و ئەزموونەکانی ئەو مرۆڤە لەخۆیان دەگرن بەهەموو رەهەندەکانیانەوە))[3] ، کەواتە نابێت**

---

**(١) مجمع اللغة العربية: المعجم الفلسفي،الهيئة العامة المطابع الاميرية, قاهرة،١٩٨٣، ص١٣٧.**

**(٢) سەعید محمد نووری: دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین، گۆڤاری "رامان"هەولێر،ژ:١٥٢ چاپخانەی خانی دهۆک، ٢٠١٥/١/٥، ل١٠٥.**

**(٣) سۆران ئازاد: گوزارشتی خود، چەند لێکۆلینەوەیەکی ئەدەبی، هزری و هونەرییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٥.**

**هیچ تێکستێک خاڵی بێت لەهزر.**

**لەرۆماندا ئاستەکانی هزر وەک یەک نین، دەکرێت رۆمان زیاتر لە هزرێکی تێدابێت. کۆکردنەوەی هزرەکان لە رۆمانێکدا بێ سەپاندنی هزرێکی دیاریکراو، ئەرکی رۆمانی نوێیە. رۆمانی نوێ رێ بە پێشکەش کردنی هەر هزرێک دەدات کە پێکهاتەی رۆمان قبوڵیبێت، بۆیە لەرۆمانی نوێدا مەرج نییە، کاتێک باسی روانین لە ئاستی هزریدا دەکەین تەنیا مەبەستمان ئایدیالۆژیای نووسەر بێت، بەڵکو دەکرێت کارەکتەرەکانیش خاوەن روانینی هزری خۆیانبن. کاتێک دەڵێین روانینی هزری، واتا کۆی ئایدیالۆژیاکان لەستراکچەری رۆمانەکەدا جا چ هی نووسەر یاخود هی کارەکتەرەکان بێت. ((نووسەر و حەکایەتخوان و کارەکتەر هەڵگری روانینی ئایدیالۆژیی شاراوەن))[1].**

**رۆماننووس ئازادە چۆن جیهانی هزری رۆمانەکەی دابمەزرێنێت، هەروەها پێویستە رۆماننووس بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاستەدا بکات. ئایدیالۆژیاو هزر وادەکەن جۆری رۆمان دیاریبکرێت، ئایا رۆمانەکە فرەدەنگە یان تاک دەنگە. کاتێک هزر و هەڵوێستە ئایدیالۆژییەکان سەربەخۆ و ئازادبن ئەوا لە رۆماندا فرەدەنگی دێتەئاراوە. ئاستی دەروونیش لە رۆماندا بایەخێکی زۆری هەیە، بۆ تێگەیشتن لە کارەکتەرەکانی هەر رۆمانێک. ئەوەندە لایەنی دەروونی گرنگە، ئەوەندە روخسار و رواڵەت جێگەی بایەخنین. دوای ئەوەی تەکنیکی (شەپۆلی هۆش) بووە جێگەی سەرنجی رەخنەگران. لایەنی دەروونی کارەکتەری رۆمانیش زیاتر بایەخی پێدرا، چونکە شەپۆلی هۆش گەرانەوەیە بۆ نیو خود و خۆ دوانێکی نەبڕاوەیە، بۆیە نووسەر و رەخنەگران لەم دواییەدا زیاتر گرنگییان بەئاستی دەروونی دەدا. ئاستی دەروونی پیشاندەری لایەنی دەروونی رۆماننووس و حەکایەتخوان و کارەکتەرەکانە لەنێو دەقدا. لەرێی ئەم ئاستەیشەوە دەتوانین پەی بەلایەنی شاراوەی حەزو خولیاکانی نێو هەر رۆمانێک ببەین، لەگەڵ ئەو بەربەستە دەرونییانەی کە رێدەگرن بە گەیشتن بە حەزەکان. ئەوە ئاستی دەروونییە پێمان دەڵێت ئاستی مەعریفی نێو هەر رۆمانێک چەندە، چونکە ئاستی دەروونی پەیوەندی بە جووڵەو رەفتاری بەشداربووانی هەر رۆمانێکەوە هەیە و لەوێوەش دەگەین بەجۆری بیرکردنەوەی هەر یەکیان، وەک ئاستی هزری، ئاستی**

---

**(١) بوریس اوسبنسکي: شعرية التاليف، بنية النص الفني وأنماط الشكل التاليفي، ت.سعيدالغانمي وناصرحلاوي، الهيئةالعامة لشؤون المطابع الاميرية ،١٩٩٩، ص٢١.**

دەروونیش بەشدارە لە دامەزراندنی (روانین )، بۆیە بایەخێکی زۆری هەیە. لەرێی ئاستی دەروونییەوە دەتوانین کارەکتەرێک لەگەڵ یەکێکی دی، یاخود لەگەڵ رۆماننووس جیابکەینەوە لەرێی ئەو جیاکارییەی پێویستە ببیندرێت.

لەهەر رۆمانێکدا لەرێی ئاستی دەروونییەوە دەتوانین رۆماننووس بناسینەوە. مادام بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی رۆمان پەیوەستە بە مرۆڤەوە، بۆیە ناکرێت لە هیچ رۆمانێکدا ئەو ئاستە فەرامۆش بکرێت. لەگەڵ جووڵەی یەک بەیەکی کارەکتەرەکان لەنێو هەر رووداوێکدا ئاستی دەروونی ئامادەیی هەیە ،چونکە ئەدەب ((وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت کردن لەدەروون))[1]. ئاستی دەروونی بەشدارە لەوەی کە نووسەرێک بەشێوەیەکی جیا بنووسێت و بیربکاتەوە. دەقی ئەدەبی نووسەرێک ناشێت هەمان دەق بێت کە نووسەرێکی دیکە بەرهەمی دەهێنێت. بێگومان ئەو جیاوازییەی لەنێو تێکستی تاکە نووسەرێکیشدا بەرچاو دەکەوێت، دیسان پەیوەستە بەگۆڕانی باری دەروونی ئەو نووسەرەوە لەکاتێکەوە بۆکاتێکی دیکە .

ئاستی دەروونی پردی پەیوەندی نێوان نووسین و خوێنەریشە، لەم رێیەوە نووسەر کۆنتاکت لەگەڵ خوێنەردا دەکات. لەبارەی ئەم بابەتەوە دوکتۆر(زاهیر کەریم) دەڵێت: (( سایکۆلۆژیای نووسەر رۆڵێکی گەورە دەبینی بۆ نزیکخستنەوەی پەیوەندی دەق و خوێنەر))[2]. پێکگەیشتنی خوێنەر و دەق لەخاڵی دەروونییەوە دەست پێدەکات. هەر لەم رێگەیەشەوە خوێنەر دەتوانێ بیرو ڕا ئایدیالۆژییەکانی نووسەر دەستنیشان بکات، چونکە تێگەیشتن لە لایەنی دەروونی کارئاسانی دەکات بۆتێگەیشتن لە ئاستەکانی دیکەی دەق. ((دەستنیشانکردنی ئەم بیروڕا ئایدیالۆژیانەی نووسەرو لێکدانەوەشیان تارادەیەکی زۆر پشت بەتێگەیشتن و بەهرەی خوێنەر، یان روونتر بڵێین رەخنەگر دەبەستێت و لێکدانەوەشیان زیاتر لەگریمانەیەک هەڵدەگرێ))[3]. هەر ئەم پەیوەندییە دەروونییە کە وادەکات لێکدانەوەی هەردەقێک چەند گریمانەیەک هەڵبگرێت، چونکە باری دەروونی هەر خوێنەرێک جیایە لەگەڵ یەکێکی دی. ئەمە پێچەوانەکەیشی هەر راستە، واتا هەرتەنیا لایەنی دەروونی کاریگەری لەسەر ئاستەکانی دی نییە، بەڵکو ئاستی هزریش

(١) شکری عزیز الماضی: تیۆری ئەدەب، و: سەردار ئەحمەد گەردی (پ.ی.د)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٧.

(٢) زاهیر کەریم (پ.د.): سایکۆلۆژیای دەق، رۆژنامەی: ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ.(٥٣٨٩)، ٢٠١١/١/٢٧، ل٤.

(٣) سیزا أحمدقاسم: بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ ،الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهيرة، ١٩٧٨،ص١٣٥.

کاریگەری هەیە، بۆیە دەگوترێت: ((گوتاری هزری دەورێکی چاک دەگێڕێت و کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر پێکهاتەی دەروون کە کۆمەڵێک قوتابخانەی دەروونناسی هەڵوەستەیان لەسەر کردووە. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە(قوتابخانەی رەوشتی) بکەین. ئەم قوتابخانەیە لەسەر تێبینی کردنی بابەتی رەفتاری دەرەکی مرۆڤ دامەزراوە و یەکێکی وەک (لاشلی .lashley) دەڵێت: بیرکردنەوە رەوشتەو شتێکی دی نییە))[1]. ئەم بەیەکدا چوونەی ئاستی هزری و دەروونی لەزۆربەی دەقە ئەدەبییەکاندا درک پێدەکرێ، هەر ئەم بەیەکدا چوونەش خاڵی پتەوکردنی روانینەکانە.

ئاستی دەربڕینیش گەڕانەوەیە بۆنێو زمانی دەق و گوزارشتکردنە لەخودی دەقەکان. لەرێی دەربڕینەکانەوە هەردوو ئاستی دەروونی و هزری بەخوێنەر دەگات. کاتێک زمان لەنێو دەقی رۆماندا بەکاردەهێنرێت، ئەوا بەقەد فراوانی رۆمان ئەویش مەوداکەی فراوان دەبێت، چونکە کەڵک لەرووداو و کردارەکان وەردەگرێت تا لەرێی زمانەوە بگێڕدرێنەوە. بەپێی جیاوازی کردارو بەسەرهاتی کارەکتەرەکان، زمانی دەربڕینیشیان جیاواز دەبێت.

لەرێی زمانی هەریەک لەکارەکتەرەکان و ئەو دەربڕینانەی کەبەهۆیەوە گوزارشت لەفیکرو دەروونی خۆیاندەکەن، دەتوانین لەئاستی دەروونی و هزرییان تێبگەین. ((زمان حەقیقەتێکە،بنچینەی رۆشنبیری خودییە بەپێوانەی زمانی، گشت هێما رێکخراوەکانی دی بە تەواوکاری و داتاشراوی دروستدەکەین))[2]. واتا دەرگای پێشکەش کردنی هەردوو ئاستەکەی دیکەیە. گەر زمان نەبێت هیچ بەرهەمێک بوونی نابێت، ئەمە واتای ئەوەنییە کەزمان و دەربڕین لەنێو دەقی ئەدەبیدا تەنیا ئامرازێکی گەیاندن بن، بەڵکو ((زمان لەناو خودی خۆیدا ئامانجەو هێمای شتێک نییە بتواندرێت وازی لێبهێندرێت))[3]. کەواتە زمان هەم گوزارشت لەئاستەکانی دیکە دەکات هەمیش خۆی بابەتی لێکۆلینەوەیە. گرنگی هەر وتەیەک لەگرنگی دەربڕینەکەیدایە، هەر وتەیەکیش هەڵگری نیشانەکانی گوتنیەتی، ((مانا و گرینگی وتارێک لە(دەربڕین یـــــان

---

(١) زياد العوف(د.):الأثر الأيديولوجي في النص الروائي، ثلاثية نجيب محفوظ، الطبعة الاولى، مطبعة الداودي ، دمشق، ١٩٩٣، ص٢٣.

(٢)سەرچاوەی پێشوو: ص٥١.

(٣)ئازاد ئەحمەد مەحموود: بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥، ٢٠٠٥، لێکۆلینەوەیێکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨.

لەبارودۆخەکانی وتنی جیا ناکرێنەوە. هەر (وتە)یەک لەخۆیدا نیشانەکانی بێژەر، بیسەرو بارودۆخی گوتنی ئەو وتەیەی تێدایە))[1]. بایەخی ئاستی دەربڕین لەوەدایە توانای رۆماننووس دەردەخات. لەرێی تێڕوانین لە ئاستی دەربڕینی هەردەقێک بەوە دەگەین ئایا تا چەند رۆماننووس توانیویەتی زمان وەک ئەوەی کەهەیە بەکار بهێنێت؟ ئایا جیاوازی کردووە لەنێوان کارەکتەرەکان لەبەکارهێنانی دەربڕیندا؟ ئایا خۆی وەک رۆماننووس چەندە هونەرییانە لەنێو دەقدا ئامادەیە؟ رۆماننووس دەبێت لەبەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەئاستی دەربڕین زۆر وریا بێت، دەشبێت بەو پەری لێزانینییەوە ئاستی دەربرین و ئاستەکانی دی بگونجێنێت، ناکرێت کارەکتەرێک بەزمانی فەیلەسووفێک بدوێت، کەچی ئاستی هزری ئەو لەو ئاستەدا نەبێت، بۆیە دەبێت رۆماننووس ئەگەر ویستی کارەکتەرێک بەم شێوەیە بدوێ، زەمینەسازی بۆبکات تا خوێنەر نەڵێت ئەوە رۆماننووسە لەباتی ئەم کارەکتەرە دەدوێت. زمانی کارەکتەرەکان بەپێی ئەو ئاستە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەی کەهەیانە دەبێت دیاریکراوبێت. جا ئەم دەربڕینە لەرێی کارەکتەرێکەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود، لەرێی حەکایەتخوانێکەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەخوێنەر بگات.

کاتێک کارەکتەرێک دەدوێت، لەرێی شێوازی قسەکردنیەوە دەتوانین لەروانینەکانی تێبگەین. هەر لەم رێیەشەوە دەتوانین جیهانبینی ئەو دەست نیشانبکەین، لەبەرئەوە ئۆسبنسکی دەڵێت: ((ئەو هۆکارە زمانەوانییانەی کەگوزارشت لەروانین دەکەن دەتوانن سیماکانی ئەو کارەکتەرە دیاریبکەن خاوەنی ئەو جۆرە شێوازەیە، بەمەش دەکرێت جیهانبینی ئەو کەسە لەرێی شیکردنەوەی شیوازگەریانەی قسەکانیەوە دیاریبکرێت))[2]. هەروەها دەبێت ئاستەکانی ئایدیالۆژی و دەربڕینیش گونجاوبن لە گەڵ یەکتر، واتا ئاستی ئایدیالۆژی و دەربڕینی هەریەک لەکارەکتەرەکان نزیک بێت لەخۆی، ئەگەرنا لەگەڵ نووسەر جیاناکرێتەوە، بۆیە (د.نەجم خالد ئەڵوەنی) لەبارەی گوتاری ناو رۆمانەوە دەڵێت:((ئەو وشانەش دەبێت لەئاستی ئایدیالۆجی و رۆشنبیریدا، لەگەڵ ئاستی دەربڕینی کارەکتەرەکاندا بگونجێ و بەوەش ئەوان لە رۆماننووس جیابکرێنەوە، جیاکردنەوەو ناسینەوەی گۆشەنیگای خودی ئەوانیش لـەگۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەمووشتزان، ئەرکێکی زۆر گەورەی نووسەرەو سەرکەوتنی رۆمانیش تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەم جیاکردنەوەیە))[3].

---

(١) ڤەنسان ژووڤ: بووتیقای رۆمان، و:محەمەد رەحیم ئەحمەدی(د.)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٢،ل١٦٧.

(٢) بوریس اوسبنسکی: شعریە التألیف، بنیە النص الفنی وأنماط الشكل التألیفی، ص٢٥.

(٣) نەجم ئەڵوەنی(د): ٣لیکۆڵینەوەی رەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، ل٨٢-٨٣.

**تەوەری سێیەم:**

**گرنگی روانین لەڕەخنەی رۆماندا:**

**أ- لەرەخنەی رۆمانی ئەوروپیدا:**

رۆمان بەرهەمی شارو فیکری نووسەرانی ئەوروپایە، توێژینەوەش لەبارەی رۆمانەوە سەرەتا هەر لە ئەوروپا دەستیپێکردووە و گەشەی سەندووە، بۆیە لەهەر توێژینەوەیەک لەم بارەوە دەبێت ئاماژە بەهەوڵ و کارەکانی نووسەرانی ئەوروپی بکرێت. سەرەتای باسکردنی روانگەو روانین و گرنگی دان بە رەخنەی رۆمان دەگەڕێتەوە بۆ (هێنری جیمس) کە جەختی دەکردەوە لەسەر پیشاندانی شانۆیی لەرۆماندا نەک گێڕانەوەی رووت. ((بانگەوازی بۆ پێویستی نمایش(( شانۆیی))دەکرد بۆ پیشاندانی رووداوەکان، بەوەندە نەوەستا تەنیا ریزیان بکات و بیلێت، ئەوە وایکرد کە چیرۆکەکە بەخۆی گوزارشت لەخودی خۆی بکات، نەک نووسەر بیگێڕێتەوە))[1]، ئەمە دەلالەتە لەسەر گۆڕانی پێشکەشکردنی روانینەکان، هێنری جێمس چیدی رێگەی بەوە نەدا، کۆی روانینەکان مۆرکی نووسەریان پێوە دیاربێت، بەڵکو بەگرنگی زانی هەر نووسەرێک پێویستە کارەکتەرەکانی وا بخوڵقێنێت کە هەڵگری روانینی خودی خۆیانبن، چونکە((دەچینە نێو بیرو هۆشی کارەکتەری گێڕەوەوە، ئێمە لێرەدا پابەند دەبین بە روانینی ئەو کارەکتەرە، بەگشتی دەتوانین لە ئەنجامی ئەوەدا بە قووڵی هەست بەکارەکتەرەکە بکەین. ئەو ئەزموونە بۆ خوێنەر بەتەواوی رازیکەرە. پێویستە نووسەر ئەوەش لەبیرنەکات ئاستی رۆشنبیری کارەکتەرەکان سنوورداره بەپێی تواناکانیان))[2]. ئەگەرچی لەبارەی ئەم شێوازی پێشکەشکردنەوە، نووسەران رایان وایە کەوا زۆر بەر لە هێنری جێمس لەلایەن ئەرستۆو فلۆبیرەوە بەکارهاتووە، بەڵام هێنری جێمس بە قووڵی و میتۆدانەوە دووبارە بەم چەمکەدا چووەتەوە و کاری لەسەر کردووە. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین (هێنری جێمس) بە سوود وەرگرتن لە ئەرستۆ و نامەکانی فلۆبیر، توانیویەتی ئەزمونێکی نوێ پێشکەش بەرەخنەی رۆمان بکات.

بایەخدان بە چەمکی ((روانین)) لەدوای (هێنری جێمس) یەکێک بوو لەچەمکە پڕ مشتومڕو قسە لەسەرەکانی بواری رەخنەی رۆمان. ئـەم چەمکە لەلایەن رەخنەگـرانەوە بیروڕای جیای لـەسەر دەربـڕاوە،

(١) إبراهيم جنداری: الفضاء الروائي فی أدب جبرا إبراهيم جبرا، ص١٦٤.

(٢)سەرجاوەی پێشوو: ل١٦٤-١٦٥.

بەردەوام جێگەی گرنگی پێدانی ئەوان بووە، بۆیە لەدوای (هێنری جێمس)ەوە (پێرسی لۆبۆک) بەبایەخەوە لەبارەی دواوە، بە سوود وەرگرتن لەکارەکانی پێش خۆی توانیویەتی ئەم کارە بکات، پیرسی لۆبۆکی رەخنەگر چەمکی روانینی دەوڵەمەندتر کرد لەکتێبەکەی خۆی (پیشەی رۆمان) ئەم تیۆرەی لەژێر رۆشنایی خوێندنەوەیەک بۆ کارەکانی تۆلستۆی، فلۆبیر، دیکنز و هێنری جێمس...، نووسیووە جەختی لەسەر هەبوونی روانگەیەکی چەسپاو دەکردەوە لەکاری گێڕانەوەدا، لەگەڵ بێ لایەنی رۆماننووس لەکاتی دەربڕینی هزرو بیرۆکەکانی کارەکتەر[1]. واتا بۆئەوەی روانینەکان بەشێوەیەکی زیندوو بگەن بەخوێنەر ئەوا دەبێت رۆماننووس بێلایەن بێت لەکاتی گێڕانەوەدا، دەبێت نووسەر تا دەکرێت ونبێت لەو کاتانەی کە لەگێڕانەوەدا روانینی کارەکتەرێکمان ئاراستە دەکات. بۆیە دەڵێت: ((من وایدەبینم کۆی گشتی پرسیارە ئاڵۆزەکان لەبارەی دروستکردنی رۆمان، مەحکوومە بە پرسیارکردن لەبارەی روانینەوە- لەگەڵ پرسیارکردن لەپەیوەندی گێڕەوەی چیرۆک لەگەڵ چیرۆکەکەدا، ئایا روانینەکان هی کێن، چۆن پێشکەش دەکرێت، لەروانگەی چ لایەنێکەوە بەخوێنەر دەگات؟))[2] سەرکەوتوویی رۆمان پەیوەستە بەسەرکەوتوویی مەزراندنی روانینەکان لەرۆماندا، کە لە رێی گێڕانەوەوە پێشکەشمان دەکرێت، چونکە لەرێی هێزی دەنگی خاوەن روانینەوە تەنانەت مەودا خەیاڵییەکانیش ئاشکرادەبن.

(ئەلبیرس)یش لە بارەی گرنگی (روانین)ەوە دەڵێت: ((باشی رۆمان بێگومان وەستاوە لەسەر هێزی ئەو روانینەی کە پێشکەشمانی دەکات و رازیماندەکات، هەروەها پشت دەبەستێ بە هێزی ئەو دەنگەی کەدەدوێت، یان لەسەر ئەو بنیاتە ئەندازەییەی کە خۆی خۆی دەسەپێنێت هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی مەودای خەیاڵ ئاشکرا دەکات))[3].

(نۆرمان فریدمان)ی رەخنەگری ئەمریکی یەکێکە لەو نووسەرانەی گرنگی بە روانین داوە، لەرۆماندا روانین بە یەکێک لەبۆچوونە رەخنەییە پێویستەکانی هەر توێژینەوەیەک دادەنێت[4]. بـۆ تێگەیشتن و درک

(١) بروانە: شاهو سعید(د): التبئیر الفلسفی فی الروایه ..مقاربة ظاهراتیة فی تجربە سلیم برکات،ص٢٧.

(٢)بیرسی لوبوک: صنعه الروایه، ت: عبدالستار جواد، المرکز العربی للطباعه والنشر، بیروت، منشورات وزاره الثقافه والاعلام، ١٩٨١، ص٢٢٥.

(٣) ابراهیم جنداری،الفضاء الروائی عند جبرا ابراهیم جبرا، ص١٤٥.

(٤)بروانە: مجموعه من الباحثین: نقریه السرد من وجهه النظر الی التبئیر، ت: ناجی مصطفی، الطبعه الأولی، منشورات الحوار الأکادیمی والجامعی، ١٩٨٩، ص١٠.

پێکردنی رۆمان بەگشتی پێویستە لە روانینەکان تێبگەین، چونکە روانین رێگا رۆشندەکاتەوە بۆ تێگەیشتنی تەواوی هزرەکانی نێو رۆمان لەگەڵ ئاستی دەروونی بەشداربووانی رۆمان و جۆر و چۆنیەتی دەربرینەکانیان، بۆیە ئەم بۆچوونەی فریدمان بۆ روانین جێگەی بایەخە لەرەخنەی رۆماندا.

لەبارەی پۆلێنکردنی (روانین) یشەوە هەوڵێکی تێروتەسەل هەبوو، ئەویش هەوڵی توێژەری فەرەنسی (جان بۆیۆن)ە، کە بەشێوەیەکی جیا پۆلێنکردنێکی ئەنجامدا (بینین لەگەڵ، بینین لە دواوە، بینین لە دەرەوە) ئەم پۆلێنکردنە ((کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر زۆرێک لەپۆلێنکردنەکانی دوای خۆی. هەروەها دەورێکی کارای هەبوو لە پەرەپێدانی پێکهاتەی گێڕانەوە و رەهەندیکی نوێی بە چەمکی (روانین) دا کە وایکرد زیاتر قبوڵکراوبێت...لەچوارچێوەی شیکردنەوەی وتاری گێڕانەوەدا))[1]، لەم پۆلێنکردنەشدا سوودی لەزانستی دەروونی وەرگرتبوو بۆسەرچاوەی پێشکەشکردنی روانینەکان. کتێبەکەی جان بۆیۆن (کات و رۆمان)، ((لەراستیدا بەگرنگترین ئەو توێژینەوانە دادەندرێت کە روانگەی گێڕانەوە دەگرنە خۆ ..... هیچ کتێبێک و وتاری توێژەرێک نییە کەخەریکی شیکردنەوەی گێرنەوە بێت ئاماژەی پێنەکردبێت یان سوودی لێوەرنەگرتبێت، بە شێوەی راستەوخۆ یان لەگەڵ هەندێ دەستکاریدا))[2].

یەکێکی دی لەو رەخنەگرو نووسەرانەی باسی روانینیان کردووە (رۆبەرت شۆڵز)ە، کە لە رۆماندا گرنگی بە( روانین) داوە. روانینی دابەشی سەر دوو ئاستکردووە و دەڵێ: ((روانین، لەسەر دووئاستدا وەستاوە: یەکەم سروشتی چیرۆکە گێڕدراوەکەیە، کەناوی ناوە تێڕوانین، دووەمیش ئاستی دەربرین و زمانی حەکایەتخوانە))[3]. بەم بۆ چوونە دەگەینە ئەوەی کە روانین لەلای (رۆبەرت شۆڵز) هەردوو دیوی رۆمانی گرتۆتەوە، ئەویش لایەنی فیکری و لایەنی هونەری دەربڕینی فیکرەکانە، واتا کۆکردنەوەی دەرەوە و ناوەوەی دەق لەیەک کاتدا.

(تۆدۆرۆف) یەکێکە لەو نووسەرانەی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ خزمەتکردن بەبواری رەخنەی رۆمان، لەم نێوانەشدا لەزۆر شوێن باسی گرنگی و بایەخی (روانین)ی کردووە بەتایبەن لەنووسینی رۆماندا دەڵێت:

---

(١) سعيد يقطين: تحليل الخطاب الروائى (الزمن، السرد، التبئير)، الطبعەالرابعە، دارالبيضاء، ، المغرب، ٢٠٠٥،ص٢٨٧.
(٢) سەرچاوەی پێشوو: ل٢٨٧-٢٨٨.
(٣) باسم صالح حميد(د): الرواية الدرامية، دراسة فى تجليات الرواية العربية الحديثة،ص١٨٧.

(( تا بەر لە دەسپێکی سەدەی بیستەم، سەرنجێکی ئەو تۆیان بە(روانین) نەدەدا، هەر ڕەنگبێت لەبەر ئەوەش بووبێت کە پێیان وا بوو، تەنانەت دەکرێت رازو رەمزی ئەدەبیاتیش لەو دا بقۆزینەوە .کتێبی پرسی لۆبۆک، کە یەکەمین خوێندنەوەیەکی تەکوزیانەیە لەم بەستێنەدا، بەشێوەیەکی مانادار، بە فەننی چیرۆکی ناو دێرکراوە، راستیەکەی ئەوەیە کە (روانین ) بایەخێکی زۆری هەیە))[1] ئەم گرنگییەی روانین لە ئەدەب بەگشتی و لە رۆمان بەتایبەتی وەک تۆدۆرۆف باسی دەکات تا سەدەی بیستەم پەی پێ نەبرابوو و بایەخی پێنەدرابوو.

روانین هۆیەکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی رواڵەتی هەموو شتێک لە رۆماندا، کردارو رووداوەکان دەکات بە بابەتێکی هونەری بۆیە ((تۆدۆرۆف، تەئکیدی کردەوە، لەسەر ئەو واتایەی کە دواتر ئاماژەی پێکرد: ئێمە لە ئەدەبدا رووبەرووی رووداوەکان و کردارەکان نابینەوە لە شێوە (خامەکەیان)دا، بەڵکو رووبەرووی رووداوەکان دەبینەوە بە شێوەی پیشاندان، رواڵەتی هەموو شتێکیش دیاری دەکرێت بەو روانینەی کە بە هۆیەوەی پێشکەشمان دەکرێت))[2].

(تۆدۆرۆف) باسی ئەوەشی کردووە کە واباشە روانینەکان بیروڕای کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی روون لەرۆماندا بنوێنن. هەروەها باس لەجۆری پێشکەشکردنی روانینەکان دەکات لەرێی ئامرازەکانی ئاخاوتنەوە، بەشێوەیەکی نزیک لە دابەشکردنەکەی (جان بۆیۆن) حەکایەتخوانی پۆلێن کردووە، کەدەڵێت: ((حەکایەتخوان- نووسەر بەبەردەوامی بەدیار دەکەوێت لە رێی ئامرازی (ئەو)ی کارەکتەرەوە، وەک لە چیرۆکە کلاسیکییەکاندا حەکایەتخوان بەهەمووشتێکی دەزانی، لێرەدا وتار جێگەی هەواڵ دەگرێتەوە، بەڵام (من) ی حەکایەتخوان لەدواوەی کارەکتەرەکان دەدوێت))[3].

(فلیپ ستیفک) لە بارەی گرنگی روانینەوە دەڵێت: ((پێویستە دان بەوە دابنێین کە دادوەری ئێمە دەربارەی نرخ و بەهای رۆمان، وەستاوە لەسەر رادەی تێگەیشتنمان لە روانین))[4]. واتا چەندە لە روانینەکانی نێو رۆمان تێبگەین، ئەوەندە ئاسانتر دەتوانین داوەری بکەین لەبارەی بەهاو نرخی رۆمانەوە، ناکرێت قسە لەسەرهیچ

---

(١) تزوتان توودۆرۆف: بۆتیقای پێکهاتە خواز، و: محەمەد تەرەغە،چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل٧٥.

(٢)شجاع مسلم العاني،البناء الفني في الرواية العربية فى العراق ،دارالشؤون الثقافية العامة ،بغداد،١٩٩٤،ص١٧٣.

(٣) ابراهيم جنداري: الفضاء الروائى عند جبرا ابراهيم جبرا،ص١٥٠.

(٤) محمد نجيب التلاوي(د.): وجهه النظرفي روايات الاصوات العربية ،من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٠، ص١٧.

**ڕۆمانێک بکەین بەر لەوەی لەڕوانینەکانی نێو ڕۆمانەکە تێبگەین. ئایا نووسەر، لەتەوزیفکردن و خستنەرووی ڕوانینەکاندا توانیویەتی ئامانجەکان بپێکێ؟ ئایا ئەو ڕۆمانەی کاری لەسەر دەکەین جۆری بیرکردنەوەی قسەکەر لە چ ئاستێکە؟ لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی و باری فیزیکیدا گونجاوە؟ لەرووی دەربڕینەوە لە چ پایەیێکدایە؟ باری دەروونی چۆنە؟ لەکاتی وەرگرتن و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ڕووداوەکاندا.**

**(ژیرار ژنێت) یەکێکە لەو نووسەرانەی کەتوانیویەتی گرۆتینێکی زیاتر بدات بەبواری ڕەخنەی ڕۆمان و گێڕانەوە. (ژنێت) لەبری وشەی(point of view) ) زاراوەی (focalization)ی بەکارهێناوە کە ئەم زاراوەیە، هەم مەبەست لەو شوێنەیە کەکەسی خاوەن ڕوانین لێیەوە دەڕوانێت، وەهەم جۆری بینینەکەش دەگرێتەوە. لەگەڵ ئاماژە دان بە توخمی (پانتایی) لەکاری گێڕانەوەدا، کەئەویش پەیوەندی هەیە بەجۆری ڕوانینەکەو ئەو پانتاییەی کە لەنێوان بینەرو بیندراوداهەیە[1].**

**(بۆریس ئۆسبنسکی) بەشێوەیەکی نوێ و جیا لەنووسەرانی پێش خۆی کاری لەسەر ڕوانین کردووە. ئەم نووسەرە باسی ئاستەکانی ڕوانینی کردووە و ڕوانینەکانی دابەشی سەر چوار ئاست کردووە ((ئاستی هزری ـ ئایدیالۆژی، ئاستی دەربڕین، ئاستی شوێنکات، ئاستی دەروونی))[2]، کەئەمەش شێوەیەکی نوێی دابەشکردنی ڕوانینە. لەناو هەرچوار ئاستەکەدا (ئۆسبنسکی) ئاستی هزری-ئایدیالۆژی بە گرنگترین ئاست دادەنێت، هەروەها بەتێری باسی پەیوەندی نێوان هەموو ئاستەکانی کردووە. (بۆریس ئۆسبنسکی) زیاتر لە هەر ڕەخنەگرێک گرنگی بە (ڕوانین) داوە، بەشیکردنەوەی ئاستەکانی ڕوانینیش بەهای ڕوانینی بە دیار خستووە و وردتر لەسەری وەستاوە.**

---

**(١) بروانە: شاهو سعید(د.): التبئیر الفلسفي في الروایة ..مقاربە ظاهراتیة فی تجربة سلیم برکات،ص٢٧.**

**(٢) بوریس اوسبنسکی: شعریة التالیف، بنیة النص الفني وأنماط الشکل التألیفي ، ص١٩،٢٩،٦٩،٩٣.**

**ب- لەرەخنەی رۆمانی عەرەبیدا:**

**نووسەرانی عەرەب بە سوود وەرگرتن لە تویژەرو رەخنەگرانی ئەوروپی توانیویانە بەشێوەیکی بەرچاو، لەبارەی روانین و شوێنی پێشکەشکردنی روانینەکان بدوین و لێکۆلینەوەی فراوان و تایبەتی لەبارەوە بکەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لەناو نووسەرانی عەرەبدا، بیرو ڕای جیاواز لە رووی واتاو زاراوە لە بارەی (روانین)ەوە دەربردرێت.**

**(سعید یقطین) یەکێکە لەنووسەرە عەرەبە دیارو بەرچاوەکانی بواری رەخنەی گێڕانەوە، کاری زۆری لەم بارەیەوە کردووە،لەپەرتووکی (شیکردنەوەی گوتاری رۆمان) دا باسی (روانین)ی کردووە، لە ژێر ناوی (روانینی گێرانەوە)دا پەیوەندی (روانین) و جۆری حەکایەتخوان شیدەکاتەوە و بە دووجۆر دیارییان دەکات ئەوانیش: ((رەوشی یەکەم ئایدیالۆژیای روانینی دەرەکییە کە حەکایەتخوان لەدەرەوەی چیرۆکەکە ئاراستەی دەکات، بەڵام لەرەوشی دووەمدا روانینەکە ناوەکییە، چونکە حەکایەتخوان کارەکتەری بەشدارە))[1]. ئەگەرچی مەرج نییە کارەکتەر کاتێک بووە حەکایەتخوان ئەوا تەواوی روانینەکانیش هی خودی خۆی دەبێت، چونکە دەکرێت رۆماننووس لە رێی کارەکتەرەکانەوە ئایدیالۆژیای خۆی پێشکەشبکات بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک خۆی لە خوێنەر حەشاربدات.**

**(د.ابراهیم جنداری) لەپەرتووکەکەی خۆیدا ئاماژەی بە زۆربەی ئەو بیروڕایانە کردووە کە لەبارەی روانین و شوێنی روانینەکانەوە خراونەتە روو، هەروەها باسی فرە دەنگی و مەرجەکانی فرەیی روانینی کردووە وەک چۆن(بۆریس ئۆسبنسکی) دەستنیشانی کردووە، کە ئەمانەن ((١. فرە دەنگی دروست دەبێ ئەگەر هاتوو دەق خاوەنی چەند دەنگێکی سەربەخۆ بێت، ٢. پێویستە روانینی هەر کارەکتەرێک بەشێوەیکی راستەوخۆ لە رووداوی رۆمانەکەوە بگوازرێتەوە، نابێت هەڵوێستی ئایدیالۆژی دەرەکی بالادەست بێت بەسەر کارەکتەرەکانەوە لەدەرەوەی خۆیان، ٣. روانینی ئایدیالۆژی لە رەفتاری کارەکتەرەکاندا دیار دەبێت...چونکە ئەوان زمانحالی هەمان هەڵوێستن))[2].**

**(سیزا احمد قاسم) لەکتێبی (بناو الروایە) دا، بۆ زاراوەی روانین ((تێڕوانینی گێڕانەوەی))[3] ی**

---

(١) **سعید یقطین: تحليل الخطاب الروائي (الزمن، السرد، التبئير)،ص٢٩٤.**

(٢) **إبراهيم جنداري: الفظاء الروائي فى أدب جبرا إبراهيم جبرا، ص١٧٧.**

(٣) **سيزا أحمدقاسم: بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، ص١٢٩.**

بەکارهێناوە، جۆری پێشکەشکردنەکانی روانینیشی باسکردووە، بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی روانین سوودی لەبۆریس ئۆسبنسکی وەرگرتووە.

(یمنى العید)یش لەبارەی روانینەوە دواوە و وشەی ((پێگە)) ی هەڵبژاردووە بۆ گوزارشتکردن لەم چەمکە. لەبارەی هەڵبژاردنی زاراوەی (پێگە - الموقع) ەوە دەڵێت: ((تەنیا لەبەر لایەنی شێوەنییە، کە زاراوەی پێگەمان لاپەسەندترینە، هەروەها تەنیا بەباشزانین و خستنەپاڵ نییە، بەڵکو زاراوەی پێگە پەیوەندی بەتێڕوانینی هزریی دەقی ئەدەبییەوە هەیە))[1].

(یمنى العید) ئاماژە بەوەدەکات، کەئەوە جۆری بیرکردنەوەی جیایە، روانینی جیاواز دروست دەکات، بۆیە ((جیاوازی پێگەکان لە جیاوازی شێوەی هۆشیاری و بیرکردنەوەکاندا دەردەکەوێت. دەکرێ بڵێین جیاوازی شێوەکانی هۆشیاری و بیرکردنەوە، ئاماژەیەکە بۆ جیاوازی پێگەکان کە دەبێتە هۆی جۆراوجۆربوونی زمانی گوتنەکان))[2]. کاتێک بیرکردنەوەی جیا ئامادەیی لەرۆماندا هەبوو، دژ بەیەک وەستانەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە زمانی گوتنەکانیش جیادەبن، ئەمەش ئاماژەیەکە کەوا پێگەکان لەیەکدی جیان.

(د.حمید لحمدانی) لەکتێبی (بنیاتی دەقی گێڕانەوە) دا، ئاماژەی بە دوو زاراوە کردووە کە لەرێگەیانەوە باسی روانینی کردووە، ئەوانیش (گۆشەی روانین، بەچەقکردن)ن، لەبارەی ئەم پەیوەندییە دواوە کە لەنێوان حەکایەتخوان و روانیندا ئامادەیە: (( جۆراوجۆری و فرەیی حەکایەتخوانەکان زۆر جار دەبێتە هۆی فرەیی روانین لەبارەی یەک بەسەرهاتەوە، کە رۆمانی نامەیی دەچێتە پاڵ ئەم جۆرە رۆمانانەوە))[3]. واتا زۆر جار لەبەر فرەیی حەکایەتخوان، فرەیی لە روانینیشدا دروست دەبێت، بەڵام ئەوە لە هەموو رۆمانێکدا وانییە، بۆیە لەبارەی (رۆمانی لەناو رۆماندا) دەڵێت: ((مەرج نییە حەکایەتخوانەکان فرەبن، لەوانەیە یەک حەکایەتخوان بێتن پەیوەندی نێوان پەرەگرافەکانی حەکایەتە جیاوازەکان بەیەک بگەیەنێت لەو گۆشەیەی کەتێی دەڕوانێت. بەم شێوەیە یەک حەکایەتخوان گۆشەی هەمەجۆر بۆ بینینەکان

(١)یمنى العید: الراوى الموقع و الشكل (بحث فى السرد الروائي )، ص٣٣.

(٢)سەرچاوەی پێشوو: ل٢٦.

(٣)حميد لحمداني(د.): بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، ص٤٩.

دروستدەکات))[1]. مانای وایە کە دەکرێت کاتێک یەک حەکایەتخوانیشمان هەبێت، ببێتە هۆی دروستبوونی روانین و بینینی جیا، چونکە حەکایەتخوان لێرەدا تەنیا ئەرکی لێکگرێدانی حەکایەتەکانە لە ( رۆمانی لەناو رۆماندا).

(د.شجاع مسلم العاني) لەکتێبەکەی خۆی (بنیاتی هونەری لە رۆمانی عەرەبی لە عێراقدا) بۆباسکردن لەروانین و شوێن و سەرچاوەی پێشکەشکردنی روانینەکان زاراوەی ((الرؤى - بینین)) بەکاردەهێنێت، بۆیە دەڵێت: ((ناکرێت بەتەواوی لەبارەی گێڕانەوەوە بدوێین، بێ ئەوەی باسی بابەتێکی زۆرگرنگ بکەین کە ئەویش بابەتی بینینە لە گێڕانەوەدا))[2]، بۆیە ئەگەر توێژەرێک لەبواری گێڕانەوەدا کاربکات، ناچارە باسی روانین بکات. لەهەمان پەرتووکدا، توێژەر باسی روانگەو پەیوەندییەکانی روانین و جۆری راناوەکانی کردووە. واتا ئایا کێ دەگێڕێتەوە؟ کێ روانینەکان لەرۆماندا پێشکەش دەکات؟[3]، باسی بەکارهێنانی بینینەکانیش دەکات و دەڵێت: ((لە توێژینەوەکەماندا لەبارەی ئەم بابەتە، لەرۆمانی عەرەبی لە عێراق،هەوڵمانداوە باسی هەموو جۆرەکانی بەکارهێنانی بینین لە رۆماندا بکەین))[4].

(د.محمد عزام ) لەکتێبی (شیعرییەتی گوتاری گێڕانەوە) دا، باسی روانینی کردووە و هەردوو وشەی (روانین - گۆشەنیگا) بەشیاوترین دادەنێت. لای وایە، روانین ((ئەرکی سەرەکی دیاریکردنی رووداوی گێڕانەوەیە، چیرۆک پێشکەشناکرێت ئەگەر بەهۆی تێڕوانینی گێڕانەوەوە نەبێت، هەروەها باسی پەیوەندی نێوان حەکایەتخوان و ئەوانیدی و جیهان دەکات))[5]. (د.محمد عزام ) ئاماژەی بەهەموو ئەو زاراوانەش داوە کە پەیوەستن بە روانین و جۆری پێشکەشکردنەکانیان. بەهەمان شێوەی (ئۆسبنسکی) ئاستەکانی روانینی دابەشکردووە بەسەر چوار ئاستدا و لەبارەی هەریەک لەئاستەکانیشەوە دواوە.

(د.محمد نجیب التلاوی) نووسەرێکی دیکەی عەرەبە، باسی ئەوە دەکات کە دروستبوونی فرەیی (روانین) لەرۆماندا بەرهەمی گۆڕانی شێوەی ژیانی مرۆڤەکانە لە جیهانی دەرەوەدا، چونکە رۆمان بەرهەمی ئازادییە، بۆیە دەبێت ئازادی ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو رۆماندا رەنگبداتەوە. بە گۆڕانی رەوشی کۆمەڵایەتی،

---

(١)سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە.

(٢)شجاع مسلم العاني: البناء الفني في الرواية العربية في العراق،ص١٧١.

(٣)بروانە: سەرچاوەی پێشوو: ل١٩٥.

(٤)سەرچاوەی پێشوو: ل١٧٧.

(٥)محمد عزام: شعريه الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥،ص٩٠-٩١.

ئاستی سیاسی کۆمەڵگە، ئەوا بیرکردنەوەی نووسەری ڕۆمانیش بەرانبەر بەخوڵقاندنی کارەکتەرەکان و تەواوی پێکهاتەی ڕۆمان گۆڕانی بەسەر دادێت، لەمبارەیەوە ئەو نووسەرە دەڵێت: ((گۆڕانی کۆمەڵگە لەدیکتاتۆری و جینایەتییەوە، بۆئازادی و گەشەکردنی بورجوازی، ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر پێشکەوتنی هونەرەکانی ڕۆمان))[1]. باسی ئەو گۆڕانەش دەکات کەبەهۆی ئازادی دەربڕینەکانەوە هاتە ئاراوەو بووە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکان خۆیان هەڵگری ڕوانینەکانی خۆیانبن (( توانای چەند شێوازی و چەند زمانی لە ڕۆماندا گۆڕانی هێنایە کایەوە، بۆخستنە رووی کەتوار (واقیع) بە هەموو جیاوازییەکانییەوە))[2].

(عەبدولڕەحمان مونیف) بەشێوەیەکی بەربڵاو باسی ڕوانین و مەرجی هەبوونی ڕوانینی سەربەخۆی لەڕۆماندا کردووە، بەلایەوە ڕوانینەکانی ڕۆمان تەنیا پەیوەست نینە بەنووسەری دەقەکەوە، بەڵکو کارەکتەرەکانیش دەتوانن خاوەن ڕوانینی تایبەتی خۆیانبن دوای ئەوەی لە ڕیڕەوی ڕۆماندا بوون بەخاوەن پێگەی خۆیان: ((ئیتر ژیان و خواستی خۆیان دەبێ، بەڵکو زمانی تایبەت بەخۆشیان دەبێ، واتا دەنگی خۆیان دەبێ کەلەوانی تر جیایان دەکاتەوە، هەروەکو کوڕەکان سەبارەت بە باوکەکانیان...))[3] و لەلای (عەبدولڕەحمان مونیف) زمان ئەو هۆیەیە، دەتوانین لەڕێگەیەوە ڕوانینی کارەکتەرەکان لەیەکدی جیاکەینەوە، هەر لەم ڕێگەیەوەش دەتوانین هەست بەوە بکەین کە ئایە نووسەر (ڕوانینی) خۆیمان پێشکەش دەکات، یان هی کارەکتەرەکان؟، لەبەر ئەوەی لە ڕۆماندا کارەکتەری جیا هەیە، بۆیە دەبێت هەمە جۆریش لەڕوانینەکاندا هەبێت، چونکە هەر کارەکتەرێک دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕوانین و شێوازی جیبیایە لەگەڵ ئەوانیتر. ((سەرەڕای لێکچوون و سیفاتی هاوبەش، سەربەخۆیی و شێوازی خۆیان دەبێت لە هەڵسوکەوت کردندا، ئەمەش لەڕۆماندا لەرێی زمانەوە دەردەکەوێت کە کەسێتیەک لەوی تر جیا دەکاتەوە و هەمووشیان لەدانەرەکە جیا دەکاتەوە))[4].

(أنجيل بطرس سمعان ) لەگۆڤاری (فصول)دا لەباسێک لە ژێر ناوی (گۆشەنیگا لە ڕۆمانی میسری)دا

---

(١)محمد نجيب التلاوى(د.): وجهه النظر فى روايات الأصوات العربية، ص١٠.

(٢)سەرچاوەی پێشوو: ل١١٧.

(٣)عەبدولڕەحمان مونیف: تیشکێک بۆسەر ڕۆمان، ل٢٩.

(٤)سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە.

باسی روانینی کردووه، چەند واتایەکی بۆدیاریکردووه. لەبارەی ئەو جۆرە رۆمانانەوە دەدوێت کەرۆماننووس خۆی گێڕانەوەکان ئەنجامدەدات: ((ئەگەر هاتوو حەکایەتخوان - نووسەر، خۆی خاوەنی (روانین) بوو ئایە تاکو چ ئاستێک بۆی رەوایە ئەو جیهانەی خەیاڵ ببڕێت کەخۆی دروستی دەکات بۆئەوەی خوێنەر بدوێنێت و کۆمێنت لەسەر رووداو و کارەکتەرەکان بدات و بۆچوونی خۆی دەرببڕێت سەبارەت بەو کارانەی کەپەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بەبابەتی رۆمانەکەوە، یان لەوانەیە پەیوەندییەکی راستەوخۆشی نەبێت. لێرەدا خاڵی سەرەتای گرنگی دانی رەخنەگران بەروانین دەبینین و پەیوەندییان بەلایەنەکانی هونەریی یان بنەماکانی دیکەی رۆمانەوە دەردەکەون))[1].

روانین لەلای (أنجیل بطرس) گرنگییەکی تایبەت وەردەگرێت، چونکە، گرنگی (روانین) یان ((هۆشیاریی ناوەندی .central consionisness)) لەوە دایە کە هەموو بابەتی رۆمانەکە لێرەوە دەبیندرێت))[2].

(١)انجیل بطرس سمعان: وجهه النظر فی الروایة المصریة،ص١٠٤.
(٢)سەرچاوەی پێشوو: ل١٠٥.

**ج- لەرەخنەی رۆمانی فارسیدا:**

تویژەرو رەخنەگرانی بواری رۆمانی فارسی وەک یەکێک لەپێکهاتەکانی رۆمان بابەتی روانینیان فەرامۆش نەکردووە، ئێمە لێرەدا ئاماژە بەناوی چەند نووسەرێک دەکەین کە لەم بارەیەوە کاریان کردووە.

(جمال میر سادقی) یەکێکە لەو نووسەرانەی لە کتێبی (عناصر داستان ) لەبەشی (زاویە دید) ئاماژەی بە روانین داوەو دەڵێت: ((روانینەکان کاریگەری دادەنێن لەسەر پێکهاتەکانی دیکەی رۆمان، یانی لەسەر کارەکتەرسازی و چنین و دەربڕینەکان و شێوازو جۆراوجۆری....))[1]. ئەم کاریگەرییەی روانین وادەکات نووسەران بەگشتی لەکارە رەخنەییەکانیاندا بایەخی پێبدەن. روانگەکانیشی دابەشی سەر سێ بەش کردووە، ئەوەی گرنگە بۆتوێژینەوەکەی ئێمە بەشی دووەمیەتی کە (روانگەی زەینییە)و دەڵێت: ((روانگەی زەینی، سەروکاری لەگەڵ هەست و شێوەی داهێنان و دونیابینی نووسەردا هەیە، بەنسبەت بابەتەکەوە))[2]. ئەگەرچی مەرج نییە، تەنیا زەینی نووسەر دواپێوەرو دواخاڵ بێت، کە دونیابینی بۆ بابەتەکە هەبێت. لەبەشی پراکتیکی روانگەکاندا باسی چەند رۆمانێک دەکات، کەخودی کارەکتەرەکانی حەکایەتخوانی دەکەن و گێڕانەوە ئەنجامدەدەن، روانینەکانیش هەرهی خودی کارەکتەرەکانن، مەرجیش دادەنێت بۆئەم جۆرە رۆمانە و دەبێت هەم لەرووی پێشکەشکردنەوە بەهێزبێ هەمیش رەوتی رووداوەکانی جۆراوجۆربن[3].

(محمود فلکی) نووسەرێکی دیکەی بواری رەخنەی رۆمانە کەلەم بارەیەوە دواوەو لەرێگەی باسکردنی گۆشەنیگاوە باسی روانینیشی کردووەو دەڵێت: روانینی مرۆڤەکان بۆ شت و بابەتەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازن، ئەمە لەجیهانی دەرەوە و لە جیهانی رۆمانیشدا هەر راستە[4]. باسی فرەدەنگی و فرە روانینیشی بەپێی جۆری پێشکەشکردنی روانینەکان کردووە: ((١. کارەکتەرەکان خۆیان دەدوێن، ٢. حەکایەتخوانێک ئەم کارە دەکات، ٣. ئاوێتەیەک لەگۆشەی کارەکتەرو حەکایەتخوان))[5].

(حسین بیات) لەکتێبی ( داستان نویسی جریان سیال ذهن) باس لە پچڕپچڕی ئەو روانینە دەکات

(١)جمال میر صادقی: عناصر داستان، چاپ سوم، چاپخانە بهمن، تهران، ١٣٧٦، ص٣٨٥-٣٨٦.

(٢)سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە.

(٣)بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: ل٣٩٣-٣٩٤.

(٤)بڕوانە: محمود فلکی: روایت داستان تئوری های پایەیی داستان نویسی، چاپ اول، چاپ وصحافی: تکثیر، تهران، ١٣٨٢، ص٤٠.

(٥)سەرچاوەی پێشوو: ل٤٢.

که لەرۆمانی شەپۆلی هۆشدا پێشکەشدەکرێت، چونکە دەربڕینی روانینەکان لەرۆمانی شەپۆلی هۆشدا ((تا ئاگایی نووسەری هەموو شتزان وندەبێت لەنێو ژیانی دەروونی کارەکتەرەکاندا بەشێوەی نارێکخراو و نا لۆژیکی زەینیان لە قسەکانیاندا دەبیندرێت))[1].

(منیر احیایی) لە توێژینەوەیەکدا بەناوی(راوی، زاویە دید، کانون سازی) لەتەوەری (دروستکردنی فیکر)دا باسی پەیوەندی هەردوو ئاستی هزری و دەربڕینەکان دەکات و دەڵێت: ((ئەو روانینەی کە نووسەرو حەکایەتخوان یان کارەکتەرەکان بۆ رۆمان یاخود بۆیەکدی هەیانە. باوەڕو هەستێک کەحەکایەتخوان بۆ رۆمانەکەی هەیەتی نزیکە لەپەیوەندی بیرکردنەوە بەزمانی رۆمان، واتا زمان ئەو پەیڤانەیە کەحەکایەتخوان بۆبەیانکردنی بیرو باوەڕو فیکرەکانی هەڵیدەبژێرێت))[2]. ئەمە باسکردنی ئەو پەیوەندییە بەتینەی نێو ئاستەکانی روانینە بەتایبەت هەردوو ئاستی هزری و دەربڕین. نووسەر سەرەڕای باسکردنی ئاستەکان باسی خودی روانین و جۆری پێشکەشکردنی روانینیشی کردووە.

(دکتور قدسیە رضوانیان و حمیدە نوری) لەتوێژینەوەیەکدا کە بەیەکەوە لەبارەی حەکایەتخوان لەرۆمانی (ئاگری بێ دوکەڵ)دا نووسیویانە. باسی حەکایەتخوان و جۆرەکانیان کردووە لە پاڵ ئەوەشدا لە روانین دواون و باسی پەیوەندی روانین و ئەو کەسانەیان کردووە کەروانینەکان دەردەبڕن. ئایا خاوەن روانینەکان کێن؟ خودی نووسەرەکەیە یاخود کارەکتەرەکانن. هەروەها باسی رۆڵی روانینیان کردووە لە بنیاتی گێڕانەوەی رۆماندا[3].

---

(١)حسین بیات: داستان نویسی جریان سیال ذهن، چاپ و صحافی سحاب، تهران، بهار١٣٨٧،ص٨٧.

(٢) منیر احیایی: راوی، زاویە دید، کانون سازی، بوگیقا (خانە ادبیات داستانی)www.butiqa.org، 23یبان، ١٣٩٢،ص٩.

(٣)بروانە: قدسیە رضوانیان(د.) و حمیدە نوری ،راوی در رمان ((اتش بدون دود))، مجلە متن شناسی ادب فارسی، پژوهشهای زبان و ادبیات فارسی(علمی - پژوهشی) دانشگدە ادبیات و علوم انسانی - دانشگاە اصفهان،تاریخ وصول ١٣٨٦/١١/١٠،ص٨١.

د- لەرەخنەی رۆمانی کوردیدا:

ئەم چەمکە لە توێژینەوەی رۆمانی کوردیدا بەشێوەیێکی سەربەخۆ باس نەکراوە، بەڵکو نووسەران بەشێوەیەکی لاوەکی ئاماژەیان پێداوە، جا چ خودی چەمکەکە بێت یان باسکردنی ئاستەکانی روانین یاخود روانینەکانی هەریەک لەنووسەران و کارەکتەرەکان، ئێمەش بۆ زیاتر ئاگادار بوون لەگرنگی پێدان بەم چەمکە لەرەخنەی رۆمانی کوردیدا، چاوێکمان خشاندووە بەو کتێب و توێژینەوانەی تایبەتن بە رۆمان و گێڕانەوە ، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی باسی گۆشەنیگا دەکەن.

(د.فەرهاد پیربال) لەگۆڤاری کاروان، تەوەری (ئەم تەوەرەی رۆمان... بۆ؟) ئاماژەی بەچەمکی (روانین) کردووە، بەیەکێک لەخاڵە گرنگەکانی رۆمانی باشی هەژمارکردووە، بۆیە دەڵێت: ((پێش هەمووشتێک پێویستە روانینێکی شەخسی لەبەرهەمەکەدا یان لەتوێی بەرهەمەکەوە پێشکەش کرابێ. ئەم روانینە شەخسییە، واتە فیکرێکی تایبەت و سەربەخۆ کەلەئەزموونێکی تایبەتی نووسەرەکەوە هەڵقووڵابێت: پەیوەندی بەهیچ ((رێباز))و ((ئایدۆلۆجیەت))و((حزب))و تەنانەت رۆماننووسێکی دیکەشەوە نەبێت!))(1).

لێرەدا ئەو روانینەی کە د.فەرهاد پیربال مەبەستییەتی روانینی خودی نووسەرە بەتەنیا. ئاماژەی بەروانینی کارەکتەرەکان نەکردووە، بەلام بەلایەوە گرنگە ئەو روانینەی رۆمانی لەسەر بنیات دەندرێ، روانینێکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی بێت، لەژێر کاریگەری هیچ رەوت و لایەنێک نەبێت، ببێت بەهۆی ناسینەوە و جیاکردنەوەی رۆمانەکە لە رۆمانی دیکە.

(ئازاد سبحی) لەگۆڤاری (رامان)، لەبارەی گێڕانەوە لەرۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دواوە، دواتر هەر لەهەمان تەوەردا باسی فرەدەنگی کردووە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە نووسەر فرەدەنگی هاوتا دەکات بەجیاوازی جەوهەر وئامانجی حەکایەتخوانەکان، واتا دەبێت لەرووی دەربڕینی روانینەکانەوە جیاوازی و دژیەکی ببیندرێت، بۆیە لە رۆمانی فرەدەنگی ((ناکۆکی دەکەوێتە خزمەتی سەرخستنی کۆی پرۆسەی گێڕانەوەوە، چونکە ئەم ناکۆکیە ناوەکییە خاڵێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەوەیە کەپێی دەوترێ فرەدەنگیی و فرەگێڕانەوە، فرەگێڕانەوە بەوە نایێتەدی چەند گێڕەوەو چەند حیکایەتخوانێک هەبن و بەس،

(1) فەرهاد پیربال(د.): ئەم تەوەرەی رۆمان..بۆ؟، گ: کاروان، ژ(108)،هەولێر، 1997، ل87.

بەوە دێتەدی جەوهەرو ئامانجی گێڕەوەکان جیاوازبن، بەڵکو دەکرێ ناکۆک و دژیش بن))[1]. بەشێوەیەکی روون ئاماژەی بەوە کردووە هەرتەنیا هەبوونی گۆشەنیگای جیاواز بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەرۆماندا روانینی جیاواز و فرە جۆریش هەبێت بۆئەوەی رۆمانی فرە دەنگی بەرهەم بێت.

یەکێک لەو رەخنەگرانەی کاری زۆری لەبواری رەخنەی رۆمان و گێڕانەوەدا کردووە (د.نەجم خالد ئەڵوەنی)یە کەچەندین کتێبی لەبارەی رەخنەی رۆمانەوە هەیە، لەزۆر شوێندا ئاماژەی بەروانین کردووە یان بەشێوەیەکی بەش لەگشت لەئاستەکانی روانین دواوە. لەکتێبی( بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردی دا) لەتەوەری کاتی گێڕانەوەدا ئاماژەی بەروانین داوە، بەڵام زیاتر لەبارەی گۆشەنیگاکانەوە دواوە و باسی لەروانینی هەریەک لەکارەکتەرو نووسەر کردووە کە لەرێگەی گۆشەنیگای دەرەکی و ناوەکی، بابەتی و خودییەوە بەخوێنەر دەگەن، هەروەها پەیوەندی پێشکەشکردنی روانینەکان و راناوەکانی روونکردووەتەوە، چونکە کاتێک روانینەکان لەرێی کارەکتەرەکانەوە بێت زیاتر بەراناوی (من) پێشکەش دەکرێن، بەڵام ئەگەر نووسەر بۆدەربڕینی روانینەکانی خۆی پەنای بردە بەر بەکارهێنانی گۆشەنیگای دیاریکراو ((لەرێی تێڕوانینی یەک کەسایەتیەوە تەماشای رووداوەکان دەکات، دەبینین، راناوی (ئەو) شوێنی راناوی (من) دەگرێتەوە))[2]. لەگەڵ گۆڕینی تێڕوانینەکان راناوەکانیش گۆڕانیان بەسەر دادێت. لەکتێبی (٣لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە) باسی راناوەکان و دەسەڵاتی نووسەر دەکات لەبەکارهێنانی راناوەکاندا. لەبارەی راناوی (ئەو)ەوە دەڵێت: ((لەرێی بەکارهێنانی راناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاکەوە ڕێیان خۆشکردووە کە پێگەی (ئایدیۆلۆجی - کۆمەڵایەتی) یان زیاد لە پێویست بێتە پێشەوە و باڵ بەسەر سەرجەم ڕەوتی فیکری کارەکتەرەکاندا بکێشێ و ناچاریان بکات لە دەوری چەقی فیکری نووسەرەکان کۆببنەوە))[3]. ئەگەرچی هەمیشە مەرج نییە، کاتێک کەراناوی (ئەو) بەکارهات ئەوا کارەکتەر لە بیرکردنەوەی نووسەر نزیکبێتەوە، بەڵام راناوی(ئەو) هۆیەکیشە بۆ نووسەر، ئەگــەر بیەوێت دەتوانێت لــە

---

(١)ئازاد سبحی: مەرگی تاقانەی دووەم (گێڕانەوەی زیندوو..خەونی مردوو)، گۆڤاری رامان، ژمارە٤٣، (٥)ی کانونی دووەم٢٠٠٠،ل٧.

(٢) نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی: بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، ڕاز) (لێکۆلینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)یە، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨٠.

(٣) نەجم ئەڵوەنی(د): ٣لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە،ل١٠.

ڕێگەیەوە تەواوی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان بخاتە خزمەت ڕوانینەکانی خۆی و پێگە ئایدیالۆژییەکەیەوە، بەلام لەرۆمانی هاوچەرخدا چیتر ئەوە قبوڵنییە کەنووسەر بە ئارەزووی خۆی لەدواوەی یەک بەیەکی کارەکتەرەکان ئامادەبێت. لەهەر رۆمانێکدا کاتێک نووسەر خۆی وندەکات ئەوا خاوەن روانینەکان تەنیا خودی نووسەرنین، لەوکاتەدا هەرکارەکتەرێک دەتوانێت بە ئازادی گوزارشت لەروانینەکانی خۆی بکات.

هەر لەم لێکۆلینەوەیەدا (د.نەجم) باس لەوە دەکات کە دەبێت رۆماننووس ئازادی بەکارەکتەرەکان بدات بۆ گوزارشت کردن لە روانینەکانیان. ئاماژەشی بەوەداوە کە روانینی نێو هەر رۆمانێک نابێت تەنیا هی خودی نووسەرەکەبێت بۆ ئەوەی دەنگی کارەکتەرەکان لەنێو دەنگی نووسەردا ون نەبن، بۆیە بەتایبەت لەبارەی رۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش...) دەڵێت: ((نووسەر ئازادی بیرکردنەوەو دەربڕینی پێ نەداون و تەنانەت لە دایەلۆگ و مەنەلۆگدا هەست بەوە دەکرێت دەنگی ئەوان دەنگی نووسەرەکەیە و گوزارشت لە خودی ئەم دەکەن))[1]. نووسەر دەبێت لە دایەلۆگ و مەنەلۆگدا ئازادی تەواو بە کارەکتەرەکانی بدات تا گوزارشت لە روانینی خۆیان بکەن، چونکە دایەلۆگ و مەنەلۆگ کەناڵێکن بۆ دەرکەوتنی (بوونی) زیندووی کارەکتەری سەربەخۆ. کەواتە نووسەر (فەرهاد پیربالّ) نەیتوانیوە بەشێوەیەکی گشتی فرەدەنگی بمەزرێنێت، هەروەها نووسەر لەبەکارهێنانی ئاستی دەربڕینی تەواوی کارەکتەرەکانیدا نەیتوانیوە ئامانج بپێکێ، چونکە کارەکتەرەکان لەشوێنێک دەژین، بەلام گفتوگۆ بە شێوەزاری ناوچەیەکی دیکە دەکەن.

(عەبدوڵڵا سەراج) لەکتێبی (بەرەو .. ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان) لە پێناسەی the point of view دا ئەگەرچی ئەویش بەگۆشەنیگا وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، بەلام باسی روانینیش دەکات و دەڵێت: ((ڕوانینی بگێڕە لەدیدگەی خۆیەوە، یان جیهانبینی کەسایەتیەکانە لەبارەی کەون و خولگەو ئاین و رووداو و کەسەکان و...تاد))[2]. واتا هەردوو وشەی (روانین و جیهانبینی) بۆ مەبەستی گۆشەنیگا بەکارهاتووە لەلایەن عەبدوڵڵا سەراجەوە، کەتایبەتی کردووە بە روانینی نووسەر و کارەکتەرەکانیش. لەلای ئەم نووسەرەش هەست بە تێکەڵکاری زاراوەکانی (روانین و گۆشەنیگا) دەکرێت. عەبدوڵڵا سەراج بۆ پێناسەکردنی (التبئیر)یش هەر هەمان بیروڕای هەیەو دەڵێت: ((سۆماندن هەمان زاراوەی گۆشەنیگا

(١) سەرچاوەی پێشوو: ل١٢.

(٢) عەبدوڵڵا سەراج: بەرەو..ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٧٦.

دەگەیەنێ، وەلێ بەربڵاوترو پێشکەوتوترە، جیهانبینی بگێڕ و کەسایەتیەکانە))[1]. واتا چ گۆشەنیگا یان بەچەقکردن (التبئیر) دەکرێت بەرێگایەک یان تەکنیکێکیان دابنێن بۆگەیاندنی روانینەکان یان دەکرێت جیهانبینی نووسەر و کارەکتەرەکان بن. بۆ گەیاندنی روانینی کارەکتەریش، عەبدوڵڵا سەراج وای بەباش دەزانێت کارەکتەر سەربەخۆبن لەرۆماندا بۆ گوزارشتکردن لەبیرو هەڵوێستەکانیان تەنانەت ئەم ئازادی بەخشینە بەکارەکتەر بەهۆی سەرکەوتنی نووسەری دادەنێت و دەڵێت: ((نووسەری سەرکەوتوو، لەپاڵ دیموکراسیدا، هەستی بابەتیانەشی، ڕووبەڕووی کەسایەتیەکان، کراوە دەبێ و بەزیندوویان دەزانێ، کەخاوەندی بیرو هەڵوێست و سۆزو میزاجی خۆیانن..سەرفرازیان دەکا، سەربەستییان دەداتێ بۆئەوەی ڕازو پەنهانەکانیان بدەرێنن))[2].

(سابیر ڕەشید) لەکتێبی (ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوەو پرسیار) لەباسی میتارۆمان لەرۆمانی (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەراج دا دەڵێت: ((هەر لەسەرەتای دەسپێکردنی ڕۆمانەکەوە ڕۆماننووس خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و دەیدوێنێ و ئاگاداری دەکاتەوە))[3]. چەند جارێکیش کارەکتەرێک یاخود حەکایەتخوانێک دەکات بە هەڵگری روانینەکانی ئەم رۆمانە: ((ڕۆماننووس نووسەرێکی دیکە دەکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکە و خۆیشی دەکاتە پەناهەندە تا لەدەوڵەتی تیکستەکەی ئەودا جێگای ببێتەوە، بەمەش نووسەر خۆی ناکاتە خاوەنی ڕۆمانەکەو بۆ پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی جێدەهێڵێ کەئەو نووسەرە هەڵبژێردراوەی ڕۆماننووسە لەخوێنەریشی ئاشکرا دەکات و لەهەمان کاتیش قسە لەگەڵ (تۆ)ی خوێنەردا دەکات))[4]. نووسەر دەیەوێت خۆی لەنێو دەقی رۆمانەکە دوورخاتەوەو دەنگی کارەکتەرەکان لەڕێگەی خۆیانەوە بەخوێنەر بگات. نەک رۆماننووس ڕاستەوخۆ پێشکەشیان بکات. نووسەر ئەمەی بەوریاییەوە کردووە، جارێک خۆی روانینەکان پێشکەش دەکات،جارێکیش کارەکتەرەکان، بۆئەوەی سیمای رۆمانەکەی لەسیمای رۆمانی کۆن نەچێت. ڕێڕەوی گێڕانەوەکەشی راست و بێ گرێ نەبێت، بۆیەش وایکردووە تا خوێنەر

(١) سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەرە.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ل٤٦.

(٣)سابیر رەشید: رۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٧، ل١٢٩.

(٤) سەرچاوەی پێشوو: ل١٣٠.

بەشداربێت لە ڕووداوەکان لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا.

(سەنگەر قادر) لەلێکۆڵینەوەکەیدا، (بینای گێڕانەوە لە (داستانی مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی )دا. لە زۆرشوێن ئاماژەی بە ڕوانین، ئاستەکانی ڕوانین، چۆنیەتی پێِشکەشکردنی ڕوانینەکان داوە. سەرەتا لەبەشە تیۆریەکەی لەڕێگەی باسکردنی شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە باسی ئەو ئازادییەی کردووە کە نووسەر هەیەتی لەدەربڕینی ڕوانینەکاندا لەو کاتەی کە بەشێوازی ڕاستەوخۆ گێڕانەوە ئەنجامدەدرێت و لەبارەی ئەم لایەنەوە دەڵێت: ((لە شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا، حیکایەتخوان لەجۆری (هەمووشتزانە) واتا نووسەر بۆ گێڕانەوەکە ڕاناوی کەسی سەربەخۆی (ئەو) بەکاردێنێ، چونکە حیکایەتخوان ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانە و لەدیدی خۆیەوە تێبینی کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە دەکات. ئەو شێوازی گێڕانەوەیە سەربەستییەکی زۆری تێدایە بۆ نووسەر...دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر شێوازی (ڕاستەوخۆ) بۆگێڕانەوەی دەقەکان بەکار دەهات کەتەبایە لەگەڵ گێڕانەوەی (بابەتی)دا، شێوازو جۆرێکی تری گێڕانەوە پەیدابوو کە(گێڕانەوەی (خودی)یەو لە شتە ڕووکەش و دەرەکییەکانەوە دەمانگوازێتەوە بۆ ناخی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان ))[1]. نووسەر لەجۆری دووەم دا ناتوانێت بەئارەزووی خۆی هەرچی مەبەستییەتی بەسەر کارەکتەرەکانیدا بسەپێنێت، بەڵکو دەبێت کردارەکان لەگەڵ دەروونی کارەکتەرەکاندا ناکۆک نەبن، لێرەدا نووسەر ناتوانێت تەواوی ڕووداوەکان لەدیدو ڕوانینی خۆیەوە بگێڕێتەوە، کارەکتەرەکانیش بەشداری دەکەن و خاوەن ڕوانینی خۆیان دەبن. هەر لەهەمان توێژینەوەدا (سەنگەر قادر) لەبەشی پراکتیکدا هەوڵیداوە لەشیکردنەوەی دەقەکەدا ڕوانینی ڕۆماننووس (بەختیار عەلی)مان بەرانبەر بەشێوازی ژیان لەکۆمەڵگەی کوردیدا پیشاندات: ((ڕۆماننووس بەکورتی وەسفی ئەو پازدە کەسەمان بۆدەکات و مەبەستی ئەوەیە بڵێ،لەم وڵاتەی ئێمەدا هەموو کەسەکان والێکراون وەکو یەک بن،بەیەک جۆر هەڵسوکەوت بکەن و وەکو یەک بیربکەنەوە و هیچ کەس بۆی نییە لەوانی دیکە جیاواز بێت))[2]. ئەوە ڕوانینی بەختیار عەلی ڕۆماننووسە لەڕۆمانی(شاری

---

(١) سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی: بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا لێکۆلینەوەیەکی (ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری)یە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل٦٥-٦٦.

(٢)سەرچاوەی پێشوو: ل٢١٢.

مۆسیقارە سپیەکان)دا بۆ جۆری بیرکردنەوەی هەریەک لەتاکەکانی کۆمەڵگەکەمان. هەر لەبەشی پراکتیکی دا (سەنگەر قادر) باسی ئاستەکانی هزر و دەروونی کارەکتەرەکانی کردووە و لەلێکدانەوەی هزری جەلادەتی کۆتر دا دەڵێت: ((هەرکاتێک هەرکەسێک هەستبکات گەیشتۆتە کەماڵ و حەقیقەتی خۆی دۆزیوەتەوە ئیدی پێویستی بەبیرکردنەوە نییە، ئەوا لەم کاتەدا لەهەموو کات زیاتر هەست بە بۆشاییەک دەکات و بەدوای شتێکی دیکەدا دەگەڕێت))[1]، ئەم بەدواداگەڕانە بەردەوامە وایکردووە لەڕێگەیەوە هەست بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەم کارەکتەرە بکەین.

(جەلال ئەنوەر سەعید) لە تەکنیکی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا لەتەوەری گۆشەنیگاکاندا، لەبارەی روانینیشەوە دواوە. هەروەها لە باسی گۆشەنیگادا گوتوویەتی دەبێت ((بواریش بۆکارەکتەرەکان بڕەخسێنێت - واتا رۆماننووس- تاکو خاوەنی دەنگی خۆیان بن و خۆشیان گوزارشت لەخۆیان بکەن. گێڕەرەوەکانیش لەساکارترین شێوەیاندا، هەر شاکەس و کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە خۆیانن، کە هەریەکەیان بە نۆبەت بەسەر هات و ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، یان هەموویان یەک چیرۆک دەگێڕنەوە، بەڵام هەریەکەو لەگۆشەنیگای تایبەت و جیاوازی خۆیەوە))[2]. واتا لە یەک کاتدا باسی گێڕانەوەی ناراستەوخۆ و ئازادی کارەکتەر لەدەربڕین و گوزارشتکردن لەخودی خۆیانی کردووە، سەرباری ئەمانەش باسی لەفرە دەنگی و فرە روانینی کردووە.

(کارزان موحسین قادر) لەنامەی ماستەرەکەی کە بەناوی (سیما تازەکانی رۆمانی کوردی)یە ئاماژەی بە پێشکەشکردنی روانینەکانداوە چۆنیەتی گوزارشتکردن لەچیرۆکەکانی کردووە بەپێوەری سەرکەوتوویی و سەرنەکەوتوویی رۆمان. ئەم توێژەرە دەڵێت: ((ئەو گۆشەنیگایە سەرکەوتووە، کە کەسێتیەکە خۆی بیگێڕێتەوە، بەدووربێت لەدەسەڵات و دەست تێوەردانی رۆماننووس...دەبێت کەسێتیەکان خۆیان رووداو و چیرۆکەکانی ژیانیان بگێڕنەوە، بەڕاشکاوانە گوزارشتی لێبکەن، چونکە هەروەک چۆن خۆیان لەرووداو و چیرۆک و ململانێیەکان بەشدارن، دەبێت ئــاواش زیندوویێتیان پێببەخشن و بــەخوێنەری بگــەیەنن))[3].

---

(١) سەرچاوەی پێشوو: ل٢١٤.

(٢) جەلال ئەنوەر سەعید: تەکنیکی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٨٨.

(٣) کارزان موحسین قادر: سیما تازەکانی رۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی١٩٩١ ـ ٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٠،١٢١.

به هەمان شێوە ئەم توێژەرەش لەنێوان (روانین و گۆشەنیگا) جیاوازی نەکردووە.

(سەلاح عومەر)یش لەکتێبی (رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە) باس لە روانین دەکات، بەڵام بەناوی گۆشەنیگاوەو دەڵێت: ((گۆشەنیگا لە چیرۆکدا دەستنیشانی کەسێتی قسەکەر و جۆری بیرکردنەوە و سیما و لایەنە دەروونی و کاردانەوەکانی بەرانبەر رووداوەکان دەکات. بەڵکو دەستنیشانی کارو کردەوە و جۆری بیرکردنەوەی کەسانی دیکەش دەکات))[1]. واتا روانین لەنێودەقی رۆماندا، پەیوەندی بەلایەنی دەروونی و بیرکردنەوەی حەکایەتخوان و نووسەرو کارەکتەرەکانیشەوە هەیەو دەستنیشانیشیان دەکات.

(بەیان ئەحمەد) لەکتێبی (گۆشەنیگا لەرۆمانەکانی سەبری سلێڤانی) دا لەگەڵ باسکردنی گۆشەنیگادا لە روانینەکانیش دواوە، لەزۆر شوێنیش روانین و گۆشەنیگای بە هاوواتا داناوە کەئەمە هەمان هەڵەی نووسەرانی ترە دووبارەی کردووەتەوە: ((ئیستاتیکای هەر وێنەیەکی مادی ڕەنگدانەوەی گۆشەنیگای خاوەنەکەیەتی کە ئاستی بینینی دەبێتە هۆی دانە پاڵ بە سیفەتی (تیژبین) یان (کەمبین)ە بۆنموونە فلانەکەس بە گۆشەنیگایەکی (تەسک) یان (تیژ) یان (بەرفراوان)ەوە سەیری فلانە بابەت یان فلانە شت دەکات. هەروەها زاراوەی (تێڕوانین) کە هاوواتایەکی تری(المنظور)ە لە زانستەکانی فەلسەفەو ڕامیاری و کومەڵناسیدا بەکاردێت وەک دەگوترێ: تێڕوانینی فەلسەفی یان تێڕوانینی کومەڵناسی و....هتد))[2].

ئەگەرچی ئەم دوو زاراوەیە ناکرێت وەک یەکیان ببینین، بەڵام ئەم کێشەی تێکەڵکاری زاراوەیە لەلایەن نووسەرە عەرەبەکانیشەوە بەرچاو دەکەوێت. گۆشەنیگا شوێنی لێ روانینەکانە، بەڵام روانین خودی دەربڕینەکان و هزرو بارە دەروونییەکانی خاوەن قسەی ناو رۆمانە.

هەروەها (د.بەیان) لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکەیدا وەک چۆن (بۆریس ئۆسبنسکی) ئاستەکانی روانینی دابەشکردووە، ئەویش بەهەمان شێوە ئەم دابەشکارییەی کردووە، واتا ئاستەکانی ((ئایدیالۆژی، دەربـــڕین ـ زمــان، دەروونی و شوێنکات))[3]. کــارە پراکتیکییەکەی لە رۆمانەکـــانی (سەبری سلێڤانی)دا

---

(١) سەلاح عومەر: رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە،چەند وتارێک لەبارەی چیرۆک و رۆمانەوە،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی،دهۆک ٢٠١٠، ل١٠٣.

(٢)بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی(د): گۆشەنیگا لەرۆمانەکانی سەبری سلێڤانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣،ل١٣-١٤

(٣) سەرچاوەی پێشوو: ل١٦٩-٢٧٤.

ئەنجامداوە. شایانی باسە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەیەکێک لەو توێژینەوە زانستییانە دادەندرێت کە لەبواری گۆشەنیگا ئەنجامدراوە، بەشێوەیەکی چڕو فراوان لە گۆشەنیگاو جۆرەکانی و پەیوەندییەکانی گۆشەنیگا دواوە.

(مستەفا ساڵح مستەفا خرواتانی) لەکتێبەکەی خۆیدا ئەم توێژەرەش لەباتی (روانین) زاراوەی گۆشەنیگای بەکارهێناوە. بێ ئەوەی درک بە جیاوازی نیوانیان بکات. (تەکنیکی گۆشەنیگا لەرۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، ئاستەکانی روانینی بەهەمان شێوەی بۆریس ئۆسبنسکی کردووە بە چوار بەش، بەشێوەی بەش بەش باسی کردوون. لەئاستی ئایدیالۆژی دا لە بارەی رۆماننووسەوە دەڵێت: ((هەموو ئەو بیرو بۆچوون و مەبەستانەی هەیەتی لە پەنای ئەمانەوە دەخزێنێتە ناو دەقەکەوە))[1]، واتا نووسەر کاتێک دەیەوێت بیرو بۆچوونێک پێشکەش بکات ئەوا دەبێت لەڕێی کارەکتەرەکانەوە ئەم پێشکەشکردنە ئەنجامبدات نەک راستەوخۆ خۆی ئەم کارە بکات. ئەمەش بەو مەبەستە نییە کە نووسەر بیروڕای خۆی بەکارنەهێنێت، چونکە هەر رۆمانێک بەدەرنییە لەکاریگەری بیری نووسەر، بەڵام وەک (د.مستەفا سالح) باسی لێدەکات و دەڵێت: ((داوا لەنووسەر بکرێت بە هیچ شێوەیەک خۆی یان روونتر بڵێین هۆشی خۆی لەنووسینەوەی بیروڕاکاندا بەکارنەهێنێت، کەئەمە شتێکی نەکراوە، بەڵکو داوای لێدەکرێت ئەو بیروڕاو ئایدیالۆژیانەی لە هۆشی خۆیدان وەها رێک بخاتەوە، تاکو لەتوانای دا هەبێت بەشێوەیەکی لۆژیکی جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی کەسایەتییەکان وەربگرێت، کە لەمافی گێڕانەوە و قسەکردندا لەگەڵیدا یەکسانن))[2]. ئەمەش بۆئەوەیە تا تەواوی دەنگەکان و روانینەکان لەسەر یەک هێڵی راست نەڕۆن و لەنێو یەک دەنگدا وننەبن. پێویستە هەریەک لە روانینەکان گوزارشت لەخاوەن روانینەکە بکەن.

حەمە مەنتک لەکتێبی (تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا) ئاماژە بەوە دەکات کە تەکنیکی فرەدەنگی ڕێگایەکە، لەوێوە نووسەر دەتوانێت چەند روانینێکی جیاواز کۆبکاتەوە و ئاراستەی خوێنەریان بکات. واتا کۆی روانینەکان تەنیا یەک دەنگیان نییە بۆپیشاندانیان، بەڵکـــو هەر دەنگەو خاوەن بیروڕای

(١) مستەفا سالح مستەفا خرواتانی(د.): تەکنیکی گۆشەنیگا لەرۆمانەکانی (بەختیار عەلی) دا, چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٣،ل٦١.
(٢) سەرچاوەی پێشوو: ل٩٢-٩٣.

**خۆیەتی و گوزارشت لەو بیروڕایەی خۆی دەکات. ئەم توێژەرە لەو بارەیەوە دەڵێت: ((هەر دەنگەو خاوەنی تێڕوانین و بیری خۆیەتی، هەریەکەیان چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕنەوە. کەواتە بەهۆی تەکنیکی فرە دەنگیەوە دەکارێت چەندین دیدو تێڕوانینی جیاواز لەیەک ڕۆماندا پیشانبدرێت، بێگومان ڕایەڵێکی گشتیش هەموو ئەو دەنگ و ڕووداوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە))[1].**

**(ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ)یش لەکتێبی (جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا / کرمانجی خوارووی ساڵی٢٠٠٠-٢٠١٠)دا باسی زاراوەی جیهانبینی کردووە و ئەم زاراوەیە لەرووی واتاوە نزیکە لە (روانین)ەوە، هەروەها لە پێناسەیەکی (جیهانبینی)دا دەڵێت: ((هەمیشە مرۆڤ بەجۆرێک لە جۆرەکان و بەشێوازو تایبەتمەندی سەردەمەکەی دید و تێڕوانینی خۆی بەرامبەر دەوروبەر و ژینگەی دەورو پشتی دەربڕیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین حاڵەتەکە هەربووە))[2]. ئەمە بۆ رۆمانیش هەر راستە. کارەکتەرەکان دەتوانن بەرانبەر بەژیان خاوەن دیدو روانین بن، واتا جیهانبینی زیاتر رەهەندێکی فەلسەفی و بنەمایەکی فەلسەفی هەیە، بەڵام روانین گەرا◌ِنە لەنێو لایەنی فەلسەفی و دەروونی و زمانیشیدا.**

---

**(١) حەمە مەنتک: تەکنیکی فرەدەنگی لەرۆمانی کوردیدا(کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٤٣-٤٤.**

**(٢) ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ: جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٤.**

## بەشی دووەم: پەیوەندی نیوان روانین و دەق لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور دا:

ا/ روانینی نووسەر

ب/ روانینی حەکایەتخوان

ج/ روانینی کارەکتەر

**بەشی دووەم: پەیوەندی نیوان روانین و دەق لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور دا**

**تەوەری یەکەم:**

**ا/ روانینی نووسەر:**

رۆماننووس لە رۆمانەکانیدا بەچەند شێوەیەک روانینەکان لەهزری خۆی نزیک دەکاتەوە، واتا لەچەند حاڵەتێکدا دەتوانین بەئاسانی درک بەوە بکەین ئەو روانینەی پێشکەشماندەکرێت هی خودی خۆیەتی نەک کارەکتەرەکان. لێرەدا یا ئەوەتا نووسەر دەنگی کارەکتەرێک یان چەند کارەکتەرێک تێکەڵ بەدەنگی خۆیدەکات، ئەمەش لەو حاڵەتەدا هەستی پێدەکرێت کەکارەکتەرەکە قووڵتر لەتوانای خۆی بیربکاتەوە و بپەیڤێ، یان لەو کاتەدا بەدیار دەکەوێت کە روانینە شاراوەو دەرنەبڕاوەکانی کارەکتەر دەخرێنە روو ((لەو کاتەدا نووسەر خۆی دەبێتە حەکایەتخوان و ناکۆکییە هزری و دەروونییەکانی کارەکتەرەکان پێشکەشدەکات))[1]، یاخود رۆماننووس وەک کارەکتەرێکی خاوەن پێکهاتەیەکی هونەری لەناو دەقی رۆمانەکەدا ئامادەدەبێ، ئەگەرچی لەم حاڵەتە دەکرێ رۆماننووس وەک کارەکتەرێک دابندرێت و لەبارەیەوە بدوێین، چونکە رۆماننووس وەک هەر کارەکتەرێک بەشدارە لەدەقی رۆمانەکەدا. زۆرجاریش رۆماننووس وەک خوێنەر ئامادەییی لەرۆمانەکانی خۆیدا هەیەو روانین پێشکەشدەکات، روانین لەبارەی نووسین و خوێندنەوە و زۆر بابەتی دیکەیش کەپەیوەندیدارن بەشوێنەکەوە، ئەگەرچی دەشکرێ وەک نووسەر لەبارەی روانینەکانەوە بدوێین. روانینی نووسەر لە کۆی بابەتی سەرەکی رۆمانەکەشدا درکی پێدەکرێ، چونکە ((بابەتی سەرەکی لایەنی هزری و هەستی نووسەر پیشاندەدات، لەو روانگەوە (بابەتی سەرەکی) بەمانای گشتی رۆمان ناسراوە، هزرێک یان کۆمەڵە هزرێکە، لەتێڕوانینی نووسەرەوە بابەتی سەرەکی رۆمانەکە هەڵدەسەنگێنێ و رۆمان بەرەو یەکەیەکی هونەری هاندەدات-دەبات-))[2]

دەکرێ لەرۆماندا رۆماننووس روانینی خۆی پێشکەش بکات، ئەوەی دەیەوێت بەخوێنەری بگەیەنێت، بەلام مەرج نییە هەرتەنیا روانینی خۆی (خودی نووسەرەکە) زاڵبێت بەسەر تەواوی رۆمانەکەدا، دەکرێ لەرێگەی حەکایەتخوانەوە بەشداربووانی دیکەی رۆمانەکەش قسەی خۆیان هەبێت. ئەگەر ئایدۆلۆژیای

---

(١)ابراهیم جنداری(د.): الفضاء الروائي فی ادب جبرا ابراهیم جبرا، ص١٧٥.

(٢)جمال میر صادقی: ادبیات داستانی (قصه، رمانس، داستان کوتاه، رمان)،چاپخانه بهمن،چ پنجم، تهران، ١٣٨٦،ص٣٠٠.

نووسەر زاڵبێت بەسەر ڕۆمانەکەدا، واتا لەیەک ڕوانگەوە روانینەکان ئاراستەکران، تەنیا لەلایەنی نووسەرەوە بوو ئەوا تەواوی پێکهاتەی رۆمانەکە دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی جێگیرو سەپاو، هیچ دەنگێک جگە لە دەنگی نووسەر نابیسترێت، بەڵام بە پێچەوانەوە دەکرێ بەگشتی نووسەر لەڕێی کارەکتەرەکانەوە روانینەکانی خۆیمان ئاراستەبکات، چونکە رۆمان، رۆماننووسێک دەینووسێت و خاوەنیەتی ئەوا ناکرێ بڵێین نابێت روانینی خودی نووسەرەکەی تێدا بێت. لە رۆمانی نوێدا ((رۆماننووس دەیەوێت پەراوێزێکی فراوانی ئازادی بۆ کەسێتییەکانی جێبهێڵێت تا لەنێو مەرجە مرۆڤانەکەی خۆیاندا پێبگەن و رەفتار بکەن، دووەمیش: ڕۆماننووس پانتاییەکی وای هەیە-بەدەستەوە هەیە- کەتیایدا دەتوانێت لە میانەی-میانی- چەندین هەڵوێست و حاڵەتەوە کە خۆی بە گونجاوی دەزانێت، زۆر شت بڵێت، ئیتر ناچار نابێت والەکەسێتییەک یان تاقە حاڵەتێک بکات هەمووی بەتەواوی بڵێت))[1]، چونکە وەک ئەوەی (سەلاح عومەر) دەڵێت رۆماننووس ((ناتوانێ بێجگە لەوەی هەستی پێدەکات و بیری لێدەکاتەوە هیچی دی دەربڕێ))[2]، کەواتە ئەوە شێوازی مەزراندنی روانینەکانە لەرۆماندا وادەکات رۆماننووس بتوانێت هەم روانینەکانی خۆیمان پێشکەشبکات، هەمیش پەنهانبێت. نەبێت بەتاکە دەنگی زاڵ لە سەرتاپای رۆمانەکەدا.

(لوسیان گۆڵدمان) پێی وایە هەموو روانینێک روانینی دەستە جەمعی کۆمەڵگەیە، پەیوەستیشە بەزەمەنێکی دیاریکراوەوە ((هێزێکە دەبێت ئاشکرا بکرێت، بدۆزرێتەوە، لەو دیوی دەقەکان و لەودیوی هوشیاریی فەردەوە کاردەکات))[3]، بەڵام سەرباری ئەمەش دەکرێ نووسەرێک روانینی زۆر وردو تایبەتی هەبێت، بەدەربێت لەکۆی روانینەکانی کۆمەڵگەی خۆی، ئەمەش بەلێوردبوونەوەی قووڵی نووسەر دەستەبەر دەبێت، لەگەڵ هەبوونی شارەزاییەکی زۆر لەگشت بوارەکاندا. لەگەڵ ئەوەی بەگشتی نووسەران پاشخانی هۆشیارییان لەسەر بنەماکانی هۆشیاری ئەو کۆمەڵگەیە بەرهەمهاتووە کەتێیدا دەژین، بەڵام نووسەری واش دروست دەبێت، لە هێلە گشتییەکە لابدات و روانین و دونیابینی تایبەت بەخۆی هەبێت.

---

(١) عەبدولڕەحمان مونیف: تیشکێک بۆسەر رۆمان، ل٥٩.

(٢) سەلاح عومەر: رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە،چەند وتارێک لەبارەی چیرۆک و رۆمانەوە، ل١٠٣.

(٣)بەختیار عەلی: لە دیارەوە بۆ نادیار/دەربارەی میتۆد-بونیاد-زمان/پرۆژەی کۆکردنەوەی کۆی بەرهەمە تیۆرییەکان-بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل، ٧١.

لەلای گۆڵدمان ئەوەی فاکتەرە بۆ هەموو کارێکی ئەدەبی ئەوەیە کە ((ئەو واقیعە چینایەتییەی نووسەرێک تێیدا دەژیت لە بونیادی زەینی نووسەرەکەدا رەنگ دەداتەوە، لەمیانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری ئەو نووسەرە جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەخاتە روو کەخۆی تێیدا دەژیت))[1]، بۆیە زۆر جار کاریگەری کۆمەڵگەو ئەو واقیعەی کە نووسەری تێدایە لەبەرهەمەکەیدا رەنگ دەداتەوە و بەدیار دەکەوێت. ئاماژەدان بەواقیع لێرەدا مەبەست لەوە نییە کەهەموو ئەدەبیک واقعییە، چونکە لەرۆماندا ((گوتاری گێڕانەوە سەرچاوەیەکی نییە بیجگە لە واقیعی خوودی- کۆمەلایەتی- بابەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندی پێکهێنانی وتاری گێڕانەوە واقیع سەرچاوەو دەلالەتیەتی، کەچی ئەو واقیعە بە واتای زاراوەی ئەدەبی واقیعی نایەت))[2] جا ئەم ئامادەبوونی هزری کۆمەڵایەتیە چ بەمەبەستبێت یان بێ مەبەست، واتا رەنگە بەئاگادارییەوە نووسەر کردبێتی یان بێ ئاگایی خزابێتە نێو دەقەکەیەوە. کاتێ رۆماننووس لەناو رۆمانەکەی جێگەی زیاتر لە روانینێک دەکاتەوە، ئەوا ئەم رۆمانە دەبێت بە سەکۆی هزرە جیاوازەکان. هەر هزرێکیش دەربڕینی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆئەوەی ناسنامەی خۆی بپارێزێت، تایبەتمەندە بەباری دەروونی خاوەن روانینەکان.

سەرچاوەی روانینەکانی نووسەریش بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی نووسەر ئەزموونی ژیانی تێدا بەسەر بردووە، لەگەڵ ئەو پاشخانە هۆشیارییەی هەیەتی، بۆیە لە زۆر حالەتدا دەبێت ئەو دیوی روانینەکان بخوێندرێتەوە، چونکە زۆر جار روانینەکان شاراوەن و لەئەنجامی خوێندنەوەی خوێنەر ئاشکرا دەبن، واتا خوێنەریش بەشدارە لەگەڵ روانینەکانی نووسەر، چونکە ((پێش ئەوەی دەق بگات بەخوێنەر لە نێو خۆیدا سوڕانەوەیەکی تاکڕەهەندی هەیە و ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەک پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵکو لەگەڵ گەیشتنی بەخوێنەر دەتوانێت وەزیفەی تەواوی خۆی بەرجەستە بکات))[3]. ئەم بەشداریکردنەی خوێنەریش زەرورەتێکە، لەخوێندنەوەی هەردەقێکیش خوێنەر جیهانبینی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهۆیەوە لە دەربڕینەکان تێدەگات، چونکە جیهانبینی ((ئامرازی کاری درکپێکردنە، پێویستییەکە بۆ تێگەیشتن لە گوزارشتە راستەوخۆکانی بیرۆکەی کەسەکان))[4].

---

(١)یاسین عوسمان: بونیادگەری پێکهاتوویی (میتۆدی لوسیان گۆلدمان)، ل٩.

(٢) محمود امين العالم و آخرون: الرواية العربية بين الواقع والأيديولوجية، ص١٥.

(٣)سیامەند هادی: مێژووی سەرهەڵدانی رۆمان،چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٧.

(٤)لوسيان غولدمان: الإله الخفي، ت: د.زبيده القاضي، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق،٢٠١٠، ص٤٣.

لەکاتی گەڕانمان بەنێو رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور) دا دەتوانین لە هەریەک لە رۆمانەکانی، روانینی تایبەت بەخۆی دیاریبکەین. جا چ لە ڕێگەی حەکایەتخوانەوە پێشکەشکرابێت یان لەڕێی کارەکتەرەکانەوە، زۆرجار لەرێگەی تێکەڵکردنی دەنگی نووسەرو کارەکتەرەکانەوە دەبینین رۆماننووس بەمەبەست دەنگی خۆی و کارەکتەرەکانی رۆمانەکانی تیکەڵدەکات، لەم دۆخەدا نووسەر دارشتنەوە بۆ هەندێ لە وشەو دەستەواژەی کارەکتەرەکان دەکات و بەمەش روانینەکانی نووسەر و روانینی کارەکتەرەکان تێکەڵدەبن، ناتواندرێ لە دەقی رۆمانەکەدا لێکیان جیابکەینەوە[1].

**رۆمانی ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!:**

لەرۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا)دا رۆماننووس لەزاری (نەوال)ی کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانەوە روانینی خۆیمان لەبارەی تەریقبوونەوە و شەرم بۆ دەخاتە روو، کە ئەم کارەکتەرە لەتەمەنێکی بچوکدایە، بەڵام بەشێوەیەک بیردەکاتەوەو گوتەکان دەردەبڕێت وەک بڵێی بلیمەتێکە، ئەزموونێکی زۆر لەدواوەی قسەکانی دەبیندرێت، بۆیە دەنگی رۆماننووس بە روونی لەم جۆرە دەربڕینانەدا دیارە، کەدەڵێت: (( هەر زوو زوو لەبەر خۆیەوە دەیوت: - تەریقبوونەوە ئەو هەستەیە، کە دەرکەوت، هەموو هەستەکانی تر بەلاوە دەنێت))[2]. نووسەر وا بیر دەکاتەوە تەریقبوونەوە هەستێکە لەبەرانبەر کۆی هەستەکانی دی تواناداترە، هەرکاتێ ئەم هەستە لەمرۆڤ ئامادەیی هەبوو ئەوا کۆی هەستەکانی دی پەراوێز دەخرێن. لە هزرو دەربڕینەکانی ئەم کارەکتەرەدا هەست بەبوونی نووسەر دەکرێت و کاتێ لەبارەی هەرشتێکەوە دەدوێ ئاسان نییە ئەو روانینانەی دەریان دەبڕێت بەهی خۆی بزاندرێت، بۆیە دەڵێین دەنگی نووسەر و (نەوال)ی کارەکتەر بەشێوەیەکی روون بەناویەکدا رۆچوونە.

رۆماننووس لەشوێنێکی دیکەدا ئەم جارە دەیەوێت لەبارەی (ماچ)ەوە بدوێت و بزانێت حیکمەتی ماچ لەچی دایە و کێ دەبێت بە خاوەن ماچ لەکاتی ماچکردندا، ئایە ماچ رەنگ و شێوەی چۆنە ؟ بۆیە رۆماننووس لەزاری (نەوال)ی کارەکتەری سەرەکییەوە دیسان ئەم بیرکردنەوەیە دەخاتە روو کە (نەوال)

---

(١) بروانە: بوريس اوسبنسكی: شعرية التاليف، بنية النص الفني وأنماط الشكل التأليفي، ص٥١.

(٢)کاروان عومەر کاکەسوور: ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٣.

تێبینی:لەمەودوا ژمارەی لاپەڕەی پەرەگرافی وەرگیراو لەرۆمانەکەوە لەناو مەتنی نووسینەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت و ئەمەش لەسەرجەم توێژینەوەکەدا پەیڕەو دەکرێ.

لەئەنجامی سەودای  ماچ و کەروێشک پێی گەیشتووە و لەلاپەرە (١٦٤) دەڵێت: ((هەرکە ئەو بەسووکی دەمی خستە سەری و ماچێکی تری کرد، ئەم تەواو گیانی خاوبووەوە و دەمارەکانی لەشی بەشێوەیەکی سەیر کەوتنە کرتەکرت...کەچی هێشتا ئاگای لەوە مابوو بیر لەو ئاڵوگۆڕە بکاتەوە و بزانێت کامیان قازانجی کردووە کامیان زیان..؟! ئاخۆ ئەو ماچانە بەر کامیان دەکەوێت و دەبێت بەهی کێ..؟!)) ئەم بیرکردنەوەیە لەماچ بەردەوام دەبێت لەلای (نەوال) تا ئەو ڕۆژەی تەواوی کەروێشکەکان لەتینویەتیاندا دەمرن وسپی سپی لە حەوشە بەمردوویەتی وەک مردوویەکی کفنکراو دێنە بەر چاو، بۆیە لەلاپەرە (١٦٨) دا نووسەر لە زاری (نەوال)ەوە دەڵێت: (("نەوال" تەنها یەک شتی بۆ دەرکەوت و هەر ئەویشی لەدڵی خۆیدا دەوتەوە: (ماچ وەکو کفنی مردوو سپییە) لەگەڵیا موچوڕک بەسەرتاپای گیانیدا دەهات....کەچی دوایی جارێکی تریش پەشیمان بووەوە ولە خەیاڵی خۆیدا کەوتەوە ڕاوە ڕاو بەدوای دۆزینەوەی ڕەنگ و شێوەی ماچدا ))، بۆیە دووبارە پرسیارەکان وەک خۆیان دەخاتەوە ڕوو، لە ڕوانینەکانی پەشیمان دەبێتەوە و ماچ وەک نهێنی دەمێنێتەوە. ئەم بەدواداگەڕانە شێوەیەکی بازنەیی وەرگرتووە و وەردەگرێت و ناهێڵێ لە قووڵی مانای ماچ تێبگات، نەدەشتوانێت لە ماچ تێبگات و نەشێوەو ڕەنگیشی بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەوەندە دەزانێت ماچ تەنیا لەحاڵەتی ماچکردندا هەستپێدەکرێت، ئەو هەستپێکردنەش ناتواندرێت وەک خۆی وێنەکەی بکێشرێت.

(کاروان عومەر کاکە سوور)  لەڕۆمانی ( ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!! ) دا لە زاری (نەوال)ی کارەکتەرەوە، هزرێکی ئەفسانەییمان بۆ دەخاتەڕوو، هەڵگری دوو ڕوانینە لە یەک کاتدا، ئەویش باسکردنی دووگیانداری خورافییە بەناوەکانی  (بادیلیا ) و ( گۆدیلیا ) کە ئەمانە دووگیانداری نێو خەیاڵەکانی (نەوال)ن، ئەم دوو گیاندارە دوو دۆستی دەریایین، کە (بادیلیا) ڕەگەزی (نێر)ە، وەک قەڵغانێک بەهۆی ئەو مادەیەی ڕووپۆشی پێستی کردووە بەرگری لە تێپەر بوونی تیشکی ڕۆژ دەکات بۆناو ئاوی دەریا، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی (گۆدیلیاکان) کە ڕەگەزیان (مێ)یە لەمەرگ ڕزگاریان ببێت، چونکە بە بەرکەوتنی تیشکی خۆر (گۆدیلیاکان) دەمرن. کاتێک گۆدیلیاکان تووشی مەترسی نزیکبوونەوەی مەرگ دەبن دۆستایەتی بەهای نامێنێت، هەوڵدەدەن نزیکترین کەسیان بکوژن، لەو ڕێگایەوە ڕۆماننووس دەیەوێت ڕوانینی خۆیمان لەبارەی مەرگەوە پێبڵێت کەهەر کاتێ کەسێک مەترسی مەرگی لەسەربێت ئەوا بۆ مانەوەی خۆی و ئارامی ژیانی ئامادەیە نزیکترین دۆستیشی بکوژێت ئەگەرچی ئازاری گەورەشی لە دواوە دەبێت، بۆیە لەلاپەرە

(٤٨٢) دا دەڵێت: ((ئەو (گۆدیلیا) یەی چڕنووکی تیژی لە گیانی (بادیلیا) یەک گیر دەکات و دەیکوژێت، دڵنیاشە لەوەی چ ئازارێکی گەورە دەچێژێت و تا بەسەر دنیاوەیە پێوەی دەتلێتەوە، بەڵام هەر ئەو ئازارەشە ترسی لە مردنی خۆی دەشکێنێت و گیانەڵایەکی ئارامی بۆ مسۆگەر دەکات.)) بە دیوێکی دیکە، ژیانی ئەم دوو گیاندارە ئاوییە دەکرێ وەک ژیانی گشتی ناو رۆمانەکە دابنێین، وەک چۆن ئەوان بۆمانەوە ئامادەن ئازیزترین دۆستیان بکوژن بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو کوشتن و ئازاری ئەو دۆست کوژییە ترسیان لە مردنی خۆیان بشکێ، لە ناو رۆمانەکەیشدا هەمان دۆستکوژی بەرچاو دەکەوێت هەربۆیەش (نەوال ) لەلاپەڕە (٤٨٠) ناوی ئەم گیاندارانە بە (لە ڤیلیا ) ناو دەبات کە ئەمە بەشێکی ناونیشانی رۆمانەکەیە. ئەو کوشتن و لەناو بردنی ئازیزانە لەسەرەتای رۆمانەکە و کۆتایشی ئاماژەی پێدراوەو ئامادەیی هەیە، ئەویش لەناو بردنی یەکێکە لە هەر دووانەیەک کە لەدایک دەبێت، چونکە ئەمان بەهۆی دوانەیەکەوە، تووشی شەڕێکی درێژ هاتوون. بۆیە رۆماننووس بەباسکردنی لە دایک بوونی دوانەکەی (نەوال) دەست پێدەکات و لەلاپەڕە (٩-١٠) دا دەڵێت: (("نەوال جابر"ی گۆرانیبێژ بەدزیی خەڵکەوە دوانە لەیەکچووەکەی بوو، دایکی بە پەڕۆی سپیی نەرمی وەکوو سەر توێژی گامێش پێچاینی))، کۆتایی ئەم بەسەرهاتەش لەکۆتایی رۆمانەکە کۆتایی پێدەهێنێت کە لەلاپەڕە (٤٩٩) دا دەڵێت : ((منداڵەکانیان بەخێرایی گەیاندەوە شار...یەکێکیان بۆ بەشی (بەخشین) لە (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی )وهیچ ناوێکی بەنەسیب نەبوو ئەویتریان (نازەنین خان) و (مامۆستا هاوار) کردیان بەکچی خۆیان و ناویان نا (دیجلە) )).

**رۆمانی مامزێر:**

رۆمانی (مامزێر) یش، چونکە رۆمانێکی ئایدیۆلۆژی نییە، ناتواندرێت بوونی رۆماننووس وەک هزرو دەربڕینێکی سەرتاپاگیر ببیندرێت، بەڵکو دەکرێ بگوترێ نووسەر بەشێوەیەکی هونەری لەتەواوی دەقەکەدا بەهزرو روانینی جۆراو جۆر ئامادەیە. ئەم ئامادەبوونەش بەچەند شێوەیەک دەردەکەوێت یا ئەوەتا نووسەر لەڕێگەی حەکایەتخوانەوە روانینەکانی پێشکەشدەکات و هیچ کارەکتەرێک خاوەنی ئەم روانینە نییە، کە روانینەکانیش پێشکەش دەکرێن تەنیا سیمای گێڕانەوەیان پێوە دیارە، یاخود رۆماننووس بۆ هونەریترکردنی کارەکەی، خوێنەر، لە روانینەکانیدا بەشداردەکات ئەویش لەڕێگەی پرسیارکردنەوەیە بە راناوی (تۆ)، ئەم (تۆ) یە مەبەست لە خوێنەرە هاوکات رۆماننووس لەگەڵ دەربڕینی روانینەکانیدا خوێنەریش بەشداری

پێدەکات، واتا خوێنەریش دەکرێ لە چوارچێوەی دەقەکەدا خاوەن روانینی خۆیبێت. دەکرێ ئەوەی رۆماننووس پێشکەشی کردووە خوێنەر لەگەڵی هاوڕابێت، دەشکرێ روانینی تایبەتی هەبێت و جیابێت لەوەی کە رۆماننووس دەریبڕیوە.

لەرێگەی کارەکتەرێکەوە، رۆماننووس روانینێکی قووڵمان لەبارەی (مرۆڤی مۆدێرن و مردن و ژیان)ەوە پێ دەدات، پێی وایە مرۆڤی سەردەمانی زوو بۆیە دەمردن، چونکە لەوکات لەژیان تێربوون هەبوو، واتا تەمەنێک دەژیان دواتر بێزار دەبوون، لەلایەکی دیکەشەوە لەکۆتایی تەمەنیاندا تەواوی ماناکانی ژیانیان بۆ روون دەکرایەوە ، بەڵام مرۆڤی مۆدێرن مرۆڤی سەرمەدیەت و پێشکەوتنە، ژیانی مرۆڤی مۆدێرن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە دەبێت مردنیشی گۆراِنی بەسەر دابێت مادام هەمیشە شتەکان بەردەوام دەگۆڕێن مردنیش دەبێت بگۆڕێت. رەنگە ئەو نەمرییەی نووسەر باسیدەکات تەنیا مەبەست لەنەمری فیزیکی نەبێت. مرۆڤی مۆدێرن دەبێت هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ژیاندا بگەڕێن، چونکە بە هۆی ئەوەی لە جیهانی مۆدێرندا لوغزەکان ئەوەندە زۆرن مرۆڤ ناتوانێت بپرژێتە سەر مردن، بۆیە مردن لەسەردەمی مرۆڤە مۆدێرنەکاندا مانایەکی نییە. رۆماننووس لەرۆمانی (مامزێر) لەلاپەڕە (٢٥)دا دەڵێت: ((مردن بۆ مرۆڤی مۆدێرن، مرۆڤی کەلتوور، هیچ مانایەک نابەخشێت، چونکە ژیانی ئەو غەرقی پێشکەوتن و سەرمەدییەتە....ناکرێت ژیانێکی ئاواهی کۆتایی هەبێت...)).

(کاروان عومەر کاکە سوور)ی رۆماننووس، بۆباسکردنی روانینی کۆمەڵگە بەرانبەر بە ژن، گفتوگۆی دوو کارەکتەرمان بۆدەخاتەروو، لەوێوە هەست بە روانینی نووسەری رۆمانەکە دەکەین، ئەویش لەبارەی کوشتنی ژنەوەیە کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا جۆری کوشتنەکان جیاوازن، بەڵام تۆمەتەکانی ژنکوژی هەمووی یەکە، بۆ پاساو هێنانەوەی هەر کوشتنێک وەڵامێکی ئامادە هەیە بێ ئەوەی بگوترێ دەزاندرێ چییە؟! بۆیە رۆماننووس لە گفتوگۆیەکی زۆر هونەریدا کەبەهۆی لەفتەی سینەماییەوە کورتکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی دەتوانن تۆمەت بۆ قوربانییەکانیان بدۆزنەوە، ئەوانە بکوژی راستەقینەن، بۆیە لەلاپەرە (٦٥) دا دەڵێت:

(( کچێکی پۆلی ئێمەش دایکی کوژراوە، بەڵام دایکی ئەو.......

_دەزانم بۆ تەواوت نەکرد، چونکە دەڵێن خەریکی قەحپەیی بووە.

**_تۆش دەیناسی...؟! تۆ "گۆڵدا" دەناسی....؟! ئاخر "گۆڵدا".......**

**_نەء،، من نایناسم، بەڵام هەموو ئەوانەی کوژراون، تۆمەتێکی ئاوایان پاڵخستوون... بکوژانی راستەقینە ئەوانەن، کە دەتوانن ناو لە قوربانییەکانیان بنێن)).**

**ئەم کوشتنە خۆبەخۆییەی مرۆڤە وا دەکات بوونی مرۆڤ کۆتایی پێبێت، پێچەوانەی دایناسۆرەکان، چونکە دایناسۆرەکان سروشت هۆکاری لەناو بردنیان بوو، بەڵام مرۆڤ خۆی ئەم کارە دەکات بۆ کۆتایی هێنان بەبوونی خۆی، بۆیە لەوەدا لەیەک دەچن کە هەردووکیان لەناو دەچن و کۆتاییان دێ، بەڵام لەوەدا لێکدی جیان کە مرۆڤ خۆی هۆکاری لەناوچوونی خۆیەتی، بەڵام داینەسۆرەکان سروشت لەناوی بردوون. مرۆڤ هەمیشە هەوڵی قڕکردنی یەکدی دەدەن، ئەوەندەی هزر خراوەتە خزمەتی لەناوبردنی مرۆڤ لەلایەن خودی خۆیەوە، ئەوەندە بۆهیچ شتێک سوودی لێوەرنەگیراوە، مرۆڤ لەوەتەی هەیە خەریکی لەناو بردنی یەکدییە، لەمبارەیەوە رۆماننووس لە لاپەرە (٦٥ -٦٦) دا دەڵێت: ((دایناسۆرەکان لەبەر ئەوە لەناو نەچوون، کە سەریان لەچاو لەشیان بچووکتربوو، بەڵکو بەشێکی گەورەی ئەم خەتایە دەکەوێتە ئەستۆی سروشتەوە، کەتەنیا دایناسۆری نێری خەڵق دەکرد...وتوویەتی جیاوازیی مرۆڤی ئەمڕۆ و دایناسۆر ئەوەیە، کە مرۆڤ بە دەستی خۆی خۆی لەناو دەبات)).**

**رۆماننووس لەرێگەی ئاماژەدان بەکلتووری کۆمەڵگەو جۆری بیرکردنەوەی تاکەکان، روانینی خۆیمان لەبارەی مەترسییەکانی سەر ئازادی تاک پێشکەشدەکات، لێرە مرۆڤ مافی نییە بەشێوەیەک بیرکاتەوە کە پێچەوانەی رەوتی گشتی بێت، یان ئاسانترە بڵێین بۆکەس نییە بیربکاتەوە و روانینی تایبەت بەخۆی هەبێت. کەس مافی پرسیارکردنی نییە، بۆیە هەرکاتێک کەسێک بە ئارەزووی رەوتی توندڕەوانی کۆمەڵگە بیرنەکاتەوە بەهەموو شێوەیەک سەرکوتی دەکەن، ئەگەر پێویستبکات دەشی کوژن. رۆماننووس وەک نموونە ناوی چەند نووسەرێکمان پێدەڵێت کە قوربانی بیرکردنەوەو ئازادین بەر لە هەمووشیان (عەبدولخالق مەعروف) بەجۆرێکیش پەنا بۆکوشتنی ئەو نووسەرانە براوە کە لەگەڵ خۆیاندا کتێبەکانیشیان لەناوبراون بۆئەوەی بەیەکجاری بسڕێنەوە. نووسەر لەلاپەڕە (٦٦)دا دەڵێت: ((هەر لەگەڵ کوژرانی، خێرا کتێبەکەشیان لەکتێبخانەکاندا کۆکردەوە...ئەمە نەریتێکە چەندساڵێکە لەم وڵاتانەی ئێرەدا پەیڕەو دەکرێت...نووسەرو کتێب پێکەوە لەناو دەبەن .... یەکەمجاریش بە عەبدولخالق مەعروف و کتێبەکەی دەستیان پێکرد...ئینجا سەرە هاتە سەر فەرەج فۆدە و دوایش نەجیب مەحفوزیان دایە بەر گولله و نەسر حامید ئەبو زیدیشیان....)).**

**(کاروان عومەر کاکە سوور) روانینی خۆی لەبارەی پەسندی و باشی بەهەشت و دۆزەخەوە دەخاتە روو، بەهۆی بەراوردکردنی ئەم دوو شوێنە بە رۆمان، لە زاری پوری کارەکتەری سەرەکی رۆمانی (مامزێر)ەوە ئەم بەراوردکردنە دەخاتە روو، ئەو نائێت دۆزەخ لە بەهەشت چاکترە، بەڵام لای وایە دۆزەخ**

لەرۆمانی نوێ دەچێت. لە (دۆزەخ) شتەکان قاڵبێکی کۆن و دووبارەیان نییە، خاوەنی چەند رەهەندێکی جیاجیانە، بەپێی ئەم بۆچوونە دەکرێت بڵێین نووسەر دۆزەخی لا پەسەندترە، چونکە خۆی لەکۆی هەر پێنج رۆمانەکەیدا هەوڵیداوە زۆرترین نوێکاری لە رەوتی رۆماندا بکات، بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی لە شێوازەکانی رۆمانی کۆن پاراستووە، هەربۆیەش دەیەوێت پێمان بڵێت دۆزەخ هونەریانەتر و پەسەندترە لە بەهەشت. لەلاپەرە (٩٧-٩٨) دا دەڵێت: ((من ناڵێم دۆزەخ لەبەهەشت چاکترە، بەڵام بەهەشت کۆتاییەکی دڵخۆشکەری چیرۆکێکی کورتی تەقلیدییە...لە بەهەشتدا ئێستا و ئاییندە هەن ڕابردوو بەتەواوی ونە ... هەرچی دۆزەخە سەرەتای رۆمانێکی ئاڵۆزی پڕ لەئاژاوەیە...لەدۆزەخدا زیاتر لە گێڕەوەرێک هەن و لە گۆشەنیگای جیاواز جیاوازەوە گوناحەکانت بیردەخەنەوە ....زەمەنەکانت وەکو خۆیان بۆ دووبارە دەکەنەوە ...ئەو وردە شتانەشت پیشان دەدەن، کەتۆ ئەوسا لەبەر هەرهۆیەک بوویێت، نەتدەتوانی بیانبینی...)).

لێرەدا ئەم روانینە جیاوازە لە روانینی زۆرینەی کۆمەڵگە، بەهۆی ئایینەوە خەڵک بەشێوەیەکی گشتی روانینیان بۆ بەهەشت و دۆزەخ پێچەوانەی (کاروان عومەر کاکە سوور)ە، بەڵام ئەم نووسەرە بەهۆی ئەوەی رۆماننووسە، سەرو کاری لەگەڵ هونەر دایە بۆیە، روانینی بۆ (دۆزەخ و بەهەشت)یش هەم هونەرییەو هەمیش تایبەت، دواتر دێت زیاتر قووڵدەبێتەوە، پرسیار لەبارەی پیرۆزی و نا پیرۆزی (دۆزەخ) لە روانگەی ئایینەوە دەکات، ئایا ئەگەر دۆزەخ پیرۆزە بۆ خەڵکانێکی گوناهبارو خەراپ بۆی دەچن؟ ئەگەر ناپیرۆزیشە کێ بەرێوەی دەبات؟ دەکرێ شوێنێکی نا پیرۆز فریشتە بەڕێوەی ببەن؟ لەبارەی ئەم بابەتەوە لەلاپەڕە ( ٩٨) دا دەڵێت: ((من زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە ئاخۆ دەکرێت لە ئاییندا دۆزەخ بە شوێنێکی پیرۆز بزانرێت، یان بە پێچەوانەوە...!! ئەگەر دۆزەخ بۆ سوتان و سزادانی گوناهبارانە، ئایە خراپە یان باشە...؟! مەبەستم ئەوەیە لە ئاییندا دۆزەخ چەکێکە بۆ لێدانی تاوانباران وەکو چۆن شمشێری دەستی بڕواداران چەکێکەو چەکێکی باشیشە بۆ لەناو بردنی یاخییان و کافران .... باشە کێ دۆزەخ بەرێوە دەبات...؟! فریشتەکان...؟! شتی وا دەبێت ...؟! دۆزەخ فریشتەی تێدایە...؟! پرسیارێکی تر : ئایا دەکرێت شوێنێکی پیرۆز خەڵکی گلاو و بەنەفرەتکراوی بۆبچێت...؟! هەست ناکەی ئەمە هەندێ ئاڵۆزە...؟!)).

(کاروان عومەر کاکەسوور) هەر لە رۆمانی (مامزیر) روانینی خۆی لەبارەی بێدەنگیەوە لەرێگەی چوونە نێو بیرکردنەوە و ناخی کارەکتەرێکەوە دەردەبڕێت، لە ئەنجامی پیشاندانی ئەم بیرکردنەوەیە نووسەر باسی دەنگ دەکات وگرنگی بێدەنگیمان بۆ دەردەخات بەوەی کە لەلاپەڕە (١٠٠) دا دەڵێت: ((ئەمەیش وای لێ کردی ئەو ئێوارەیە لەناندینە بچووکەکەیاندا، لەکاتێکدا ( مەروان نابلسی) ی باوکی بەمەکینەی شەربەت لیمۆی دەگوشیە ناو شووشەکەوە و لیکی دەخزاندە دەمتەوە، بەخۆت بڵێیت " بێدەنگی چەند نهێنیەکی سەیرە....!! ناواخنی دەنگە جیاوازەکانە و هێزێکی گەورەی کێشکردنی لە خۆیدا هەڵگرتووە...!! ")), واتا جەوهەرو کرۆکی دەنگ بێدەنگییە، زۆرجار نهێنی شتەکان لەنەگوتندایە نەک

لەگوتندا، بێدەنگی هاوبەشە لەگەیاندنی مانا لەگەڵ دەنگدا، ئەوەندەی دەنگ مانا هەڵدەگرێ، بێدەنگی دووهێندە خاوەنی ماناکانە.

**ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان:**

ڕۆمانی(کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)، کەناڵی کۆکردنەوەی هزر و دەربڕینە جیاوازەکانە، کەناڵێکە تێیدا روانینی خاوەن روانینەکان بەروونی دەبیندرێن، بۆیە خودی نووسەر جارێک لەزاری کارەکتەرەکان و جارێکیش لەلایەن حەکایەتخوانەوە روانینەکانی دەخاتە روو سەرباری ئەوانەش ڕۆماننووس خۆی لە ناو قاڵبی هونەریی کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە دەنێ بۆپێشکەشکردنی گفتوگۆی خوێنەرێکی ئامادەی ناو ڕۆمانەکە و کارەکتەرەکان. ئەم ڕۆمانە بەهۆی دروستکردنی فەرهەنگ و پاشکۆیەک بەناوی (هەڵوێستەیەک) لەکۆتایی ڕۆمانەکەیدا بەبیانوی ئەوەی لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە خوێنەرێکی زۆر گلەیان لێکردووە، بۆیە ئەویش ئەم (فەرهەنگی کارەکتەر و پاشکۆیەی) نووسیووە. لە راستیدا لەبەرگی ڕۆمانەکە نووسراوە چاپی دووەم، ئەمەش گەمەییەکی هونەرییە، چونکە ئەم ڕۆمانە تەنیا یەک چاپی هەیە، بەڵام نووسەر بۆ ئەوەی پاساوێک بێنێتەوە بۆ ئەو گەمە هونەرییەی کۆتایی ڕۆمانەکە، ئەم کارە ئەوەندەی دی ڕۆمانەکەی هونەریکردووە و بووەتە لادانێکی تەواو لە یاسا باوەکانی ڕۆمانی کلاسیکی.

بەحوکمی ئەوەی ڕۆمانەکە باس لە ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) دەکات و ڕۆماننووسیش خۆی کوڕی ئەو سەردەمەیە، بۆیە باسی شۆڕشی کورد و ڕێککەوتنی جەزایری کردووە. شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٧٥) و بەستنی پەیماننامەی جەزائیر کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی خەڵکی کورد دروستکرد، کەسانێک هەبوون شکستی شۆڕشیان بەکۆتاییی دونیا داناوە، بۆیە وایلێهاتووە خەڵکانێکی زۆر پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن، ڕۆماننووس ئەوە زەقدەکاتەوە و لە چەندین شوێن ئاماژە بە خۆکوشتنی کارەکتەرەکان دەکات لە دوای بیستنی هەواڵی پەیماننامەی جەزائیر. بۆ نموونە لەگفتوگۆی نێوان (ئامانج و هەژار) دا ئەم بابەتە لەلاپەرە (٣٥)دا دەخاتە ڕوو:

(( _نازانم چۆنت پێ بڵێم، بەڵام دایکمان وەکو خوشک وان ... بۆتۆ نەتزانیوە باوکی شۆڕش خۆی کوشتووە...؟!

_چی...؟! مامۆستا رەمزی ئازادی خۆی کوشتووە ...؟! کەی...؟!

_ڕۆژی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە)).

ئەم روانینە رەشبینە لە دوای نسکۆی شۆڕش دەبێت بەناسنامەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان، جۆری روانینیان بۆ ژیان دەگۆڕێ، بۆیەپەنا بۆ خۆکوژی دەبەن، لەکاتێ سۆزانی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە دوای ڕۆشتنی بۆ ئەوروپا حاڵەتێکی خۆکوژی دەبینێت ئەوەندە سڵی لێناکاتەوە، چونکە ئەو مادام لەسەردەمی شکستی شۆڕش ژیاوە، ئەوا ئەم رووداوە بەلای ئەوەوە شتێکی دووبارە و کۆنە، بۆیە لەلاپەڕە (٤٨٩) دا دەڵێت: (( ئەوە یەکەمجاری نییە ببینێت مرۆڤێک خۆی بخنکێنێت، بەڵکو پێشتر باوکی خۆیشی دیوە...)).

لەگەڵ ئەوەی شۆڕشگێڕێکی زۆر چۆکیان بۆ ئەم شکستەدا، دەستە وەستان بوون بەرانبەری، بەڵام کەسانێک دواتر پەیدابوون بە گوڕ و تینێکی گەورەترەوە دووبارە دژی حکومەتی ئەوسا دەستیان بە شۆڕشکردەوە، بەنموونە (شێرزاد ناجی) کارەکتەر لەکاری شۆڕشگێڕیدا دەگیرێت و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەر دەکەن، لەلاپەڕە (٤٦٥) دا نووسەر ئاماژە بە لە سێدارەدانی (شێرزاد ناجی) دەکات: (( کاتێ ( شێرزاد) لەگەڵ چوار هاوڕێی دیکەیدا لە (١٩٨٢,٠٣,١٦)لە سێدارە دەدرێت، منداڵەکانی تەمەنیان سێ ساڵ و دوو حەفتەیە، بەوەی لە(١٩٧٩,٠١,٣١) لە دایک بوون...)).

نووسەر لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ڕۆمانەکەی بۆ باسکردنی شۆڕش تەرخانکردووە، بەڵام بیری ناچێت عەشق و خۆشەویستی لە هەموو سەردەمێک هەن و ئەوەی لە خۆشەویستیدا مایەی پرسیارە (خۆشەویستی) خۆیەتی، ئایا چۆن دروست دەبێت؟ لەکێڕا دەبێت سەر هەڵبدات و چۆن؟ عاشق لە خۆشەویستیدا چی بەدەست دەهێنێت و چی لە دەست دەچێت؟ ئەمانە کۆکراوەی ئەو پرسیارانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕوانینی (کاروان عومەر کاکە سوور) لەم بارەیەوە ڕوانینێکی ناڕۆشنبێت، بۆیە لەلاپەڕە (٤١-٤٢) دا دەڵێت: ((هەرکاتێک کچ و کوڕێکی دڵدارت پێکەوە دەبینی، خێرا لەخۆتت دەپرسی، کە ئاخۆ ئەو پەیوەندییە چۆن دروستبووە...؟! کامیان جورئەتی کردووە و بەوی دیکەیانی گوتووە : من تۆم خۆشدەوێت...؟! ئینجا بۆت دەرکەوت کەس نازانێت خۆشەویستی چۆن پەیدا دەبێت ... ئا ئێستا ناتوانی لەوە تێبگەیت کامتان بەوی دیکەتان گوت: خۆشم دەوێی ... تۆبۆچی هاتی و چیت لەگەڵ خۆت بردەوە...!!)).

ترس وەک بابەتێکی گرنگ لەڕۆمانی ( کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان ) پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە، (ترس) لەم ڕۆمانەدا پێچەوانەی چەمکە گشتییەکەیتی لەناو کۆمەڵگەدا کە وێنەیەکی خوازراوی نییە، بەلام نووسەر بەوریاییەوە هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێ ئەوە ترسە ئازایەتی دروست دەکات. کە دروستکردنێکی دەستکرد و بێ بنەمایە، ئەو کەسەی ئازابێت دەبێت دان بەوە دابنێت کە دەترسێت، ئەوەی بڵێت ناترسێم ئەوا ئەو کەسە بوێری ئەوەی نییە تەنانەت بڵێ دەترسم، واتا لە ترسانە ناترسێ، ترسان ترسە لەوەی کۆمەڵگە بە چاوێکی سووک سەرنجی لێبدات و بە کەسێکی دەستە پاچەی ئەژماربکات، بۆیە بەڕوانینی (کاروان) دوو جۆر ترسنۆک بوونیان هەیە و مرۆڤ خاڵییە لە ئازاییەتی، لەلاپەڕە (٢١١) دا دەڵێت: ((کەسی ئازا بوونی نییە، بەڵام دوو جۆر ترسنۆک هەن: ئەو ترسنۆکە ئازایانەی، کە دەوێرن بە ئاشکرا بترسن و ئەو ترسنۆکانەی جورئەت ناکەن لەبەرچاوی ئەوانیدیکەدا بترسن، تا دەگاتە ئەوەی پەنا بۆ سەرچڵی دەبەن...هەرچی ئازایەتی هەیە لە دنیا، مرۆڤە ترسنۆکەکان لەترسی گیانی خۆیان نواندوویانە، بەڕادەیەک ترسنۆکەکان داهێنەری گەورەترین خەیاڵی پاڵەوان بازێتین)). ئەوانەی کە دەڵێن ناترسین، ئەوانە ئازادی خۆشیان لە دەست داوە، بوونە بە کۆیلەی شەرمێکی ئەبەدی، کە ئەو شەرمە هەمیشە پاڵیان پێوە دەنێت بۆئەوەی ئازایەتییەک بنوێنن کە لە توانای خودی مرۆڤ دەردەچێت، لەمبارەیەوە نووسەر لەلاپەڕە (٢١٣) دا دەڵێت: (( بەمانایەکی دیکە ئازایەتی تۆ بەندە بەوەی چەند

دەتوانی بە خۆت و بەوانی دیکەش بڵێیت ترسنۆکیت، ئەگینا تا ماویت کۆیلەی ئەو شەرمەیت و دەبێت دوور لە خواستی خۆت ئازایەتی بنوێنیت ...)).

لەرۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) دا حەزی نووسینی رۆمان و چیرۆک لەلایەن (ئازادی هەمین مامان)ی کارەکتەرەوە ئامادەیە، ئەمەش تەکنیکی دروستکردنی نووسینی رۆمان لەناو رۆمانە، کە وادەکات نووسەری سەرەکی ( کاروان عومەر کاکە سوور) ئاسانتر بێتە ناو رۆمانەکەوەو چەندین روانین لەبارەی نووسینی چیرۆک و رۆمان بخاتە روو هەروەها لە رێگەی حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە بە ئارەزووی خۆی دەخزێتە نێو ناخی کارەکتەری نووسەر و لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ و ئامۆژگاری کردن لەبارەی چۆنیەتی نووسینی چیرۆک و رۆمان و جیاوازی رۆمانی کۆن و نوێ و چۆنیەتی بەکارهێنانی خەیاڵ بۆ نووسین و لەبارەی رۆمانی شەپۆلی هۆشەوە بۆ نووسەری نێو دەقی رۆمانەکەی دەدوێت، دیار نەبوونی سەرەتا و کۆتایی لە  چیرۆک و رۆمانی شەپۆلی هۆشدا بۆ خێرایی خەیاڵەکان دەگێڕێتەوە و لەلاپەڕە (١٠٠-١٠١) دا رۆماننووس دەڵێت: ((هیچ شتێک هێندەی خەیاڵەکانت خێرا نین... هەر ئەو خێراییەش خەوت لێدەخات... دەسا لەبەر ئەوەیە ئەو چیرۆک و رۆمانانەی بەتەکنیکی شەپۆلی هۆش دەنووسرێن، سەرەتاو کۆتاییان دیار نییە)).

(کاروان عومەر کاکەسوور) لەکۆتایی رۆمانەکەیدا وەک پاشکۆیەک (فەرهەنگی کارەکتەرەکانی) نووسیوە و لەوێدا هێڵەکانی نێوان (نووسەر و خوێنەر و دەق) ناهێڵێت، دەق دەکاتە ئەو سەکۆیەی کە لەسەری (نووسەر و خوێنەر) رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. لە (فەرهەنگی کارەکتەرەکان)دا رۆماننووس پشتگیری خۆی بۆ (تیۆری وەرگر) دەردەخات. خوێنەر وەک چەق لە دەقدا دەناسێنێ، لەبەر گرنگی خوێنەر رۆمانەکەی درێژدەکاتەوە و ڕاو سەرنجەکانی خوێنەر دەخاتە نێو دەقی رۆمانەکەوە، هەموو ئەمانە گرنگی خوێنەر لەلای رۆماننووس دەردەخەن. لەلایەکی تریشەوە ئەو تیۆرە رەت دەکاتەوە کەلای وایە نووسەر تەنیا لەدەرەوەی دەق بوونی هەیە. (رۆلان بارت) و توێژەرانی سەر بە میتۆدی بنیاتگەری فۆرمالیستی مەرگی نووسەر ڕادەگەیەنن ((بێ ئەوەی ئەوە لەبەر چاو بگرن، کە نووسەر تەنیا لە ساتی نووسیندا پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق ئەنجام نادات، بەڵکو بەشێک لە گەوهەر و فیکری و تێڕوانینی خۆی دەخاتە ناو جەستە و روحی دەقەکەوە))[1] ، بەڵام (کاروان عومەر کاکە سوور) وەک نووسەر لە قاڵبی کارەکتەردا بەشێوەیەکی هونەری ئامادە دەبێت بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی (رۆلان بارت)ەوە، لەناو دەقی رۆمانەکەیدا درێژە بە چیرۆکی رۆمانەکە دەدات و ڕووداوە ناتەواوەکان تەواو دەکات، وەک بوویەکی زیندوو لەناو دەقی رۆمانەکەی بوونی هەیە. (("بەلزاک" لەرۆماندا ئاماژە بۆ سێ دەستە لە کارەکتەر دەکات ئەویش کەسەکان،

---

(١)نەجم خالید ئەلوەنی(پ.ی.د):چۆرەکانی دەقئاوێزان لە رۆمانی(پێنچەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب-دا/لێکۆڵینەوەیەکی(تیۆری-پراکتیکی)یە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٣.

حەکایەتخوان، نووسەر، جا ئەم بەشدارییکردنە چ بەشێوەیەکی ئامادەیی فیزیکی یاخود نافیزیکی بێت))[1]،

بۆیە (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) کەناڵی کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی دەقە لەیەک کاتدا. ناکرێ لە رۆماندا هیچ یەک لە(نووسەر-خوێنەر-کارەکتەرەکان) فەرامۆشبکرێن، بێ بوونی هەریەکێکیان دژواری لە تێگەیشتن و درک پێکردنی گرێی واتایی و زمانی و دەروونییەکانی دەقی رۆماندا دروست دەبێت. ((خوێندنەوەی شیعر یان هەر چەشنە کارێکی ئەدەبی تر شەریک و برابەشکردنی خوێنەرەکەیەتی لە ئەزموونێکی جوانیناسانەدا))[2]، بۆیە(کاروان عومەر کاکەسوور) رووبەڕووی خوێنەرێک دەبێتەوە، کە زۆر بە توڕەیی لە بارەی شێوازی نووسینی رۆمانەکەی بەرەنگاری دەبێتەوە کە لە لاپەرە(٤٣٧)دا دەڵێت: ((تۆ گاڵتە بە خوێنەر دەکەیت و دەتەوێت لەناو مەراقێکی گەورەدا جێی بهێڵیت...بمزانییایە کتێبەکەت بەم شێوەیەیە، یەک لاپەڕەیم لێ نەدەخوێندەوە))، لێرە خوێنەر خوێنەرێکی دەستەمۆ و ڕازی نییە، خوێنەرێکی توڕەیە، وادەکات نووسەر حسێب بۆ هەستەکانی ئەو بکات. لە ئەنجامی گفتوگۆی نووسەر و خوێنەری بەشداری نێو رۆمانەکە، رۆماننووس بە خوێنەر دەڵێت نووسین بریتی نییە لە نووسینەوەی بەسەرهاتەکان وەک خۆی، ئەوە نووسینی تەقلیدییە خوێنەر تووشی بیرکردنەوە و رامان ناکات، ڕووداوەکان لەژیان چۆن ڕوودەدەن وایان دەگێڕێتەوە، ئەمەش ئەوەندەی لە نووسینەوەی مێژوو دەچێت ئەوەندە نووسینێکی هونەری نییە، بۆیە لەلاپەڕە(٤٤٠) دا دەڵێت: ((کاتێ ئێمە ڕووداوێک دەگێڕینەوە، دوور لە خواستی خۆمان گۆڕانی بەسەردا دەهێنین... ئیتر من چۆن بتوانم هەموو ئەو بەسەرهاتانە وەک خۆی بنوسمەوە...؟!)).

خوێنەری نێو دەقی ئەم رۆمانە دەیەوێت زیاتر لەبارەی رۆڵ و شوێنی رۆماننووس بزانێت، بۆیە پرسیار لەوە دەکات ئایا نووسەر کام لە کارەکتەرەکانە؟ رۆلی چییە؟ رۆماننووسیش روانینی خۆیمان لەبارەی رۆلی خۆی وەک نووسەر لەدەقی رۆماندا پێدەڵێت و لەلاپەڕە(٤٤٤) دا دەڵێت: ((ئاسان نییە وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، ژالین، چونکە من هەموویانم و کەسیشیان نیم... ئەو کاتەی بەناوی یەکێکیانەوە قسە دەکەم، ئینجا گرنگ نییە، ئەو کەسە مێیە، یان نێر، بێتاوانە، یان تاوانبار، یان هەرشتێکی دیکە، ئەوە خۆمم، ئەگینا ناتوانم بەڕاستی هەستەکانی ئەو دەرببڕم، بەڵام بۆ ئەوەی ببمە یەکێکی تر، دەبێت ئەوەی پێشوو بەتەواوی لەناخی خۆم دەربهێنم... ناخی نووسەر سکی ژن نییە، بەجارێ دووکەس یان زیاتر لە خۆی بگرێت.....ڕۆڵێکی شاراوەم هەیەو هیچ کاریگەرییەکم بەسەر ڕووداوەکاندا نییە)).

---

(١)ژان میشل آدام، فرانسواز رواز:تحلیل انواع داستان(رمان، درام، فیلم نامه)، ت:آژین حسن زاده و کتایون شهپرراد،نشر قطره، تهران، ١٣٨٣، ص١٣٣.

(٢) جارلز برێسلێر: ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و:عەبدولخالق یەعقوبی،چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٩١.

**ڕۆمانی کازینۆی منداڵان:**

لەڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا، هاوشێوەی گشت ڕۆمانەکانی دیکەی (کاروان عومەر کاکەسوور) جیهانێکە پڕە لە هزری جۆراوجۆر ئەوەی زۆر گرنگە لەسەرتاپای ڕۆمانەکانی کاروان ئەوەیە هیچ هزرێک هەوڵی ڕەتکردنەوەی یەکێکی دی نادات. بەروونی هەست بەتەریبی گشت هزرەکانی نێو ڕۆمانەکانی کاروان دەکرێت. ئــەوەی وادەکات ئەو ڕۆمــانە لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکــەی (کاروان کاکەسوور) جیابێت، ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ڕووداوەکان لە ڕێگەی کارەکتەرەوە گێڕدراوەتەوە، واتا حەکایەتخوان دەنگی یەکێکە لە کارەکتەرەکان، بەتایبەت هەرسێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی نێو ئەم ڕۆمانە کە (سوهاد،وریا و پەریهان)ن، بەو هۆیەوەش ناکرێ ڕوانینەکان بخەینە پاڵ نووسەرەوە، ئەگەرچی هەریەکێ لەو کارەکتەرانەش بگرین دەتوانین وێنەی هزری نووسەری لەلا ببینین، بەڵام گەڕان بۆ ڕوانینەکانی نووسەر لەم ڕۆمانە هەوڵی زیاتری دەوێت بەبەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکە.

لە (کازینۆی منداڵان) دەکرێ بەو پەرەگرافە دەست پێبکەین بۆ دۆزینەوەی ڕوانینی نووسەر کە لەبارەی شوێنی (کازینۆی منداڵان)ەوە، وەک وەسفێک لەلاپەرە(١٠)دا بۆ ئەم شوێنە نووسراوە: ((لەناو جەرگەی شارە، بگرە دەڕوانێتە قەڵاتیش...لەوێ مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە باسی گەورەیی بکات، بەڵکو بۆ ئەوە کراوە بەسەرهاتی منداڵی تێدا بگێڕێتەوە......کەسیش لەوێ ئامادەنییە گوێ لەیەکێک بگرێت، جگە لەباسی منداڵی، مێشکی خۆی بەشتێکی دیکەوە خەریک بکات)). دەکرێ ئەم پەرەگرافە بکەین بە کرۆکی مانای گشتی ڕۆمانەکە، هەروەها (کازینۆی منداڵان) ناونیشانی ڕۆمانەکەشە، بۆیە نووسەر بە وردی لەبارەی شوێن و جۆری یاساکانی ئەم کازینۆیە دەدوێت، لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە ئەم ڕۆمانە، بەگشتی گەڕانەوەیەکی بەردەوامە بۆ منداڵی و سەردەمی ڕابردوو، ئەوەندەی بۆ ڕابردوو و منداڵی دەگەڕێتەوە ئەوەندە خەریکی گەورەیی نییە، دوان و بیرکردنەوەیەکی منداڵانەیە، منداڵانە بە واتای ڕزگاربوونە لە کۆتی گەورەیی، کەمرۆڤی ئەو سەردەمە تێیکەوتووە. کاتێ بە منداڵانە بیردەکەینەوە و دەدوێین واتای دووبارە داڕشتنەوەی واقیعە لە قاڵبێکی دیکەدا، دروستکردنی جیهانێکی خەیاڵی و ناکۆتایە، ئەوەی لە واقیعدا جێگەی باوەڕنییە دەکرێ لەوێ جێیبکەینەوە، ئەم ڕۆمانەش بینای سەرەکی لەسەر ئەو ڕوانین و ڕووداوانە بنیادنراوە کە واقیعی کۆمەڵگە قبوڵی نییە، بۆیە دەکرێ بڵێن ئەم ڕۆمانە گوێگرتنە لە باسێک بە بیرکردنەوەیەکی منداڵانە، وەک (کاروان) خۆیشی لە کتێبی (منداڵێک بەدزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە) باسی ئەو گەڕانەوەیە دەکات و دەڵێت: ((گەڕانەوە بۆ منداڵیی، گەڕانەوە نییە بۆ پارادیس-بەهەشت- بۆ ئارامیی و بۆ پیرۆزی ، گەڕانەوە نییە بەمەبەستی جێهێشتنی گەورەیی، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵێک پرسیاری دیکەو تێڕوانینی دیکە. منداڵی بەسەرچاوەیەکی گرنگی داهێنانی ئەدەبی دادەنرێت، چونکە تێڕوانینی منداڵ بۆ شت، تێڕوانینێکی نا عەقڵانییە و بەرهەمهێنەری فانتازیایە))[1].

(١)دانا فایەق: منداڵێک بەدزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە/ گفتوگۆ لەگەڵ(کاروان عومەر کاکەسوور)،لە بلاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١١٠.

له ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) ڕۆماننووس لەڕێگەی حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە دێت باسی ورد و درشتی حەز و بارە دەروونییەکانی دوو کارەکتەرمان بۆ دەکات، تەنانەت باسی ئەو شتانەش دەکات کە هێشتا نەگوتراون، لەلاپەڕە (١٦) دا دەڵێت : ((پێشتر هەر ئەوەندەی دەزانی ئەوان لەوەدا جیاوازن، کە ئەم خۆی حەز لەو شتانە دەکات ببریسکێنەوە و ئەو بە پێچەوانەوە ڕقی لە هەر شتێکە بدرەو شێتەوە، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەمەیان بەیەکتر گوتبێت)).

ئەفسانە کەرەستەییەکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور)ە، زۆرجار بۆی دەگەڕێتەوە و بەشێوەیەکی هونەری لەناو دەقی ڕۆمانەکانی دەیمەزرێنێت، هەر لە ڕێگای ئەو مەزراندنەشەوە روانینە تایبەتەکانی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات. لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا باس لە سزادانی عاشقان دەکات لە نێو کۆمەڵگە لەڕێگەی عەشقی (مانگایێک و پیاوێک)ەوە ئاماژە بەوە دەکات. عەشق بە هەموو شێوەیەک بقەیە و سزای هەرکەسێک دەدرێت گەر بیکات، جا بەهەرشێوەیەک و لەگەڵ هەر چ شتێک ئەو عەشقە دروست بکات. بۆیە لەلاپەڕە (٢٠٠) دا دەڵێت: ((عیشقی مانگا و پیاوێک دەگاتە ئاستێکی ئاوا سزای دەربەدەریان بۆ دەبڕێتەوە، کە پێشتر هەمیشە ئەو عیشقەلە نێوان هاو توخمەکان، راستتر لەنێوان مێینەونێرینەدا دروست بووە ...)).

ئەفسانە لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا هەرتەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی روانینەکان لەڕێگەیەوە، بەڵکو ڕۆماننووس لە ڕێگەی کەسێکی نادیارەوە روانین لەبارەی خودی ئەفسانەش دەردەبڕێت. بەردەوام بوونی هەموو گردبوونەوە کۆمەڵایەتییەکانیش بە ئەفسانە پەیوەست دەکات. بەردی بناغەی پێکەوە گرێدانی تاکەکانە هەر لە ڕێگەی ئەفسانەشەوە پەیوەندییەکان بەردەوام دەبێت، لەبارەی ئەفسانە و ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕۆماننووس لەلاپەڕە(٢٠٨) دا دەڵێت: ((هیچ گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە لەسەر بنەمای ئەفسانە دانەمەزرابێت...بەڵێ، لەگوندێکەوە تاکو شارە زۆر گەورەکانی دونیا بە ئەفسانەی وەک (مەردان خوداداد) دەستیان پێ کردووە و بەردەوامن...)).

(پەلکشان) ئەو کارەکتەرەیە، ڕۆماننووس لەبەرگێکی تووڕەییدا پیشانی دەدات، ئەو کارەکتەرە ئەوەندە سیما و ڕەفتارەکانی لە پیاوێکی شەڕانی دەچێت، ئەوەندە بەلای ناسکی ژنیەتیدا ناچێ، بۆیە ڕۆماننووس روانینی کارەکتەرێک کورت و پوخت دەکاتەوە لەبارەی ئەو تێکەڵکارییە رەگەزییەی کە لەلای پەلکشان هەستی پێدەکرێت و لەلاپەڕە (٢٢٢)دا دەڵێت : (( بە کورتی ئەو دەیویست وات تێبگەیەنێت، ژن بە هەندێ خەسڵەتی ناسک دەناسرێتەوە و کاتێ لەبەر هەر هۆیەک و لە ژێر زەبری هەر بارودۆخێکدا ئەو خەسڵەتانەی لەدەست دەدات، ئیتر وەک ژن نامێنێت، بێ ئەوەی ببێتە پیاویش)). ئەگەر لەژیانی (پەلکشان) وردبینەوە راستی ئەو قسەیەمان بۆ دەردەکەوێت بەوەی (پەلکشان) نەدەتوانێ ئەوەی لە خەیاڵدایە بەدی بهێنێت، نەتوانیشی وەک ژنێکی ناسک لە ژیان بگوزەرێت، بۆیە هەردەم لە ژیانێکی سەیردا دەژیا، ژیانێک لە نێوان نە ژن بوون و نە پیاو بوون.

**ڕۆمانی ماڵی نانی:**

ڕۆمانی (ماڵی نانی)، سەرەتای دەست پێکردنی گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی کەسێکی کوژراوە، کەزانیارییەکانی دوای مردنی بە دەستهاتووە، حەکایەتخوانێک ئەرکی گێڕانەوەی گرتووەتە ئەستۆ، بۆیە گێڕانەوەکە بەشێکی دوانە لەگەڵ خوێنەر، خوێنەر دواندن و تێکەڵکردنی بەرووداوەکان، یەکێکە لەتەکنیکە نوێیەکانی گێڕانەوە، بۆئەوەی خوێنەر خۆی بەبەشێک لەچیرۆکەکە ئەژماربکات و پێ بە پێ لەگەڵی بڕوات. نووسەر لە لاپەرە (٨)دا دەڵێت: ((لام ڕوونە دەتانەوێت هەر ئێستا ناوەکەی ئاشکرابکات و زانیاری تەواوتان لەبارەیەوە پێ بدات، بەڵام تکایە پەلە مەکەن...!!)). نووسەر ئاگاداری بێ ئارامی خوێنەرە لەوەرگرتنی زانیاری لەبارەی ڕووداوەکان بەتەواوی و گرێکانی گێڕانەوەوە، بەڵام ڕۆماننووس دەیەوێت خوێنەر بەیەکجار تەواوی ڕووداوەکانی بۆ ڕوون نەبێتەوە، تاوەکو هەمیشە بەحەزەوە لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەنگاوبنێ، بۆیە ڕۆماننووس بەمەبەستی نوێگەری ئەو کارە دەکات، ئاگاشی لە تەواوی ئەو نوێکارییانە هەیە کەلەبواری گێڕانەوەدا هاتوونەتە ئاراوە، و لەبارەی ئەم بابەتەوە لەلاپەڕە (٨) دا دەڵێت: ((دەمێکە مۆدیلی گێڕانەوەی زنجیرەیی نەماوە، بەڵکو ئەمڕۆ هونەری نووسینەما ئەوە بەسەر نووسەردا دەسەپێنێت کات و شوێن لەتوکوت بکات...هەر پارچەیەکیان بخاتە لایەک، بۆئەوەی خوێنەر خۆی ئەوپارچانە بدۆزێتەوە و بەیەکیانەوە بلکێنێت)). بەپێی ئەم ڕوانینە، ئەرکی خوێنەر هەرتەنیا خوێندنەوە نییە، بەڵکو خۆی بەشدارێکی سەرەکییە لەڕۆماندا. ئەوە خوێنەرە ڕێگەی پێدەدرێت پارچەکانی ڕۆمان بەیەکەوە بلکێنێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە.کەواتە خوێنەر بەشێکی گرنگی بنیاتی ڕۆمانەکە دادەمەزرێنێت.

لەڕۆمانی(ماڵی نانی)دا ڕۆماننووس لەبارەی زۆر بابەتەوە ڕوانینی دەربڕیوە، چونکە ڕۆمانەکە خۆی فرە ڕەهەندە، بە قووڵی خوێندنەوەی بۆ هزری کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە. لای وایە سروشتی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت و گەلانی دراوسێ بە گشتی ئەوەی بەسەر تاکەکاندا سەپاندووە، هەمیشە ئازار و خەمیان زیاتربێ لە دڵخۆشی و بێ خەمی، بۆیە گۆرانییەکانیشمان پڕن لە خەم، ناکرێ گۆرانییەکت بەر گوێ بکەوێت گریان و ناڵە پێکهاتەی سەرەکییان نەبێت، بەهۆی ئەوەی هەردەم کێشەکان زیاترن لە چارەسەر، بەربەستەکان ئەوەندە زۆرن گۆرانی جگە لە هەڵگرتنی خەم و گریان جێگەی هیچی دیکەی لێنابێتەوە. (کاروان عومەر کاکە سوور) لە بارەی گۆرانی خەمناکەوە لە لاپەڕە (٧٩)ی (ماڵی نانی)دا دەڵێت: ((خۆشبەختانە گۆرانی کوردی، عەرەبی تورکی، کە ئەم گوێیان لێ دەگریت ئەو خەسڵەتەیان تێدایە، تەنانەت مرۆڤ دەتوانێت لەوانەی ڕیتمیان خێرایە و بۆ هەڵپەڕکێش دەست دەدەن، زۆر بە ڕوونی تۆنی گریان ببیستێت...)).

شۆڕشی کورد و شکستی شۆڕش، بەشێکی جیانەکراوەن لە گشت ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)، بۆیە لەم ڕۆمانەشدا چەندین ڕوانینی پەیوەست بەم بابەتەمان دێتە بەرچاو، وەک چۆن سروشتی شۆڕشەکانی کورد تەمەنیان کورتە، ئاواش شۆڕشی نێو ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەش زیاتر باسی

شکست و هەرەسهێنانە، لەگێڕانەوەیەکدا لەبارەی ڕەنگوڕووی شۆڕشگێڕان زانیاریمان پێدەدات، کە بەهۆی ئەو شکستەوە باری دەروونی شۆڕشگێڕان دەشلەژێت. شۆڕشگێڕی شکستخواردوو ئەوەندەی لەمردوو دەچێت، ئەوەندە زیندوو نییە، بۆیە زۆرجار شۆڕشگێڕەکان دوای شکست پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن، خۆڕادەستکردنەوە ئەوەندە سەختە وەک ئەوە وایە بە مردوویی هەردوو دەست و پێت بەسترابێت و سەراوژێر هەڵواسرابێت، شۆڕشگێڕی شکستخواردوو بەشار نامۆیە، بۆیە کاتێ بۆی دەگەڕێنەوە لە تارمایی دەچن، لە (ماڵی نانی) لەلاپەڕە(٨٧) دا نووسەر دەڵێت : ((ڕەنگی خۆڵ بە سیمایانەوە دیارە، بەڵام کەس نازانێت بۆچی هێندە کورت و وردن ...دەستیان لە ماسی بۆگەن و قاچیان لەو گۆشتانە دەچن، کە گۆشت فرۆشەکان بە قەنارەییان وەدەکەن...جلی ئەستووریان پۆشیوە، کەچی وەک ڕووت دێنە بەرچاو...ڕاست دەجووڵێنەوە، بەڵام نایانبینیت هەنگاو بنێن...کتومت لەتارمایی دەچن...ون دەبن و هەر خێرا دەردەکەونەوە...)).

لەروانینی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا خۆ تەقاندنەوە زیاتر ڕەهەندی دەروونی هەیە، تاکو ڕەهەندی فیکری، ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە کەسانێکن لەناو کۆمەڵگە پەراوێز خراون، بۆیە بۆئەوەی ببن بەجێگەی بایەخ و جێگای باس و خواسی ئەوانیدی بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆیان بتەقێننەوە، لە خۆتەقاندنەوەدا ئەوەندە هزر پەراوێزدەخرێ، ئەوەندە کاری پێناکرێ، هزر تەنیا بۆ پێکانی ئامانجەکەیە، بۆیە دەگوترێ ئەو کەسەی خۆی دەتەقێنێتەوە ((مێشکی شۆراوەتەوە)). رۆماننووس لە باسکردنی (بسەلماح شەیهانی)ی کارەکتەر لەلاپەڕە (١٩٥) دا دەڵێت: ((ئەو لە منداڵیەوە تاکو ئەمڕۆ، کە حەڤدەی تەمووزی دووهەزار و چوارە و تەمەنی دەبێتە سیوپێنج ساڵی رێک، نەیتوانیوە بۆساتێک سەرنجی دانیشتوانی گوندە سەربازییەکەی بۆ گوتەیەک،کردارێک، دەنگێک، جووڵەیەکی خۆی ڕابکێشێت، کەچی ئەوەتا پایتەختی وڵاتێک دەهەژێنێت و هەواڵەکەی لە میدیای سەرتاپێی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە...)).

مرۆڤ هەرچەند پێشکەوێت ناتوانێت بە جارێ خۆی لە مرۆڤی سەرەتایی جیاکاتەوە مادام مرۆڤی شارستانی درێژبۆوەی مرۆڤی سەرەتاییە، خاڵێک هەردەمێنێ بۆبەستانەوەی ئەو پەیوەندییە لە نێوانیاندا، رۆماننووس (ئاگر) دەکات بەو خاڵە هاوبەشەی کەبۆ هەردووک جۆری مرۆڤ هاوواتایە، هەمیشە ئاگر بۆ ترس و دڵنیایی بەکارهاتووە و بەکاردێ، بۆیە رۆماننووس لەلاپەڕە (٢٢٦) دا دەڵێت: ((ئاگر هەم بۆ ترسە و هەم بۆ دڵنیایی...هەم پیرۆزە و هەم نا پیرۆز ... تاکە شتێکە جیاوازیی نێوان مرۆڤی سەرەتایی و شارستانیدا دەسڕێتەوە ...)).

دەکرێت بڵێین رۆمانی (ماڵی نانی) زانیاریەکی زۆر لە بارەی بەخێوکردنی ئەسپ و ئەسپسوارییەوە لەڕێگەی هونەری گێڕانەوەوە بەخوێنەر دەبەخشێت، وەک ئەوە دێتە بەرچاو کە ئەو کەسەی ئەو رۆمانە دەگێڕێتەوە تەمەنێکی زۆر ئەرکی جامبازی و ئەسپسواری بوویێت، ئەمە یەکێکە لە خاڵە بە هێزەکانی هەریەک لە رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور)، جا چ لە ڕێگەی حەکایەتخوانەوە ئەم زانیاریانە پێشکەشبکرێت یان لەڕێگەی یەکێ لەکارەکتەرەکانەوە.

ئەسپ لە رۆمانی (ماڵی نانی)دا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و بە یەکێ لە ئاژەڵە هەرە باش و ڕەسەنەکان دادەندرێت، بۆیە لەیەکێ لە روانینەکاندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ئەسپ تاکە گیاندارە هەمیشە دەبێت لە ئاڵوگۆر و دەستاودەستکردنی لەگەڵ پیاوانی سەرووی خاوەن ئەسپەکەوەبێت، جا بەمەبەستی فرۆشتن بێت یان وەک دیاری بەخشین. ئەمە بەهاییەکی بەرزی ئەو وڵاغەیە، کە لەروانینی رۆماننووسەوە بەدی دەکرێت وەک لەلاپەڕە (٢٨٥) دا دەڵێت: ((بێگومان ئەوەی تۆزقاڵێک لەبارەی ئەسپەوە شارەزا بێت، دەزانێت مرۆڤ بۆی هەیە ئەو وڵاغە بەشکۆیە تەنیا بداتە پیاوانی سەرووی خۆی، ئینجا چ بەمەبەستی دیاری و چ بۆ فرۆشتن...بەواتایەکی دی ئەسپ تەنیا بەرز دەکرێتەوە، بەڵام هەرگیز دانابەزێنرێت)). ئەمە پەیوەستە بەبەهای ئەسپەوە، بەڵام رۆماننووس وردتر لەبارەی چۆنیەتی بەخێوکردنی ئەم ئاژەڵە دەدوێت وەک ئەوە وایە دوکتۆرێکی تایبەت لە بواری ڤێتەرنەری خۆی تەرخانکردبێت بۆ چاودێری کردنی (ئەسپ) کە باسی چۆنیەتی هەناسەدان و خواردن و کات و پشووەکانی ئەسپ لەلاپەڕە (٢٨٦)دا دەکات و دەڵێت: ((ئەسپ پێویستە دوای خواردن و خواردنەوە، پشووبدات، چونکە کاتێ ئالیک و ئاوی دەدرێتێ، گەدە و ڕیخۆڵەکانی دەکشێن، بەرادەیەک فشار دەخەنە سەر سییەکانی...ئەمە مانای چییە...؟! مانای وایە پرۆسێسی هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنی لە دۆخێکی هەستیاردایە، لەکاتێکدا کۆئەندامی هەناسە لە ئەسپدا گرنگترین شتە، چونکە ئەسپ بە هەناسە غار دەدات، نەوەک بە قاچ)). ئەمانە روانینی خاوەن ئەسپێکی چاکە کە شارەزاییەکی زۆری لەم بوارەدا هەبێت لەگەڵ ئەزموونێکی درێژ. گونجاندنی جۆری کارو کەسایەتیەیی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)، هۆیەکە بۆ سەرکەوتوویی رۆمانەکانی لەگەڵ ئەو هەموو توانایەی کەلەبواری هونەری گێڕانەوەدا هەیەتی.

لەبارەی گرنگی ئەو کەسەی ئەسپ بەخێو دەکات، روانینێکی وردمان بەرچاو دەکەوێت، کە لای وایە هیچ هێزێک ناتوانێ هیچ کەسێک بکات بە ئەسپناس، بەڵکو ئەوە تەنیا هێزی دەستەکانی خاوەن ئەسپە وادەکات ئەسپەکە یان ڕەسەن دەرچێت یان خاڵی بێتەوە لە هەموو خەسڵەتە رەسەنایەتییەکەی. ئەسپناسی تەنیا بەهرەیە لە دەستەکاندا، بۆیە لەلاپەرە (٢٨٧-٢٨٨) دەڵێت: ((مەرج نییە مرۆڤ ئەگەر بچێت لە چاکترین پەیمانگادا لەبارەی ئەسپەوە بخوێنێت، ببێتە ئەسپناس و بتوانێت بە دروستی ئەسپی ڕەسەن پەروەردە بکات...نەخێر بەڵکو هێشتا گرنگترین شت دەمێنێت، کەدەستە، ڕاستتر ئەو هەستە شاراوەیەیە، کە لەڕێی دەستەوە بەو ئاژەڵە هەستیارە دەگەیەنرێت... لەم شوێنەدا هیچ قسەیەک نامێنێت، چونکە مەحاڵە مرۆڤ لەوە تێبگات چ دەستێک هی ئەوەیە ئەسپی ڕەسەن ڕابهێنێت و لەبەرانبەریشیدا چ دەستێک ئەگەر بگاتە ڕەسەنترین ئەسپ، خەسڵەتە نایاباکانی دەکوژێت و تێکی دەدات)).

**تەوەری دووەم:**

**ب/روانینی حەکایەتخوان:**

لە گێڕانەوەدا بەر لە هەر شتێک حەکایەتخوان دەبێ ئامادەبێت، جونکە ((گێڕانەوە بەبێ گێڕەڕەوەیەک و گوێگرێک(خوێنەرێک) ناتوانێت بوونی هەبێت))[1].

حەکایەتخوان ئەرکی پێشکەشکردنی کارەکتەر و ڕووداو، و شوێن، و کاتەکانە، پردی نێوان نووسەر و خوێنەرە، بەمانایەکی دیکە گەیێنەری روانینەکانی نووسەرە بۆ خوێنەر بەرێگایەکی هونەری. حەکایەتخوان هەرچۆنێک بێت لەناو دەقدا پەیوەندی بە رووداو و کاراکتەرەکانەوە هەیە، بەڵام خاوەن هەڵوێست و روانین نییە، ئەرکی گەیاندنی بیر و روانینی ئەوانیدیکەیە، واتا لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە حەکایەتخوان تەنیا ئەرکی گەیاندنی روانینەکانە نەک خۆی خاوەن روانین بێت، بۆیە دەگوترێ حەکایەتخوان تەنیا توخمێکی هونەریە، کەرۆماننووس بۆ گێڕانەوەی رۆمانەکەی هەڵی دەبژێرێت[2]، یەکێکە لە((دروستکراوەکانی نووسەر، لە گۆڕەپانەکەدا نووسەر هۆکارە بۆ ئامادەبوونی حەکایەتخوان، ئەگەرچی دواتر حەکایەتخوان نووسەر دەشارێتەوە))[3].

لە رۆماندا کەمتر دەتوانرێت روانینەکان لەزاری حەکایەتخوانەوە پێشکەش بکرێت، وەک گێڕانەوەی رووداوێک نییە حەکایەتخوانی هەمووشتزان بیگێڕێتەوە، بەڵکو لەپێشکەشکردنی هەر روانینێکدا پێویستمان بە کەسێک دەبێت بۆ ئەوەی بۆچوونە دەربڕاوەکەی بخەینە پاڵ و لەرێگەی ئەوەوە بخرێتە ڕوو، زیاتر حەکایەتخوانی هەمانشتزان و کەمشتزان لە پێشکەشکردنی روانینەکاندا بەکار دەهێنرێت, نەک حەکایەتخوانی هەمووشتزان، بەشێوەیەکی گشتی حەکایەتخوان دەکرێ بە سێ جۆرەوە ئەوانیش ئەمانەن:

_حەکایەتخوانی هەمووشتزان.

_حەکایەتخوانی کەمشتزان.

_حەکایەتخوانی هەمانشتزان.

---

(١) رولان بارت: در امدی بر تحلیل ساختاری روایت ها، ت:محمد راغب، موسسه فرهنگی رخ دادنو، تهران،١٣٨٧، ص٦٥.

(٢) بروانە: نەجم ئەڵوەنی (پ.ی.د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟)، ١٣١

(٣) ابراهيم جنداري:الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، ص١٥٠.

**حەکایەتخوانی هەمووشتزان:**

زۆرترین زانیاری دەربارەی کارەکتەر و رووداوەکانی لەلایە، پەی بەهەموو نهێنییەکانی کارەکتەر دەبات، بە ئاسانی بە نێو ناخ و دەروونی کارەکتەردا رۆدەچێت، روانینە نەگوتراوەکانی کارەکتەریش بۆ خوێنەر دەدرکێنێت، حەکایەتخوانی هەمووشتزان بە ئارەزووی خۆی رووداوەکان شیدەکاتەوە و زیاتر رۆماننووس لە دواوەی ئەم حەکایەتخوانە دەبیندرێت، واتا لە نووسەرەوە نزیکە و ناتوانێت بێ لایەنی خۆی بپارێزێت، رێگرە لە بەردەم کارەکتەرەکان تا بتوانن بە ئازادی بجوڵێنەوە و گوزارشت لە خۆیان بکەن[1].

بە شێوەیەکی گشتی راناوی (ئەو) واتا راناوی کەسی سێ یەمی تاکی بۆ بەکاردێت، ئەم راناوەش دیسان هۆیەکە بۆ ئەوەی حەکایەتخوان دەست واڵاتربێت بۆ پێشکەشکردنی روانینەکان لە دیدی نووسەر خۆیەوە، بۆیە کاتێ ((چیرۆکنووس پەنا بۆ حەکایەتخوانی هەمووشتزان دەبات، ئەوا ئەم نووسەرە دەیەوێت لەرێی ئەوەوە بۆ چوون و هزرەکانی خۆی پێشکەش بە خوێنەر بکات، ئەمەش تا ڕادەییەکی زۆر وادەکات کە ئەم دوانە لەیەک نزیک ببنەوە، بەڵام هەرگیز نابن بەیەک و هەردەم ناو برێک لێکیان جیا دەکاتەوە))[2].

**حەکایەتخوانی کەمشتزان:**

ئەم حەکایەتخوانە جیاوازە لەگەڵ حەکایەتخوانی هەمووشتزان، لەدەقی گێڕراوە دا سەرچاوەیەکی کەمی زانیاری هەیە، دەست ناخاتە نێو وردەکاری و نهێنییەکانی کارەکتەرەکان. لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کەحەکایەتخوان کەمشتزانە، تەنیا ئەرکی گێڕانەوە دەگرێتە ئەستۆ ((نووسەر لە دواوەی شێوەی یەکێ لە کارەکتەرەکانی رۆمان خۆی حەشار دەدات، تەواوی رووداوەکە لە دیدی ئەو کارەکتەرەوە پێشکەشدەکات و بە هەستی ئەو داوەری لەسەر شتەکان دەکات))[3]. ئەم جۆرە حەکایەتخوانە بە ڕاناوی(ئەو)ی کەسی سێیەمی تاک یان هەر لەرێگەی ناوی کارەکتەرێکەوە دێتە دوان، بە کارهێنانی ناوی کارەکتەر لێرەدا بەهیچ شێوەیەک نابێتە هۆی ئەوەی بڵێین حەکایەتخوان لەگەڵ کارەکتەر هەمان شتن.

---

(١)بروانە:یمنى العيد: تقنيات السرد الروائي فى ضوء المنهج البنيوي، دار فارابي، الطبعة الاولى، بيروت،١٩٩٠، ص٩٢.
(٢)نەجم ئەڵوەنی (پ.ی.د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟)، ل٢٢.
(٣) اعظم بیژنی دلیوند: از تهران مخوف تا جای خالی سلوچ (نقد و پژوهش رمان ایرانی پیش از کودتای ٢٨مرداد و پس از ان)، نشر روزگار،تهران، ١٣٨٩، ص٣٤.

لەم جۆرە حەکایەتخوانییەدا زیاتر پێویستدەکات سوود لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان وەربگیرێت.بەکارهێنانی حەکایەتخوانی کەمشتزان رێگە دانە بە خوێنەر، بۆ ئەوەی ئەویش بەشدار بێت لە شیکردنەوەی رووداو، و روانینە پێشکەشکراوەکانی نێو رۆمانەکە، لەبری لێکدانەوەکانی حەکایەتخوان لەو گێڕانەوانەی کە حەکایەتخوانی هەمووشتزان دەگێڕنەوە.

## حەکایەتخوانی هەمانشتزان:

حەکایەتخوانێکە بە راناوی (من) گێڕانەوە ئەنجامدەدات، وا هەستدەکرێت کە هەمان کارەکتەری خاوەن روانین بێت، بەڵام وەک لەبەشی تیۆرییەکەی ئەم توێژینەوەیەدا باسمانکردووە ئەو حەکایەتخوانە هەمان کارەکتەر نییە کە لە بارەیەوە دەگێڕدرێتەوە، بەڵکو حەکایەتخوان و کارەکتەر هەمیشە مەودایەکیان لە نێواندایە و لێکیان جیا دەکاتەوە، هەمان ئەو (من)ە نییە کە لە گێڕانەوەی دەقێکی خەیالیدا دەدوێت[1] لێرەدا حەکایەتخوان لەزاری کارەکتەری خاوەن روانین، روانینەکان پێشکەشدەکات و سەرچاوەی زانیارییەکانیشی خودی کارەکتەرە خاوەن روانینەکان و ئەوانەن کە لە بارەیانەوە دەگێڕدرێتەوە، حەکایەتخوان شتێکی زیاتر لەکارەکتەر نازانێت ئەوەی دەیڵێ هەمان بینینی کارەکتەرەکانە، بۆیە پێی دەگوترێ هەمانشتزان.

لەدەقی رۆماندا دەکرێ رۆماننووس یەکێک لەو حەکایەتخوانانە بەکاربهێنێ، هەروەها دەشکرێ دوو یان هەر سێ جۆری حەکایەتخوان بەکاربهێنێ. بەکارهینانی ئەم حەکایەتخوانانە، بەپێی روانینی رۆماننووس دەگۆڕێت، ئایا کامە جۆرەیان هەڵدەبژێرێت بۆ گێڕانەوەی رۆمانەکەی، بۆیە لەم تەوەرەدا بە دوای دۆزینەوەی ئەو ڕوانینانەدا دەگەڕێین کە لەڕێگەی حەکایەتخوانەوە پێشکەشکراون.

## رۆمانی ئای لەڤیلیا لەڤیلیا:

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە رۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا) سوود لە هەرسێ جۆری حەکایەتخوان وەرگیراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆماننووس لەتەواوی رۆمانەکانیدا دەیهەوێت لە نووسینی تەقلیدی دووربکەوێتەوە زیاتر گرنگی بەحەکایەتخوانی کەمشتزان دەدات، تا هەم دەسەڵاتی حەکایەتخوان کەمکاتەوە و هەمیش خوێنەر بخزێنێتە نێو رووداوەکان بۆئەوەی خوێنەر خۆی شیکـردنەوە بۆ رووداو، و روانینەکــان بکات،

(١) بروانە: نەجم ئەنوەنی (پ.ی.د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟)، ل٣٢-٣٣.

ئەگەرچی ئەمە بەو مەبەستە نایەت کە رۆماننووس هەرگیز لە رێی حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە گێڕانەوە ئەنجامنادات، بەڵام زیاتر گرنگی بە حەکایەتخوانی کەمشتزان و هەمانشتزان دەدات و لەناو دەقی رۆمانەکە ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین.

رۆماننووس بۆ پێشکەشکردنی روانینی منداڵانەی کارەکتەرێکی منداڵ، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هونەری دیالۆگ لەنێوان دوو کارەکتەردا ئەم پێشکەشکردنی روانینە زۆر تەبایە لەگەڵ تەمەنی کارەکتەری قسەکەردا، لە ڕووی دەربڕین و هزرەوە گونجان هەیە لە نێوان روانین و کەسی خاوەن روانینەکەدا، بەهۆی حەکایەتخوانی کەمشتزانەوە ئەم روانینە خراوەتە ڕوو کە دیالۆگەکە بەم شێوەیە لەلاپەڕە (٢٣٩) دا دەستپێدەکات و دەڵێت: ((پاڵێکی قایم قایمی پێوەنا و پێی وت:

-تۆ کوشتت..!!

ناوکی قەیسیەکەی خۆی لە ناو لەپی ڕاستی گوشی و پێی وت:

- دەزانی لوئەی ئەگەر بە جوانی مەمکەمژە نەخەیتە ناو دەمی بەرخەوە دەمرێت...؟!

-بۆ...؟!بۆدەمرێت...؟!

- چونکە سییەکانی وشکدەبێت)).

لەرۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!)دا روانینێکمان بەرچاو دەکەوێت کە لەرێگەی حەکایەتخوانی هەمانشتزانەوە خراوەتە ڕوو، کە ((حەکایەتخوانی هەمانشتزانیش بەشێکە لە دەق. لەم نێوانەدا دەکرێ رووخساری یەکێک لە کارەکتەرەکان بۆ پیشاندانی خۆی بەکاربهێنێت بە سوود وەرگرتن لە راناوی من، یان کارەکتەرێک بەناوی تایبەتی خۆیەوە ))[1].

هەموو ئەو گوتە بەناوبانگەی دیکارتمان بیستووە کەدەڵێ: ((من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم))[2] دیکارت لەخەمی بیرکردنەوەدایە، بوونی مرۆڤ پەیوەستدەکات بە بیرکردنەوەوە، کەواتە ئەوکاتە هەین کە بیردەکەینەوە، بەڵام رۆماننووس لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە دیکارت کۆتایی پێهێناوە، دیکارت لەڕێی بیرکردنەوەوە بەبوون گەیشتووە، بەڵام لەو رۆمانەدا (نەوال)ی کارەکتەری سەرەکی لەلاپەڕە (٤١٨)دا دەڵێت: ((ئاخ..!! من چەند گوناحم، کە هەم و گیانم لەبەرە..!!)). لێرەدا بۆ ئەم کارەکتەرە

---

(١) ژان میشل ادام، فرانسواز رواز: تحلیل انواع داستان (رمان، درام، فیلم نامه)، ص١٣٦.

(٢) مجموعة مؤلفین: الموسوعة الفلسفیة المختصرة، دار القلم، بیروت-لبنان، ص١٩٢.

ڕوون بۆتەوە کە بوونی هەیە، گومانی لە بوون و نەبوون نییە، بەڵام ئەو جۆرە دەربڕینە، پرسیارکردنە لەبارەی خودی بوون، ئایا بوون چییە؟ هەبوونی مرۆڤ و گیانلەبەربوون لەروانینی ئەم کارەکتەرەوە گووناحبوونە، چونکە هەرکات هەستت کرد هەی دەبێت بیربکەیتەوە، بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگریت، ئەم روانینە گوزارشتێکە بۆ بێ نرخی بوون، چونکە مرۆڤ بە چەندین کۆتوبەند پەیوەستە، تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکەی کە وەک مرۆڤ لە ئەستۆیدایە. ئەم روانینە ئاماژەیەکیشە بۆ مەرگ، چونکە مادام هەین دەبێت بشمرین، کەواتە ئەوە مەرگە لەسەرووی بوونەوەیە، بوون کۆتایی هەیە و مەرگ ناکۆتایە، کە هەین داماو، و گوناحین، چونکە مەحکومین بە مەرگ.

حەکایەتخوانی هەمووشتزان، ئەو روانینانە پێشکەشدەکات کەهێشتا نەگوتراون، نهێنی و قسەی ناو دڵانیش دەزانێت، بۆیە لە لاپەرە(٤٤٧)ی ئەم رۆمانە دا رۆماننووس دەڵێت: ((لە پڕ موچوڕکێکی پیاداهات و لەدڵی خۆیدا وتی: ( چارەنووسی دڵدارەکان لەسەر زەوی بێت، یان لە ئاسمان هەر مردنەو گوناهی کەسی تیانییە.)...)) ئەمە روانینێکی نەگوتراوی (نەوال)ە، کەبەر لەوەی خۆی بیڵێت، لەلایەن حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە لەبارەی چارەنووسی ((دڵدارەکان))ەوە گوتراوە، لای وایە دڵدارەکان هەردەبێت بمرن، ئەوەی گرنگیش نییە شوێنی مردنەکەیانە جا چ لەئاسمانبێت یان لەسەر زەوی.

### رۆمانی مامزێر:

لەرۆمانی (مامزێر)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) دا گەلێ روانین لەلایەن حەکایەتخوانەوە پێشکەشکراون، بەتایبەت حەکایەتخوانی کەمشتزان. بەشێکی زۆری گێڕانەوەی رۆمانەکە حەکایەتخوانی کەمشتزان لەگەڵ حەکایەتخوانی هەمانشتزاندا دەیگێڕنەوە ، لەسەرتاپای رۆمانەکەدا حەکایەتخوانی هەمووشتزان کەمتر بەدیدەکرێ. (بیبی کەناری) پلکی (مامزێر)ی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، تاکە کەسە کە لەگەڵ مامزێر قسەدەکات. ئەم ئافرەتە قووڵ بیردەکاتەوە. (بیبی کەناری) هەمیشە بەترسەوە قسە لەگەڵ مامزێر دەکات، نەکا ئەوانیدی پێی بزانن. مامزێر روانینی باوکی لەبارەی ژیانەوە دەخاتە ڕوو، کەئەویش (بیبی کەناری) بۆی گێڕاوەتەوە، واتا یەک روانین لەلایەن دوو کارەکتەرەوە پێشکەشکراوە، ئەم گێڕانەوەیەش پێی دەگوترێ (گێڕانەوەی دەماو دەم Reteller)ی و بریتییە لەو گێڕانەوەیەی

که((چیرۆکەکە لەلایەن کارەکتەرێکەوە ناگێڕدرێتەوە کە ڕووداوەکانی بەسەرداهاتوون یان ڕووداوەکانی بینیوە، بەڵکو لەلایەن کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە کە ڕووداوەکانی بۆ گێڕدراوەتەوە))[1]. ڕوانینەکان لەلایەن حەکایەتخوانی کەمشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە، کە لەزاری دوو کارەکتەر بەڕێگەی (دەماودەم) باسکراون ،حەکایەتخوانی کەمشتزان لە زاری کارەکتەری دووەم ئەو کارەکتەرەی کە تەنیا گوێزەرەوەی گێڕانەوەکانی کارەکتەری یەکەمە، ئەم کارەکتەرەش ڕوانینی کارەکتەرێکی لاوەکی ڕۆمانەکەی گواستووەتەوە، وەک لەلاپەڕە (٢٤)دا هاتووە: ((وەکو "بیبی کەناری" بەزمانێکی لوغزاوی پێیی دەوتم تەنها کۆتایی شتەکان دەبینێت...بیرێکی پارادۆکسالیانەی سەیری هەیە...وا دەزانێت ژیانی هەرشتێ، گیاندار و بێگیان، لەکۆتایی دەست پێ دەکات...ژیانێکی دوورە پەرێزە، کەتەنها ئازارەکان پێی دەزانن و خەمەکان تێدا دەبنە زەمەنی سەرمەدی..."بیبی کەناری" ئاخی هەڵدەکێشاو دەیوت ئەم باوەڕە پێی دەوترێت ئیسکاتۆلۆجی(*)(Eschatology)) کە ئەم ڕوانینە بیرکردنەوەیەکی بەردەوامە لە کۆتایی و فەرامۆشکردنی ئێستایە.

مامزێر سەردانی ماڵێک دەکات کە دووکەسی دوو نەتەوەی جیاواز پێکیان هێناوە، ئەگەرچی ژنەکە کوژراوە و زۆربەی کەل وپەلەکانیشیان فرۆشتووە، بەڵام مامزێر بەهۆی ڕوانینێکی پووری لە بارەی ئەو ماڵانەوە ئەو هەستەی لەلا دەخوڵقێت کە ئەو ماڵە پێشتر گەرم و گوڕبووە، ئەگەرچی هیچیشی لێدیارنییە، ئەوە هێزی ڕوانینی پووریەتی، وایکردووە ئەو هەستەی لەلا جێگیر بێت، ڕوانینی پووری لەلایەن حەکایەتخوانێکەوە لە دەقی ڕۆمانەکەدا بۆ خودی مامزێر دەگێڕدرێتەوە، واتا مامزێر لەڕێگەی(بیرخستنەوە)، حەکایەتخوانێک بیری دەهێنێتەوە کە پووری لە ڕابردوو ئەو ڕوانینەی پێگوتووە، ڕوانینەکە لە ڕێگەی حەکایەتخوانێکی کەمشتزانەوە، لە لاپەڕە (٩٦) دا خراوەتە ڕوو کە دەڵێت: ((پوورت

---

(١) George Hartley (profe): point of view and narrative voice, Ohao University, http//teen writing. About.com/library/weekly

(*)ئیسکاتۆلۆجیEschatology:بەشێکە لە ئاین کەپەیوەندی بە مردن و لێپێچینەوە هەیە، واتا زانستێکە لە بارەی ڕۆژی قیامەتەوە.

بڕوانە فەرهەنگی: a shornby oxford advanced learner's Dictionary of current English, seventh edition, oxford university press, p517.

دەیوت ئەو خێزانەی دوو کەسی جیاوازی دوو نەتەوەی جیاواز پێکیدەهێنێت، هەمیشە بەوە دەناسرێتەوە، کەشتەکانی ناوماڵ بریسکەیان دێت و لە شوێنی شیاوی خۆشیان دادەنرێت..)).

(سیڤەری مارژەن) کارەکتەرێکی خاوەن هێزی خورافییە لەرۆمانەکەدا، (مامزێر) ی کارەکتەری سەرەکی زۆرجار گوێی بۆ شلدەکات، قسەکانی ئەم کارەکتەرە بەهەند وەردەگرێت، بۆیە دوای گەڕانەوەی (مامزێر) و ئارامبوونەوەی ڕەوشی وڵات، (سیڤەری مارژەن) وندەبێت، زۆر هەوڵدەدات بیدۆزێتەوە، بەڵام هەوڵەکان بێ سوود دەبن، بۆیە حەکایەتخوانێکی نادیار روانینێکی (سیڤەری مارژەن) بەبیر (مامزێر) دەهێنێتەوە کە لەبارەی مرۆڤە مەزنەکانەوە لەلاپەڕە (١١٤)دا دەریبڕیوە و دەڵێت : ((مرۆڤە مەزنەکان لە ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکاندا لەناو دەچن ... ئەو ڕووداوانە نە فاڵگرەوە و نە غەیبزانەکانیش پێشبینیان کردوون..هەر بۆیە هیچ یەکێ لەوانە نابنە چیرۆک و داستانی سەرنجڕاکێش و لەبیری کەسە نزیکەکانیشیان دەچنەوە.)) ئەو روانینە راستەوخۆ بە ئێمە دەڵێت، هەم لەلای حەکایەتخوان و هەمیش لەلای مامزێرەوە (سیڤەری مارژەن)، بەکەسێکی ئاسایی دانادرێت، بۆیە لە قاڵبی مرۆڤە مەزنەکاندا وندەبێت، بێ ئەوەی کەس بیدۆزێتەوە ئەگەرچی (سیڤەری مارژەن) بەتەواوی لە بیری کەسانی نزیکی خۆی نەچۆتەوە، ئەوەتا هاوڕێیەکی نزیکی وا بۆی دەگەڕێت، بۆیە ناکرێ بڵێین ئەو دیار نەمانەی (سیڤەری مارژەن) لەناو چوونە لەشێوەی مرۆڤە مەزنەکان، لەلایەکی دیکەوە ئەوەتا (سیڤەری مارژەن) لەنێو رۆمانەکەدا باسیدەکرێت، بۆیە ڕەنگە لەکاتێکی دی دووبارە بە دیار بکەوێتەوە.

**رۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان:**

لە رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا، پێشکەشکردنی روانینەکان بە گشت جۆرەکانی حەکایەتخوان سپێردراوە، چونکە رۆمانەکە خۆی فرە روانین و فرە گێڕەرەوەیە، بە ئاسانی کارەکتەرەکان گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن، حەکایەتخوانیش زۆربەی کات روانینەکان وەک خۆیان دەگوازێتەوە، ئاسانترین کاریش لەناو سەرتاپای رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)، گۆڕینی حەکایەتخوانەکانە، رووداوی وا هەیە زیاتر لە حەکایەتخوانێک لەیەک کاتدا بەیەکەوە دەیگێڕنەوە. لەگێڕانەوەدا زوو زوو جێگۆڕکێ بەحەکایەتخوانەکان دەکرێ، کە ئەمەش زیاتر رۆمان بەرەو کرانەوەیی دەبات و رێگا خۆشدەکات

بۆ ئاراستە فیکرییە جیاوازەکان، بەربەستێک نامێنێ بۆ پێشکەشکردنی گشت روانینەکان. لێرەدا ئاماژە بە پێشکەشکردنی رووداوێک دەکەین کەلەیەک کاتدا دووحەکایەتخوان ئامادەن لە گێرانەوەیدا، حەکایەتخوانی هەمووشتزان لەسەرەتا روانینی (شەڤاوەی ڕاستەڤینە)مان بۆ دەخاتە ڕوو، لەبارەی (شەڕ کردن)ەوە دەڵێت: شەڤاوە نابێ لەگەڵ کەسی بچووک شەڕبکات، چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەیبەتی بۆیە پەنا بۆ جۆرە رەفتارێکی دیکە دەبەن تا هەم تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و هەمیش توشی شەڕێکی بچووک نەبن، تا بەهۆیەوە هەیبەتیان کەم نەبێتەوە. حەکایەتخوانێکی نادیار ئەم کارە دەکات، دواتریش بۆ تەواو کردنی رووداوەکە و گەیاندنی چەمکی دروستی روانینەکە لەڕێگەی ڕاستەوخۆوە قسەکانی (شەڤاوە) کەمان بۆ دەگوازێتەوە، لەڕێگەی راستەوخۆی گەیاندنی روانینەکانیش دەبێت ((وتەکان چۆن لەلایەن کارەکتەرێکەوە دەردەچێت، وەک خۆی بەشێوەی پیتی بگوازرێتەوە بۆ خوێنەر))[1] بۆیە لە لاپەڕە (٥٢) دا دەڵێت: ((شەڤاوەی ڕاستەڤینە ئەگەر لەگەڵ منداڵی ئاوا بیکاتە شەڕ، لە هەیبەتی کەم دەبێتەوە... ئەوەی ئەوان لەگەڵ کەسانی لەم تەمەنەی ئێوەدا بیکەن، هەر ئەوەیە بەدوای خۆیاندا ڕایدەکێشن و دەیبەن......هەر زوو زوو دەیگوت:

_دەستێکی نەرم و خۆشت هەیە... بۆکسێکی دیکەیشم لێبدە ناسکۆڵێ)).

حەکایەتخوانی هەمووشتزان ئەوەندە لەگەڵ کارەکتەر ئامادەیە، بە هەموو نهێنیەکانی ئاشنایە، ئەوەی نەیشی گوتووە هەستی پێدەکات، بۆیە کاتێ (ئامانج) لەحاڵەتی ترسدایە، حەکایەتخوانی هەمووشتزان روانینی خودی ئامانجمان لەبارەی (ترس و پەی بردن بەناخی ئەوانیدیکەوە) بە سوود وەرگرتن لەم بارە ناجێگیرەی (ئامانج)ی کارەکتەر بۆ ئاشکرا دەکات و هەستە شاراوەکانی دەخاتە ڕوو، ئامانج خۆی بەشداری لە گێڕانەوەکەدا ناکات، تەنیا گوێگرێکەو لەبارەی هەستی خۆیەوە شت دەبیستێ بێ ئەوەی خۆیشی گوتبێتی. ڕۆماننووس لەبارەی ناخی ترساوی ئامانجەوە لەلاپەڕە (٢٤٩)دا دەڵێت: ((هەستت دەکرد مرۆڤ کاتێ دەترسێت و لەناوەوەی خۆیەوە دەڕوانێتە دەوروبەری، زۆر سووک و ئاسان دەتوانێت بەناخی ئەوانیدیکەدا ڕوو بچێت و نهێنی دڵیان بدۆزێتەوە. چونکە ئەو ڕوانینە لەناخەوە هەڵدەقوڵێت و بەر هیچ بەربەستێکی دەرەوە ناکەوێت، تا ئاراستەکەی بگۆڕێت و نیشان نەپێکێت)). مرۆڤ لەکاتی ترسدا، زیـــاتر

(١) مجموعة مؤلفين: معجم السرديات، ص١٨٦.

لەخۆی نزیک دەبێتەوە و لە دەوروبەر دوور دەکەوێتەوە، ئەو هاتنەوەیە بۆ ناوەخۆ، جارێکی دی وادەکات مرۆڤ ئاسانتر لەوانیدی بڕوانێت، کاتێک کەسێک دەترسێت لەناوەوەی خۆیەوە لەوانیدی دەڕوانێت، بە ئاسانی بەناخی ئەوانیدیش دەگات، چونکە تێگەیشتنی ناخ بۆ ناخ هیچ بەربەستێکی لەبەردەمدانییە.

لە رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا حەکایەتخوان زۆرترین بواری بۆ ڕەخساوە تا بتوانێت گێڕانەوە ئەنجامبدات، هەموو جۆرەکانی حەکایەتخوان لەم دەقەدا بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە حەکایەتخوانێکی کەمشتزان لە رێگەی ناوی کارەکتەرێکەوە رووداوێک دەگێڕێتەوە کە روانینی کارەکتەرێکی دیمان پیشاندەدات. کارەکتەری گێڕەرەوە تەنیا لەوێ ئامادەبووە و گوێبیست بووە، ئەگەرنا خۆی بە هیچ شێوەیەک بەشدارنەبووە، کە ئەمە پێی دەگوترێ (شایەت-بینەر)، لێرەدا کارەکتەرێکی لاوەکی رووداو دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا خۆی رۆڵی تێدا نەگێڕاوە، تەنیا بینەری رووداوەکانە، واتا روانینەکان هی خۆی نین، بەڵکو تەنیا بینیویەتی یان لەوانیدیکەی بیستووە، بۆیە رووداوەکان چۆن روویانداوە وەک خۆیانی دەگێڕێتەوە[1].  حەکایەتخوان لە زاری (سۆزان)ەوە روانینی مامۆستا(سەلام ئاشتی) سەبارەت بە شۆڕش پێشکەش دەکات و ئەوە دەردەخا کە ئەم روانینەی جیاوازە لەگەڵ ئەوکاتەی کەخۆی لە شاخ بووە، پەشیمانی پێوەدیارە. حەکایەتخوان لە لاپەرە (٣٤٣) دا لە زاری سۆزانەوە دەڵێت: ((لە بیرمە ئەو پیاوە سەرەتای بەهاری حەفتاوچوار لەگەڵ هاوڕێیەکانی گفتوگۆی لەبارەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشەوە دەکرد و دەیگوت باوەڕی بە رێگای چەکداری نەماوە.. پێی لەسەر ئەوەش دادەگرت، کە شۆڕشێکی ئاوا زۆر ناخایەنێت و هەرەس دەهێنێت... ئەو بۆچوونە لای هەموویان سەیر و چاوەڕواننەکراو بوو و ڕەخنەی توندیان لێی دەگرت، تەنانەت بابە بەترسنۆک و ڕووخاو لە قەلەمی دا)) دواتر لەکۆتایی پەرەگرافەکەدا(واتا لە هەمان لاپەرەدا) (سۆزان) لە رێگەی بیستنەوە هۆکاری ئەم روانینە پێچەوانەیەی (مامۆستا سەلام ئاشتی)مان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش سەرپشککردنی (مامۆستا سەلام ئاشتی) یە، لەلایەن خۆشەویستەکەی، کە پێی گوتووە یان دەبێت واز لە خۆشەویستییەکەیان بهێنێت، یان نابێت چەک هەڵگرێتەوە، بۆیە (مامۆستا سەلام ئاشتی) بۆ لەدەستنەدانی خۆشەویستەکەی پشت لە خەباتی چەکداری دەکات، کە پێشتر بەدڵ و بەگیان لـەگەڵی بوو، سۆزان دەڵێت: ((لە زمانی (سامیە خان)ەوە بۆم دەرکـەوت ئـەو پێی گوتووە

(١)بڕوانە:جاناتان کالر: نظرية ادبي،ت: فرزانە طاهری، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٥، ص١١٧.

ئەگەر بچێتە شاخ، پەیوەندی لەگەڵ دەبڕێت...)).

رۆماننووس دەتوانێت لەڕێگەی حەکایەتخوانەوە روانینی کارەکتەرەکان درک پێبکات،بۆ ئەوەی خۆیان باسی بکەن. لەو کاتەی کەنووسەر نایەوێت کارەکتەرێک بە هەر پاساوێک خۆی بدوێ لەبری ئەو حەکایەتخوانێک دێت ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی کە کارەکتەرێک بیەوێت شتێک بیرخۆی بخاتەوە دوایی لەم بیرخستنەوەیە بەچەند دەستەواژەو ڕەمزێک لە جۆری روانینی ئەم کارەکتەرەمان نزیک دەخاتەوە، بۆ نموونە لە رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا لەکاتێ باسی (ڤیان)ی خوشکی نووسەری ناوەوەی دەقدەکرێ لەوە تێدەگەین کە هەڵگری بیرێکی توندڕەوانەیە، ژیانی پێکەوەیی قبووڵ نییە، ئەوکەسانەی هاوبیری خۆی نین، واهەستدەکات پێویستدەکات لەگەڵیاندا نەژێت، جا با نزیکترین ئەندامەکانی خێزانەکەیشی بن، بۆیە لەلاپەڕە (٤٤١)دا دەڵێت: ((دوایی بۆم دەرکەوت ڤیان خانووی نەکڕیوە، بەڵکو چووە لای پوورێکی باوکم ژوورێکی گرتووە... لەڕێگەی دەستەخوشکێکیەوە بووەتە ئەندامی یەکێ لە گروپە ئیسلامییەکان... ناوی (خەولە)یان لێناوە و لەلیستێکدا نووسیویانە، بۆ ئەوەی زۆر خێرا بە شووی بدەن...ڕۆژێکیان مژدەی دەدەنێ، کە مێردێکیساڵحی بە قیسمەت بووە... وەک دوایی بیستم، بەهۆی ئەوەی بارودۆخێکی تایبەتی هەبووە، نۆرەبڕیان بۆ کردووە... من کاتێ لای ماڵی خۆمان بە جبەو سەرپۆشەوە بینیم لە دوای پیاوێکی بەتەمەنی ڕیش درێژەوە دەڕۆیشت، نەمناسییەوە...)). ڤیان لە فرۆشتنی خانووی ماڵی باوکی مەبەستی خانوو کڕین نەبووە، بەڵکو ویستوویەتی لەگەڵ براکەی ژیان بەسەر نەبات. سەرباری ئەوەی کە لەبارەی ڤیانەوە نووسراوە دەکرێ لەم وەسفەی ڤیان و مێردە پیرە ڕیشدارەکەی هزری گروپە ئیسلامیەکانیش ببینین کە لەجۆری جل و بەرگ و شێوازی ژیانیان دیارە، تەنانەت جۆری ئەو ناوانەی لەخۆشیان دەنێن دەبێت مورکێکی ئاینییان پێوە بێت، بۆیە (ڤیان) ناوێکی کوردی تابلێی خۆشە، بەڵام دوای پەیوەندی کردن بەم گروپە توندڕەوە دەیگۆڕن بۆ (خەولە).

لەکاتێک ئەو گروپە توندڕەوانە دەسەڵاتیان لە دەست نییە و بێ هێزن، ئەوا روانینەکانیان لە شێوەی ئامۆژگاری و ئەرکێکی ئایینیدا دەردەبڕن، بەڵام ئەو کاتەی هێزیان لەدەست دایە ئامادەن لەپێناو روانینەکانیان تەواوی هێزیان بەکار بهێنن، بۆ ئەمەش پەنا بۆ کوشتن و تەقاندنەوە دەبەن. نووسەری نێو دەقەکە لە دەمی (ژالین)ەوە کە یەکێکە لەکارەکتەرەکان، وەک خوێنەری نێو دەقەکە ئامادەیە. دێت و باسی

روانینی گروپێکی توندڕەو دەکات، کە روانینەکانیان دەلالەتە لەسەر ئەوەی گروپە توندڕەووەکان لە پلەیەکی نزمی بیرکردنەوەدا بیردەکەنەوە، لەڕێگەی حەکایەتخوانی کەمشتزانەوە ئەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە و لەلاپەڕە (٤٤٧) دەڵێت: (( (ژالین) گوتی دوای ڕاپەڕین گەڕاونەتەوە... دایکی دەزگایەکی چاپ و باوکی کلینیکێکی گەورەی داناوە، تاقمەکەی (مەلا موسەننا عەبدولئەحەد گێوەژووکی) هەڕەشەیان لێ کردوون، بەتایبەتی لە دایکی، کەپێیان گوتووە ئەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە نابێت و پێویستە لەسەری تۆبەیش بکات، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەداون، تاکو دواجار چ کلینیکەکە و چ دەزگای چاپەمەنییەکەیشیان تەقاندووەتەوە...)). ئەم گروپە دژی کردنەوەی نۆرینگەی پزیشکی و دەزگای چاپەمەنین کە ئەم دوو ناوەندە هۆیەکن بۆ بەرەو پێش بردنی هەر وڵاتێک، بەڵام ئەوان مادام لە ئاییندا باس نەکراوە و مەترسی لادان لە ئایینیان لێدەکرێت ئەوا بە حەرام و گوناهی گەورەی دەزانن، ئامادەن لە پێناو لەناوبردنی ئەم شوێنانە تەواوی هێزیان بەکاربهێنن.

**رۆمانی کازینۆی منداڵان:**

لەرۆمانی (کازینۆی منداڵان) یشدا، (کاروان عومەر کاکەسوور) تەواوی حەکایەتخوانەکانی بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان بەکارهێناوە، لەڕێگەی ئەم حەکایەتخوانانەیشەوە روانینەکانی خستووەتە روو، بۆنموونە بۆ پێشکەشکردنی جیاوازی نیوان روانینی کارەکتەرەکان لەرێی حەکایەتخوانی کەمشتزانەوە باسی ئەو خاڵە جیاوازەی نێوان (سوهاد) و (وریا)ی برای دەکات، جیاوازی نێوان ئەو دوو برایە لەوەدایە (وریا) هەمیشە ئەو شتانە سەرنجی ڕادەکێشن کە خێرا تێدەپەڕن، بەڵام (سوهاد) بە پێچەوانەوە رقی لە هەموو شتێکی تیژڕەو بووە، ئەو جیاوازییە کاریگەری لەسەر روانینی گەورەیشیان دەبێت، کە وریا هەرگیز بۆ رابردوو ناگەڕێتەوە، هەمیشە دەیەوێت لەزەمەنێکدا بژێت تیژ تێپەڕێت، کەڕۆشتیش ئەو بۆی نەگەڕێتەوە، بەڵام (سوهاد) ئەگەر لەبۆی بکرێ لێناگەڕێ زەمەن تێپەڕێت، نەک هەر خێرا بڕوات.لەبەر ئەوە هەمیشە هزرێکی (نۆستەلۆژیانەی)[*] هەیە، هەردەم پەیوەستی دەکات بەڕابردووەوە، لەبارەی ئەم هەست و

(*) نۆستالۆژیا: ئارەزوو یان حەزێکی سەخت و نا سروشتییە بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ شوێنێک یان زەمەنێک لە رابردوو...، خەم خواردن و رەنجکێشانە لە دووری زێد و، خانەوادە و، کەسە نزیکەکان، دەردی غوربەتە.
بروانە: غلامحسین صدری افشارو دیگە: فرهنگ معاصر فارسی یک جلدی،مؤسسة فرهنگ معاصر،چاپ پنچم،١٣٨٧، ص١٢٥٥.

هەڵوێستەوە حەکایەتخوان لەلاپەڕە (٥٧)دا دەڵێت: ((ئەوەندەی لا روون بوو، پێچەوانەی (وریا)ی برای ڕقی لەهەرشتێک بوو، ئەگەر خێرا بڕۆیشتایە... تابۆی بکرایە لەو شتانەی نەدەڕوانی، کە بەتیژی تێدە پەڕین)).

گەمەی گۆڕینی حەکایەتخوان لە هەمووشتزانەوە بۆ کەمشتزان، دواتر بۆ هەمانشتزان لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا بەوردی کاری لەسەر کراوە، هیچ حەکایەتخوانێک ناتوانێت تا سەر حەکایەتخوانی بکات، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆمانێکی فرە روانینە، ئەو فرە روانینییە وای کردووە فرەیی لە حەکایەتخوانەکانیشدا دروستببێت، بۆیە لێرەدا روانینێک دەبینین لە ڕێگەی حەکایەتخوانی هەمانشتزانەوە بە راناوی (من) پێشکەشکراوە، کە روانینی (وریا) یە لەبارەی ئەنجامی ئەو کێشانەی کە مرۆڤ بە قووڵی بیریان لێدەکاتەوە خراوەتە ڕوو، ئەو پێی وایە نابێت ئەوەندە قووڵ بیر لە کێشەکان بکەینەوە نەبادا ئەنجامی رووکەشمان دەستکەوێت، بۆیە بە پێویستی دەزانێت بەشێوەیەکی سەرپێیی بیر لە کێشەکان بکەینەوە بۆئەوەی ئەنجامی دروستمان دەستکەوێت. دەرخستنی ئەو ڕوانینە لەکاتێکدایە کە (وریا) خۆی بەچەند کێشەیەکەوە گیرۆدەیە، بەڵام ئەو بە زیادبوونی کێشەکان دڵخۆشە، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا ناتوانێت بە قووڵی بیر لە تەواوی کێشەکان بکاتەوە، لەبەر زۆری، بەقووڵی ناپڕژێتە سەر هەموویان. کێشەکانیشی پەیوەندییان هەم بە کوشتنی (ئارۆن)ەوە هەیە، (ئارۆن) ئەو کەسەیە وەک باوکێک لەخۆی گرتووە، لەگەڵ کێشەی ئەو سەرەمێکوتانەی کە لەسکی (گوڵدان)ی داناون، کێشەی نوێشی دەرکەوتنی بکوژی باوکی راستەقینەی خۆیەتی و لەلاپەرە(١٤١) دەڵێت: ((بە ئەزموون بۆم دەرکەوتووە ئەو کێشانەی بە چڕی بیریان لێدەکرێتەوە، ئەنجامی ڕووکەش و هەڵخەڵەتێنەریان دەبێت...)).

(پەریهان) ئەو کارەکتەرەی لە ئەنجامی جووتبوونی پیاوێک و مانگایەک بەرهەمهاتووە ئاگاداری شێواز و ژیانی خێزانەکەیەتی کە لە دووجۆر بوونەوەری جیا پێکهاتووە، بۆیە بە ووردبوونەوە لەو جۆرە ژیانەی کەلە نێوان ئەو دوو هاوسەرەدا هەیە، ئەو بەو بڕیارە دەگات کە باشترین جۆری هاوسەرگیری ئەوەیە لەنێوان مرۆڤ و گیانلەبەر ئەنجامبدرێت، ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە پەیوەندی وادا تەنیا ئالوودەبوون بوونی هەیە، ئالوودەبونێک بێ بوونی سۆز و خۆشەویستی، لەبارەی ئەم جۆرە هاوسەرییەوە حەکایەتخوان لە زاری پەریهانەوە لەلاپەڕە (١٩٧)دا دەڵێت: ((ئێستا نەک هەر باوەڕ دەکەم،

بەڵکو پێم وایە چاکترین پێوەندیی هاوسەرگیری، ئەوەیە، مانگایەک و پیاوێک، یان ژنێک و گایەک دایبمەزرێنن، بەوەی دەتوانن پێکەوە بژین، بێ ئەوەی ئەمیان ئەویانی خۆشبوێت... ئاڵوودەی یەکتر دەبن، لەکاتێکدا سۆز لە نێوانیاندا نییە)). ئەم روانینە ئەگەرچی لەسەر هزرێکی ئەفسانەیی هەڵچندراوە، بەڵام لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم کچە، واتا (پەریهان) وەک رۆژنامەنووسێک هەمیشە دەبینێت هاوسەرەکان ناکۆکن لەگەڵ یەکدی، نەگونجاون، بۆیە ئەم کارەکتەرە بیردەکاتەوە بۆ بەدیلی هاوسەرگیری نێوان مرۆڤەکان، بە رای ئەو جێگرەوەی ئەو هاوسەرگیرییە، ئەوەیە مرۆڤ هاوسەرگیری لەگەڵ گیانلەبەرەکانی دیکەدا بکات، تا کێشەی هاوسەرگیری نەمێنێ.

لەرۆمانی(گازینۆی منداڵان)دا، گەڕەکێک بەرچاو دەکەوێت کەلەسەر شێوەی دێڕە شیعرەکانی (ئاگرباز)ی شاعیر بنیاتنراون، (ئاگرباز) هەرچی روانینێکی لەناو شیعرەکانی مەزراندبێت ئەوا کاردانەوەی لەسەر جۆری خانوو، و کۆڵانەکان دەبێت، بۆیە بەهۆی شێوازی دروستکردنی خانووەکانەوە دەگەین بە روانینەکان. (مەردان خوداداد) کە خاوەنی دروستکردنی گەڕەکەکەیە، خانووی جۆراوجۆر لەسەر ڕوانینەکانی نێو دەقی شیعرەکانی (ئاگرباز) هەڵدەچنێ. حەکایەتخوانی کەمشتزان لەلاپەڕە(٢٣٤) دا لەبارەی ئاوێنەوە، روانینی (خوداداد) ئاشکرادەکات و دەڵێت: (("مەردان خوداداد" ناهێڵێت ماڵەکە ئاوێنەی تێدابێت، گوایە (ئاگرباز) پێی وایە ئاوێنە، ئینجا گرنگ نییە قەبارەی چەندە، شێوەی چۆنەو چ جۆرێکە، خەیاڵی مرۆڤ دەکوژێت و وێنەیەکی ساختەیشی لەبارەی خۆیەوە دەداتێ، کە ئەمە وا دەکات مرۆڤ بەردەوام لە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی دووربکەوێتەوە))، کەواتە بۆیە مەردان خوداداد رازی نابێت ئاوێنە لەماڵەکانی گەرەکی ئاگرباز هەبێت، چونکە ئاوێنە لە وێنەی ڕاستەقینەی خۆمان دوور دەخاتەوە، ئەوەی لە ئاوێنە دەیبینین خودی خۆمان نییە، بەڵکو وێنەیەکە ئێمە لە ئاوێنەکەدا بۆخۆمان دروستی دەکەین، ئەمەش وادەکات هەمیشە بەدوای وێنەی ڕاستەقینەی خۆماندا بگەڕێین، وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەبێت تەنیا لە خەیاڵدا هەڵگیرێت، چونکە وێنەی ڕاستەقینە هەم یەک وێنەیە و هەمیش جەوهەری خودە، بۆیە ناخرێتە سەر کاغەز و هیچ شتێکیش ئەو وێنەیەمان پیشان نادات، کەواتە ئاوێنەش بەلای (ئاگرباز)ەوە پەسند نییە و لەشیعرەکانیدا هێرشی دەکاتە سەر.

لایەنی دەروونی مرۆڤەکان زیاتر لەهەر شتێک کاریگەری لەسەر روانینیان دەبێت، هیچ روانینێک بەدەرنییە لەو کاریگەریانەی کە دەروونی خاوەن روانینەکە هەیەتی، بۆیە بەر لەوەی باسی گێڕانەوەی

روانینەکانی (پەلکشان) بکەین بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ و چۆنیەتی ژیان، دەبێت سەرنج لەکۆی ژیانی ئەم ئافرەتە بدەین، کەروانینێکی شەڕانی هەیە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەزەیی و سۆزدا نییە، ئەم کارەکتەرە بەچاوی خۆی کوشتنی باوک و براکەی دیوە، خۆی و دایکیشی وەک کەنیزەی شەڕ رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ، بەم هۆیەوە دواجار دایکی لەبەر چاوی ئەو خۆی دەخنکێنێت، ئەویش هەوڵی زۆر دەدات بۆ هەڵاتن، بەڵام ناتوانێت، هەوڵەکانی سەرناگرن، بۆیە دەیکەن بەژنی ئەو پیاوە پیرەی کە کوڕەکەی بەدەستی برای (پەلکشان) کوژراوە، بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێت بەردەرگاش ببینێت. ئەمانەش هەمووی وەک لەلاپەرە (٢٢٢)دا باسکراوە هۆکارن تا(پەلکشان) هەوڵی کوشتنی ئەو مێردە پیرەی بدات، لەسەر شێوەی چیرۆکە تەقلیدییەکان دەیکوژێت و خۆی دەگەیەنێتە ئەو شارەی کەگەڕەکی(ئاگرباز)ی تێدایە. هەرکەسێک بەم شێوەیە تێکەڵ بەخەم و ئازارەکانی ژیان بکرێت، لایەنی دەروونی کێشەی بۆ دروستدەبێت، ئەگەر زۆر وریایانە رەفتار نەکات مرۆڤێکی دڵڕەق و شەڕانی لێ بەرهەم دێت، بۆیەئێستا ئاسانتر لەروانینە شەڕانییەکانی(پەلکشان) تێدەگەین لەپەروەردەکردنی منداڵەکانی و چۆنیەتی رەفتارکردنیان رەنگی داوەتەوە. حەکایەتخوانی کەمشتزان وەک (شایەتێک) رووداوەکانی بینیوە و بیستووە، کە روانینە شەڕانییەکانی (پەلکشان)مان، لەلاپەڕە(٢٦٦)دا بۆ دەگێڕێتەوە: (("پەلکشان" بە سێ سک و لەماوەی پێنج ساڵدا شەش کوڕی دەبێت ... هەمووشیان چاویان سوورە ...ناویان نانێت، چونکە پێی وایە ناو مرۆڤ میهرەبان دەکات...)).

حەکایەتخوان باسی ئەوە دەکات کە(پەلکشان) بڕوای وابووە ئەو منداڵانەی باوکیان نییە ئازاترن لەوانەی کە باوکیان هەیە، بۆیە ئەم بیروباوەڕانە، (پەلکشان) دەگەیێننە ئەوەی مێردەکەی خۆی بکوژێت، تاکو منداڵەکانی چاونەترس دەربچن. لەڕێگەی حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە،کە لەلاپەڕە (٢٦٧) دا دەڵێت: ((باوکیان چەند مانگێ دوای لە دایکبوونی دوانەی سێیەم دەمرێت... نەخێر، وەک من بزانم (پەلکشان) خۆی دەیکوژێت، بەوەی پێی وایە منداڵی بێباوک لەو منداڵانە ئازاترن، کەلەسایەی باوکدا پێدەگەن... دەڵێت هۆکارەکەی پەیوەندی بەسایکۆلۆجیاوە هەیە، چونکە ئەوان کاتێ ڕاستەوخۆ و تەنیا بە دایکەوە دەبەسترێنەوە، خۆیان هەم بە باوک و هەم بە کوڕ دەزانن...)).

**ڕۆمانی ماڵی نانی:**

لەڕۆمانی (ماڵی نانی) یش هاوشێوەی ڕۆمانەکانی دیکەی (کاروان عومەر کاکە سوور) هەموو حەکایەتخوانەکان بەشدارن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، هەرجارەو حەکایەتخوانێک روانینەکان پێشکەش دەکات. لەلاپەڕە(١٥٥)دا حەکایەتخوانی هەمووشتزان باسی گرنگی نەوت و بەنزین دەکات لەسەردەمی شەڕدا، لەوڵاتێکدا کە جگە لەنەوت هیچ داهاتێکی دیکەی نییە، نەوت لەهەموو کاتێکدا بایەخی دەبێت چ جا لەشەڕدا، بەڵام بایەخی نەوت و بەنزین لەکاتی شەڕ دەگۆڕێت لەبایەخێکی ئاساییەوە بۆ بوون بە سیمبول، چونکە ئەگەر وڵات بتوانێت لەکاتی شەڕیشدا بەرهەمی نەوت دەربهێنێت و بیگەیەنێتە خەڵک ئەوا بەمانای براوەیی دێت، بۆیە حەکایەتخوان لەزاری (ئامانج)ی کارەکتەرەوە دەڵێت: ((لەسەردەمی شەڕدا نەوت وبەنزین بایەخی تایبەتیان هەیە...نە دەرهێنان و نە گەیاندنیان بە هاوڵاتییان ئاسانە... ئەمە بێجگە لەوەی ئەم دووانە وەک سیمبۆڵی سەربەرزی وڵات سەیر دەکرێن...)).

حەکایەتخوانی کەمشتزان ناتوانێت بە هەموو نهێنیەکان بگات، بۆیە دەبێت لە دەمی خاوەن روانینەکەوە روانینەکەی پێگەیشتبێت یان ئەوەتا زانیارییەکانی تەواونین، واتا حەکایەتخوانی کەمشتزان ئەگەر کارەکتەرێک کۆمەکی نەکات ئەوا مەحاڵە بتوانێت زانیاری تەواو بگەیەنێت، ئەوە وادەکات لەوە تێبگەین ئەوەی ئەم روانینە دەگوازێتەوە حەکایەتخوانی کەمشتزانە. (ڕێدوور سەلما) چەندین روانینی تایبەتی هەیە کەلە ئەزموونەکانی ژیانی خۆی بۆی دەرکەوتووە جا ئەو روانینانە دروستبن یان نادروست. حەکایەتخوانی کەمشتزان لەرێی (ئامانج)ی هاورێی ئەوەوە بە خوێنەری دەگەیەنێت، بۆنموونە (رێدوور سەلما) پێی وایە ئەوانە گۆرانیبێژی چاکن، لەسەرەتادا خوێن بە لێویاندا هاتووەتە خوارێ، بۆیە هەرکاتێ خوێن لە دەمی دێتە خوارێ ئەوا دڵخۆش دەبێت بەوەی ئایندەیەکی باشی دەبێت، نە سەردانی دوکتۆر دەکات نە دڵیشی توند دەبێت، بەڵکو لە دوای هەر خوێن لە دەم هاتنێکەوە شمشاڵەکەی دەژەنێت، بەوپەڕی گەشبینییەوە داهاتووی خۆی وەک گۆرانیبێژێکی نایاب دەبینێت. لەلاپەڕە(١٦٧)دا حەکایەتخوانی کەمشتزان لە زاری (ئامانج)ی کارەکتەری سەرەکییەوە ئەو روانینەی (رێدوور)مان پێڕادەگەیەنێت کە دەڵێت: ((خوێنی دەمی ئەو بە پێچەوانەوە زیادی کردووە... هەتا ئەو خوێنەیش پتر بە دەمی بێتە خوارێ، زیاتر گەشبینی پێوە دەردەکەوێت و وادەزانێت

دەبێتە گۆرانیبێژێکی نایاب... وەک ئەوەی پێی ڕاهاتووە شمشاڵی لە عارەبانە دەردەهێنێت و بەردەوام دەیژەنێت...)).

لەبەشی سێیەمی ئەم ڕۆمانەدا باسی گوندێکی سەربازی کراوە کەناوی (حنظلة)یە، خەڵکی ئەم گوندە نە خەریکی مەڕدارین و نە خەریکی کشتوکاڵن. ئەم بایەخ نەدانەش بە لایەنی کشتوکاڵ و مەڕداری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەیان خەریکی سەربازین و پلە دارن، منداڵانی ناو بێشکەشیان بەسەرباز ناونووسکردووە. لە گوندێکی ئاوادا بێگومان روانینی هەریەک لە تاکەکانیان روانینێکی سەربازییانە دەبێت، ئەوەی بیری لێدەکەنەوە تەنیا لە چوارچێوەی کارەکەیان دەبێت. لە گوندی ئاوادا شتەکان زوو ناگۆڕێن، هەمیشە دووبارە بوونەوەی شتەکان ئامادەیی هەیە، هیچ یەکێکیشیان دەست بەرداری داب و نەریتی باب و باپیرانیان نابن، بەچی ڕاهاتوون هەرئەوە دووبارە دەکەنەوە. لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بەوەکراوە کە تاڵانی یەکێکە لەو پیشانەی لەو گوندە بووە بەنەریت، نەک ناتوانن واز لە خودی تاڵانی بهێنن، بەڵکو ناتوانن دەستبەرداری شێوازی کلاسیکی ئەم کارەشبن تەنانەت ئەگەر هەشیان بێت، ئەمە وەک پاراستنی کلتووری خۆیان دەبینن، بۆیە حەکایەتخوانی هەمووشتزان وەک گێڕەرەوە و شیکەرەوەیەک ئەم بابەتەمان لەلاپەڕە(١٨٣)دا بۆ دەخاتە ڕوو: ((ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە، بە وڵاغی وەکو کەر و ئێستر دەچنە تاڵانی، لەکاتێکدا هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلەک لە گوند دەست دەکەوێت، بەتایبەتی لۆری و پیکاب، کەبۆ ئەوکارە زۆر گونجاون، بەڵام چونکە مەبەستیانەسیمای کلاسیکیانەی ئەو پیشەیە بپارێزن، ئەوا هەر پەنا بۆ وڵاغ دەبەن...)). زۆرجار ئەمە بووەتە هۆی کوشتنی چەندین ئەندامی ئەو گوندە، بەڵام مادام نەریتێکی کۆنە ناتوانن دەست بەرداری ببن.

ئەو گوندە، لەبەرئەوەی گوندێکی سەربازییە، بەڕێژەیەکی زۆر باشترین جۆرە چەکی لێدەستدەکەوێت، بەڵام ئەوانە وا ڕاهاتوون کاتێ بۆ تاڵانی دەچن تەنیا شمشێر لەگەڵ خۆیان ببەن بەوەی هەر لەکۆنەوە بەوڵاغ چوونە بۆ تاڵانی و تەنیا شمشێریشیان بەکارهێناوە، بەڵام چ شمشێرێک...!! لەو گوندە شمشێر بەهۆی ناولێنانیەوە هێزێکی سیحری پێدەبەخشرێ، دەبێتە هۆی کاراکردنی هێزێکی گەورە بۆ بەکارهێنەرەکەی لەکاتی شەڕدا، لەباسی ئەم بابەتەدا حەکایەتخوان لەلاپەڕە(١٨٤) دا دەڵێت: ((لەو هەموو چەکی وا زۆر، کەچی هەر شمشێر لەگەڵ خۆیان دەبەن... شمشێرەکانیش ناویان لێدەنرێت، کەئەمە نەریتێکی کۆنی بەدووە و نایانەوێت

دەستی لێهەڵبگرن... وەک دەرکەوتووە ناونانی شمشێر کارێکی بلیمەتانەیە، بەوەی ئەو پرۆسێسە هێزێکی گەورە بە هەڵگری شمشێر دەبەخشێت، بۆیە هەمیشە ناوی ئاژەڵی دڕندە و باڵندەی گۆشتخۆری بۆ هەڵدەبژێرن...)).

خەڵکی گوندی(حنظلة)، بەمەبەستی پاراستن و پاسەوانیکردن سەگیان کردووە بە بەشێک لە ژیانیان، کە زۆرترین کات خەریکی سەگەکانیانن، جگە لەبیرکردنەوە لە شەڕ و بوون بە سەرباز بیر لە هیچی دیکە ناکەنەوە، ئەمە وایکردووە گرنگی بە زۆر شتی بێ بنەما بدەن، بۆ نموونە ئەوان (کۆلا) بەسەگەکانیشیان دەدەن بەوەی دەڵێن سەگەکانیان بەخواردنەوەی (کۆلا) بە هێز دەبێت، سەگێک کۆلا بخواتەوە بەچاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن، حەکایەتخوانی هەمووشتزان ئەو ڕوانینەمان لەلاپەڕە (١٨٨)دا بۆ دەگوازێتەوە دەڵێت: ((هەندێک کەس هیچ سەرشێتییەک لەوەدا نابینن بیدەنە سەگەکانیشیان، بەوەی پێیان وایە بە هێزیان دەکات و لەنەخۆشیان دەپارێزێت... سەگێک کۆلا بخواتەوە، پایەی کۆمەڵایەتی بەرز دەبێتەوە و بەڕێزی زۆرەوە لێی دەڕوانرێت..)).

(گوڵگین) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە کە حەکایەتخوانی هەمووشتزان لەلاپەڕە (٢٨٢)دا ڕوانینی ئەومان سەبارەت بە(قەڵای هەولێر) بۆ دەگوازێتەوە و دەڵێت: ((پێی وایە ئەو زمانە چێژێکی تایبەتی هەیە... ڕاستییەکەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەردەوام هەوڵی داوە هەم پێی بخوێنێتەوە هەم پێیشی بنووسێت... ئاواتی ئەوەیە بگاتە ئاستێک، بتوانێت بەرهەمەکانی (موتەنەبی)، (ئەبو حەیان تەوحیدی)، (ئەبو عەلاء موعەری)، (ئیبن عەرەبی)، (ئیبن ڕوشد) و زۆری دی بەو زمانە بخوێنێتەوە، کە پێیان نووسراوە... هەموو ئەمانە و (گوڵگین) هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی هەولێر، دروستتر قەڵاکەی بخاتە سەرووی مووسڵ و شارەکانی دیکەی دەوروبەریشەوە)). ئەم ڕوانینەی (گوڵگین) بەشێوەیەکی بەرز لە ژیان ڕوانینە، ئومێدی گەیشتن بووە بە ڕۆشنبیرییەکی بێ وێنە، هەردەم حەزی کردووە نووسینی نووسەرە دەگمەنەکانی عەرەب بخوێنێتەوە، ئەگەرچی زمانی عەرەبی نازانێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە سەفەرەکەی لە نێوان هەولێر و مووسڵدا، هەولێر هەڵدەبژێرێت. ئەگەر ڕووەو موسڵ بڕۆیشتایە ئەوا لە مووسڵ دەیتوانی بە شێوەیەکی چاک فێری عەرەبی بێت، بەڵام(گوڵگین) هەولێر هەڵدەبژێرێت بەتایبەت قەڵاکەی!!، مادام (گوڵگین) مەبەستی گەیشتنە بە شارستانیەت و ڕۆشنبیری لەکاتێکدا کە قەڵای هەولێر شوێنی ڕۆشنبیری و شارستانیەتەکانە شوێنی ژیانە، بۆیە نەک ناچێت بۆ مووسڵ تا بتوانێت فێری عەرەبی بێت. لە ڕێگەی هاتنە هەولێرەوە دەیەوێت بە ئومێدەکانی بگات، هەولێر لە سەرووی شارەکانی دیکەی دەوروبەریش دادەنێت. دەزانێت کە لانکەی شارستانییەت و مرۆڤایەتییە.

**تەوەری سێیەم :**

**ج/روانینی کارەکتەر:**

لەرۆماندا کارەکتەر توخمێکی سەرەکییە، جووڵێنەری رووداوەکانە، لەئاراستەکردنی روانینەکاندا دەبێت بەچەق، زیاتر لەهەر توخمێکی دیکە، کارەکتەر، پەیوەستە بەجۆری روانینەکانەوە، بۆیە کۆی روانینی کارەکتەرەکانی نێو رۆمان روانینی تەواوی هەمان رۆمانەکەیە.

کارەکتەر لەرۆماندا دروستکەری جیاوازییە لە روانینەکاندا، چونکە لە کۆمەڵێک سیفاتی بایەلۆژی و دەروونی پێکهاتووە کە هی هەر کارەکتەرێک لە یەکێکی دیکە جیایە، بۆیە دەگۆترێ داب ونەریت و خۆشەویستی و زانین و هاوڕێیەتی و هەست و سۆز و غەریزەو مەیلە سێکسییەکان دەبنە هۆی جیاوازی روانین و بۆچوونی کارەکتەرەکان[1].

کارەکتەر بەشدارە لە دروستکردنی بنیاتی هزری و ئیستاتیکی رۆمان. ئەگەر رۆمان فرە روانین و فرە دەربڕین بوو، ئەم جیاوازی و فرەییە بۆ خودی کارەکتەرەکان دەگەڕێتەوە، چونکە((هەریەک لە روانینی خۆیەوە بە شێوەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لە ڕێگەی هەست و هەستەوەرەکانییەوە ئەم جیهانە دەبینێت))[2].

لەناو دەقی رۆماندا کارەکتەر بوونێکی سەربەخۆی هەیە، بۆ پاراستنی ئەو سەربەخۆییەش دەبێت روانینی خۆی هەبێت، جیاوازیشە لەگەڵ نووسەری دەقەکە، چونکە نووسەر لە دەرەوەی دەقدایە، بۆیە نابێت وابزانین (نووسەر و کارەکتەر) هەمانشتن، ئەگەرچی رەخنەی نوێ کەوتۆتە نێو ئەم هەڵەیەوە لە((هاوتاکردنی (نووسەر) و (کارەکتەر)ی خەیاڵی، بەو پێیەی کارەکتەر زمانحاڵی نووسەرە، یان جێگرەوەیەتی. ئەم کارە زۆربەی کات لە گێڕانەوە دانپێدانییەکان و رۆمانی ژیاننامەییدا دەبیندرێت))[3]، کەواتە کارەکتەر و نووسەر یەکشتنین لە هەموو حاڵەتەکاندا.. بۆیە باختینیش لای وایە دەبێت رۆماننووس کارەکتەری وا دروستبکات ئازادانە بجوڵێنەوە توانایان هەبێت دژی بووەستنەوە، یان ئەگەر پێویستبوو هاو ڕایبن[4].

---

(١)بروانە: ادوارد مورگان فورستر:جنبەهای رمان،ت:ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه،چاپ پنجم، تهران،١٣٨٤، ص٧١-٧٢.

(٢)ناصر نمر محي الدين:بناء العالم الروائي، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللازقية الطبعة الاولى٢٠١٢، ص٦١.

(٣) محمد يونس: الفطرة الروائية ،تموز للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠١٢،ص١٣٢.

(٤)بروانە: م.ن.باختين: قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكى، ت:د.جميل نصيف التكريتي، دار الشؤون العامة، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٨٦، ص١٠.

ئەگەر لەرۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) وردبینەوە، زۆربەی روانینەکان خاوەندارییەتییان بۆ کارەکتەرەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لە رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسە کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی زۆر ئازادانە بیردەکەنەوە و رەفتاردەکەن، سەرنج لە هەر کارەکتەرێک بدەین دەبینین کە جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و روانینی لەگەڵ ئەوانیدی جیایە، هیچ بەربەستێکیش لـەبەردەم پێشکەشکردنی روانینەکانیاندا نییە، بۆیە زۆرجار لە جۆری روانینەکانیاندا دژایەتی لە نێوان کارەکتەرەکاندا بەدی دەکرێ، ئەوەش هەندەی دی رۆمانەکانی ڕووەو ئاراستەیەکی نوێخوازی و سەردەمییانە بردووە.

**رۆمانی ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!:**

لەم رۆمانەدا کارەکتەری سەرەکی (نەوال) حەزی لە دیاریکردنی رۆژی لە دایک بوونی منداڵ نییە. ئەم نا حەزییەشی لەوەوە هاتووە کە بەپێی یاساکانی وڵات ئەوەی جمکی منداڵی ببێ دەبێت یەکێکیان لەناو ببرێت. رۆماننووس لەلاپەرە(١٢)ی رۆمانەکەدا دەڵێت: (("نەوال" هەر لەبنەڕەتا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کاتی لەدایک بوونی منداڵ دیاری بکرێت و ڕۆژەکانی بۆببژێرێت.. هەربۆیەش پێی خۆشنەبوو مێردەکەی ئەو ڕۆژژمێرەی هەڵواسیبوو و هەرچەند سەیریشی دەکرد، خەفەتی دەخوارد و ماتەمینی دایدەگرت..)) کەچی مێردەکەی نەواڵ بە پێچەوانەی نەوالەوە بە حەزێکی زۆرەوە رۆژ بەرۆژ خەریکی ژماردنی تێپەرینی رۆژەکانبوو، تا بگات بە کۆرپەکانی، بەڵام ترس و پێشبینییەکانی نەوال لە جێکەی خۆیدابوو بەوەی دوای لە دایک بوونی دوانەکەی یەکێکیان کردە قوربانی و تەنیا یەکیکیان هێشتەوە، نەوالیشیان بەکوشتن سزاداوە، بەوەی کە دووانەی بووەو لە حکوومەتی شاردووەتەوە.

هەروەها نەوال لەلاپەڕە (١٩) دا باسی هەستی جوانی و روانینی هاوسەرەکەیمان بۆ دەکات و دەڵێت: ((تەمەنی مرۆڤ بەوە حیساب ناکرێت چەند ساڵ ژیاوە، بەڵکوو دەبێت ئەوە بزانین لەو چەند ساڵەی ژیاوە چەند هەستی بە جوانی جەستەو رۆحی خۆی کردووە)). تەواوی ژیان لە جوانیدا دەبینێت ، چونکە هەرکات هەست بە جوانی نەکەین کەواتە ئەوکاتە نەژیاوین، هەستکردن بە جوانی تەنیا لایەنی جەستە ناگرێتەوە، بەڵکو جوانی روحیشی مەبەستە، هەستکردن بە جوانی تاکە پێوەری ژیانە، بۆیە دەبێت مرۆڤ هەردەم هەستی جوانبینی خۆی چالاککاتەوە بۆئەوەی هەردەم بە جوانی بژێت. ئەو کاتانەی مرۆڤ لە

**ناخۆشیشدایە پێویستە جوانی لە بیر نەچێت، لەهەمان لاپەڕە بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت: ((هەرگیز باوەڕی وانییە مرۆڤ لەکاتی ناخۆشی و پەشێوییدا دەست لە خۆڕازاندنەوە هەڵگرێت و بەلاوەی بنێت)).**

**دیالۆگ زیاتر لە هەر توخمێکی دی دەتوانێت، روانین و کارەکتەر لە یەکتر نزیک بکاتەوە، بەو پێیەی دیالۆگەکان دوورن لە دەستێوەردانی رۆماننووس، چونکە لە دیالۆگدا دەسەلاتەکانی نووسەر تا ئاستی لەناوچوون کەمدەبێتەوە، بوار لەبەردەم کارەکتەرەکان دەرەخسێت تاخۆیان گوزارشت لە روانینەکانی خۆیان بکەن و ببن بەخاوەن دەنگی تایبەت بەخۆیان[1] بۆیە دیالۆگ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە دەنگی کارەکتەر دەزاندرێت.**

**دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان دەبێتە هۆی دەرخستنی جیاوازییەکانیان، بۆیە لە دیالۆگەکاندا دەتوانین زیاتر لەروانینێک لەنێو کارەکتەرەکان لەبارەی شتێکەوە یان لەبارەی بابەتێکەوە ببینین، بۆیە دیالۆگ، رۆمان نزیکدەکاتەوە لە شانۆ بەوەش: ((هەموو چین و توێژەکان یان جەند نەتەوەیەک یان چەند ئایدیۆلۆجیا و مەزهەبێک کۆدەکاتەوە، ئیتر ئەو شوێنە لەلایەک دەبێتە مەیدانی پێکەوە ژیان و لەلایەکی تریشەوە دژایەتی و ململانێکانی تێدا توندتر دەکرێنەوە))[2]. لە رۆمانی (ئای لەڤیایا لەڤیلیا..!!)دا بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە دیالۆگدراوە و روانینی پێچەوانەو دژیەکیشی تێدا بەرچاو دەکەوێت. لە گفتوگۆی نێوان (فەریال) و (نەوال) و دایکیان، جیاوازی روانینی (نەوال) و (فەریال)مان بەر دید دەکەوێت، لەلاپەڕە (٨٤)دا دەڵێن:**

**((توخوا دایکە بەڕاستیتە یان گاڵتە دەکەیت..؟!**

**-بەڵێ، بەڕاستیمە..مەکر و گێلاخەشم ناوێت، دەمەوێت بزانم ڕازیین، یان نا..؟!**

**"فەریال"لە خۆشیا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و توند توند باوەشی پیاداکرد.. دەستی کرد بە گریان و بە هیچ کلۆجێک ژێر نەدەبووەوە، کەچی"نەوال" پشتی تێکرد و چووە دەرەوە ..لەکاتێکدا دەرگا سپییەکەی بە قاییم جووتکرد و قاچی بردە دەرەوە ، تا هێزی تیابوو هاواری کرد و وتی :**

**-ئەگەر شوو بکەیت بە مامە سیامەندم، خۆم دەکوژم)).**

---

**(١)بڕوانە: بشير القمري: مفهوم التناظر-تحديات نظرية ،مجلة شؤون ادبية ،العدد١١،الشارقة ،١٩٩٠،ص٢٠.**

**(٢)سەباح ئیسماعیل: چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤١.**

(فەریال) ئەوەندە ئەو هەواڵەی لاخۆشە کەفرمێسکی خۆشی لە چاوەکانی کۆتاییان نایەت، کەچی(نەوال) بە پێچەوانەوە دەڵێت: ئەگەر وابێت (واتا شووبە مامە سیامەند بکەیت) ئەوا من خۆم دەکوژم.

هەر لەڕێگەی دیالۆگەوە روانینێکی تەمەنی منداڵی (نەوال) دەبینین کە لە بارەی مردنەوە لەگەڵ مامە شاسواری دەدوێت دیارە لە لایەن منداڵێکەوە ئەو روانینە دەربڕاوە ئەمە زیاتر لەگەڵ قسەکانی (شاسوار) ڕووندەبێتەوە، کە لەلاپەڕە (١٢٢-١٢٣) دەڵێن:

((- بەڵام مامە شاسوار، خۆ من تۆم خۆشدەوێت، حەزناکەم بمریت.

-بۆچی شتە پیس تۆش دەزانی مردن چییە..؟!

-ئەی چۆن نازانم، خۆ من گەورەم، ئەمساڵ، کە هاوین تەواو بێت، وەکوو فەریال دەچم بۆ قوتابخانە.

-دەی باشە نەو نەو مردن چییە ..؟!

-نازانم..بەڵام خەڵک، کە دەمرن ڕەنگیان کاڵدەبێتەوە .

-ڕەنگیان کاڵدەبێتەوە..؟! کچێ تۆ ئەو قسانە لەکوێ دەهێنیت جنۆکە..؟!))

(مامە شاسوار) بەم دەربڕینانەی (نەوال) سەرسامە، سەیری پێدێت لەکوێوە ئەم شتانە لەبارەی مردنەوە دەزانێت، بەڵام (نەوال) کەتەمەنی دەگاتە شەش ساڵ خۆی لەلا گەورەیە .

لەم رۆمانەدا، هەرجارە و روانینی کارەکتەرێکمان پێدەگات، لەلاپەڕە (١٥٨) روانینێکی قووڵی (ست هالە)ی کارەکتەری لاوەکیمان بەر چاو دەکەوێت، کاتێ لەبارەی منداڵ بوونەوە قسە بۆ(شازە) دەکات و خۆیشی ئەم پرۆسەیە وەک تاوانی کوشتن تەماشا دەکات. (شازە) زۆر خۆی ئەزیەتداوە تا منداڵی ببێت، کەچی هەر نەیبووە، بۆیە دڵگرانە، بەڵام (ست هالە) سەیری بە (شازە) دێت، خەم دەخوات کە سەرکەوتوو نەبووە، لە هێنانە دنیای مرۆڤێک. لەلای (ست هالە) هێنانە دونیا وەک ئەوە وایە یەکێک بکوژیت، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە مرۆڤ مەحکومە بە مەرگ مادام هاتە دونیا دەبێت بشمرێت، هەریەکێکیش بەشدار بێت لە بوونی کەسێکی دیکە، ئەوا بەشدارە لەمەرگیشی، بۆیە دەڵێت : ((تۆ دەتەوێت پێمان بڵێیت زۆر داماو و گوناهیت، کەوا بۆ هاتنە دنیای مرۆڤێک ئازارت چەشتووە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاگات لێبێت، باسی تاوانی خۆت دەکەیت.. تۆ تاوانباری شازە.. هێنانە دنیای مرۆڤ وەکو کوشتن و لەناو بردنی وایە ئازیزم..))

**رۆمانی مامزێر:**

**لە رۆمانی مامزێر دا هەر کارەکتەرەو روانینی خۆی هەیە، ئەمەش کارەکتەرە سەرەکی و هەروەها لاوەکییەکانیش دەگرێتەوە. لەسەرەتادا دەکرێ ئاماژە بە روانینێکی (مامزێر)ی کارەکتەر بدەین، کە پەیوەستە بە ترسان لەحەقیقەتەکانی خۆی، دەکرێ ئەمە پەیوەستکەین بەناونیشانی خودی رۆمانەکەوە، لەلاپەرە (٣)ی رۆمانەکەدا هاتووە (مامزێر) ((وشەیەکی عیبریە، واتا زۆڵ)) مامزێری کارەکتەر هەمیشە هەوڵدەدات لە نهێنی ژیانی خۆی و ئەوانیدی بکۆڵێتەوە، بەڵام زۆر بەوریاییەوە ئەم کارە دەکات، چونکە دەزانێ حەقیقەتی ژیانی، حەقیقەتێکی تاڵە، ئەو حەقیقەتەش زانینی زۆڵیەکەیەتی. حەقیقەت لەلای مامزێر ترس هێنەو ناشتوانێت دەست بەرداری نهێنیەکان بێت، لە بارێکی دەروونی خەراپ دایە، بەهۆی ئەوەی پەراوێز خراوە و وەک دیلێک رەفتاری لەگەڵ دەکەن، تاکە ئەندامی خێزانەکەیەتی هیچ بەهایەکی نییە، کە ئەمانە هەمووی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆڵە، ئەگەرچی خۆی هیچ دەستی لە زۆڵیەتی خۆیدا نییە، بەڵام باجەکە هەمووی خۆی دەیدا، بۆیە هەردەم بە دزییەوە چاودێری براکەی دەکات، لە رادیۆ و تەلەفزیۆن گوێی لێڕادەگرێت، کتێبەکانی دەخوێنێتەوە، بەڵام هەرگیز نایەوێت ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵدا بکات، نەبادا حەقیقەتەکان بدرکێنێت، بۆیە لەلاپەڕە(٨)دا دەڵێت: ((هەرگیز شتێکی لەگەڵدا نەدەوتم..منیش نەمدەویست بیدوێنم، نەک هەرلەبەر ئەوەی زمانی ئەوم نەدەزانی، بەڵکو لەوەش دەترسام، ئەم بەو زمانەی من بێتە دەنگ و لەو ڕێگایەوە بە حەقیقەتەکان بگەم، کەئەمە بۆ من خۆی لە ترسێکی ئێجگار گەورەدا دەبینیەوە..))**

**چەمکی (ڕووتی)، ئەو چەمکەیە بەشێکی زۆری رۆمانی مامزێری لەسەر بنیاتنراوە، کە لە زمان و هزری (مامزێر)ی کارەکتەردا گوزارشتی لێکراوە. (بیبی کەناری)ش روانینەکانی هاوواتای روانینەکانی مامزێرە لەبارەی ڕووتییەوە، کە مامزێر بەخۆیی روانینی ئەویش پێشکەشدەکات. مامزێر کاتێک لەناو قەفەزدایە (ڕووتی) تاکە خەمی گەورەی ئەوە، تاکە هۆی ئازارەکانیشیەتی کە لەلاپەڕە(٢٠)دا دەڵێت: ((ئێستایش ئەوەی لەناو قەفەزەکەدا ئازارم دەدات، ئەوە نییە، کە من دیلم و نازانم چارەنووسم بەکوێ دەگات، بەڵکو ئەو ڕووتییەیە، بۆیە دەڵێم خۆزگە توند توند چاویان دەبەستم، وەکو چۆن لە ڕێگا چاوی سەرجەم دیلەکانی دیکەیان بەستبوو)). لێرەدا (ڕووتی) حیسێب بۆنەکردن و نرخ بۆ دانەنانە، چونکە جیا**

لەهەر هەموو دیلەکانی تر تەنیا ئەو بێ چاو بەستانەوە بەڕووتی خراوەتە ناو قەفەزەکەوە. ئەوە کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی ئەو کارەکتەرە هەیە، ئەگەرنا (مامزێر) وەک لە لاپەرە (٢٠)دا هاتووە، خۆی بڕوای وایە مادام ئێمە لەڕێگەی هێنانە بەرچاو هەست بە شتەکان دەکەین نەک لە ڕێگەی بینینەوە کەواتە هەموومان ڕووتین. چونکە ئەندێشە پەیوەستە بە جەوهەری شتەکانەوە نەک ڕووپۆشەکان، کە ڕووی شتەکان لە ڕێ ِگەی بینینەوە دەبیندرێن، کەچی کرۆکی هەر شتێ لە ڕێگەی هێنانە بەرچاوەوە هەستپێدەکرێت، بەڵام لەکاتێکی وادا (مامزێر) ڕووتی وەک تۆڵەیەک دەبینێت لەلایەن ئەوانەی خستوویانەتە ناو قەفەزەوە، بۆیە لە هەموو شتێک زیاتر ئازاری دەدات.

مامزێر هەر خۆی (لەهەمان لاپەڕە)دا روانینێکی (بیبی کەناری)مان بۆ دەخاتە ڕوو و دەڵێت: ((جل پۆشین شێوەیەکی دیکەی ڕووتیە... جل فۆرمی جەستەیە، بەڵام جەستە فۆرمی ڕۆح نییە... ڕۆح لەناو بینین دایە، نەک لەناو جەستە... ئەوە (بینین)ە کاتێ دەکەوێتە سەر جەستە، ڕۆحی تێدا دەخوڵقێنێت و هاوکاتیش ماهییەتی ئەو ڕۆحە دەردەخات...)). کەواتە پۆشین لە قاڵبدانی جەستەیە، بەڵام بەربەست نییە لە بەردەم بینینی روح، چونکە روح بە هیچ شتێ داناپۆشرێ، بەو پێیەی لە ناو هیچ شتێکدا بەرجەستە نییە، بەڵکو لەناو بینیندایە. جەستە تەنیا دەروازەیەکە بینین بەناویدا تێدەپەڕیت و روح دەخوڵقێنێت و ماهییەتی دەردەخات، کەواتە ئەوە رۆحە شێوە بە جەستە دەدات نەک بە پێچەوانەوە، بۆیە جل پۆشین و ڕووتی جیاواز نین مادام جل پۆشین هیچ کارناکاتە سەر ڕۆح. نەک هەر جل، بەڵکو جەستەش ناتوانێت ڕۆح داپۆشێت. کەواتە دەکرێ بپرسین ((پۆشین))چییە؟ لە روانینی (مامزێر)ەوە لەلاپەڕە(٢١)دا دەگەین بە وەڵامی ئەم پرسیارە کە دەڵێت: ((ئەگەر "ڕووتی" ئارەزوویکی بەردەوام بێت بۆ "پۆشین" ئەوا "پۆشین""ڕووتی"یەکی ئەزەلییە.. پۆشین نەبا کێ دەیزانی ڕووتی چییە...)). پۆشین ڕێگەیەکە بۆ بینینی (ڕووتی)، ئەو کاتە ڕووتی هەستی پێکرا کە پۆشین داهێندرا، کەواتە پۆشین و ڕووتی لە یەکدی جیانەکراوەن، یان دەکرێ بڵێین پۆشین درێژکراوەی ڕووتییە.

**ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان:**

کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) زۆر ئازادانە بیردەکەنەوە و گوزارشت لە روانینەکانیان دەکەن، لەئەنجامی ئەو ئازادییەوە کارەکتەرەکان تووشی دژایەتی کردنی یەکدی دەبنەوە،

که ئەمە نموونەی واقیعی کۆمەڵگەیە وەک چۆن هەمیشە ئاراستە هزرییە جیاکانی کۆمەڵگە دەکەونە ململانێ و یەکدی قبوڵنەکردن و ناکۆکییەوە، ئاواش ئەم ناکۆکییە خزاوەتە نێو رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ەوە.

ئەم رۆمانە باسی لەنسکۆی شۆرشی ئەیلول و دواتریش دروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەبات دەکات، بۆیە بەشێکی زۆری پەیوەستە بە بیروباوەڕی ئەم کۆمەڵەیە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ شۆڕش سوودیان لە بیری مارکسی وەرگرتووە، خەباتیان لە پێناو نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و بەیەکسانی دابەشکردنەوەی موڵک و مافەکانی مرۆڤ دەکرد. لەگەڵ شکاندنی ئەو کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییە کۆنانەی رێی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەی کوردی دەگرن. ئەم بیرکردنەوەیەش لەلایەن هەندێک چینی دیکەوە مایەی قبوڵکردن نییە، بۆیە لەم رۆمانەدا دووجۆرە بیرکردنەوەی سەرەکی دەبینین، دژ بەیەک دەوەستنەوە و بە شێوەیەکی زۆر زەق یەکدی ڕەت دەکەنەوە ئەویش (بیری مارکسی) و (بیری ئاینی)یە کە لەروانینی کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە درکی پێدەکرێت و رەنگی داوەتەوە.

لەڕێگەی حەکایەتخوانەوە بیر و باوەڕی ئاینیی کۆنی(مەلا عارەب عەبدولسەمەد) مان پێدەگات لەبارەی حەرامی وێنەو تەواوی ئەو ئامێرانەی کە دەبنە هۆی گواستنەوەی وێنە لەلاپەرە(١١٥)دا حەکایەتخوانی رۆمانەکە ئەم روانینانەی (مەلا عارەب عەبدولسەمەد) بۆ (ئازادی هەمین مامان)ی کارەکتەر ئاشکرا دەکات و دەڵێت: (("مەلا عارەب عەبدولسەمەد" لە رێگای ژنەکانیەوە بە دایکتی ڕاگەیاندبوو کارەبا بە هەر حاڵ، بەڵام نەکا بیر لەوە بکاتەوە شەیتانی یەکچاو بێنێتە ماڵەکەی، چونکە فریشتە ڕوو لە هیچ شوێنێک ناکات، ئەگەر تاقە وێنەیەکی تێدا بێت، چجای ئەو دەعبایە)).

(مەلا عارەب عەبدولسەمەد) وەک ئەرکێکی ئایینی لە زۆرشتدا قسەی خۆی دەکات، بۆیە لە کاتی دروستبوونی کۆمەڵەو ڕۆشتنی کوڕی خۆی بۆنێو ئەو گروپە، ئەم وەک پێویستییەکی ئایینی و دەربڕینی نیاز پاکی بۆ حیزبی بەعس، هەڵدستێ بە هێرشکردنە سەر ئەو گروپە و روانینی خۆی لەم بارەیەوە لەسەر (میمبەری مزگەوت) بەخەڵک ڕادەگەیەنێت، لە لاپەڕە (١١٧) داهاتووە: ((ئەو دەیزانی چەند سیخوڕێک لەلایەن ئەمن و موخابەراتەوە ڕاسپێردراون چاودێری ماڵ و مزگەوتەکەی بکەن، بۆیە بەردەوام نەفرەتی بۆ کوڕەکەی و بۆ ئەوانە دەنارد، کە دوای (مارکس) کەوتوون)). هەمیشە دژی هزری (مارکس) قسەی کردووە،

ئەگەرچی زانیارییەکانی هەڵەن لەبارەی مارکسیەتەوە، بەڵام لەقسەکانییەوە دەتوانین روانینی ئەو بەدی بکەین کە دژی هەموو گۆڕانکاری و هاتنە ناوەوەی هزرێکی غەیرە ئاینییە.

لە بەرانبەر دژایەتیکردنی هزری مارکسیدا، کەسانیکیش هەبوون دژایەتی هزری (مەلا عارەب عەبدولسەمەد)یان دەکرد، یەکێ لەوانە (شێرزاد ناجی) بوو. ئەم کارەکتەرە بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتی روانینەکانی مەلا عارەب و هاوهزرەکانی دەکرد. ئەو هەمیشە وەک شۆرشگێڕێکی مارکسیی دەبینرا، پەیڕەوی لەتەواوی بیرو ڕاکانی مارکس دەکرد، بۆیە کاتێ ئازاد هەلی بۆ دەرەخسێ تا بتوانێ بە فێڵ پارە لە ژنی (مەلا عارەب) وەربگرێت، (شێرزاد ناجی ) بەپەرۆشە بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەم کارە بکات، لەلایەک ئەمە زیانە بەر (مەلا عارەب) دەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە لە روانینی مارکسیدا هاتووە پارە ((خۆی لەخۆیدا، پێویستییەکی واقیعییە و ئابووری مۆدێرن خوڵقاندویەتی، هەروەها ئەمە یەکێکە لەو پێویستیانەی کە ئەو سیستەمە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی.))[1] بۆیە (شێرزاد ناجی) لەلاپەڕە (١١٩-١٢٠)دا ((پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە ئەوان تا لە توانایاندا هەیە دەبێت ئەو پارەیە لە ژێر دەستی مەلا دەربهێنن و بیخەنە خزمەتی شۆڕشی چەوساوەکانەوە)).

(شێرزاد ناجی) رەفتار و قسەو بیرکردنەوەی زۆر گونجاون، هەست بەوە دەکرێ ئەمە ئەوەندە کەسێکی واقیعی بێت ئەوەندە کارەکتەری رۆمانێک نەبێت، رۆماننووس زۆر بە قووڵی چووەتە ناخییەوەو زۆر هونەرییانە خوڵقاندوویەتی، بۆیە هەرکات قسە دەکات زۆر جدییەت بە قسەکانییەوە دیارە، وەک ئەوە وایە کەسێکبێت راستەوخۆ گفتوگۆت لەگەڵدا بکات، نەوەک رۆماننووسێک ئەو کارەکتەرەی خەڵقکردبێت. تەواوی هزرەکانیشی لەگەڵ ناسنامەی خۆی دەگونجێت، ئەوەش تایبەتمەندییەکی رۆمانی سەرکەتووە وەک (عەبدوڵا سەراج) ئاماژەی پێدەکات: ((هزر و باوەڕو هەڵوێستی نووسەر بەرامبەر بە ژیان و گەردوون و مەرگ و ئاین و...هتد، لە رێگەی کەسەکانەوە، بە ووشە، یان بە جوڵە داڕێژرابێت))[2]، بۆیە (شێرزاد ناجی) کاتێ وەک شۆڕشگێڕێک باسی خۆیدەکات لەوە تێدەگەین ئەو کارەکتەرە چەند بەعەشقەوە کار لە ریزەکانی شۆڕشدا دەکات، خۆی دەخاتە گەورەترین مەترسییەوە لەپێناو شۆڕش، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە

(١) ئەریک فرۆم: چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و:ئارام جمال سابیر، چاپخانەی چوارچرا ،چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠١١، ل٦٥.
(٢)عەبدولا سەراج: بەرەو.. ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان، ل٢٣.

**کەشۆڕش لە روانینی ئەوەوە بەرزترین بەهای هەیە، لەسەرووی گیانیشیەتی، بۆیە لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ(ئازادی هەمین مامان) لەلاپەڕە (١٤٦)دا دەڵێت: ((_ئازاد، وانەزانی من ژیانی خۆمم خۆش ناوێت... بەڵێ، زۆر خۆشم دەوێت، هەرلەبەر ئەوەیشە بەشایەنی ئەوەی دەزانم بەقوربانی شۆڕشی بکەم)). ئەم کارەکتەرە تەواوی روانینەکانی مۆرکی شۆڕشگێڕیانەی پێوە دیارە وەک سۆشیالیستەک بیردەکاتەوە و دەژێت، بۆیە گشت ماڵەکان و گشت شتێکی سەر ئەم زەویە بە هی خۆی دەزانێت، یان خۆی بە بەشدار دەزانێت لە خاوەنداریەتی هەموو شتێکدا، خۆیشی بەهی سرووشت دەزانێت، لەبەرئەوە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە بلێ دەبێت گشت شتەکان بەیەکسانی دابەشبکەینەوەو لەلاپەڕە (١٧٥)دا دەڵێت: ((شتەکان هی سرووشتن و ئێمەیش کچ و کوڕی ئەم سرووشتەین، بۆیە ئەو شتانە هیی هەموومانن، بەڵام بە خراپی دابەشکراون... ئەرکی ئێمە تەنیا ئەوەیە جارێکی دیکە بە یەکسانی دابەشیان بکەینەوە... ئیتر کاتێ ئەم شتانەی خۆمان بەکار دەهێنین، بۆ دەبێت شەرم بکەین...؟!)).**

**رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) رۆمانێکە لە پلەیەکی بەرزی هونەریدایە، بۆ پێشکەشکردنی روانینی کارەکتەرەکان، سوود لە شەپۆلی هۆش، فلاشباک، دیالۆگ، پێشخراو و دواخراو...هتد وەرگیراوە، وەک چۆن لە ڕووی هزرییەوە تەواو فراوان و فرە ڕەهەندە، ئاواش لەلایەنی هونەری و جۆری پێشکەشکردنەکانەوە دانسقەو بێ وێنەن. دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە چەند شێوە پێشکەشکردنێکی روانینەکان بدەین.**

**(ئامانج) کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانەیە، پێکهاتەی کەسایەتی وا خوڵقاوە نەتوانێت نەترسێت، هەمیشە ترسەکانی دەتوانن بە ئاسانی لە روخسار و هەڵسوکەوتیدا بەدیارکەون، ترس هەرگیز ناتوانێت لەسەر کارەکتەر ئەوەندە زاڵبێت تا ناچاری کات ئازایەتی بنوێنێت، بۆیە ئەم کارەکتەرە ئەوەندە (ترس) لێیەوە نزیکەو ئەوەندەی بیرلێکردووەتەوە، دەتوانێت روانینی قووڵ لەبارەی ترسەوە دەرببڕێت کە لەڕێگەی شەپۆلی هۆشەوە ئەم روانینە پێشکەشدەکرێت. (ئامانج) (ماهیڤان)ی هاورێی دێنێتە بەرچاوی خۆی و لەزەینی خۆیدا گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، لەلاپەرە (٢٥٩)دا بەم شێوەیە دەڵێت: ((ترسنۆک هەر ئەو بوونەوەرە عەجیب و غەریبە نییە، بەوەی لە ئەنجامدانی کاری قەدەغەدا زەندەقی دەرژێت ، بەڵکو ئەو کەسەیشە، کە تەنانەت کاتێ قورسترین و ترسناکترین ئەرکی دەخەنە ئەستۆ، ناوێرێت بلێ دەترسم، ماهیڤان...)).**

**ڕۆمانی کازینۆی منداڵان:**

(وریا) یەکێکە لەکارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە، لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕوانینی (دایک)ی و (سوهاد)ی برایمان بۆ دەخاتە ڕوو، لەبارەی (پیربوونی مرۆڤ) و بەکارهێنانی هەرشتێک کەپەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە نەبێت، واتا هەرشتێ کە لەدەرەوەی بوونی مرۆڤەوە بێت. بە شێوەیەک هەردووکیان هەمان ڕوانینیان هەیە بۆ ئەو شتانەی لە دەرەوەی مرۆڤدان، لایان وایە لەگەڵ بەکارهێنانیان مرۆڤ پیردەبێت، بۆیە بەلای (سوهاد و دایکی) یەوە پیری لەوێوە دەستپێدەکات، کەمرۆڤ پەنا بۆ هەر ئامێرێک دەبات بۆ یارمەتی دانی لەدەرەوەی پێکهاتەی خۆی، دایکی لەلاپەڕە(٧٢)دا دەڵێت: ((پیری لەو کاتەوە دەست پێناکات، کە دەچێنە ناو تەمەنەوە و پێستمان چرچ هەڵدەگەڕێت، پشتمان کۆم و ملمان لار دەبێتەوە، بەڵکو هەرکاتێ ئەو شتانە بەکار دەهێنین، کە لەگەڵمان لە دایک نەبوون، ئەوا جێگای پیری لە گیانی خۆماندا دەکەینەوە..))، واتا ئەوە مرۆڤ خۆیەتی کە بڕیار دەدات، پیر بێت و ڕێگا بە پیری دەدات بەرەو ڕووی بێت، ئەگەرنا مرۆڤ دەتوانێت تەنیا بە پشت بەستن بەو هێزە گەورەیەی کە لەخودی خۆیدا هەڵیگرتووە گەنجییەتی خۆی بپارێزێت و خۆی دورخاتەوە لەپیری. ڕوانینێکی نزیک لەوە لەلای (سوهاد)یش هەستپێدەکرێ، چونکە ئەو لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا، شتەکان بە لێڵی دەبینێت، کەچی ئامادە نییە نە گۆچان بگرێتە دەست و نە عەینەک بکاتە چاوی، بەڵام سوهاد ڕوانینێکی قووڵتری هەیە لەوەی دایکی، ئەو دونیا بە وەهمێک دەزانێت، مادام دنیاش وەهمبێت، ئایا دەکرێ لە ڕێگەی هەر ئامێرێک لەو وەهمە بڕوانین؟ بۆیە(وریا) لەبری(سوهاد) ئەم ڕوانینە لە لاپەڕەکانی(٧٢-٧٣) دەخاتە ڕوو، و دەڵێت: ((باوەڕت بەوە نییە هیچ ئامێرێک بەکاربهێنێت، نە چاویلکە، نە تاقمی ددان و نەگۆچان...ئەو باوەڕەیشت لەوەوە هاتووە، کە پێت وایە ئەم دنیایە خۆی وەهمە... ئایا دەتوانین لە ڕێگای شتی دیکەوە لەو وەهمە بڕوانین...؟! هەمیشە وتووتە بە چاوێکی کزەوە شتەکان ببینیت، بەڵام ئامێرێک لەو ئامێرانە بەکار نەهێنیت...)).

(وریا) کە یەکێکە لە کارەکتەرە دیارەکانی ئەم ڕۆمانە بە پێچەوانەی ڕوانینی باوەوە لەبارەی خواردنەوە و مەستبوونەوە دەدوێت، بەلای ئەوانەی دەخۆنەوە مەستبوون نائاگاییە، بەڵام وریا لەگەڵ یەکەم پێک بەوە دەگات، مەستبوون بە ئاگا هاتنەوەی ڕۆح و جەستەیە، مەستبوون ئەو شوێنانەش بە ئاگا

دەهێنێتەوە کە بەهەر هۆیەک بێت زەمەنێکە خەوتوون. ڕۆح و جەستەی (وریا) لەگەڵ مەستبوون وریا دەبنەوە، بۆیە وریا بەحەزێکی شێتانەوە خەریکی خواردنەوە دەبێت، ئەگەرچی تەمەنیشی بچووکە و ناتوانێت بە ئاشکرا بخواتەوە. لە لاپەڕە(١١٣)دا دەڵێت: ((زمانم ئەو شلەیەی هەڵدەمژی و قوڕگم گڕی دەگرت، بەڵام سەر تا پێی گیانمی بە ئاگا دەهێنایەوە... ئینجا تێدەگەیشتم، کەمەستبوون شتێک نییە بیجگە لە وریابوونەوەی ئەو شوێنانەی ڕۆح و جەستە، کەلەبەر هەرهۆیەک بێت خەوتوون..)).

هەر ڕۆمانێک کارەکتەری بە ئەزموونی تێدابوو، ڕوانینی پڕ واتایشی تێدا بەرچاو دەکەوێت، گرنگی ڕۆمانی باش لەوەدایە بتوانێت گونجان لە نێوان تەمەن و ئەزموونی کارەکتەرەکان و ڕوانینەکانیان دروستبکات (تەمەن و ئەزموون) بەکاربهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە ڕوانینی دانسقە. (وریا)لەگەڵ پیرەژنێکی بەتەمەندا دەژێت، بۆیە ڕوانینێکی جوانی ئەم پیرەژنەمان پێدەڵێت لەبارەی ئاگا لەیەکدی بوونەوە، ئەم ڕوانینە پێچەوانەی ڕوانینی باوە، زۆرجار گوێمان لێدەبێت بە کەسێکدەڵێن ئاگات لە فلان بێت، بەڵام (ئامیرا)ی پیر و بە ئەزموون ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هیچ کەس بتوانێت ئاگای لەیەکێکی دیکە بێت مادام کەس ناتوانێت ئاگای لە خۆی بێت و لەلاپەڕە (١٦٤)دەڵێت: ((_کەس ناتوانێت ئاگای لەکەس بێت، مادام کەس ناتوانێت ئاگای لەخۆی بێت... لەو هەشتا ساڵەی تەمەنمدا قسەیەک زۆر لام بێمانا بوو بێت، ئەوە بووە : ئاگات لە فلان بێت، یان با فلان ئاگای لێت بێت)).

کاتێ سەرنج لەڕوانینەکانی نێو ئەم ڕۆمانە دەدەین، بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیری هەندێ لەکارەکتەرەکانەوە بەڕوانینی سەیر دەگەین بۆ نموونە ئەوکاتەی (پەریهان) لە بەشی سێیەمدا قسەدەکات، دەبینین باسی ڕوانینی (باوکی) و (دادە هێلانە)ی هاوماڵیان دەکات، لە بارەی ڕامان و بێدەنگی، بێگومان ئەو دوو چەمکە هۆی داهێنانن، بێدەنگی دوانە لەگەڵ خود، گەڕانەوە و بەدواداگەڕانی خودە لە نێو خۆدا بۆ دۆزینەوەی نهێنییە شاراوەکان، بێدەنگی ڕامانە لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان گوزەر دەکەن، ڕامانیش هەستکردنە بە دەوروبەر و هەڵوەستە لەسەرکردنی شتەکانەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم دووچەمکە تەواوکەر و لێکدانەبڕاون، بۆیە بەیەکەوە پرۆسەی داهێنان ئەنجام دەدەن. بەڵام لەلای (باوکی پەریهان)و(دادە هێلانە) ئەم دوو چەمکە مایەی ترسن، ئەگەر لە هەر مرۆڤێکدا ببیندرێت ئەوا ئەم ترسە تاو دەسەنێت و لە چارەنووسی دەترسن، لەلاپەڕە (٢١١)دا پەریهان دەڵێت: ((پێشبینی بابەیش بە

شێوەیەک لە شێوەکان لەوەدا لەگەڵ ئەوەی(دادە هێلانە) یەکی دەگرتەوە، کە(نەریمان) مادام دەتوانێت ماوەیەکی زۆر بێدەنگ ببێت و بەو بێدەنگییەش لە شتێکی دیاری کراو ڕابمێنێت ئەوە ناکرێت لە چارەنووسی نەترسین....)).

**رومانی ماڵی نانی:**

لەرومانی (ماڵی نانی) لەروانینی کارەکتەرێکی لاوەکییەوە دەستپێدەکەین، ئەویش باوەپیارەی (ئامانج)ی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە، کەبەدەم ڕێگاوە لەگەڵ ئامانج قسە دەکات و بەئەزموونی ژیانی خۆی بەوە گەیشتووە کە مرۆڤ تەنیا سەرکەوتن لەو شتانە بەدەست دێنێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لێنەکردووەتەوە، هەرکات مرۆڤ بەرنامە بۆشتێ دابرێژێت و بە هیوا بێت تێیدا سەرکەوتوو بێت ئەوا سەرکەوتوو نابێت. ئەم کارەکتەرە لەوەدا بەم روانینە گەیشتووە کە خۆی خولیای هەرچی بووە بە درێژیی تەمەنی پێی نەگەیشتووە وەک حەزی بۆ یاری فوتبۆڵ و شیعرنووسین و یاری ئاسن، بەڵام بە هیچیان ناگات، بۆیە لە ئەنجامی ئەو بێ ئومێدبوونەوە لەلاپەڕە(٥٠)دا بەم روانینە دەگات و دەڵێت: (( تۆ دەزانی هیچ کەسێ لەو شتانە سەرکەوتوو نابێت، کە هیوایان بۆ دەخوازێت..؟! دەزانی ئێمە هەر ئەو شتانە بەدەست دەهێنین، کە بیرمان لێ نەکردوونەتەوە..؟!)).

(نانی) کارەکتەر بەوپێیەی خۆی کاری بەخێوکردنی منداڵە، بۆیە لەڕێگەی ئەزموونی کارەکەیەوە لەوە تێدەگات بوونی منداڵی زۆر دەبێتە هۆی بێتاقەتی لە نێوان ژن و پیاودا، بۆیە کاتێ شوو دەکاتەوە، ڕێگا نادات لە منداڵێک زیاتری ببێت. حەکایەتخوان لەڕێگەی زەینی (ئامانج)ی کوڕیەوە ئەم بۆچوونەی (نانی)مان لە لاپەرە(٩٢)دا بۆ دەخاتە ڕوو کە دەڵێت: ((لێرەدا شتی سەیر لای (ئامانج) ئەوەیە، چالاکیی ناو جێگایان زیادی کردووە، بەڵام دایکی نایەوێت یەک جاری دیکە سکی لێی پڕببێت، گوایە کاتێ ژمارەی منداڵ لە دانەیەک تێبپەڕێت، ئیتر ژنوپیاو تاقەتیان لەیەکتر دەچێت...)). نانی ئەو ترسەی هەیەتی لەبارەی کزبوونی پەیوەندی خۆی و مێردەکەی لەدوای بوونی منداڵی دووەم و ئیدیکە، بێگومان پەیوەستە بەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەی کە (نانی) لەڕێگەی چوونە نێو ماڵانەوە دەبینێت، کە لەنێوان ژن و مێرددا ڕوودەدات. زۆربەیان لەئەنجامی ئەوەوە پەیدادەبن کەژن و مێرد دوای ئەوەی زیاتر لە منداڵێکیان دەبێت لەیەکدی بێزاردەبن و تاقەتیان لێکدەچێت.

ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)، ئەوەندە کۆمەڵایەتین، زیندوویی و ژیان لەهەر دیمەن و ڕووداوێکیاندا دەبیندرێت ، ئەگەر ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرەدا باسدەکرێن واقیعیش نەبن ئەوەندە هونەرییانە دەگێڕدرێنەوە خوێنەر ئەو هەستەی لەلادروست دەبێت، کە دەشێ ڕووداوێکی هاوشێوە ڕووبدات یان ڕوویدابێت. کەم نین ئەو کەسانەی تەواوی شتەکان بەبنەمای دینی دەبەستنەوە، بەتایبەت لەو کارانەی ئەنجامیان دەستگیرنابێت، زۆرجار نموونەی زیندوومان لە کۆمەڵگە هەیە. لەم سەردەمی پێشکەوتن و پڕ زانینە، کەسانێک هەن کە نەخۆشدەکەون بەر لە هەرشتێک پەنا بۆ شێخ و مەلا و نوشتە و جادوو و دوعا...دەبەن، بۆیە لەم ڕۆمانەیشدا(ماڵی نانی) هاو شێوەی ژیان، کارەکتەری وا بەرچاو دەکەوێت بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی، تەنیا ڕێگە چارە لەلای ئەو بۆ هەموو شتێک، پەنا بردنە بۆ خورافەو شتی بێ بنەما. لە گوندی سەربازی، دایکێکی نەخوێندەوار کاتێ کوڕەکەی قسەناکات و زمانی نەپژاوە، جارجارەش دەبوورێتەوە واهەست دەکات (جن) هۆکاری ئەو قسە نەکردنەیەتی، بۆیە پەنا دەباتە بەر مەلای مزگەوت، هەتاکو دوعای لەسەر بخوێنێت و چارەسەری بکات. (عاتیکە)ی دایکی (مەعاویە)، پێی وایە (جن) پەنجەیان لەسەر ئەو شوێنە داناوە کە قسەی لێوە دەردەچێت، بۆیە کوڕەکەی قسەناکات. هەرکات پەنجەیان لە سەر ئەو شوێنە لابرد ئەوا کوڕەکەیشی دەتوانێت قسەبکات، ڕۆماننووس لەلاپەڕە(٢٤٧)دا دەڵێت: ((خیرا دەیباتە لای مەلای مزگەوت، بەو مەبەستەی دوعای لە سەر بخوێنێت... ئەگەر جنۆکە چوونەتە گیانیەوە، دەریانبهێنێت، بەشکو ئیتر نەیبوورێننەوە و لەوە زیاتر ڕێی قسەکردنی لێ نەگرن، بەوەی چاک دەزانێت لەناوەوە پەنجەیان خستووەتە سەر ئەو شوێنەی وشەی لێ دێتە دەرێ...)). شوێنی ئەم کارەکتەرە گوندێکی سەربازییە، ئەوەی لایان شەرمە سەردانی کردنی پزیشکە، بەهەر مەبەستێ کەسێک سەردانی پزیشک بکات بە بێهێزی دەزانن، بۆیە لەبری پزیشک لە هەر کارێک ئەگەر پەیوەندی بەزانستی پزیشکیشەوە هەبێت، پەنا بۆ شتی دیکە دەبەن کە هیچ بنەمایەکی زانستیان نییە، بۆیە کاتێ (مەعاویە) کیشەی قسەنەکردنی هەیە (عاتیکە)ی دایک پەنا بۆلای مەلا دەبات.

ڕۆمانی (ماڵی نانی) فرە ڕوانینە، ئەم فرە ڕوانینییە بووەتە هۆی ناسینەوەی پێکهاتەی کارەکتەرەکان، هەرکارەکتەرێک بیرکردنەوەی جیایە لەگەڵ یەکێکی دیکە، بەپێی ئاستی تێگەیشتنیان بۆ ڕووداوەکان و ژیان، بە گشتی هەرکارەکتەرێک لەبواری خۆی و بەپێی پێویستی ڕوانینەکانی پێشکەشدەکات

یان کارەکتەرێکی دیکە روانینەکانی دەخاتە ڕوو. (دۆلانی پاشا) لەبارەی هەیبەت و شکۆی ئاغاوە لە لاپەرە(٢٨٤) دەڵێت: ((شکۆ و هەیبەتی ئاغا بە پلەی یەکەم لە کارەکەرەکانیدا دەردەکەوێت... خەڵک کاتێ بیانەوێت بزانن فلان پیاوی گەورە خاوەنی چ کەسایەتییەکە، چەندە دەسەڵاتی هەیە و چۆن لە دنیا دەڕوانێت، ئەوا بە بێدەنگی لە کارەکەرەکانی دڕوانن و وردەکارییەکانی ئەویان تێدا دەخوێننەوە))، بە سەرنجدان لە کارەکەری هەر ئاغایەک دەتوانین رەفتاری خاوەنەکەی بزانین، ئایا تا چەند کەسێکی لێهاتووە بۆ شوێنەکەی، بۆیە (دۆلانی پاشا) بەر لە هەرشتێ لە خەمی ئەوەدایە کارەکەرە سەرەکییەکەی شێوەیەکی رێکی هەبێت، چونکە دواجار بەبڕوای خۆی کارەکەر ئاوێنەیەکە بۆ کەسایەتی ئاغاکەی.

(گولگین)ی خاوەن بیرکردنەوەی قووڵی بازرگانی، ئەو کاتەی بەرەو هەولێر دێت لەخەمی کۆرپە ساواکەیدایە، دەیەوێت ئایندەیەکی رۆشنی هەبێت و زیرەک و وریا دەرچێت، بۆیە بیرلەوە دەکاتەوە هەرکە گەیشتە هەولێر دایانێکی بۆ بگرێت، ئەم بۆ ئەوە دایان بۆ کۆرپەکەی ناگرێت تا خۆی دەست واڵاتربێت لەکارەکانیدا، بەپێی ئەو پرۆژەیەی لە مێشکیدایە کە بەتەمایە لەهەولێر جێبەجێی بکات زۆر سەرقاڵدەبێت، بەڵکو تەنیا بەمەبەستی ئەوە دایان بۆ منداڵەکەی دەگرێت تا سۆز و بەزەیی نەتوانن چۆکی پێدابدەن، بۆیە لەلاپەڕە(٣٠٧) دەڵێت: ((ئەو منداڵانەی لای دایەن گەورە دەکرێن، زیرەک و وریا دەردەچن و ئایندەیان ڕۆشنە...پێش هەموو شتێک سۆز و بەزەیی ناتوانن لەپەل و پۆیان بخەن، بەوەی بەکەسەوە پابەند نابن، یان دروستتر بەکەسانی دیاریکراوەوە پابەندنابن)).

## بەشی سێیەم: ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور)دا:

### ا/ئاستی هزری

### ب/ئاستی دەروونی

### ج/ئاستی دەربڕین

**بەشی سێیەم : ئاستەکانی روانین لە رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سووردا**

**تەوەری یەکەم:**

**ا/ئاستی هزری:**

**هزر بریتییە لە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بەرانبەر بە دەوروبەرەکەی و گرنگترین دیاردەشە لە خودی مرۆڤدا کە بووە بەهۆی جیاوازبوونی لەگەڵ گشت بوونەوەرێکی دیکە[1]، جا ئەو بیرکردنەوانە خودی بن یاخود بیرکردنەوەیەکی کۆیی، واتا لەسەر ئاستی تاکەکەسی، یاخود بەگشتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بێت...**

**هزر، بناغەیەکی گرنگی کاری ئەدەبییە، دەقی ئەدەبی سەرکەوتوو نابێت، بێ ئەوەی هزرێکی قووڵی تێدابێت، لەرۆمانیشدا ((کەرەستەیەکە، جیهانی رۆمانەکەی لەسەر بنیات دەنرێت))[2] .**

**لەبەر ئەوەی نووسەری رۆمان خاوەنی دەقی رۆمانەکەیە، بۆیە هزری ناو رۆمانەکەش لەلایەن ئەوەوە دادەمەزرێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو هزرە روانینە جیاوازەکان لەخۆ بگرێت، و راستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە گوزارشتیان لێ نەکرێت، بۆیە بەگوێرەی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان و ئاستی دەربڕین و باری دەروونی ئەوان ئەو هزرە دابەش دەکات و ئەو روانینانە تایبەت دەکات بەکارەکتەرە جیاوازەکان. بەمەش دەیەوێ کۆی روانینەکان لە رێی ئەوانەوە بخاتەڕوو. هەروەها هەندێجار هزری ئەوان لە رێی حەکایەتخوانێکەوە پێشکەش دەکات و ئەم رۆڵەش لە حەکایەتخوانێکەوە بۆ ئەویتر بەگوێرەی شێوازەکانی گێڕانەوە دەگۆڕێ و جۆری بنیاتی گێڕانەوەکەش دەستنیشان دەکات.**

**دەکرێ لە رۆماندا روانین دابەشی سێ ئاست بکرێت کە ئەمانەن: (هزری و دەروونی و دەربڕین)، (هزر) بەهێزترین و جەوهەریترین ئاستی هەر روانینێکە[3]، چونکە ئەوە هزرە کاریگەریی لەسەر شێوەی دەربڕین و رەفتاری کەسەکان هەیە، ئەگەرچی ئەوە بەو مانایە نایەت کە هەردوو ئاستی (دەروونی و دەربڕین) کاریگەرییان سەر ئاستی هزری نەبێت، بەڵام بەپلەی یەکەم هزر باڵادەستە لە روانینەکاندا، دواتر دوو ئاستەکەی دیکە دێن. ئاستی هزری لەناو خودی خۆیدا خاوەنی چەند رەهەندێکەو بۆچەند دابەشبووە، ئەوانیش**

---

(١)بڕوانە: فوئاد عەبدولڕەحمان: بیر-ئاوەز-زمان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٩.

(٢)باسم صالح حميد(د): الرواية الدرامية دراسة فی تجليات الرواية العربية الحديثة، ل٢٥٣.

(٣)بڕوانە: بوريس اوسبنسكی: شعرية التأليف، بنية النص الفني وأنماط الشكل التأليفي، ص٢٥.

هزری (فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری...هتد)ن. لەم توێژینەوەیەدا بەگوێرەی دەقی ڕۆمانەکان دەستنیشانیان دەکەین و لێیان دەدوێین.

**ڕۆمانی ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!**

لەڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!)دا دەتوانین لە ڕوانینی کارەکتەرەکانەوە جۆرەکانی هزر بە ڕوونی ببینین، بە تایبەت هزری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئەفسانەیی و خورافی و ئایینی.... بوونی هزری جۆراوجۆر لە دەقی ئەم ڕۆمانەدا بۆ ئەو پانتاییە فراوانەی ئازادیی دەگەڕێتەوە کە ڕۆماننووس خوڵقاندوویەتی، هاو شێوەی ژیان بەیەکەوە هزرە جیاجیاکان لەناو دەقی ئەم ڕۆمانەدا هاوڕێکی یەکدی، بەشدارن لە خەملاندنی بنیاتی هزری گشتی ڕۆمانەکەدا.

هزری ئایینی ئەو هزرانەن کە ڕەگ و ڕیشەیەکی ئایینیان هەیە، واتا سەرچاوەی هەر هزرێکی ئایینی لە یەکێک لەو ئایینانەوەیە کە خەڵکی پەیرەوی دەکەن، جا چ ئایینە ئاسمانییەکان بن یاخود ئایینی زەمینی. دەکرێ ڕۆماننووس هزری ئایینی بە دوو جۆر بۆ خوێنەر بخاتەڕوو، یا ئەوەتا نووسەر ئاماژە بەسەرچاوە ئایینیەکەی دەکات، یان بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ باسی دەکات، لە شێوە نا ڕاستەوخۆکەدا دەبێت ئێمە لە ئەنجامی لێکدانەوەکانمانەوە بگەین بە ژێدەرەی هزرەکە، کە لەڕێی ئاماژە و ڕەمزە شاراوەکانەوە ڕووندەبێتەوە، واتا کاتێ ڕوانینەکان بە ئێمە دەگەن، ئێمە دەبێت لە ڕێگەی خوێندنەوەکانمانەوە بگەین بە جۆری هزرەکەی. لەلاپەرە (٢٠)ی ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!)دا، لە نواندنی ڕوانینی ئایینی کارەکتەرێکی جوولەکەدا هەست بەجۆری هزری ئایینی ئەو دەکەین، کە تایبەتە بە چۆنیەتی (خەڵقکردنی مرۆڤ)، لەو ئایینەدا ئاماژە بەوەکراوە خوا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی خوڵقاندووە. لێرەدا نووسەر بۆ خستنەڕووی ئەم (هزرە) ئاماژەی بە کتێبی ئایینی جوولەکە کردووە، ئەویش (تەورات)ە کە دەڵێت: ((هەموو جارێ دەستەکانی دەگرت بە دڵیەوە و بە شێوەیەکی زۆر سەیر دەیوت: لە تەوڕاتدا نووسراوە، کە خوا لە سەر شێوەی خۆی بنیادەمی خوڵقاندووە)). ئەگەر تەماشای ئەم پەرەگرافە بکەین، دەتوانین نەک هەر ئاستی هزری، بەڵکو هەردوو ئاستەکەی دیکەش بە ڕوونی تێدا ببینین، لەسەرەتادا کە دەڵێ "هەموو جارێ دەستەکانی دەگرت بە دڵیەوە" ئەمە ئاستی دەروونی ئەم ڕوانینەمان پیشاندەدات، لە دوای ئەویش گوتنی"بە شێوەیەکی زۆر سەیر" ئاماژەیەکە بۆ ئاستی دەربڕین و شێوە گوتنەکەی هەردوو

ئاستی (دەروونی و دەربڕین)، لێرەدا بۆ پێشکەشکردنی ئاستی هزری لە جووڵەدان و لەڕێی ئەمانەوە گرنگی زیاتری ئاستی هزریمان بۆ دەردەکەوێ، هەروەها ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەوە ئاستی هزرییە ئەوانی بەرهەمهێناوە.

هزری ئەفسانەیی و خورافی لەتەواوی رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسەدا بوونیان هەیە. گەلێ جار لە ئاستی هزری خورافیدا دەبیندرێن و جارجارەش دەبن بە هزری ئەفسانەیی. رۆماننووس بە ئاماژەدان بە جۆرێک لە حەکایەتی فۆلکلۆری، هزرێکی خورافیمان لەبارەی عەشقی ورچێکی ڕەش و ژنێکی سپی پۆشەوە بۆ دەخاتەڕوو، عەشقی ورچەکە بۆ ژنەکە ئەوەندە بەهێز بووە، حەزی نەکردووە هەرگیز جێی بهێڵێت و لێی دابڕێت، بۆیە بنی پێیەکانی بە زمان دەلێستەوە تاکو نەڕوات. لەبارەی ئەو ورچە ڕەشەوە لە لاپەڕە (٩١)ی ئەم رۆمانەدا هاتووە: ((عەشقی ژنە سپیپۆشەکە دەبێت و دەیڕفێنێت.. دەیخاتە ئەشکەوتێکی تاریکەوە و بەبەردی گەورەی خاڵدار دەرگای لێدەگرێ.. تەنها گۆشتی کاڵی دەرخوارد دەدات و لە ماوەیەکی کورتدارەنگوڕووی تەواو دەگۆڕێت.. بەزمانە سوورەکەیشی بنی پێکانی دەلێستەوە و لیکە سپیەکانی بەسەردا دەڕێژێت، بۆ ئەوەی ئیتر نەتوانێت بڕوات و بەجێیبهێڵێت..)). لەم رۆمانەدا هزری ئەفسانەیشمان بەرچاو دەکەوێت و رۆماننووس لەبارەی وەدەرنانی مرۆڤ لەژیانی ئاوییەوە بۆ ژیانی وشکانی لە لاپەڕە (٢٦٦) دا دەڵێت: ((مرۆڤ گەمژەترین بوونەوەری ئاویی بووە و لەبەر گەمژەیی خۆی نەیتوانیوە لەزەت لە ژیانی ناو ئاو ببینێت.. خواوەندی جوانی و زەوق، بە ڕاوێژی خواوەندی ئەقڵ و هۆشیاری، سزایداوە و بۆ سەر زەویی ڕەق و تەق دووریخستۆتەوە)).

دەکرێ هەر هزرێک ببێ بە هزرێکی کۆمەڵایەتی بەوەی کۆمەڵێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک پەیڕەوی لێبکەن و لەلایان ببێ بەنەریت، واتا بە شێوەیەکی ئاگایی یان نا ئاگایی دووبارەی بکەنەوە. لەم رۆمانەدا ئەم جۆرە هزرەش بەرچاو دەکەوێت. مەرج نییە هەمیشە هزری کۆمەڵایەتی رووەو چاکەبێت، زۆرجار هزری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەکی نەرێنی بنیات دەنرێت. لەلاپەڕەی (٢٥٩)ی ئەم رۆمانەدا نووسەر باسی ئەمە دەکات و دەڵێت: (("نەوال" کاتێ لە خوشکەکەی نزیک کەوتەوە و بیستی، گوایە گوللەی خۆشی بەر نەرمەی قۆڵی چەپەی کەوتووە و کوناودەری کردووە، ئەو هەتیوەی بیر کەوتەوە و ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، کە لەناو عارەبانەکە پەنجەی دۆشاومژە و ئەسپێکوژەی دەستی چەپی کردبوو بە ئەلقە و پەنجەی

بالابەرزە و دۆشاومژەی دەستی راستی بە جووتکراوی پیادەکرد.. پیایدەکردوو دەریدەهێنانەوە)) لەڕێی بینینی دەستەواژەی (گوللەی خۆشی)یەوە ئێمە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕۆماننووس مەبەستیەتی تیشک بخاتە سەر ئەو جۆرە هزرە نارێکەی، کە بەهۆیەوە چەندین خەڵک گیان یان ئەندامێکی جەستەیان لەدەستداوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لەم ڕۆمانەدا ئەم جۆرە هزرە جێی ببێتەوە.

هزری فەلسەفی لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور) دا ئامادەییەکی تەواوی هەیە و بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەقەکاندا تەوزیفکراوە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ناکرێ فەلسەفە و ئەدەب لێکدی جیابکرێنەوە، بەواتایەکی دیکە ئەوە دەلالەتە لەسەر کاڵی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فەلسەفە و ئەدەب، کە زۆر جار وەک درێژبووەیەکی یەکدی تەماشادەکرێن. لەلاپەڕە (٤٢٨)ی ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!)دا پرسیارێکی فەلسەفی لەبارەی چییەتی ژیانەوە دەبینین، ڕەنگە قووڵترین و پڕ جەدەلیەت ترین پرسیاربێت بە درێژایی بوونی مرۆڤ و فەلسەفە. لە دەقەکە ئاماژە بە وتەیەکی دیکارتی فەیلەسووف کراوە و دەڵێت: ((تۆ واز لەو بێنە و پێم بڵێ : چۆن دەتوانین دڵنیا بین، کە ئەم ژیانەی ئێمە خەون نییە..؟! ئەمە ئەو وتەیەیە، کە ئەم لە((دیکارت))ی وەرگرتووە و بە ڕەشێکی تۆخ تۆخ لەسەر بەرگی ناوەوەی هەموو کتێبەکانی خۆی نووسیوە.. ئێستا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر ئەم مەتەڵە سەر بە گۆبەندە ناخ و مێشکی دەهەژێنێت)). بێ وەڵامی لەبارەی چییەتی ژیانەوە خۆی درێژەدانە بە ژیان و فەلسەفە، بەردەوام بوونی فەلسەفە، بەندە بە وەڵامە نا ڕۆشن و ناوەڵامەکانەوە. ئایا بەڕاستی دەکرێ لەوە دڵنیا بین ژیان خەون نییە..؟! بە چ پێوەر و لۆژیکێک دەگەین بەو دڵنیاییە گریمانەییە؟! بە دڵنیاییەوە هیچ لۆژیکێک نامانگەیێنیت بە یەقین، ئەم پرسیارە پێچەوانەش بکەینەوە بە هەمان شێوە هەر بێ وەڵام دەمێنینەوە، کاتێ بپرسین ئایا دەتوانین بڵێین ئەم ژیانە خەونە؟. بەردەوامی فەلسەفە بەردەوامی پرسیارە بێ وەڵامەکانە، بەردەوامی (بوون)ە.

هزرە فەلسەفییەکان لە ڕۆماندا دروستکەری ڕوانینی قووڵی کارەکتەرەکانن، بە گشتی لەو ڕۆمانەدا هزری فەیلەسووفان کراون بەبناغەی دامەزراندنی ڕوانینی کارەکتەرەکان. بە ئاماژە دان بە دیالۆگێکی (نیتشە) لە نێوان(أ،ب)دا، ڕوانینی کارەکتەرێکمان لەبارەی (مرۆڤی ساغ و بیرچوونەوەوە) بۆ ڕووندەبێتەوە، مرۆڤ ئەگەر نەتوانێت شتەکان لەبیر خۆی بباتەوە یان لە بیری بچێتەوە، ئایا دەتوانێت لەم دونیای پڕکێشەیەدا بەرگەی ژیان بگرێت؟ لە بیرچوونەوە توانای بەساغی مانەوەی مرۆڤەکان زیاد دەکات، بۆیە لەلاپەڕە (٤٦٩) لەم دیالۆگەدا ڕۆماننووس ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: ((ئەلف: ئەرێ من نەخۆشبووم..؟! ئایا چاکبوومەتەوە..؟!

کێ بوو دوکتۆرەکەم..؟!

ئەرێ من هەموو شتێکم بیر چۆتەوە..؟!

بێ : ئێستا باوەڕم وایە تۆ چاکبوویتەوە :

چونکە ئەوە هەر ساغە

توانای بیرچوونەوەی هەیە)).

**رۆمانی مامزێر:**

لە رۆمانی (مامزێر)دا، هزرەکان تەنیا وەک کەرەستەیەکی بێ گیان نەخراونەتە ڕوو، بەڵکو لەم رۆمانەدا هزر لە جووڵەی بەردەوامدایە و ناکۆکییە هزرییەکان ئەفرێنەری بنیاتی رۆمانەکەن، رەگ و ریشەی جیاوازی هزری نێو ئەم رۆمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کارەکتەری سەر بەدوو نەتەوە و ئایین و کلتور و مێژووی جیاواز بەشدارن تێیدا. ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و جوولەکەن.

رۆماننووس لەم رۆمانەدا بە سوود وەرگرتن لە مێژوو، لەچوارچێوەیەکی هونەریدا، توانیویەتی بۆ سەرەتای ناکۆکییەکانی ئەم دوو نەتەوە جیاوازە بگەڕێتەوە، بۆ نموونە کۆمەڵێک لە جوولەکە لەلایەن چەند پیاوێکی عەرەبەوە دەگیرێن و لەو کاتەوە ئەو دژایەتی و ناکۆکییە هزرییە بە روونی بەرچاو دەکەوێت. لەسەر زاری (مامزێر) روانینی چەند کارەکتەرێکی جوولەکەی دیلمان بەرچاو دەکەوێت، لە لاپەڕە (٢٦)دا هاتووە و دەڵێت: ((هەندێکیان هەڵدەچن و بە ئاشکرا و بە دزییەوە جنێو دەدەن: "تف لە هەتیوەکانی هاجەری کەنیزە و کارەکەری سارای دایکمان"... "ئێوە باوکی خۆتان دانەپۆشی و ئێمەیش ڕووت دەکەنەوە"))، ئەم پەرەگرافە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کێشەیەکی قووڵی مێژوویی، کە نووسەر خۆشی لە پەراوێزدا ڕوونی کردووەتەوە، ئەویش کێشەی دووبەرەکی و دژایەتی مێژوویی نێوان نەتەوەی عەرەب و جوولەکەیە، کە بۆ ناکۆکییەکانی نێوان خێزانەکانی ئیبراهیم پێغەمبەر(هاجەر و سارا) دەگەڕێتەوە، لە کۆتایی هەمان پەرەگرافیشدا ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە مێژووییەی نێوان عەرەب و جوولەکە کراوە، کە ئەم دیلە جوولەکانە لەلایەن عەرەبەکانەوە ڕووتکراونەتەوە، رووتی خۆیان بە دانەپۆشینی پێغەمبەر (نووح) لەلایەن کوڕێکیەوە بەراورد دەکەن، کە هەردوو رووتبوونەوەکە بەهۆی عەرەب و رەچەڵەکی عەرەبەکانەوەیە. لێرە ڕووتکردنەوە ئاماژەیە بۆ زوڵم و غەدرلێکردنی عەرەب بەرانبەر بە جوولەکە بە درێژایی مێژوو، ئەمە لە زاری کارەکتەرێکی جوولەکەوە

لەدیدێکی ناسیۆنالیزمیانەوە دەربڕاوە. ئەم جیاوازییە هزرییە جیاوازی لە روانینەکانیشدا دروستکردووە بۆ نموونە لەلاپەڕە(٤٤)دا لەبارەی زیندەوەری (مانتیس)ەوە ئەوە بەرچاو دەکەوێت، منداڵە عەرەبەکان بە زیندەوەرێکی پیرۆزی دەزانن و بە مایینی پێغەمبەر ناوی دەبەن، کەچی منداڵە جوولەکەیەک بەبەرد پانی دەکاتەوە و ڕقی لێیەتی...

هزری خورافی لەم رۆمانەدا وەک هەر رۆمانێکی دیکەی (کاروان کاکەسوور)، بۆ گوزارشتکردن لەکەس و رووداوەکان بەردەوام پشتی پێبەستراوە، بۆنموونە کاتێ نووسەر دەیەوێت شێوەیەکی خورافی بەیەکێک لە کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە بدات، دێت لەرێی چۆنیەتی ناونانیەوە ئەم کارە دەکات، کە دواجار ناولێنانی هەر کەسێک دەبێت بەبەشێک لە پێکهاتەی کەسایەتی ئەو کەسە، بۆیە رۆماننووس لەبارەی دیدیلازی دایکی (مامزێر)ەوە لەلاپەڕە (٣٧)دا دەڵێت: ((ئەو ساتەی لە دایک بووە، باڵندەیەک لە شێوەی پەڕەسێلکە، بەڵام هێندەی لەق لەقەکانی سەر قەڵای دێرینی "ئەربائیلۆ" لەتاقی ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ... لە ژێر دەستی مامانەکەی دەرهێناوە و بە دەندووکی زۆر تیژی پیتی"د"ی لەسەر پشتی هەڵکەنیوە...باڵندەکە شەش ساڵی تر و لەهەمان کاتدا هاتۆتەوە و هەر جارێ پیتێکی تری بۆ هەڵکەنیوە..ساڵی حەوتەم بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵی داوە و بە دەنگێکی ئێجگار بەرز، بەڕادەیەک سەرتاپای شار بیستوویانە، وتوویەتی : "دیدیلاز... دیدیلاز"..)). بیستنی ناوی "دیدیلاز" لەلایان هەموو خەڵکی شار لە دەنگی باڵندەیەکی ئەفسانەییەوە، ئاماژەیە بۆ ئەو ناسین و ناوداربیەی کە "دیدیلاز" لەدوایی پێیدەگات، نەک شار بەتەنیا، بەڵکو هەموو خەڵکی وڵات بەناوی ئاشنا دەبن و دەبێت بە رەمزی شۆرش و خەباتی وڵاتەکەی.

دەکرێ لەدەقی رۆماندا بێ ئاماژەدان بەناوی فەیلەسووفێک هزری فەلسەفی بخرێتەڕوو، چونکە هەندێک بابەتی فەلسەفی وا هەن ناتواندرێ تاکە کەسێک بە خاوەنی بزاندرێ، بەو پێیەی لەوەتەی مرۆڤ بیری کردووەتەوە، جێگەی باس و خواسی هزرمەندان بووە، کێشەی ناولێنان و شتەکان یەکێکە لەو بابەتانەی لەوەتەی فەلسەفە هەیە، بەخۆوەی خەریککردووە لە ئەفلاتوونەوە تا سۆسێر و فەیلەسووفانی ئەمڕۆ مشتومڕ لەبارەیەوە بەردەوامە. لەم رۆمانەدا کارەکتەرێک لە ئەنجامی ئەوەی ناتوانێت گوزارشت لەوە بکات کەدەیەوێت بیڵێت لە لاپەڕە (٦١)دا دەڵێت: ((ئەو جوولانەی، کە لە ڕەوتێکی زەمەنیی هاوڕێکدا جەستەی تەماویی ئەم لە قوتابخانەوە بەرەو ماڵ دەبەن، هەنگاوەکان نین، بەڵکو.... بەڵام بەڵکو چین...؟!نەخێر، لێرەدا کێشەی نێوان

**زمان و شتەکان... ناونان و ماهییەتەکان دێنە گۆڕێ ... ئەوە شتەکانن نایانەوێ بچنە ناو زمانەوە ، یان زمانە ناچێتە ناو شتەکانەوە...؟!))**.

**زۆرجار لەکۆمەڵگەدا هزری جیا بەرانبەر بە بابەتەکان دروستدەبێت، ئەمە لە رۆمانیشدا رەنگدەداتەوە، چونکە لەناو خودی رۆماندا بەشێوەیەکی گشتی هیچ کارەکتەرێ وەک بوونەوەرێک ((لە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵگەدا بوونی نییە، واتا لەدەرەوەی مەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و بابەتییەکان))[1].**

**لەم رۆمانەدا لە بارەی ژن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا دووجۆرە هزری جیا بەرچاودەکەوێت. لە کۆمەڵگەدا هزرێک ئامادەیە هەمیشە دژایەتی ژن و رۆڵی ژن بکات، لەهەوڵی رەتکردنەوە و بێ نرخکردنی رۆڵی ژنە، بە چاوی سووک لێی دەڕوانێت، بەپێچەوانەشەوە جۆرێک لە بیرکردنەوەی دیکە هەیە، رێک بەپێچەوانەی ئەم هزرەوەیە، واتا کۆمەڵگە بۆ سەر دوو جۆرە هزر دابەشدەبێت، بۆیە زۆرجار دژایەتیکردن و یەکتر قبووڵنەکردنیش دێتە ئاراوە. نەریت و ئایین دوو فاکتەری سەرەکی دروستکردنی ناکۆکییە هزرییەکانن لەناو کۆمەڵگەدا. لەلاپەڕە(٦٤-٦٥)دا، لە دیالۆگی نێوان دووکارەکتەردا نووسەر باسی ئەو دوو جۆرە بیرکردنەوەیە دەکات، کە یەکێکیان سووک و ئاسان لە هەوڵی رەشکردنەوەو لەناوبردنی ئەوانەدایە کە داکۆکی لە ژن دەکەن، ئەویدیکەشیان ئەو ئاراستە هزرییە ژندۆستییەیە کە لەخەمی ژندایە، بۆیە دەڵێت: ((-ژنی تۆ ...؟! لێرە کوژرا...؟!چۆن...؟! بۆچی...؟!**

**-ئا ئەلێرە، لەسەر ئەم شەقامە سێ چوارێک لە دواوەی پیکابێکەوە تێزابیان پێداکرد و بە ئاسانی بۆی دەرچوون، چونکە لە یەکێک لە کتێبەکانیدا بەشێکی لەبارەی ئەو ژنانەوە نووسیوە، کە رۆژانە لەناو ماڵ و لەدەرەوە دەکوژرێن))**.

**رۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان:**

**لەم رۆمانەدا جیاوازیی هزرییەکان خاڵی جەوهەری ناکۆکییە چینایەتییەکانن، وەک چۆن لە ژیانی ئاساییدا هزرە جیاوازەکان لە دژی یەک لەبەرەی شەڕو یەکدی رەتکردنەوەدان ئاواش ئەم رۆمانە بووە بە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی جیاوازیی هزرییەکان و دروستکردنی چینی جیاجیا، زۆر جار لە نێوان کارەکتەرەکاندا رووبەڕووبوونەوە رووەدات و ناتوانن بە ئاسانی یەکدی قبووڵبکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم رۆمانەدا هیچ بەربەستێک نییە هزرە جیاوازەکان سنووورداربکات و، هیچ هزرێکیشی تێدا**

---

(١) تزڤیتان تودوروف:میخائيل باختين المبدأ الحواري، ت:فخري صالح،المؤسسة العربية للدراسات والنشر-بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٩٦، ص٧٠.

نییە کە تاکە هزری سەرتاسەری و بێ ڕکابەر بێ، بۆیە هزرە جیاکان لەیەک ئاستدا دەبیندرێن. لەم ڕۆمانەدا جێگەی زۆرترین هزر کراوەتەوە، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی و ئایینی...هتد. ئەمانەش پێکهێنەری بنیاتی واتای سەرەکی ئەم ڕۆمانەن.

هزری کۆمەڵایەتی بە ئاسانی گۆڕانی بەسەردا نایەت مەگەر بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری ڕێ خۆشبکرێت بۆ ئەوەی هزرێکی نوێ شوێنی بگرێتەوە. ئەمەش یەکسەر ڕوونادات و پێویستی بە زەمەن هەیە. کاروان عومەر کاکەسوور، لەم ڕۆمانەدا، پەنا بۆ مێژوو دەبات بۆ ئەوەی نموونەیەکی ئەم گۆڕانەمان بۆ بخاتەڕوو لەلاپەڕە(٧٠)دا سەبارەت بە (وەردانی چاوەش) دەڵێت: ((ئەو لەسەردەمی (سوڵتان موزەفەرەدین)دا یەکێک بووە لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی هەولێر... هەر لەبەر ئەوەیش باوکە دەوڵەمەندەکەی حاشای لێکردووە و لەوەسیەتنامەکەیدا گوتوویەتی (وەردانی چاوەش) لە سەروەت و سامانەکەی بێبەش بکرێت...))، بەڵام دواتر ئەمجۆرە هزرە لە کۆمەڵگەی کوردیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەبینین لەهەمان لاپەڕەدا، ڕۆماننووس باسی ئەوە دەکات کە (فەرهاد) بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە نەک تەنیا لە نێو خەڵکیدا، بەڵکو تەنانەت لە نێو خانەوادەکەشیدا ڕێزی لێگیراوە و خۆشیان ویستووە.

هزرە کۆمەڵایەتییەکان نەک لەسەردەمە جیاوازەکاندا، بەڵکو دەشێ لەیەک سەردەمیشدا، لە نێوان دوو شوێن و دوو چینی جیاوازی کۆمەڵگەدا، بە شێوەی جیاجیا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. (ئازاد) و (دلێر) دووکارەکتەرن، ئەگەرچی لەیەک گەڕەکدان، بەڵام بە هۆی ئەوەی گەڕەکەکەیان بۆ دوو (بەرە) دابەشبووە و هەریەکەیان سەربە بەرەیێکە و بیرکردنەوەیان بەرانبەر بە ڕەگەزی (مێ) جیاوازە، ئەوەش لەوکاتە بە دیار دەکەوێت کە (دلێر) لەبارەی هەستی خۆشکییەوە دەدوێت، بەڵام لەبەری لای ماڵی(ئازاد) بیرکردنەوە لە ڕەگەزی (مێ) و باسکردن و حسێب بۆ کردنی وەک شەرمێک دادەنرێت، بۆیە حەکایەتخوانی هەمووشتزان ئەم جیاوازییە لەلاپەڕە(١٣٢)دا دەخاتەڕوو،و دەڵێ: ((لەبەری لای ئێوە کوڕان نەک ئاوا لە بارەی خوشکیانەوە نادوێن، بەڵکو ئەگەر لەدەستیان بێت نکووڵی لەوە دەکەن ئەوان لە سکی مێینە هەڵگیراون و بە ڕێگای شەنتووزیاندا هاتوونەتە دەرێ...)).

جیاوازییە هزرییەکان، کۆمەڵگەی بۆ چەند دەستە و چینێ دابەشکردووە و ئەم چینانە ئامادەنین بە هیچ شێوەیەک لەیەکدی نزیک ببنەوە. زۆرجار دژایەتی و ناکۆکی قووڵیش لە نێوان چینە جیاوازەکاندا ڕوودەدات؛ ئەم دژایەتیکردنە بە شێوەیەکی بەرچاو لەدەقی ئەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت. زۆرجار چینی دەوڵەمەند بەوە دڵگرانن، ژن و ژنخوازی لەگەڵ چینی هەژاردا بکەن، ئەو جیاوازییە چینایەتییەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەو کەسانەی یەکدییان خۆشدەوێت، کەس و کاریان ڕێگری دروستدەکەن و بەهەرشێوەیەک بێت نایانەوێت هاوسەرگیرییەکی ئاوا سەربگرێت، چونکە خێزانی دەوڵەمەند بە شێوەیەکی گشتی لایان شەرمە کوڕەکانیان کچە هەژارێک بهێنێت و کچەکانیشیان شوو بە کوڕێکی هەژار بکات. ئەم

دژایەتییە هزرییەی نێو کۆمەڵگە لە دەقی رۆمانەکەدا لەلاپەڕە (١٥١)دا رەنگیداوەتەوە و ئازاد لەم بارەیەوە بۆ شێرزاد ناجی هاوڕێی دەدوێت و دەڵێ: ((ئەمە دەزانم، چونکە باپیرم خەڵوزفرۆش بوو و ئەوان پێیان شەرم بوو کچی پیاوێکی لادێیی هەژار بخوازن...)).

هزری سیاسی لەم رۆمانەدا بایەخی تایبەتی پێدراوە، چونکە رووداوەکانی ئەم رۆمانە زەمەنیان بۆ سەردەمانی شۆرشی ئەیلوول و دروستبوونی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم ئاماژەدانە بەردەوامەی نووسەر بە شۆرش و خەباتی نەپساوەی کورد بێگومان دەلالەتە لە تینوویەتی بۆ ئازادی و ئازادیش پەیوەستە بەبوونی مرۆڤەوە، بێ ئازادی مرۆڤ ئەستەمە بتوانێت ژیان بە ئاسوودەیی بگوزەرێنێت[1]؛ ئازادی بووە بە بەشێک لە پێکهاتەی هزر و کەسایەتی مرۆڤ و دەگوترێ((ئازادی و مرۆڤایەتی دوو رووی یەک بابەتن، ئەم بابەتەش پێگەی مرۆڤایەتی راستەقینەیە لە بواری فەلسەفە و ئەدەب))[2]دا، ئەمەش وایکردووە بە شێوەیەکی فراوان ئەم رۆمانە گوزارشتکردنبێت لە بیروهزری سیاسی سەردەمی شۆرشە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورد.

وەک لەبەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان رەگوریشەی دروستبوونی لەسەر بناغەی هزری مارکسی دامەزرابوو ئەمەش وایکردبوو هزری مارکسی لەپەیڕەو و بیرکردنەوە و رەفتاری ئەندامەکانیدا رەنگبداتەوە، لەم رۆمانەشدا بەوردی خاڵە جەوهەرییەکانی ئەو هزرە کاری لەسەر کراوە و لەدیدی کارەکتەرەکانەوە دەبیندرێت، بۆیە تێکەڵبوونی هزری سیاسی و هزری فەلسەفی بۆ تەواوکردنی یەکدی لەم رۆمانەدا هەستپێدەکرێ. هزری سیاسی کۆمەڵەی رەنجدەران بێگومان وای دەخواست لە چەندین بەرەوە دژایەتی نەیارانی بکات، تابتوانێت پێگەی خۆی بەهێز بکات. لەم رۆمانەدا (شێرزاد ناجی) کە یەکێکە لەکارەکتەرەکان، ئەندامی ئەو کۆمەڵەیەیە، بیری هاوڕێیەکی خۆی دەهێنێتەوە و لەلاپەڕە (١٨٣) دەڵێت: ((هەمووی سێ رۆژ نابێت بە دەستی خۆت لەسەر دیواری مزگەوتت نووسی: رێگا چۆڵکەن بۆ دنیای نوێ، سۆسیالیزمە بۆ هەرکەسێ، ژیانی بوێ))، نووسینی دروشمی ئاوا لەسەر دیواری مزگەوت ئاماژەیەکی دیاری ئەو دژایەتییەیە لە نێوان هزرە جیاجیاکاندا.

لەسستەمی سۆشیالیزمیدا نابێ هیچ رێسایەک هەبێت، دژی پەیوەندی گشت و سەرتاسەری کۆمەڵگەبێت،

(١) بروانە: کۆمەڵێ نووسەر: بوونگەرایی، فەلسەفەی واقیعی مرۆڤایەتی، و:خالید عوسمان تەها، کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٤ ل٢٨.

(٢) نبیل راغب(د.): موسوعة الفكر الادبیة، دار غریب للطباعة والنشر و التوزیع، قاهیرة، ٢٠٠٢، ص١٧٢.

هەرکات هەستکرا لە لایەکەوە یان لەلایەن دەزگایەکەوە هەوڵدەدرێت کۆمەڵگە بەش بەشبکرێت بێگومان دژی دەوەستنەوە،چونکە ئەوە سستەمی سەرمایەدارییە بۆ بەرژەوەندی تایبەت دەیەوێت کۆمەڵگە دابەشبکات، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە لێک جیانەکراوەیە، بۆیە (شێرزاد ناجی)ی کارەکتەری نێو ئەم ڕۆمانە کە هەڵگری بیر و باوەڕی مارکسییە بۆ هاوڕێیانی باس دەکات و لەلاپەڕە(١٨٥)دا دەڵێت: ((ئێمە بۆ ئەوە تێدەکۆشین پێوەندیی خێزان و خزمایەتی لەناو ببەین، نەک زیندوویان بکەینەوە... خێزان کە یەکێکە لە پایەکانی سستەمی سەرمایەداری، ئەرکی ئێمەیە ئەو پایەیە هەڵوەشێنینەوە)). دژایەتی کردنی ئەم سستەمی خێزانییە لەلایەن (شێرزاد ناجی) یەوە گوزارشتی لێکراوە، و ئەو هەموو خێزانێک بە هی خۆی دەزانێت و دژی بەتایبەتیکردنی خێزانەکان و داکۆکی کردنە لێی، بە پەیامێکی بۆگەنی سستەمی سەرمایەداری دادەنێت و لەبارەی ئەم بابەتەوە لەلاپەڕە(١٨٧)دا دەڵێت: ((نابێت پشتی کەس و کاری خۆمان بگرین ، هەتا ئەگەر بزانین لەسەر هەقیشن... خێزانیش وەکو پایەکانی دیکەی سەرمایەداری بۆگەنە)).

ئایین وەک چۆن بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەی کوردییە، هەمیشە لە هزری تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا ئامادەیی هەیە، ئاواش لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا هزری ئایینی و کارەکتەری هەڵگری هزری ئایینی ڕۆڵی خۆیان هەیە. ئەم ڕۆماننووسە لە ڕێی ڕوانینی کارەکتەرێکی ئاییندارەوە، تیشک دەخاتە سەر هزری ئایینی خەڵکانێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا کە هەڵگری هزری ئایینین. کاتێ (دوکتۆر پاریس)ی هاوڕێی(ئازاد) دەیەوێت بۆ ئەوروپا بڕوات، کتێبەکانی کتێبخانەی خۆی دەهێنێتە ماڵی(ئازاد)، دایکی ئازادیش کە چاوی بەو هەموو کتێبە دەکەوێت سەراسیمە دەبێت و نوتقی دەگیرێت، ناتوانێت هیچ بڵێت، کاتێکیش کۆمەڵێک لەنووسەرانی ئەوکاتی (هەولێر)، دەچن تا بەهەر نرخێک بێت ئەو کتێبانەیان لێبکڕن، (هەمین مامان)ی دایکی (ئازاد) ڕازی نابێت لەگەڵ هیچ شتێک سەودایان پێبکات، چونکە کتێب حەرامە و بە هەرچی بگۆڕێتەوە واتا مامەڵەیەکی حەرامی کردووە، بۆیە حەکایەتخوانی هەمووشتزان لەلاپەڕە(٤٧٨)دا دەڵێت: (("هەمین مامان" دەستێکی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێت و بەدەستەکەی تری قایم قایم لە سنگی خۆی دەدات، کە مانای ئەوەیە کتێب حەرامە و ئیتر نە بەپارە و نە بەخانووبەرەیش دەیگۆڕێتەوە...)).

**رۆمانی کازینۆی منداڵان :**

بنیاتی واتایی هیچ یەک لە رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسە، تەنیا لەسەر بنەمای یەک هزر دانەمەزراون، رۆمانەکانی ئەم نووسەرە کەناڵی تێکەڵکردنی هزرە دژوجیاوازەکانە، بۆیە زۆربەی کات هزرەکان پێکەوە بەشدارن لە بنیاتی روانینەکاندا.

رۆمانی(کازینۆی منداڵان)یش، یەکێکە لەو رۆمانانەی لەرووی هزرییەوە بنیاتێکی فراوان و تۆکمەی هەیە، چەندین هزر لەم رۆمانە ئامادەن، بەو پێیەی بەشێکی زۆری ئەم رۆمانە لەزاری کارەکتەرێکی خورافییەوە دەگێڕدرێتەوە و رووداو گەلی خورافی و ئەفسانەیی تێدا خراوەتەڕوو، بۆیە هزری خورافی بەشێکی زۆری بنیاتی گشتی رۆمانەکەی پێکهێناوە، هەروەها لەم دەقەدا هزری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی و ئایینیش خراونەتەڕوو. رۆماننووس لە مەزراندنی هزرە جیاجیاکاندا مەبەستیەتی بە ئێمە بڵێ رۆمان ئەو پانتاییە فراوانەیە کە دەتوانێت هزرە جیاوازەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەوەشە وایکردووە رۆمان پێشەنگی ژانرە ئەدەبیەکان بێت.

(خەلۆ چاوسوور) یەکێکە لەکارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە، ژنێکی دراوسێیان نهێنی چاو سووری (خەلۆ) بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە خوا سزای دایکی داوە، لەبەرانبەر کوشتنی مێردەکەی لەو کاتەی ئەوی لەسکدابووە، بۆیە ئەویش چاوەکانی سوور دەرچوون. ئەمە بنەمایەکی ئەفسانەیی هەیە و دوورە لە واقیعەوە، لەم بارەیەوە حەکایەتخوانی کەمشتزان لەلاپەڕە(٢٥)دا دەڵێت: ((ژنێکی دراوسێیان پێی گوتووە دایکی دوای ئەوەی باوکی ژەهر خوارد کردووە، خودا سزای داوە و ڕەنگی چاوی لە ڕەشەوە بۆ سوور گۆڕیوە... ئەوسا ئەمی لە سک بووە، بۆیە ئەو ڕەنگە لە چاوی ئەویشدا دەرکەوتووە)). لە زۆر شوێنی دیکەی ئەو رۆمانەدا ئەو هزرانە بەرچاو دەکەون کە ئەفسانەین یاخود خورافین و لەتوانای مرۆڤ بەدەرن و وەک واقیع بوونیان نییە، بۆ نموونە (پەریهان) کارەکتەرێکە بەرهەمی پیاوێک و مانگایەکە، واتا منداڵی دوو توخمی جیایە، (پەریهان) خۆی ئەمە بۆ براکانی باسدەکات و ژیانی خۆی بە تێکەڵەیەک لە واقیع و ئەفسانە دادەنێت و لەلاپەڕە(١٩٥)دا دەڵێت: (("من خۆشکتانم"، کچی (مەیسوون) و (حەمدی)م...، مەبەستم لە (مەیسوون)، ئەو مانگا سپییەیە، کە بە منداڵی ئێوەی بە خێو کردووە و تاکو ئێستایش بە دایکی خۆتانی دەزانن، ڕاستییش دایکتانە... ئازیزەکانم...؟!(مەیسوون) دایکتانە...؟! ئەوا منی نۆ مانگ بە

سکیش هەڵگرتووە... ڕاستە لەم سەردەمەدا بوارێک بۆ بڕواکردن بە چیرۆکی ئەفسانەیی نەماوە، بەڵام ئەوەی من تێکەڵە لە واقیع و ئەفسانە)).

یەکتربڕین و بەناو یەکداچوونی کلتوورە جیاوازەکان، گۆڕان بەسەر هزرە کۆمەڵایەتییەکاندا دەهێنێت، لەم ڕۆمانەدا خێزانی(هالە) کەموسلمانن و لە بەغدا دادەنیشن، لە ئەنجامی نزیکیان لە(ئامیرا)ی دراوسێیان کە ئافرەتێکی جوولەکەیە، زۆرێک لە داب و نەریتەکانیان دەگۆڕێت، جیا لە هەموو خزمەکانیان ڕەفتاردەکەن، جۆری هزریان لەوان جیایە، ئەوەش بۆ ئەو تێکەڵبوونی کلتووریە دەگەڕێتەوە کە(هالە)بۆ(وریا)ی باسکردووە و لەلاپەڕە(١٧٤)دا (وریا) دەڵێت: ((ئێوارەیەکیان پێی گوتم ئەگەر دایک و باکی ئاوا کراوەن و ڕێگای دەدەن بێتە ژوورەکەم، ئەوە لەبەر ئەوەیە کاریگەری ماڵی (ئامیرا)یان بەسەرەوەیە، ئەگینا خزمەکانیان لەو گەڕەکانەی خوارێ هێشتا باوەڕیان بەوە نەهێناوە کچیان لە قوتابخانە بخوێنن، چجای خەریکی هونەر بن و بچنە ناو کوڕان...!!)).

هزری مارکسی و بنەما و خاڵە جەوهەرییەکانی ئەو هزرە بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسەدا بەرچاو دەکەوێت، بەشێوەی جیاجیا لێرە و لەوێ دووبارە دەبنەوە. لەم ڕۆمانەدا (مونیر بۆتانی) کارەکتەرێکە هەڵگری هزری مارکسییە، ئەم هزرە بەروونی لەقسە و ڕەفتارەکانیدا درکی پێدەکرێت، بۆ نموونە (منیر) نازناوی (بۆتانی) بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، تا وەک دەرەبەگێک دەرنەکەوێت، چونکە نازناوی باوکی (شەوقی بەگە). کە(بەگ) ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆسەردەمی دەرەبەگایەتی، ئەوەش دژی هزری ئەم کارەکتەرەیە، لەلایەکی دیکەیشەوە هەوڵدەدات پەیوەندی لەگەڵ ژنە بەرپرسەکان دابمەزرێنێت، تەنیا بۆ ئەوەی خێزانەکان تێکبدات و سستەمی خێزان بنەبڕبکات، کە خۆی بە سەختی دژایەتی خێزان و خزمایەتی دەکات، کە ئەمانە بنەمای سەرمایەداری و دەرەبەگایەتین و هزری مارکسی (وەک ڕۆماننووس دەڵێت) بە سەختی دژایەتییان دەکات. بۆیە لەلاپەڕە (١٧٩ ـ ١٨٠)دا هاتووە و (وریا) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ناوی خۆی(مونیر شەوقی بەگ) بوو، بەڵام ئەو (بۆتانی)یەی خستبووە شوێنی ناوی باوکییەوە، چونکە یەکەم، حەزی لە نازناوی بەگ نەدەکرد، بەوەی نەیدەویست وەک دەرەبەگ بێتە بەرچاو... دووەم، سەرنجی کچانی پێ ڕادەکێشا و سێیەم، خۆی لە سیخوورەکان دەپاراست، بەتایبەتی ئەو لە خێزانێکی دیار بوو... ئەگەرچی(مونیر)باوەڕی بە پێوەندی خزمایەتی نەبوو)). هزرەکانی (مونیر بۆتانی) نەک لەناو کۆمەڵگە، بەڵکو لەناو ماڵی خۆشیدا پێچەوانەکەی

بەرچاو دەکەوێت. (ئەبڵە پەرهەنگ)ی دایکی(مونیر) گرنگی بە پەیوەندییەکانی خزمایەتی دەدا و بە پەرۆشە دەیویست ئەو پەیوەندییانە بپارێزێ، بۆیە کاتێ خزمێکی خۆی دەبینی بە تاو لە باوەشی دەگرت و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی، لەکاتێکدا ئەمە ڕێک پێچەوانەی هزرەکانی (مونیر) بووە، کە ئەو هیچ کات حەزی لەو پەیوەندییانە نەبوو، لە لاپەڕە(١٨٠)دا هاتووە کە وریا دەڵێت: ((کەچی(ئەبڵە پەرهەنگ)ی دایکی کاتێ زانی من کوڕی (پەریهان)ی پوورزایم، توند توند لەباوەشی گرتم و بردمیە بەشی دواوەی ماڵەکە)).

(پەلکشان) کارەکتەرێکە تەواوی هەوڵەکانی بۆ ئەوە خستووەتە گەڕ تا بتوانێت چەند کوڕێکی دەستوەشێن و چاو نەترس بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئەو مەرامەی سەرناگرێت و هەریەک لە کوڕەکانی کاتێ گەورە دەبن، بە شێوەی جیاجیا دژی دەوەستنەوە، پەیڕەوی یاسا تووندەکانی ناکەن، دوو لە کوڕەکانی لەگەڵ دروستکردنی مزگەوت لە گەڕەکەکەیان هاتوچۆی مزگەوت دەکەن و بەهزری ئیسلامی ئاشنا دەبن. لەوێ لەڕێی مەلای مزگەوتەوە واتا(مەلا ڤبیان)ەوە، دەبن بە خاوەنی ناوی خۆیان کە(عەبدولجەبار) و (عەبدولموهەیمەن)ن، کە تاکو ئەو کاتە بێ ناوبوونە. لە دەرەوە دەبن بە دوو کوڕی هێمنی گەڕەک بە پێچەوانەی جارانەوە، بەهۆی ناونانیانەوە ئارامدەبنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەستپێدەکەن، بەڵام بەر لە هەر کەسێک ئەوان دەیانەوێت لە ڕێی ئایینەوە دژی دایکیان بووەستنەوە، بەوە دەستپێدەکەن کە دەبێت دایکیان جلە سوورەکانی فڕێ بدات، چونکە جلی سوور(بەبۆچوونی ئەوان) لە ئاییندا حەرامە و نابێت ژن ئەو ڕەنگە بپۆشێت، بۆیە لەلاپەڕەکانی(٢٧٤،٢٧٥)دا حەکایەتخوانی هەمووشتزان دەڵێت: ((ئەو شەڕەی جاران لەدەرەوەیان دەکرد، لەمەودوا دەیبەنە ماڵەوە و لەگەڵ دایکیانی دەکەن... پێش هەموو شتێک ئەو جلە سوورانەی دەبێت بە زووترین کات فڕێ بدات، کە ئایین بە حەرامی دەزانێت...)). باسکردنی جۆرە هزرێکی ئایینی لەو شێوەیە گونجاوە لەگەڵ ئەو کارەکتەرانەدا، بەوەی هەم لەسەرەتای فێربوونی ڕێوڕەسمە ئایینیەکانن، هەمیش لایەنی دەروونییان لە بارێکی ئاساییدا نییە، بەهۆی ئەو هەموو فشارە دەروونییەی کەلە تەمەنی خۆیاندا لەسەریان بووە، بۆیە ئەمە وەک کاردانەوەیەکیش دەکرێ لێک بدرێتەوە لەبەرانبەر دایکیان، چونکە(پەلکشان)ی دایکیان، تاکە سەرچاوەی ئازارە دەروونییەکانیان بووە.

**ڕۆمانی ماڵی نانی:**

ئەم ڕۆمانەو تەواوی ڕۆمانەکانی دیکەی (کاروان عومەر کاکەسوور)، بە شێوەیەک لە شێوەکان هزری خورافی و ئەفسانەیی تێیاندا ئامادەن، بایەخی ڕەمزو کارەکتەرە ئەفسانەییەکان لە ڕۆمانی نوێ بە گشتی

جێگەی بایەخەو ڕۆماننووسان بەشێوەیەکی بڵاو سوودی لێوەردەگرن، هزرە ئەفسانەیی و خورافییەکان ئەو کەرەستانەن کە زیاتر دونیای خەیاڵیی ڕۆمان فراوانتر دەکەن، نووسەر دەتوانێت زیاتر دەستواڵابێت لە خستنەڕووی ڕووداو و شێوازەکانی گێڕانەوەدا.

لەڕۆمانی(ماڵی نانی) یشدا ئەم جۆرە هزرانە بایەخیان پێدراوە و لە دەقی ڕۆمانەکەدا تەوزیفکراون. ئەفسانە و خورافە تێکەڵ بەواقیع دەکرێن و وەک ئەوە وایە واقیع و خورافە دووشتی لێکدی جیانەکراوەبن، بۆیە کاتێ (وەسفی بەگزادە)ی مێردی (ئەبلە ئەتلەس) وندەبێت و کەس شوێنی نازانێت، هەریەک بە شێوەیەک ونبوونەکەی دەگێڕنەوە و باسی دەکەن، ئەوەی جێگەی بایەخە ئەو گێڕانەوەیەیە کە بنیاتی واتاکەی لەسەر هزرێکی خورافی دامەزراوە، ئەویش بردنی (وەسفی بەگزادە)یە لەلایەن ورچێکی مێیەوە و لستنەوەی بنی پێیەکانیتی، بۆ ئەوەی نەتوانێت بڕوات، لەلاپەڕە (٢٢)دا ڕۆماننووس دەڵێت: ((هەندێک وا بۆی دەچن ورچی مێ بردوویەتیە ئەشکەوتێک... بە زمان بنی پێی لستووەتەوە، تاکو نەتوانێت بجووڵێت، گوایە ئەو ئاژەڵە دڵی بە مرۆڤدا دەچێت و حەز دەکات لەگەڵی جووت ببێت... هەر هەندە زمانیشی بەبنی پێدا هێنا، ئیتر ئەو ناتوانێت یەک هەنگاو بڕوات، بۆیە خۆی چاکترین خواردنی بۆ دەهێنێت و ناهێڵێت بمرێت..)).

وەک لە ڕۆمانەکانی دیکەی ئەو ڕۆماننووسەدا ئاماژەمان بەوە کردووە کاریگەری نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، یەکێکە لەخاڵە هاوبەشەکانی دروستکردنی هزری سیاسی هەریەک لەکارەکتەرە سیاسییەکانی ڕۆمانەکان، لێرەشدا دیسان ئەم جۆرە هزرە ئامادەیە و دەبێت بە ناسنامەی هزری کارەکتەرێکی سیاسی ، ئەویش(دڵداری دووەم)ە، لەگەڵ بیستنی نسکۆی شۆڕشدا سەر هەڵدەگرێت و کەس نایبینێتەوە لەلاپەڕە(١٢٥)دا هاتووە و (دڵداری دووەم) دەڵێت: (( ئەو کوڕە سەر شێتەی حەوت ساڵ پێش لە دایکبوونم، واتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەرەسی شۆڕشدا سەر هەڵدەگرێت و بەجارێ شوێنەواری دەسڕێتەوە...)) ئەم ونبوونە ئەبەدییە، هەم دەلالەتە بۆ تۆکمەیی و جێگیری هزری سیاسی ئەم کارەکتەرە، هەمیش پەیوەندی بەباری دەروونی ئەوەوە هەیە. ئەمە نموونەیەکی شۆڕشگێڕی شکستخواردووە کە بەجارێ باری دەروونی تێکشکاوە و لە ئەنجامدا وندەبێت و شوێنەواریشی دەسڕێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا گوندێکی سەربازی بەرچاو دەکەوێت، ئەویش گوندی(حنظلة )یە. ڕۆماننووس هەوڵیداوە لە ڕێی ڕەفتار و کاری خەڵکی ئەو گوندەوە هزری ئەوان بخاتەڕوو. تەنیا ئەرکی دانیشتوانی ئەم گوندە پێگەیاندنی ڕۆڵەی سەربازە، بۆیە تەواوی هزرەکانیان لە دەوری پیشەکەیان دەخوولێتەوە، هیچ کارێک

ناکەن ئەگەر خزمەت بە ئازایەتییان نەکات. لەم گوندەدا ئەوەی جێگەی بایەخ نییە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕومالاّتە، بەوەی لایان وایە کە ئەمانە ئەو پیشانەن نابێت مرۆڤی سەرباز بیانکات. ئەم جۆرە هزرە تایبەت نییە بە تەنیا چەند کەسێکی گوندەکەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەو گوندە پەیڕەوی ئەم هزرە دەکەن، لەلاپەڕە(١٨٢)دا ڕۆماننووس دەڵێت: ((نە بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی و نە کشتوکاڵ بە پێویست دەزانن، تەنانەت لە هەڤایەتەکانیشیاندا کەسێک نابینیت زەوی بکێڵێت، یان خەریکی بەخێوکردنی گیانەوەری وەک مەڕ، بزن، مانگاو هیی تر بێت، بەوەی پێیان وایە ئەفسەری ڕاستەقینە ئولفەت بەو دووانەوە ناگرێت...)). لە نائامادەیی ئەم جۆرە گیانەوەرە ماڵی وبێ زیانانەدا لەم گوندە سەگ و تانجی زۆر بایەخیان پێدەدرێت، ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەلایەنی دەروونی دانیشتوانی ئەم گوندەوە هەیە،چونکە تەنیا گۆشکراوی شەڕ و توڕەیین، سەگیش لە لایان وەک ڕەمزی شەڕو ئازایەتی بایەخی پێدەدرێت، هیچ ماڵێک لەم گوندە نابیندرێت سەگیان نەبێت، لێرە سەگ تەنیا بۆ پاسەوانی نییە، بەڵکو وەک ئامرازێکی چێژ بەخشینیش بە کاری دەهێنن، بەوەی هەموو دوای نیوەڕۆیەک تەواوی خەڵکی گوند شەڕە سەگ بەسەگەکانیان دەکەن. لە هەمان لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا هاتووە کە ڕۆماننووس دەڵێت: ((شەڕەسەگ، ئەو یارییەی گەورە و بچووک حەزیان لێیەتی و ئامادەن لەسەر پارەی زۆر گرەویان بۆ بکەن... لەپاڵ ئەو سەگە دڕانەدا تانجیش بایەخی پێدەدرێت، بەوەی ڕاو پیشەیەکی خۆشەویستی پیاوانە، کە ئەویش وەک شەڕەسەگ بۆ سەرگەرمییە...)).

جیهاد و شەهید بوون، کۆڵەکەی بنەڕەتین لە هزری ئیسلامدا گەورەترین دواخاڵن کە تاکی موسڵمان پێی بگات، ئەمە لە دەستپێکی فێرکردنی بنەماکانی ئاییندا فێری فێرخوازان دەکرێت، بۆیە لە شیکردنەوەی ئەم بابەتەدا مامۆستایەکی ئایینی لەلاپەڕە(٢٢٩)دا دەڵێت: ((گوناهەکان چەند گەورەبن، لە ئاستی خۆبەختکردن لە پێناوی نیشتمان و لە ئاستی جەنگان لە دژی مەجووسی، جوو و بەکرێگیراوان، خۆیان ناگرن و دەتوێنەوە...)).

ململانێی مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە نموونەیەکی گرنگی ناکۆکی ئایینییە و گەلێ جار بووەتە هۆی دروستبوونی کارەساتی دڵتەزێن. ئەمەش لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی پێکراوە و ڕۆماننووس نموونەیەک دەهێنێتەوە لەبارەی کوشتنی کارەکتەرێک کە ئەویش(عومەری کوڕی موختار)ی نابینایە، کاتێ دەکەوێتە ناو خاڵی پشکنینی گروپێکی شیعەوە، تەنیا لەبەر ناوەکەی و جیاوازی مەزهەبەکەی لەگەڵ ئەواندا بەشێوەیەکی ناشیرین دەیکوژن و لەلاپەڕە(٢٧٠)ی ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((ئەو گەنجە نابینایە دەکەوێتە ناو کۆنترۆڵی شیعەکان... کاتێ نفووسی لێوەردەگرن و لەناوی دەڕوانن، بەر شەق و زللەی دەدەن، بەلاّم هەرهێندە بۆیان دەردەکەوێت دانیشتووی گوندی سەربازییە و دروستتر هیی(حنظلة)یە، ئەوا پێش ئەوەی بیکوژن، هەتکی دەکەن)).

تەوەری دووەم:

ب/ئاستی دەروونی:

لایەنی دەروونی بایەخێکی گەورەی لە دەقی ڕۆماندا هەیە و بەهۆیەوە بە ئاسانی لە بیر و بۆ چوونی کارەکتەرەکان تێدەگەین. تێگەیشتن لە لایەنی دەروونی هەر کارەکتەرێک پەیبردنە بە تەواوی پێکهاتەکەی، چونکە ئەوەندەی لایەنی دەروونی زانیاریمان لەبارەی هزر و بیرکردنەوەکانی کارەکتەرەکان پێدەدات. ئەوەندە ڕوخسار کۆمەکمان ناکات.

روانینی هەر کارەکتەرێک پەیوەندی بەباری دەروونی کارەکتەرەکەوە هەیە. جا ئەو بارە دەروونییە حەکایەتخوانی هەمانشتزان لەسەر زاری خودی کارەکتەرەکەوە خستبیتیەڕوو، یاخود حەکایەتخوانێکی هەمووشتزان پێشانیدابێت، یا ئەوەتا حەکایەتخوانی کەمشتزان لەزاری کارەکتەرێکەوە باسی باری دەروونی کارەکتەرەێکی دیکە دەکات، ئەگەرچی نووسەر لە ڕێی حەکایەتخوانەوە دەتوانێت ناوەوەی کارەکتەرەکان بخاتەڕوو، و باسی باری دەروونیان بکات[1]، بەڵام بۆ خستنەڕووی باری دەروونی هەر کارەکتەرێک گونجاوترین کار ئەوەیە کەلەزاری خودی کارەکتەرەکەوە ئەم بارە دەروونییە لەکاتی خستنەڕووی روانینەکاندا پیشانبدرێت، واتا بەکارهێنانی حەکایەتخوانی هەمانشتزان. ئەگەرچی ئەوە بەو مانایە نییە کە دەروونی نووسەر و دەق پەیوەندییان پێکەوە نییە، بەڵکو دەکرێ بڵێین: ((لەوانەیە ئاسان نەبێت ئەدەبێک پێکبێت بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێک نەبێت لە دەروونی خاوەنەکەی،...ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەموو شتێک بەرهەمی دەروونێکی مرۆییە))[2]. توێژینەوە لە ئاستی دەروونی نێو دەقی ڕۆمان، باسکردنە لە حەز و مەیلەسێکسییەکان و هەست و سۆزەکانی خۆشەویستی و دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و توڕەیی و شەرم و ترس و دڵخۆشی و ...هتد، پەیبردنە بەلایەنە شاراوەکانی هەر ڕۆمانێک، بۆیە لایەنی دەروونی دەقی ڕۆمان، بەتایبەتیش لە ڕۆمانی نوێدا گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت.

ئاستی دەروونی هاوتا لەگەڵ ئاستی دەربڕین لەچوارچێوەی روانینێکی تۆکمەدا بۆگەیاندنی هزرە جیاجیاکان کۆمەکی دەکات. لە روانینەکانی هەر ڕۆمانێکدا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەرسێ ئاستەکەدا هەیە، هیچ یەکیان بێ ئەوانیدیکە بوونی نابێت. ئاستی دەروونی لە پێشکەشکردنی روانینەکاندا دەرخەری

---

(١) بڕوانە:بوریس اوسبنسکی: شعرية التأليف، بنية النص الفني وأنماط الشكل التأليفي، ص٩٥.

(٢) بەسام قطوس(د.): دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و:د.محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، ل٦١.

باره دەروونییە نا جێگرەکانی کارەکتەرەکانە.

لە رۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکە سوور)دا بەشێوەیەکی بەرچاو باری دەروونی کارەکتەرەکان خراونەتە ڕوو، واتا لەپێشاندانی روانینەکاندا ئاستی دەروونی ڕۆڵ دەگێڕێ بۆ گەیاندنی روانینەکان بە خوێنەر. وەک چۆن ئاستی هزری کارەکتەری رۆمانەکان جیاوازن ئاواش ئاستی دەروونییان جیایە، هەر کارەکتەرێک هەڵگری جۆرێک لە هزرە و بارێکی دەروونی تایبەتیشی هەیە. زۆرجار باری دەروونی تاکە کارەکتەرێک بە پێی ئەو بارودۆخەی تێیدایە، لە کاتێک بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەم ناجێگیرییەی ئاستی دەروونی کارەکتەرەکانی ئەم رۆماننووسە زیندوویەتی زیاتریان پێ دەبەخشێ، واهەستدەکرێ کەچەند مرۆڤێکی زیندووی خاوەن پێکهاتەیەکی دەروونی بن، نەک کارەکتەری بێ هەست و بێ گیان.

**رۆمانی ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!**

ئاستی دەروونی لەم رۆمانەدا وەک بە شێکی گرنگی پێکهاتەی روانینەکان پێشاندراوە، زۆر جار ئاستی دەروونی دەبێت بە دروستکەری جۆری بیرکردنەوەکان و کاریگەریش دادەنێت لەسەر دەربڕینەکان. لە چوارچێوەی باری دەروونی کارەکتەرەکاندا دەتوانین جۆری هزر و شێوازی دەربڕینەکانیان بدۆزینەوە، واتا ئەوە ئاستی دەروونییە دەبێت بە بزوێنەری نێو روانینەکان؛ لەڕێی بارە دەروونیەکانیشەوە هەست بەگرنگی و جدییەتی روانینەکان دەکەین. لەم رۆمانەدا هەریەک لە چەمکە دەروونییەکانی وەک :تووڕەیی و ترس و هەڵچوون و پەشێوی...زۆری دیکە کاریان لەسەرکراوە.

ترس وەک دیارخەری باری دەروونی (نەوال)ی کارەکتەری سەرەکی، هەمیشە ئامادەیی هەیە،کە ترس خۆی((کاردانەوەیەکی ویژدانییە لەلایەن هەموو ئەندامانی جەستەوە، بەرانبەر بە هەڕەشەیەکی واقیعی))[1].

ترسی (نەوال) ترسانە لە بەهێزی و بێ ویژدانی (کاکەسوور) کە چەتەکەیە نەک تەنیا (نەوال)، بەڵکو سەرتاپای وڵات لێی دەترسن. هەر ئەم ترسەشە وایکردووە بەشێوەیەکی گشتی روانینیان بەرانبەر بە (کاکەسوور) نێگەتیفانەبێت، واتا هەمیشە بەچاوی ڕق و ترس و دوژمنایەتییەوە سەیری دەکەن و هەردەم

(١)نور بیر سیلامی: المعجم الموسوعی فی علم النفس،الجزو الپالپ،ت: وجیە اسعد،منشورات وزارە الپقافە، سوریا-دمشق، ٢٠٠١، ص١٠٣٤.

له شێوەی تارماییەک لەبەر بیناییان ئامادەیە. لێرەدا دەروونی(نەوال)وەک ئاوێنەیەک نیشاندەری دەروونی گشت کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەیە، هەڵگرو پیشاندەری ترسێکی گشتییە. بێگومان ئەم ترسە بەردەوامەی نەوال و ئەوانیدیکەش بەرانبەر بە(کاکەسوور) بۆ دڕندەیی ئەم کارەکتەرە دەگەڕێتەوە، کە بووە بە دێوەزمەیەک و سەرتاپای وڵات لێی دەترسن. ئەم بارە دەروونییەی (نەوال) لەلاپەڕە(٢٨)دا لە ڕێی حەکایەتخوانەوە خراوەتە ڕوو و دەڵێت: (("نەوال" دەیان جار بە خەیاڵی (کاکە سوور)ەوە نووستبوو و خەونی جۆراوجۆری پێوە بینیوە.. هەمووجارێ بێدار دەبووەوە و دەترسا هەموو گیانی هەڵدەلەرزی.. پاڵی بە"فەریال"ی خوشکی دەداو خۆی دەخزاندە باوەشیەوە)). ترس وایکردووە (کاکە سوور) هەرتەنیا لە خەیاڵی نەوال نەوەستێ، بەڵکو خزاوەتە نێو خەونی زۆربەی شەوانیشی، هەمیشە نەوال وەک بکوژ و دوژمنێکی سەر سەخت و حەتمی خۆی لێی دەڕوانێت.

(نەوال) لەڕووی دەروونییەوە ئەو کارەکتەرە ناجێگیر و گۆڕاوەیە کە هیچ کاتێکی لە کاتێکی دیکەی ناچێت. هەندێ دەم ترساوە و هەندێ کات توڕە و جارێک دڵخۆش و جارێکیش دڵتوندە... کۆی ئەم بارە دەروونییانە ئاستی دەروونی ڕوانینەکانی ئەم کارەکتەرە پێکدەهێنن. نەوال کاتێ لە خودی خۆی ورد دەبێتەوە، هەستدەکات هێشتا وەک جاران منداڵە و منداڵانە بیردەکاتەوە، بۆیە لە خۆی توڕە دەبێت و هەڵدەچێت، بۆ خاڵی کردنەوەی توڕەیی و هەڵچوونەکەی پەنا بۆ کوشتنی دوو کەروێشکەکەی دەبات. لێرەدا دەتوانین نەک هەرلە قسەکانی ، بەڵکو لە ڕەفتاریشیدا بارە دەروونییەکەی بخوێنینەوە، چونکە هەڵچوونەکان((لایەنێکی سەرەکین لە ژیانی دەروونی مرۆڤ...هەڵچوونەکان کاردانەوەی بارێکی تایبەت نین، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی گشتین لەلایەن تاکەوە هەموو لایەنەکانی ژیانی دەگرێتەوە))[1]. هەمیشە ئاستی دەروونی ئاسانتر و چاکتر لە ڕەفتاری کارەکتەری ڕۆمان بەدیار دەکەوێت تا لە قسەکانیان، بۆیە لێرەدا خستنەڕووی رەفتارێکی توندی (نەوال) دەمانگەیەنێتە ئەوەی بزانین کە ئەم کارەکتەرە چ ئاستێکی دەروونی هەیە، بۆیە لە لاپەڕە (١٧٠)دا ئەم هەست و ڕەفتارە دەروونییەی (نەوال) لەلایەن حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە خراوەتەڕوو کە دەڵێت: ((هەستی دەکرد ئەم....هێشتا ئەو منداڵە نەفامەیە و هیچ نەگۆڕاوە، کە بیر لە شتی بێسەروبەر دەکاتەوە و هەڵسوکەوتی سەیر سەیر دەکات .. لە داخا تا

(١) طلعت منصور(د.) و آخرون: أسس علم النفس العام، المكتبة الانجلو المصرية، القاهرة،٢٠٠٣، ص١٤٣.

تینی تیابوو شەقێکی لە قەفەزەکە هەڵدا...کەروێشکەکان بەریەکترکەوتن... هەردووکیانی هێنایە دەرێ... قورگی گرتن و توندتوند و تا هێزی تیابوو گوشینی .. گوشینی و دانەکانی جیرکردەوە .. تا گیانیان دەرنەچوو و ملیان لارنەکردەوە، وازی لێنەهێنان و دڵی ئۆخەی نەکرد)).

کاتێ (شازە) و (سیامەند) لە (نەوال) توڕەدەبن، ئەو وای بۆ دەچێ چیدی لەلایان وەک جاران جێی بایەخ نییە و سەرنجیان ڕاناکێشێ، لەوکاتەدا هەست بە نامۆبووندەکات و وا دەزانێ ئەو لەو ماڵە زیادە و ئەوان وەک بەشێک لە خێزانەکەیان تەماشای ناکەن، بۆیە لەوکاتەدا ئارەزووی مەرگ دەکات، تاکو ئارەزووی ژیان. نەوال زیاتر لە هەرشتێ ئەوە ئازاری دەدا کە هەردووکیان بەلاوەیان نابوو، حسێبیان لەبۆی نەدەکرد، وەک ئەوەی بوونی نەبێت، دەیخواست لەکاتێکی وادا هەردووکیان بێن و بە شەق و زللە لێیبدەن، نەک وا بێدەنگ رووی لێوەربگێڕن، چونکە ئەو ڕوانینی وابوو کە لێدان لەکاتی وادا باشترین ئامرازە، تاکو هەست بکات، کە ئەوان هەستدەکەن ئەو هی ئەوانە و ئەویش لەلایان نامۆ نییە، لەلاپەڕە(٢٥٤)دا حەکایەتخوانی هەموشتزان گوزارشت لەم ڕوانینەی نەوال دەکات و دەڵێت: ((حەزی دەکرد مێروولەیەک بوایە و ئانوسات ڕۆحی دەربچوایە، نەک ئاوا ئەفەرۆزی بکەن و بەهی خۆیانی نەزانن.. پڕ بە دڵ ئارەزووی دەکرد بە هەردووکیان تێبکەون و بە شەق و بە زللە، بە گاز و بە چڕنووک ئەو جەستەیەی دابڕزێنن، چونکە لە حالەتێکی ئاوادا تەنها لێدان دەیتوانی ئەو هەستەی لا بخوڵقێنێت، کە ئەمە ماڵی ئەمە و ئەوان دڵ و گیانەکەین)).

سترێسەکانی کۆمەڵگە دروستکەری سترێسە ناوەکییەکانی خودی هەر مرۆڤێکن، کاتێ مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا بژیت هەمیشە هەوڵی شکانەوەی کەسایەتی بدرێت، ئاسان نییە دەروونێکی تەندروستی هەبێت. ئەو کۆمەڵگەیانەی تاکەکانیان بەئاسانی یەکتر قبووڵدەکەن و دۆستانە لەگەڵ یەکتر دەژین، ڕێژەی گرفتە دەروونییەکانیان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەیەک تاکەکانی هەمیشە لە هەوڵی دژایەتی و بێڕێزی کردنن بەیەکتری. لەم ڕۆمانەدا باس لە کچێک دەکرێ بەناوی (خەولە)، پیشەکەی زەوی پێوییە، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا، چەند چەتەیەک دەستدرێژی دەکەنە سەر و سکی پڕ دەکەن. لە ئەنجامی ئەو تاوانەدا، (خەولە) باری دەروونی تێکدەچێت و بەردەوام ڕووە و خراپتر دەگۆڕێت، تاکو سەرەنجام تەواو شێت دەبێت، بۆیە لەکاتی شێتیشدا ئەو قسانەی دەیکات هەر پەیوەندییان بە بواری

کارەکەیەوە هەیە. حەکایەتخوانی هەمووشتزان وێنەی ئەو بارە دەروونییەمان بۆ دەکێشێت و لە لاپەڕە(٤٣٨)دا دەڵێت: ((زۆر سەیر بوون و هیچ لە هی بنیادەمی ئاسایی نەدەچوون:

- مەیپێوە.. مەیپێوە.. لە پێوانەدا گۆشەکان وندەبن.. مەیپێوە.. مەیپێوە.. لە پێوانەدا درێژیەکان و پانیەکان کاڵدەبنەوە.. مەیپێوە.. مەیپێوە.. لە پێوانەدا ڕووبەرەکان دەشێوێن.. مەیپێوە.. مەیپێوە .....)).

ئەو پێوانە کردنەبوو (خەولە)ی والێکرد، لەپێوانەی ژێری پێوانەکردنی بگۆڕێت بۆ پێوانەی شێتی و بێ بە مرۆڤێکی نائاسایی، بۆیە لە دوای ئەم ڕووداوەوە ڕوانینی بۆ پێوانە کردن دەگۆڕێت و دەیەوێت گشت شتێ بە پێوانەی بێ پێوانەیی بپێورێت.

**ڕۆمانی مامزێر:**

زۆرجار بێ ئەوەی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ڕوانینێکی دیاریکراو هەبێت، ئێمە تەنیا لە ڕێی تێگەیشتن لە ئاستی دەروونی کارەکتەرەکان دەتوانین ئەو ڕوانینانەی کە مەبەستن و لە دواوەی لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان بە شاراوەیی خراونەتەڕوو هەستپێبکەین، ئەم بۆچوونە بۆ ئەوەمان دەبات، کە ئاستی دەروونی ئەگەر خۆی هەڵگری تەواوی پێکهاتەی ڕوانین نەبێت، ئەوا بەشێکی گرنگ و سەرەکی هەر ڕوانینێکە، کە لەرۆماندا پیشان دەدرێت. لەم ڕۆمانەدا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە دروستکردنەی ڕوانین لەڕێی ئاستی دەروونییەوە دەبیندرێت، ئەویش هۆی باسکردنی ترسێکی گشتی کۆمەڵگەی جوولەکەیە بەرانبەر بە هاتنی مانگی ئابە، ئەو مانگە هەمیشە هۆی نەهامەتییەکانیانە، هەرچی شکستە لەو مانگەدا تووشیان دەبێت، بە تایبەتیش لە نۆی ئابدا وەک لە پەراوێز ڕۆماننووس ئاماژەی بەم نەهامەتیانە داوە، بۆیە هەر تاکێکی جوولەکە ترسێکی گەورەی بەرانبەر بەو ڕۆژ و مانگە هەیە، ئەم ترسە بووە بەهۆی دروستکردنی ڕوانینێکی نێگەتیڤانەی گشتگیر بەرانبەر بەو مانگ و ڕۆژە، کە هەمیشە وەک شومترین کات لێی دەڕوانن و بەردەوام بە بیر خۆیانی دەهێننەوە، مامزێر لەمبارەیەوە لەلاپەڕە (١٣ ـ ١٤)دا دەڵێت: ((بە گشتی لە ئابدا سیمای هەموو شتێک لە کۆشکدا دەگۆڕا... ترسێک تێکڕای دەموچاوەکانی دادەپۆشی.. لچ و لێوەکان دەلەرزین... دەنگەکان دەنووسان... تێکدەئالان... ماناکان هەڵدەبزرکان... هەنگاوەکان هێزیان تێدا نەدەما... چاوەکان لێڵ دەبوون... جووڵەکان نەدەمان... ئاراستەکان دەشێوان...)) هەریەک لەم دەربڕینانەی سەرەوە، کە لەو پەرەگرافەدا خراونەتەڕوو هەڵگری بارێکی دەروونی ناجێگیر و پەشۆکاون،

كە تاكەكان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی گەورەی چاوەڕوانكراو و چەند بارە بووەوە لە ئامادەییدان، هەربۆیەشە ئەم ڕۆژە لەلایان بە ڕۆژی مەینەتییەكان هەژماردەكرێت و لایان شومە، لە ڕەفتار و قسەكانیاندا ئەوە هەست پێدەكرێت و بەروونی كاریگەری نۆی ئاب بە سیمایانەوە دیار دەبێت، وەک لەلاپەڕە(٢٤)دا هاتووە ئەم ڕەشبینیە ڕاست دەردەچێت و لە مانگی (ئاب)دا هەیكەلی سێیەم دەڕووخێندرێت و (مامزێر) بەڕووتی لەبەر تیشكی بەتینی مانگی ئابی دۆزەخی لەناو قەفەزێكدایە و نازانێت لە دوای ڕووخانی وڵاتی باوكی كە ناوی ناوە هەیكەلی سێیەم چارەنووسی بەكوێ دەگات.

باوكی (مامزێر) لە دوای ڕووخانی وڵاتەكەی و نەمانی دەسەڵاتی، لەكاتێكدا خۆی سەرۆكی وڵاتبوو، وردە وردە باری دەروونی دەگۆڕێ و وەک شێتێک ڕەفتار دەكات. لە دەستدانی دەسەڵات بە شێوەیەک كاری لە سەرۆک كرد، بە یەكجاری ئاگای لە دەوروبەر نەمێنێ و نە پرژێتە سەر كارە تایبەتییەكانیشی، ئەوە سەرباری ئەوەی خستوویەتییە حاڵەتێكی هەڵچوون و تووڕەیی بەردەوامەوە، بۆ بەتاڵكردنەوەی ئەم گرفتە دەروونییە بە ڕووی ئەوانیدیكەدا هەڵدەشاخێت و بە جووڵاندنی دەستەكان و هەڵبڕینی دەنگییەوە دەیەوێت دڵی خۆی ئاسوودە بكات، كە ئەمە لە لاپەڕە (٢٢)دا مامزێری كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە ئاماژەی پێداوە و دەڵێت: ((لەبەر خۆیەوە دەدوا و دەست و قاچی بە شێوەی سەیر سەیر ڕادەوەشاند... زوو زوو هەڵدەچوو... كتێب و دوستنووسەكانی ناو كتێبخانەكەی دەدڕاند... بەسەر برا هاوشێوەكەمدا هاواری دەكرد...))، بەڵام تەواوی ئەو كارانە نابنە هۆی هێور كردنەوەی دەروونی سەرۆک، هەمیشە ڕووە و خراپتربوونە، تا زیاتر ئەو بارە دەروونییەی بەردەوام بێت، زۆرتر خوە شێتانەكانی بە دیار دەكەون، بۆیە مامزێر لەلاپەڕە (٢٣)دا دەڵێت: ((باوكم!! لەم دواییەدا دەشگریا... بەدەنگ... بێپسانەوە فرمێسكی هەڵدەڕشت... ئینجا خووێكی سەیری گرت... جلەكانی لەبەر خۆی دادەڕنی... بە ددان دەیكردنە تیلمەی ورد ورد... وێنەی شێت.... ، كەو و بلبلەكانی لە قەفەزەكان دەردەهێنا و ملی یەک بە یەكیان بە ددان دەقرتاند... خوێنی ئەو باڵندانە بە چەناگەیدا دەهاتنە خوارێ... شێتانە پەنجەكانی پێدا دەهێنان و بەسەر هەموو شوێنێكی دەموچاویدا بڵاوی دەكردنەوە...)). بەردەوامبوونی ئەو خووە سەیرانەی سەرۆک (باوكی مامزێر) پەیوەندی بەلەدەستدانی دەسەڵاتەوە هەیە، لەكاتی تووڕەبوون، هیچ كەس بوێ نییە لێی نزیک كەوێتەوە، جگە لە(بیبی كەناری) كە زۆرترین هەوڵی لەگەڵ دەدات، كەچی هەر واز لەو خووە

سەیرانەی ناهێنێت، زیاتر و زیاتریان دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا (بیبی کەناری) بە هێنانەوەی جلە کۆنەکانی، ئەو جلانەی لەسەردەمی شاخ بەر لە گرتنە دەستی دەسەڵات لەبەری دەکردن، ئینجا دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، وەک لەلاپەڕە(٢٤)ی ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((بەڵام دواجار جلە کۆنەکانی خۆی بۆ هێنایەوە، ئەوانەی ئەوسا لەو کێوە دەیپۆشین... لەمەوە وازی لەو خووەی هێنا...)). ئەم وازهێنانەی بە هۆی جلی سەردەمێکی جیاواز و زوویەتی لەوەی ئەمڕۆی کە دەمانبات بەرە و ڕوانینی نۆستالۆژیانەی سەرۆک، هیچ شتێ ئارامی پێنابەخشی، تەنیا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نەبێت.

لە ڕوانینی (مامزێر)دا، نووسین فێربوونەوەی زمانە، هەڵبڕینی دەنگ و ناچارکردنەوەی ئەوانیدییە بۆ گوێگرتن لێت، ڕاکێشانی سەرنجەکانە بەلای خۆتدا، یاخود دەکرێ بە دیوێکی دیکە بڵێین (نووسین) دابڕانە لە دەوروبەر بەمەبەستی هاتنەوە ناوخۆ. (مامزێر) لەو کاتە بەو ڕوانینە دەگات، کە هەموو بەلاوەیان ناوە و کەس لێی ناڕوانێت و ئامادەش نین گوێی لێبگرن، مامزێر لەژێر فشارێکی زۆری دەروونیدایە، بۆیە نووسین بە دوا خاڵ دادەنێت بۆ دەربازبوون لە گرفتی بەلاوەنان و پەراوێزخستن. لێرەدا ئاستی دەروونی لەم ڕوانینەدا جەوهەریترین ئاستە، دروستکەری شێوازی زمان و جۆری هزریشە. لەبارەی ئەم بابەتەوە لەلاپەڕە(٢٧)دا مامزێر دەڵێت: ((زمانم بیرچۆتەوە... دەنگم دەرناچێت... هاواریش بکەم، کەس گوێم لێ ناگرێت... هیچ چاوێک، نە دۆستانە و نە دوژمنانە، لێم ناڕوانێت... نەخێر، منیان بەلاوە ناوە... کەواتە من ئێستا ئازاری ئارەزووی نووسین لە هەرکاتێکی دی زیاتر هەڵمدەقرچێنێت...)). مامزێر نەزمانی بیر چۆتەوە و نە ئەوانیش گوێیان لە هاواری نابێت، بەڵکو ئەوە تەنیا ڕەهەندێکی دەروونی هەیە بە هۆی ئەوەی ئەوان حسێبی لەبۆ ناکەن و بەلاوەیان ناوە، ئەم حسێب بۆ نەکردنە، بەجارێ دەروونی مامزێر دادەڕوخێنی، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەروونییە دەیەوێت پەنابباتە بەر نووسین. نووسینێک لەپێناو دەربازبوون لە بارێکی دەروونی سەخت، کە ئەوە گەورەترین ئەرکی نووسینە لەسەر ئاستی فیزیکیش، نەک هەر لەناو دەقی ئەم ڕۆمانەدا، بۆیە ئەم کارەکتەرە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دڵی بۆ نووسین هەڵدەقرچێت.

(مامزێر) کاتێک پووری دەبینێت، هەست بە ماندوویەتی و هیلاکی ئەو دەکات و کە ئەم جۆرە ماندوویەتییە کاری کردووەتە سەر دەروونی. لە گلێنەکانی ئەوە بەڕوونی دەبینێت، واهەستدەکات بۆنی

سەفەرێکی دوور و درێژی لێدێت. ئەم بارە دەروونییەی پووری مامزێر، مامزێر دەگەڕێنێتەوە بۆدواوە و بە بیری دێتەوە، کە پووری لە بارەی سەفەرەوە روانینێکی خستووەتە ڕوو، بۆیە لەکاتێکی وادا کە پووری مامزێر خۆی بۆنی سەفەری جیاجیای لێدێت، مامزێر ئەو روانینەی بیردێتەوە و بەباری دەروونی ئێستایی پووری دەبەستێتەوە و لە لاپەڕە(٧٧)دا دەڵێت: ((شێوەی تەواو گۆڕابوو... ئەو تارماییەی سەر گلێنەکانی ماندوو و ناتەواویان دەردەخست... بۆنی سەفەرێکی دوور و درێژی لێ دەهات... بۆنی سەفەر...؟بەڵێ، بۆنی سەفەر... ئاخر خۆی هەموو جارێ دەیوت سەفەرەکان بۆنی جیاواز جیاوازیان هەیە... نەتدەزانی لەکەیەکەوە نەتدیوە... بە دەنگێکی کز، کە تۆنەکانی تێکشکابوو، پێی وتی :

_ من بوومەتە تیتی شەمەندەفەر...)).

**رۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان:**

وەک هەریەک لە رۆمانەکانی دیکەی (کاروان عومەر کاکە سوور) لەم رۆمانەشدا بایەخێکی زۆر بەلایەنی دەروونی کارەکتەرەکان دراوە، ئاستی دەروونی و هەردوو ئاستەکەی دی بە شێوەیەکی هاوڕێک بەشدارن لە دروستکردنی روانینەکاندا. رۆماننووس ئەوەندە بە قووڵی کاری لەسەر لایەنی دەروونی کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە کردووە، دەکرێ لە ڕێی لایەنی دەروونی هەر کارەکتەرێکەوە بگەین بە جۆری بیرکردنەوەکانی. کارەکتەری وا لەم رۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر ناویشیان لەسەر قسەو روانینەکانیان نەبێت، خوێنەری وریا، بە ئاسانی دەزانێت ئەوە روانینی ئەو کارەکتەرانەیە، کە ئەمەش بۆ گونجانی نێوان ئاستی دەروونی و هەردوو ئاستی هزری و دەربڕین دەگەڕێتەوە. هەر زوو لە ڕێی وێنە دەنگییەکان و ئاواز و هەناسەی کارەکتەرەکانەوە دەتوانین لایەنی دەروونیان ببینین و لەو ڕێگایەشەوە هەست بە جۆری هزر و دەربڕینە تایبەتیەکانیان بکەین. (ئامانج) یەکێکە لەو جۆرە کارەکتەرانەی لەڕێی لایەنی دەروونییەوە شێوازی ژیانی بۆخوێنەر ئاشکرادەبێ، واتا خوێنەر بەهۆی تایبەتبوونی باری دەروونی ئەوەوە بەئاسانی دەتوانێت ئەم کارەکتەرە بناسێتەوە. بۆنموونە کاتێ(سۆزان) نامەیەکی خۆشەویستی بۆ دەنێرێت و لە ڕێی (شۆرش)ەوە بەدەستی دەگات، هەر لەگەڵ کردنەوەی نامەکەدا سەرتاپای جەستەی دەلەرزێت، ئەو لەرزە ئەوەندە تینی بۆ دێنێ، کە ناتوانێت بە ئاسانی نامەکە بخوێنێتەوە، بۆیە لە لاپەڕە(٨٦)دا هاتووە

حەکایەتخوانێک لەرێی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئامانجەوە دەڵێت: ((هەرکە ئەوان چوونە دەرەوە، تۆ زەرفەکەت هەڵپچڕی و نامەکەت هێنایە دەرێ... دەستت دەلەرزی... دەتگوت سەری چۆلەکە هەڵدەکێشیت.....یەک دوو جار نامەکەت لە دەست کەوتە خوارێ و بە زەحمەت هەڵتگرتەوە... ئەو دڵە کوتەیە ڕێگای نەدایت، بیخوێنیتەوە... هەستت دەکرد وا سووک سووک گیانت خاو دەبێتەوە و سەرت گێژ دەخوات..)). ئەم ترسەی (ئامانج) ترسێکە هاوشێوەی ترسی هیچ کارەکتەرێکی دیکەی ئەم رۆمانە نییە، ترسێکە زیاد لە پێویست ترسێنەرە، وای لە ئامانج کردووە لەهەر کوێی ئەم رۆمانەدا ئێمە ترس ببینین راستەوخۆ بە ناسنامەی ئامانجی بزانین. ئامانج وەک کارەکتەرێک کەسایەتییەکی ترساوی هەیە، بە هۆ و بێ هۆ دەترسێت، خۆشی هەست بەوە دەکات کە دەترسێت ئەگەرچی دەیەوێت ئەوە بشارێتەوە. بەردەوام هەوڵ بۆ ئەوە دەدات وەک بوێر و چاو نەترسێک دەربکەوێت، بۆیە کاتێ (هەتاو)ی هاوماڵیان دێتە ژوورەکەی ئەمەوە ترسەکەی بە یەکجاری تاودەستێنێت و توانای نامێنێت نامەکە هەڵگرێتەوە، کە لەوکاتەدا لەدەستی بەردەبێتەوە، وەک بیناوئاو دەلەرزێت، بۆیە(هەتاو)یش هەستی پێدەکات و لەباوەشی دەگرێت، تاکە خەمی (ئامانج) لەو کاتەدا شاردنەوەی ترسەکەیەتی، ئەو نایەوێت وەک ترسنۆکێک ببیندرێت، لەلاپەڕە(٨٨)دا بە هەتاو دەڵێت: ((-حەزناکەم وابزانی من کەسێکی ترسنۆکم.

(هەتاو) بە سەرسوڕمانەوە لە سیماتی ڕوانی و گوتی:

- نا، نا، ئامانج من تۆ بە ترسنۆک نازانم، بەڵام هەر کوڕێک نامەی ئاوای پێبگات، تووشی ئەم حاڵەتەی تۆ دەبێت)).

(ئازادی هەمین مامان)، کارەکتەرێکی دیکەی ئەم رۆمانەیە، کە کاریگەری لایەنی دەروونی لە تەواوی هەڵسوکەوت و روانینەکانیدا دەردەکەوێ، هەمیشە لە بڕیار و بیرکردنەوەکانیدا هەست بە ترسێکی قووڵ دەکرێت. ئەم ترسەی (ئازاد) ڕاستەوخۆ بۆ نەبوونی باوک و پیشەکەی دایکی دەگەڕێتەوە، کە دایکی (ئازاد) کاری مامانی دەکات، هەرکات پێویست بێت دەچێتە دوای پیشەکەی و ئازاد لە ماڵەوە بەتەنیا جێدەهێڵێت، لەکاتێکدا ئازاد باوکیشی نەماوە، سەرباری ئەمانەش (هەمین مامان)ی دایکی لەماڵەکەی خۆیاندا کچانی گەڕەکیش خەتەنە دەکات، کە ئەمەش لەبەر بچووکی خانووەکەیان راستەوخۆ دەکەوێتە بەر بینایی (ئازاد)ەوە، ئەم کارە نەک هەر ترس، بەڵکو هەستەکانی قێزکردنەوە و تووڕەیشی دەبزوێنن، بۆیە

بۆ پیشاندانی ئەم جۆرە بارە دەروونییەی کە بەهۆی بینینی ئەم کارەوە تووشی دەبێت، حەکایەتخوانی هەمووشتزان لەلاپەڕە (١٠٢)دا دەڵێت: ((هەموو گیانت دەلەرزی و نەشتدەتوانی ڕووت بکەیت بەولاوە، یان پشت پەردەی پەنجەرەکە جێ بهێڵیت.... دڵت تێک هەڵدەهات... سەرت گێژی دەخوارد)). (هەمین مامان) ئەم کارە لەناو تەشتێک دەکات کە هەمان ئەو تەشتەیە ئازادی لەناو دەشوات، بۆیە ئازاد ئەوەندەیدی ڕقی هەڵدەستێت و بێزی دەبێتەوە، ئەگەرچی ئاسان نییە ڕاستەوخۆ ئەمە بە دایکی بڵێت، بۆیە ڕقی لە خۆشوشتنیش دەبێتەوە، سەرباری ئەوەش وازی لە خواردنی گۆشت هێناوە بەهۆی بینینی ئەوهەموو خەتەنەکردنەوە وە بە دەستی دایکی، بەوەی وا دەزانێت هەموو گۆشتێک، هەمان ئەو گۆشتانەن کە لەئەندامی زاوزێی مێینە لێدەکرێنەوە، بۆیە جارێک ئەو نارەزایەتییەی خۆی دەردەبڕێت و لەهەمان لاپەڕە بە دایکی دەڵێت: ((نامەوێ لەناو تەشتێکدا بمشۆیت، کە هەزارویەک کچت تێدا خەتەنە کردووە)). ئەگەرچی ئازاد دەزانێت دایکی قسەیەکی ئاوای لا خۆش نییە، ڕەنگە لەسەر ئەوە زۆریشی لێبدات، بەڵام لە ژێر کاریگەری لایەنە دەروونییەکەیدا ئەم روانینەی خۆی ڕاستەوخۆ بە دایکی دەڵێت، کە دواتر دەبێتە هۆی تووڕەیی زۆری دایکیشی.

جێی ئاماژە دانە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە خاوەن دەروونێکی بەکێشەن و ناشتوانن لایەنی دەروونییان فەرامۆشبکەن بەتایبەت ترسی ناخیان، بۆیە هەردەم وەک مرۆڤی دەستە پاچ و داروخاو دەکەونە بەرچاو، بەڵام لە هەمان کاتدا کارەکتەری واشی تێدا بەرچاو دەکەوێت پێچەوانەی ئەوانەن کە باسمانکرد. (شێرزاد ناجی)ی کارەکتەر خاوەنی دەروونێکی بەهێزە، باری دەروونی تارادەیەکی زۆرجێگیرە، ئەم کارەکتەرە هەوڵدەدات وەک لاوێکی پێشەنگ خۆی دەرخات، لەناو هاوڕێکانیدا هەمیشە روانینەکانی تایبەتن و زیاتر پەیوەندییان بە بواری سیاسەتەوە هەیە. ئەم تێکەڵبوونە قووڵەی شێرزاد لەگەڵ سیاسەتدا وایکردووە کەسێکی بوێربێ، ئەگەرچی کەسی بوێر بێ خەم نییەو زۆر جاریش بەرانبەربە هەڵەکان تووڕە دەبێ و بەجووڵەی دەست نارەزایی خۆی دەردەبڕێ، بۆ نموونە لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ (ئازاد)دا ئەم جۆرە رەفتارەی (شێرزاد ناجی) دەردەکەوێت، کەلە لاپەڕە (١٢٤ ـ ١٢٥)دا هاتووە: ((-من باوەڕم بە تۆ هەیە، شێرە... ئێمە هاوڕێی منداڵی یەکترین.

بۆکسێکی بە دیواردا کێشا و گوتی :

- له کاروباری حزبیدا ئەم قسانە هیچ مانایەکیان نییە، ئازاد)). بۆپیشاندانی جدییەت لە کاری حزبایەتییەکەیاندا (شێرزاد) ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە دەکات، ئەم بۆکس بە دیوار کێشانە بووە بەنەریتێک لەلای شێرزاد، هەرکات بیەوێ تووڕەییەکانی پیشانی ئەوانیدی بدات ئەوا ئەم ڕەفتارانە دەکات، ئەم جۆرە ڕەفتارکردنەش چەندین جار لەچەندین شوێن دووبارە دەبێتەوە.

ڕێککەوتننامەی جەزائیر، تێکشکێنەری دەروونی هەموو ئەو شۆڕشگێڕانەبوو، کە ئەوکاتە لە شاخ بۆ دۆزی کورد تێدەکۆشان. لەدوای جێبەجێکردنی ئەو پەیماننامەیەوە گەلی کورد بە گشتی و بە تایبەتیش شۆڕشگێڕان تووشی بێ ئومێدی و شۆکێکی گەورە بوون، بۆیە هەردەم لەلای تاکی کورد وەک دێوەزمەیەک سەیری ئەو ڕێککەوتننامەیە دەکرێت. لەم ڕۆمانەدا (فەوزی فەلەک) یەکێکە لەو شۆڕشگێڕە شکستخواردووانەی دوای پەیماننامەی جەزائیر، وەک هەموو شۆڕشگێڕانی دیکە، جیهانبینی بۆ ژیان گۆڕاوە، ئەو لەگۆڕستان ژیان بەسەر دەبات، لەگەڵ هاتنەوەیدا گۆڕی خۆی بە دەستی خۆی هەڵکەندووە، لای ئەو ژیان مەرگێکی زیندووە، ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەوەش زیاتر ئەو شۆڕشگێڕە تەواوی ژیان هەر لەو چەند ڕۆژەدا دەبینێت، کە دەکەوێتە نێوان بەستنی پەیماننامەکە و نسکۆی شۆڕش و هاتنەوەی بۆ شار، بۆیە لە لاپەڕەکانی (٢٣٨ - ٢٣٩) دا حەکایەتخوانی هەمووشتزان ئاماژەی بەوەکردووە و دەڵێت: ((لای ئەو ڕۆژژمێری ساڵ لە (١٩٧٥/٠٣/٠٦)ەوە دەستی پێکرد، ڕۆژی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، لە (١٩٧٥/٠٣/٢١)یش تەواو دەبوو، واتا ئەو ئێوارەیەی لەناو شار فڕێیان دا و لەو گۆڕستانە گۆڕی خۆیی هەڵکەند... ئەمەیش لەو ڕێگایەوە دەزانرا، کە دوای هەر چواردە ڕۆژ جارێک دەیگوت سبەینێ نەورۆزە... دەگریا، سنگی دەکوتاو دەموچاوی دەڕنییەوە...)). ئەگەر سەرنج لەم روانینە بدەین دەبینین ئاستی دەروونی باڵاترین ئاستە تێیدا، ئەوە ئاستی دەروونییە ئەم روانینەی بەرانبەر بە شۆڕش و ژیان و مردن وا قووڵ کردووەتەوە.

ئاستی دەروونی کارەکتەر، دەتوانێت ببێتە هۆی پێچەوانە کردنەوەی روانینەکانی کارەکتەرەکە، چونکە کاتێک مرۆڤ باری دەروونی دەگۆڕێت، ئەوا گۆڕان بەسەر جۆری بیرکردنەوە و بڕیارەکانیشیدادێت. (ئاواز) ئەو کارەکتەرەیە بە هەموو شێوەیەک داوا لە(سۆزان) دەکات کە دەبێت لەگەڵی بچێتەوەماڵی خۆیان، تا ئەو کاتەی (سۆزان) ڕازی نییە، ئەوا(ئاواز) سوور و سوورترە لەسەر داواکارییەکەی، بەڵام

هەرکات(سۆزان) رازی دەبێت لەگەڵی بچێتە ماڵیان، (ئاواز) وردە وردە باری دەروونی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانی باری دەروونییە وا دەکات دواجار روانینیشی بەرانبەر بەو کچە بگۆڕێت. هەرچەند لەماڵی(ئاواز) نزیکدەبوونەوە، ئەوا ئەوەندە زیاتر ئاواز دەشڵەژا بێ ئەوەی هۆکارەکەشی بە سۆزان بڵێ، لەمبارەیەوە سۆزان لەلاپەڕە(٣٦٨) دا دەڵێت: ((ئەگەرچی لە رێگا هەستم دەکرد تاکو زیاتر لە گەڕەکی ئەوان نزیک دەبووینەوە، پتر ترس و پەشۆکان بە سیمایەوە دەردەکەوت، بەڵام کاتێ کلیلەکانی لە گیرفانی پانتەڵۆنی دەرهێنا، دەستی بە شێوەیەکی سەیر دەلەرزی، بەڕادەیەک لێی کەوتنە سەر زەوی و بە زەحمەت توانی هەڵیانبگرێتەوە...)). (سۆزان) پاش هەوڵێکی زۆر لەوە تێدەگات بۆ ئاواز بەو شێوەیە شێواوە و نایەوێت ئەو حەزەی کە هەیبوو، جێبەجێی بکات، ئاواز بە هیچ شێوەیەک نایەوێت لەگەڵ (سۆزان) بچێتە ماڵەوە، ئەگەرچی تابەر لەوەی بگەنە بەر دەرگای ماڵ ئەوەی نەگوتبوو، بەڵام دوای ئەو هەموو شلەژانە بە سۆزان دەڵێت، نایەوێت لەگەڵی بێت هەرچیشی بوێت بۆی جێبەجێدەکات تەنیا بۆئەوەی وازی لێبهێنێت. (سۆزان) دەیەوێت لەوە تێبگات بۆ هەڵوێستی ئاواز بەرانبەری بەو شێوەیە گۆڕا؟؟ لە ئاکامدا (ئاواز) دان بەوەدا دەنێت و بۆ سۆزانی رووندەکاتەوە لەلاپەڕە (٣٦٩)دا (سۆزان) دەڵێت: ((دواجار ناچار بوو دانی پێدابنێت، کە نایەوێت بەتەنیا لەگەڵ کچێکدا بچێتە ماڵێکەوە ئەگەر ئەو کچە بە بەرد و لەبەر چاوی خۆیدا پیاوێکی دەست وەشێنی کوشتبێت، با ئەو ماڵە هی خۆیشی بێت ...)). لێرەدا(ترس) ویستی پێکەوە بوونی ئاواز و سۆزان دە گۆڕێت بۆ ویستی لێکترازان.

**رۆمانی کازینۆی منداڵان:**

لە روانینەکانی ئەم رۆمانەشدا گرنگی زۆر بە ئاستی دەروونی دراوە، ئاستی دەروونی ئەو ئاستەیە کە دواجار ئاستەکانی دیکە ئاراستە دەکات. هیچ روانینێک بەرچاو ناکەوێت ئەگەر ئاستی دەروونی رۆڵی لە بنیاتنانیدا نەبێت، بۆیە بۆ تیشک خستنە سەر ئەم ئاستە و گرنگی و ئامادەیی لە روانینەکاندا لە رۆمانی کازینۆی منداڵان چەند روانینێک وەردەگرین.

(خەلۆ چاوسوور) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە، لەتەمەنی لاویدا کەسایەتییەکی تووڕەی هەبووە، هەمیشە بەتوندی وەڵامی پێشهات و ڕووداوەکان دەداتەوە، ئەم توڕەیی و بە گێچەڵیەی (خەلۆ

چاوسوور) دوای ئەوە زیاتر تاودەستێنێت، کە ژنەکەی بەدەستی خۆی دەکوژێت و لەسەر قەڵا فڕێی دەداتە خوارەوە، بۆیە خەڵک بە گشتی خۆی لێدەپارێزن. شەش ساڵ دوای ئەو ڕووداوە لە ئەنجامی گاڵتەکردنی برادەرێکی، توڕە دەبێت و پشتی دەشکێنێت و خوێنی کچێنی خوشکیشی دەڕێژێت، ئەوانە هۆکارن بۆ ئەوەی (خەلۆ چاوسوور) هەمیشە لە بارێکی دەروونی نا جێگیردا ببینرێت، لایەنی دەروونیی ئەم کارەکتەرە، دەبێت بەهەوێنی دروستکردنی ئاستی دەروونی نێو روانینەکانی کە هەمیشە ئەم بارە دەروونییە بە زەقی لە روانینەکاندا ڕەنگدەداتەوە. خەلۆ چاوسوور، بۆ دەربازبوون لەخەم و ئارامبوونەوەی باری دەروونی خۆی، کە بەهۆی ئەو خەمە زۆرەوەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە، وای دەبینێت کە هەمیشە دەبێت بێڵێکی پێبێت بۆ هەڵدڕینی ورگی زەوی، ئەگەرچی نازانێت بۆ دەبێت ئەو کارەبکات. ئەم ناجێگیرییەی دەروونی بووە بەهۆی دروستکردنی ئەم روانینەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەم و بەردەوامیدان بە ژیان، بۆیە لەلاپەڕە(٣٤)دا حەکایەتخوانی هەمووشتزان دەڵێت: ((ئەو کاتانەی ویستوویەتی خۆی لەو خەمانەی بدزێتەوە، هەمیشە وای هێناوەتە بەرچاو بێڵێکی پێیە و زەوی هەڵدەکۆڵێت، بەڵام بۆچی...؟! بەچ مەبەستێک...؟! نازانێت... ئەوەندەی لا ڕوون بووە، کە دەبێت بێڵێکی پێ بێت و بەردەوام ورگی زەوی ڕەق هەڵدڕێت، ئەگینا لە ژێر ئەو بارە قورسەدا دەپلیشێتەوە...)).

کاتێ (پەریهان)ی دایانی (سوهاد)ی کوڕەزای (خەلۆ چاوسوور)، ناوی مەیسوون لە مانگاکەیان دەنێت، (خەلۆ چاوسوور) ئەمە بەرانبەر بە ناوی ژنەکەی بە بێ ڕێزیکردن دەزانێت، چونکە هەمان ناوی ژنەکەیەتی لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ناوە تایبەتە بە کیژانی بنەماڵەکەیان، چونکە (حەمدی)ی باپیرە گەورەیان وەسیەتی کردووە و گوتوویەتی ئەم ناوە لە کیژەکانتان بنێن، ئەوە لە کاتێکدایە (خەلۆ چاوسوور) بە دەستی خۆی ژنەکەی خۆی کوشتووە، کەچی لاشی وایە نابێت کەس سووکایەتی بە ناوی ژنی ئەو بکات ، ئەمەش لەبەر خۆشەویستی نییە بۆ ژنەکەی، بەلکو خەلۆ ئەوە دەزانێت ناوی ژنەکەی بووە بە ناوێکی پیرۆز لەناو بنەماڵەکەیان، دەیەوێت هەمان کلتووری باوانی بپارێزێت، بۆیە کاتێ لەم بارەیەوە قسە بۆ(سوهاد) دەکات، لەسەر خۆشەویستی سوهاد بۆ (پەریهان)، کاریگەری زۆری لایەنی دەروونی لە روانینەکانیدا دەبیندرێت، ئەوە لە هەڵسوکەوت و چۆنیەتی دەربڕینی روانینەکاندا رەنگ دەداتەوە کاتێ

لەلاپەڕە(٤٥)دا بە سوهاد دەڵێت: ((تۆ چۆن یەکێکت خۆشدەوێت، کە ناوی نەنکتی لە مانگاکەی نابێت...؟! ئاخر ناوی ژنی من..... تەواوی نەکرد وتفێکی لەبەردەمی ڕووکرد بە توندی قاچی پێدا نا)).

(وریا) ئەو کارەکتەرەی لە کاتی منداڵیدا، باوکی بە دەستی(موفید) دەکوژرێت، (موفید) دوای (دە)ساڵ لە زیندان بەردەبێت، بۆیە لەکاتی قەبرلێدان بۆ ناشتنی (ئارۆن) ی بەخێوکەری وریا، (موفید) بەشداردەبێت، لەو کاتەدا (وریا) لەلایەک بەهۆی مردنی ئەو کەسەی کە وەک باوکێک لە خۆیگرتووە، لە بارێکی دەروونی خراپدایەو، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی بینینی بکوژی باوکی ڕاستەقینەی، بۆیە لەو کاتەدا بیرکردنەوە و روانینی بەرانبەر بە بکوژی باوکی کاریگەری ئەو بەسەر هاتانەی پێوە دیارە. ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە وریا لە گەیشتن بە روانینەکانی بەرانبەر بە بکوژی باوکی لە ڕێی لایەنی دەروونییەوە، ئەوکات لە سیمای (موفید) ورد دەبێتەوە، واهەستدەکات موفید دەیەوێت، هێزی بازووەکانی پیشانبدات و پێی بڵێ ئەوەتا هەر بەهێزەکەی جارانم، ئەگەرچی (موفید) ئەوەی بە زار نەگوتووە، بەڵام وریا ئەوە لە سیمایدا دەخوێنێتەوە کە مەبەستیەتی بڵێ وەک چۆن باوکت نەیتوانی چۆکم پێدابدات، ئاوا تۆش ناتوانیت بە هیچ شێوەیەک ڕووبەڕووم بووەستیتەوە، بۆیە وریا لەلاپەڕە(١٣٣ ـ ١٣٤)دا دەڵێت: (("موفید" تا دەهات زیاتر حەماس دەیگرت و پێستی دەموچاوی سوورتر هەڵدەگەڕا... بەردەوام بەو قۆڵە درێژ و ئەستوورانەی بێڵەکەی بۆ سەرەوە بەرز دەکردەوە و قایم قایم نووکەکەی لەو زەوییە دەبردە خوارێ... دەتگوت دەیەوێت هێزی خۆیم پیشان بدات و پێم بڵێت ڕاستە دەساڵی لە زیندان بەسەر بردووە، بەڵام هێشتا هەر گەنجە خوێنگەرمە بەتواناکەی جارانە..)).

ئەگەرچی(پەلکشان) بە شێوەیەکی گشتی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە شێوە تایبەت و قورسەکەی خۆی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، ئەو هەموو هەوڵ و ماندوبوونەی (پەلکشان) بۆ ڕاهێنانی منداڵەکانی لەسەر شەڕانگێزی، ڕەنگدانەوەی لەسەریان نەبووە. ئەوەتا کاتێ(عەقید عەبدولموهەیمەن)ی کوڕی پەلکشان لێی دەپرسن تۆ کوڕی پەلکشانی؟ تۆ کوردی؟ تۆ بەکرێگیراوی ئەمریکای؟ لە وەڵامدا هیچ قسەیەک ناکات، ئەو قسەنەکردنەی بۆ کەللە ڕەقیەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە دەڵێ ئەگەر وەڵامی بدەمەوە، واتا ترسنۆکم، بێگومان ئەو وەڵامە پەیوەندی بەو ڕیساو دەستووره تایبەتانەی پەلکشانەوە هەیە، هەردەم هەوڵی بۆ ئەوەدەدا منداڵەکانی وا ڕابهێنێت، کە هەرگیز

نەترسن، بۆیە ئەو نەترسانە، پێ بە پێ لەگەڵ منداڵەکانی پەلکشان دەمێنێتەوە و ئەوەتا دەبێت بە هۆی کوژرانیشی، کەچی مردنی لەلا پەسندترە لە ژیانێک کە بەترسنۆک بژاندرێت، لەلاپەڕە (٢٩٤)دا لەبارەی ئەم بابەتەوە حەکایەتخوانی هەمووشتزان دەڵێت: ((ئەمیری موجاهیدەکان بە زمانی عەرەبیی کلاسیکی لێی دەپرسێت ئاخۆ ئەو قسانە راستن... ئەم دەڵێت:

-ئەگەر وەڵام بدەمەوە، مانای وایە ترسنۆکم... ئەو کاتە چ سوودێکی هەیە، نەکوژرێم و لە ژیاندا بمێنمەوە...؟!)). ئەم هەڵوێستە دەرخەری ئەوەیە، لایەنی دەروونی بۆ مرۆڤ نە پەیوەستە بە کاتێکی دیاریکراو، نە بە ئاسانیش گۆڕانی بەسەردادێت، ئەگەرچی باری دەروونی لای هەموو کەس وەک یەک نییە. ئەوەتا (عەقید عەبدولموهەیمەن) دوای گۆڕینی زۆرشت لەخۆی نەیتوانیوە لەکاریگەری پەروەردەی (پەلکۆ)ی دایکی ئازادبێت.

ئەو کوڕەی (پەلکشان) زیاتر لە هەر پێنج براکەی دیکەی کاریگەریی وتە و کردەوەکانی دایکی بەسەرەوەیە، هەر ئەوەشە بووە بە هۆی ئەوەی لە رشتەی سەربازیدا کاربکات و تەنیا لە پێناو نواندنی ئازایەتیدا لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداربێت، هەروەها ئەو ئازایەتی نواندنەشە دەبێتە هۆی کوژرانی.

**رۆمانی ماڵی نانی :**

لەم رۆمانەشدا ئاستی دەروونی نێو روانینەکان بەبایەخەوە لەلایەن رۆماننووس کاری لەسەرکراوە، بەڵام ئەوەی ئەم رۆمانە لەوانیدی جیا دەکاتەوە ئەوەیە زۆربەی کات روانینەکان لەلایان حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە خراونەتەڕوو، ئەوەش وایکردووە بۆ گوزارشتکردن لەباری دەروونی کارەکتەرەکان حەکایەتخوانێکی هەمووشتزان بارە دەروونییەکان دیاری بکات و لەگەڵ جۆری روانینەکان بیگونجێنێت، واتا لەزاری خودی کارەکتەرەکانەوە ئاستی دەروونی نێو روانینەکان نەخراونەتەڕوو، ئەگەرچی ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم رۆمانە تەنیا لەرێی حەکایەتخوانی هەمووشتزانەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵکو دوو جۆرەکەی دیکەی حەکایەتخوانیش بۆ گێڕانەوەی رووداو و گەیاندنی روانینەکان سوودیان لێوەرگیراوە. بۆنموونە لەلاپەڕە (١٦-١٧)دا حەکایەتخوانی کەمشتزان لەپێشکەشکردنی روانینی باپیری (نیان) بەرانبەر بە سیامەندی باوکی (ئامانج)دا ئامادەیەو حەکایەتخوانی دەکات. باپیری نیان پێی وایە لەبەر ئەوەی سیامەند ترسنۆکبوو، بۆیە ویستوویەتی لە شاخ ئارامترین و دوورە شەڕترین شوێنی هەبێت، تاکو خۆی لە

مەرگ بپارێزێت. (باپیری نیان) کاتێ روانینی خۆی لە بارەی(سیامەند)ەوە دەردەبڕێت هەست بەوە دەکرێت، روانینەکەی نێگەتیڤانەیە بەرانبەر بەو کارەکتەرە، ئاستە دەروونییەکەش ناجێگیرە و تورەیی پێوە دیارە و دەڵێت: ((نا پیاوی ترسنۆک، ئەو مندالەت بۆ ئاوا لێکرد...؟! تۆ لەهەموو ژیانتدا نەتوێراوە مشکێک بکوژیت، کەچی کوڕی خۆت.......

وەک بڵێی لە بەرانبەری وەستا بێت و هیچ جوێنێک نەدۆزێتەوە پڕ بە پێستی ئەو بێت، بۆیە تەواوی ناکات و بەو دەستە چرچانەی دوو سێ جار بە قەراغی قەرەوێڵەکەید دەکێشێت)). لێرەدا لەخستنەڕووی ئەم روانینە، ئاستە دەروونییەکە هەر تەنیا لە زەینی کارەکتەرەکەدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەو بارە دەروونییە ناجێگیرە دەگۆڕێت بۆ جووڵە و وێنە، کە بەهۆی دەستەکانییەوە گوزارشت لەدەربڕینەکانی دەکات. کاتێ بێئومێد دەبێت لەوەی جوێنێک بدۆزێتەوە ناچار کوڵی دڵی بە قەرەوێڵەکەدا دەرێژێت و لەویوە ئیمە بە ئاستە دەروونییەکەی ئەم روانینە دەگەین. لێرەدا رەفتاری خاوەن روانینەکە تەواوکەری روانینەکەیە، لەرێی ئەم هەڵسووکەوتەوە دەتوانین بەوە بگەین کە ئەم کارەکتەرە لە چ بارێکی دەروونی دایە. هەر ئەمەشە رەنگی داوەتەوە لەسەر ئاستی دەروونی روانینەکەی.

(دڵداری دووەم) کارەکتەرێکی سەرەکی ئەم رۆمانەیە، تووشی نەخۆشییەکی تایبەت دەبێت، کاتێ گوێبیستی دەنگی هەر زەنگێک بێت دەبوورێتەوە، هەر ئەو نەخۆشییە وادەکات نەتووانێت قوتابخانە تەواو بکات، چونکە لە دوای یەکەم وانە لەگەڵ لێدانی زەنگی کۆتایی هاتنی وانەکە ئەو دەبوورایەوە و دەیانبردەوە ماڵەوە، ئەو بوورانەوەیە وایلێکرد نەک تەنیا قوتابخانە تەواو نەکات، بەڵکو رقیشی لێی بێتەوە و حەزنەکات هەرگیز ئەم شوێنە ببینێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دایکی پێداگری دەکات لەسەر چوونی (دڵداری دووەم) بۆ قوتابخانە و تەواوکردنی خوێندنەکەی، لێرەدا دوو روانینی جیاواز دەبینین، دایکی (دڵداری دووەم) وادەزانێت قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە دەبێت کورەکەی تەواوی بکات و لە خوێندن بەردەوامبێت، واتا لە دیدی دایکی (دڵداری دووەم)ەوە قوتابخانە شوێنێکی چاکە و پێویستە بۆ دواڕۆژی کوڕەکەی ، کەچی بەپێچەوانەوە دڵدار بەهۆی ئەو نەخۆشییە دەروونییەی بەرۆکی گرتووە، نەک حەزناکات بچێتە قوتابخانە، بەڵکو بە شوێنێکی بلحیشی دەزانێت، لەلاپەڕە(١٣٤)دا لەمبارەیەوە دەڵێت: (("نانی"ی دایکم بە پلەی یەکەم خەمی ئەوەیەتی خوێندنی ئەمساڵم لەدەست بچێت، بۆیە زوو زوو پێ لەسەر ئەوە

دادەگرێت، کە دەبێت بەهەر شێوەیەک بێت چاک ببم و بەرێک و پێکی دەوامی خۆم بکەم... ئایا من دەمەوێت ئیتر چارەی ئەو شوێنە بڵحە ببینمەوە...؟! بێگومان نەخێر)). ئەوە لایەنی دەروونییە ئاراستەی روانینەکان دیاریدەکات و دەبێت بە دروستکەری هەڵوێست و روانینی هەر کارەکتەرێک، ئەگەر دڵدار لە حاڵەتێکی ئاوهادا نەبووایە بێگومان ئەو جۆرە روانینە نەرێنییەی بەرانبەر بە قوتابخانە نەدەبوو.

ئەم رۆمانە لەرێی خستنەرووی روانینی کەسەکانی گوندی(حنظلة ) ەوە، گوزارشت لە روانینی بەشێکی زۆری دانیشتوانی عێراق دەکات، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕشتەی سەربازیدا کاردەکەن وەک لە بەشی دووەمدا باسمانکردووە. خەڵکی ئەم گوندە سەربازییە زیاتر لە مرۆڤ بایەخ بە (سەگ) دەدەن، سەگ سیمبولی هێزە، نیشانەی دەسەڵاتە، بۆیە ئەو سەگانەی ئازاو چاونەترسن لەلایەن خاوەنەکەی ڕێزی زۆریان هەیە، بەهۆی سەگەکانیشەوە خاوەن سەگەکان لەلایەن خەڵکی ئەو گوندە حسێبی تایبەتیان بۆ دەکرێت، واتا ڕێزو پلە و پایەی هەر تاکێکی ئەو گوندە بەندە بەئازایەتی و چاونەترسی سەگەکەیەوە، بۆیە کاتێ(عەتیج شەیهانی) ئەوە دەزانێت، کە خاوەنی سەگێکی ترسنۆکە، باری دەروونی تێکدەچێت. (عەتیج) لە یاسای گوندەکەیان لادەدات و بە دزییەوە دەیبات بۆلای دوکتۆر، دوکتۆر پێی دەڵێت دوای ساڵێک چاکدەبێتەوە، کەچی خەراپتر و خەراپتر دەبێت، تا دێت زیاتر لەدەنگی تەقە دەترسێت، کە ئەمە بۆ (عەتیج) ریسواییە، هەرچەندە (دەرفەل)یشی زۆر خۆشدەوێت، بەڵام ناچار بەدەستی خۆی دەیکوژێت. ئەو رووداوە لە هەموو شتێک زیاتر ئازاری (عەتیج شەیهانی) دەدات، بۆیە هەفتەیەک لە جێدا دەکەوێت و لە رابردوو سێ برای کوژراوە ئەوەندە خەفەتبار نەبووە، بۆیە لەلاپەڕە(١٩٢)دا حەکایەتخوانی هەمووشتزان دەڵێت: ((" عەتیج شەیهانی"، ئەگەرچی لای خەڵکی گوندەکەیشی بە پیاوێکی دڵڕەق ناسراوە، بەڵام هێندە خەفەت لە(دەرفەل) دەخوات حەفتەیەک لەجێدا دەکەوێت... تای گەرمی لێدێت و گیانی تەواو دادەهێزرێت... پێشتر سێ برای کوژراوە، یەکێکیان لە شەڕی موخەریبەکان و دووانیان لە یاری تالانی، بەڵام هێندە ئازار دڵی هەڵنەقرچاندووە...)). (عەتیج) لە ژێر کاریگەری نەریتی گوندەکەیان ئەو کارەی کرد، خۆی ئەوەی نەدەویست، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی وەک شەرمەزارییەک بۆی هەژمار نەکرێ، بۆیە کۆتایی بە ژیانی (دەرفەل) هێنا، ئەوەتا لە دوای کوشتنی(دەرفەل) عەتیج زیاتر لە هەموو کات ئازار دەچێژێت.

(غانم) کارەکتەرێکە دانیشتووی گوندی (حنظلة ) یە، روانینێکی نهێلستیانە (عەدەمیانە) ی هەیە، باوەڕی بە هیچ نییە و گاڵتە بەهەمووشت دەکات. لەم روانینە بێگومان هاوتای ئەو هزرەی کە تێیدایە ئاستی دەروونیش ڕۆڵدەگێڕێت لە تۆکمەیی پێکهاتەکەی. باری دەروونی بۆ کارەکتەری هەڵگری ئەم جۆرە روانینە گرنگە، چونکە خودی ئەم روانینە لە دوای ڕەشبینی و ئازارەکی زۆرەوە دروستدەبێت، مرۆڤ کاتێ بەم روانینە دەگات، کە تەمای بەهیچ نەمابێت و تەواوی پێکهاتەی دونیا لە چوارچێوەی پوچیدا ببینێت. لەلای ئەم کارەکتەرە، واتا(غانم) هۆکاری سەرەکی گەیشتن بەو روانینە تەواو ڕوون نییە، چونکە کۆی ئەو ئەتمۆسفێرەی ئەو تێیدا دەژیت شیاوی ئەوەن بیگەیەننە ئەو بارودۆخەی کە بەو جۆرە روانینە بگات، لەلایەک کاریگەری چەند شۆڕشگێڕێکی ڕووخاو کە لەزیندان لەگەڵی دەبن، لەلایەکی دیکەوە هۆکاری مردنی دوو برای و دواتر خوشکێکیشی کەلە ڕۆژی بووکێنی دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە، ئەمەش هەم ڕیسواییە و هەمیش خەمی لە دەستدانی کەسێکی ئازیزە، لەگەڵ کوژرانی برا گەورەکەی و باوکیشی، بۆیە لەلاپەڕە (٢٢١)دا حەکایەتخوانی هەمووشتزان لەم بارەیەوە دەڵێت: (("غانم" چەند مانگێک لەو زیندانە لەگەڵ سێ چوار شۆڕشگێڕی ڕووخاودا بەسەر دەبات، بۆیە کاتێ دەگەڕێتەوە، کاریگەری ئەوانی پێوە دیارە... باوەڕی بە هیچ شتێک نەماوە و گاڵتەی بە ورد و درشتی ئەم دونیایە دێت، بەڵام ڕەشبینییەکەی هەموو دونیای بڕیوە... خەڵک هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە بۆ بارودۆخی خێزانەکەی دەگەڕێننەوە، کە لە ماوەیەکی کەمدا دوو برای بەڕووداوی ئۆتۆمۆبیل لەناو دەچن و تاقە خوشکەکەی لە ڕۆژی بوکێنییەکەیدا دەکوژرێت، کەئەمەی دواییان نەک هەر داخێکی گەورەیە، بەڵکو ڕیسواییەکی بێوێنەیشە... پێشتریش باوکی لە حەفتاوچوار لە نزیک هەڵەبجە و برا گەورەکەی لەسەرەتای جەنگی قادسیەدا کوژراوە...)). لێرەدا کاریگەری ڕووداوەکانی دەوەروبەری (غانم) بە ڕوونی بەسەر دەروونییەوە دیارن، ئەو ڕووداوانەی کە بەبەر چاوی خۆیەوە دەیانبینێت، ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی تێکدانی بارە دەروونییەکەی، بۆیە هەر لە ژێر کاریگەری ئەو لایەنە دەروونییەدا دەگات بە روانینێکی ڕەشبینانە کە لە هەموو هەڵوێستێکیدا ڕەنگدەداتەوە.

هەمیشە ئەو کەسانەی شتێکیان لەدەست دەچێت دەیانەوێت لە ڕێگەی شتێکی دیکەوە قەرەبووی ئەو شتە ڕۆشتووە بکەنەوە(پارگین دۆلانی) یەکێکە لەو ژنانەی کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە قاڵبێکی پیاوانەدا دەرخستووە و جلوبەرگی پیاوانەی پۆشیوە، بۆیە لەکۆتایی تەمەنیدا دەیەوێت بە پۆشینی جلو بەرگی

**ڕەنگاوڕەنگی ژنانە، ئەوە قەرەبوو بکاتەوە. رۆماننووس ئەم حالەتە بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کەپارگین پێی وایە پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ دەبێت بە هۆی هێورکردنەوەی دەروونی لەبەر ئەو هەموو کاتەی لە ژنەتی خۆی دابڕاوە، ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەروونی پارگینەوە. لەم روانینەدا ئاستی دەروونی لە ڕێی خودی کارەکتەرەکە بە ئێمە ناگات، واتا حەکایەتخوانی هەمووشتزان بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکانی بکات، ئەم روانینەی خستووەتە ڕوو، لەناویشیدا ئاستی دەروونی کاریگەرترین ئاستی پێکهاتەی روانینەکەیە، لەلاپەڕە(٢٧٣)دا دەڵێت: ((ئەگەر دەیبینیت بەو پیرییەی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشێت، ئەوا لەبەر ئەوەیە سێ بەشی تەمەنی وەک پیاو ژیاوە و هەر جلوبەرگی پیاوانەی پۆشیوە، بۆیە لەو پانزدە ساڵەی دواییدا ویستوویەتی قەرەبووی ئەو ڕۆژانە بکاتەوە...)).**

**تەوەرە سێیەم:**

**ئاستی دەربڕین :**

**دەربڕین ئەو ئاستەیە کە ئاستەکانی دیکەی روانینی پێ دەخرێتەڕوو، لە ڕێی ئاستی دەربڕینەوە دەگەین بە ئاستی دەروونی و هزری روانینەکان، چونکە دەربڕین هەڵگری هزر و بارە دەروونییەکانە، بۆیە دەگوترێ دەربڕین شێوازێکە کە خاوەن ڕوانینەکان بە هۆیەوە گوزارشت لە هزر و بارە دەروونییەکانیان دەکەن[1]، لەهەر دەربڕینێکدا هەست بەلایەنی دەروونی و هزرەکان دەکرێت، واتا ناکرێت درک بە ئاستی هزری و ئاستی دەروونی بکرێت بێ هاوکاری ئاستی دەربڕین، چونکە دەربڕین بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە((دەرخستنی شتێک و روونکردنەوەی بە گوزارشتێک کە بیرۆکە و هەست و سۆزەکان تێیدا بە دیار دەکەون))[2].**

**ئاستی دەربڕین نەک تەنیا بۆ خستنەڕووی ئاستی دەروونی و هزری جێگەی بایەخە، بەڵکو ئەو ئاستەیە کە بووە بە ناسنامەی رۆمان، چونکە((دەربڕین یەکێکە لەو ئاستە گرنگانەی لەڕێی ئەوەوە گوتاری رۆمان دروست دەبێ و لە حەکایەت جیادەکرێتەوە))[3]، هەروەها ئەوە چۆنیەتی گوزارشتکردنەکانی هەر دەقێکە کە دەبێت بەهۆی ناسینەوەی ژانرەکەی، چونکە خوێنەر بەر لە هەر شتێک ڕووبەڕووی زمان و شێوازی دەربڕینەکانی دەق دەبێتەوە، بۆیە نووسەری سەرکەوتوو دەبێت هاوسەنگی نێو هاوکێشەی زمانی و هزری و دەروونی هەر کارەکتەرێک رابگرێت، کاتێ بەخوێنەر دەگەن گونجاو و کۆکبن؛ ئەم گونجانەش وا دەکات خوێنەر بتوانێ کارەکتەر لە نووسەر و کارەکتەرەکانی دیکە جیابکاتەوە، چونکە هیچ کارەکتەرێک شێوەی دەربڕینی لەهی کارەکتەرێکی دیکە ناچێت، دەشبێت هەر کارەکتەرێک ((خاوەنی جۆرێک لە دەربڕین بێت کە بەهۆیەوە روخساری بناسرێتەوە))[4]. بێگومان کاتێک کارەکتەرێک دەدوێت، ئێمە لە ڕێی زمانیەوە دەگەین بە ئاستی هزری و بارە دەروونییەکەی، بۆیە دەگوترێت دەربڕین دەبێتە هۆی ناسینەوەی کارەکتەرەکان، چونکە زمانی هەر کارەکتەرێک جیایە لەگەڵ یەکێکی دی، کەواتە هزرو دەروونیشیان جیـــاوازە،**

(١) بڕوانە:ناصر نمر محی الدین: بناء العالم الروائي، دار الحوار، الطبعة الاْولى، سورية -لاذقية ، ٢٠١٢، ص٧٨.

(٢)محەمەد چیا:فەرهەنگی فەلسەفی(ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی)، چاپخانەی مەهارت-تەهران،چاپی سێیەم، ٢٠٠٦، ل٩٦.

(٣) نەجم ئەڵوەنی(د): ٣لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، ل٧٨.

(٤)آلن رب گری یە: برای رمانی نو،ت:پرویز شهدی، انتشارات بافکر-تهران، چاپ اول، ١٣٨٨، ص٣٥.

هەر ئەوەشە دەبێت بە دروستکەری جیاوازی لە روانینەکاندا. کاتێ زمانی کارەکتەرەکان جیادەبێت بێگومان روانینەکانیشیان جیا دەبێت. لە هەر رۆمانێکدا کارەکتەرەکان بە چەندین شێواز قسە دەکەن و دەنگی جیاجیای خۆیان هەیە[1]، ئەمەش نەک تەنیا دەبێتە هۆی دروستکردنی روانینی جیاواز لە نێوان کارەکتەرەکاندا، بەڵکو دەتواندرێت نووسەریش لەرێی دەربڕینەکانیەوە بناسرێتەوە و هەستی پێبکرێت.

جیاوازی نێوان روانینەکان پەیوەندی بە ئاستی دەربڕین و ئاستی هزرییەوە هەیە، لە رێی ئەم دوو ئاستەوە دەتواندرێت پەی بە تایبەتمەندی روانینەکان ببردرێت، وەک بۆریس ئۆسبنسکی دەڵێت: ((لەکاری ئەدەبیدا، نەک تەنیا لە ئاستی ئایدیالۆژی، بەڵکو دەکرێ لە ئاستی دەربڕینیشدا، تایبەتمەندی روانینەکان روون بکرێنەوە))[2]. ئەم دوو ئاستە تەواو کەری یەکترن، دەکرێ روانین بکەین بە دوو بەشەوە، یەکێکیان شێواز و زمانەکەیەتی، واتا ئاستی دەربڕینە، ئەویدیکەش بیرکردنەوە و تێڕامانەکانە، واتا ئاستی هزرییە. یان دەکرێ بڵێن دەربڕین و هزر دیوی دەرەوە و ناوەوەی روانینەکانن، بۆیە ناکرێ روانینەکان خاڵی بن لە شێوازێکی تۆکمەی دەربڕین و بنیاتێکی هونەری بە هێز، لە هەمانکاتدا پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، دەربڕین و بنیاتی گێڕانەوە بێ بوونی هزرێکی گونجاو و تۆکمە ناکرێت بوونی هەبێت[3].

**رۆمانی ئای لەڤیلیا لە ڤیلیا..!!:**

لەم رۆمانەدا رۆماننووس هەوڵیداوە ئاستی دەربڕین بایەخێکی تایبەتی هەبێت، شێوازی زمانیی روانینەکان بایەخێکی زۆری پێدراوە، زۆربەی کات دەربڕینەکان شێوەیەکی هونەری بەرزیان پێوە دیارە، هەستدەکرێ رۆماننووس چەند بە وردی کاری لەسەرکردوون، ڕستەکان لە قالبێکی پڕ ئاوازدا دەربڕاون، کاتێ سەرنج لە ئاستی دەربڕینی ئەو رۆمانە دەدەین بەوەدەگەین ئەوەندەی لەرووی زمانییەوە لە رۆمان نزیکە ئەوەندەش لە شیعر، بەهۆی ئەوەی لە بەکارهێنانی وشەو ڕستەکاندا، نووسەر، وریایانە بە دوای جوانترین و ئاوازدارترینیاندا گەڕاوە بۆ گوزارشتکردن لە هزر و بارە دەروونیەکان، لە زۆر شوێندا ئاستی دەربڕینی روانینەکان تەواو نزیکدەبێتەوە لە شێوازیی شیعری، کە لە ڕیزکردنی وشەکان و دەنگ و وێنەکانیشدا ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت.

(١)بروانە:عەبدولرەحمان منیف: تیشکێک بۆسەر رۆمان، ل٢٩.

(٢)بوريس اوسبنسكى: شعرية التأليف، بنية النص الفني وأنماط الشكل التأليفي ،ص٢٩.

(٣)بروانە:سمير روحى الفصل(د.): الرواية العربية البناء و الرؤيا-مقاربات نقدية ،منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص٢٠٠.

دایکی(نەوال) بە بایەخەوە لە (عەمار) دەڕوانێت و دەیەوێت لە دوارۆژ ببێ بە هاوسەری (نەوال)ی کچی، بۆیە کاتێ شوێنی عەمار پێدەزانن، ئەو بە خۆشیی و بە پەرۆشەوە بە نەوال دەڵێت، با ڕۆژێک بچینە سەردانی، کەچی نەوال ئەو حەزەی تێدا نییە و نایەوێت بچێتە لای. لەم نێوانەدا بە هۆی جیاوازی بیروڕاکانیانەوە، دایکی نەوال توڕە دەبێت و ئەنجام سەرزەنشتی نەوال دەکات. ئەم سەرزەنشت کردنەی دایکی شێوەیەکی گونجاوی نێوان هەردوو ئاستی دەروونی و دەربڕینمان پیشاندەدات، لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی هونەرییانە وشەکان خراونەتە پاڵ یەک کە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ئاوازداری هەیە، ئەگەرچی خودی دەربڕینەکان جنێون و گفتوگۆکەشی تووڕەیی پێوەدیارەو لە لاپەڕە (٥٣)دا هاتووە کە دەڵێت: ((بە بێزارییەوە سەری هەڵبڕی و وتی:

- بۆچی بچین..؟!

ئەو لێی تووڕەبوو و شانەکەی تێگرت.. بەر لا ڕانی چەپی کەوت و هاواری لێ بەرزبووەوە:

- قەحپەی لە قەحپە کەوتوو.. زۆڵی لە هیچ کەس نەچوو)).

لەم رۆمانەدا بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر دروستکردنی وێنەی دەنگی کراوە، ئەو وێنە دەنگیانەی زەین، کە هیچ وێنەیەکی پێتیان بۆ دانەندراوە، زۆرترین وێنەی دەنگی لەم رۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لەلاپەڕەی (٩٥)دا کاتێ شازە خەریکی چێشتلێنانە بە دەم چێشتلێنانەوە بیر لە سیامەند دەکاتەوە و گۆرانی دەڵێت، لێرەدا هەست بەو جۆرە وێنە دەنگییە دەکەین کاتێ دەڵێت: ((لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەوت:

هذا منو دگ الباب

یمكن اجوانا الاحباب

لە پڕ تەقتەتەق تەتەق.. تەقتەتەق تەتەق لە دەرگا سپیەکەیان درا و ئەم بە خێرایی چوو کردیەوە..))

ئەم وێنە دەنگییانە لەم رۆمانەدا بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی ئاستی دەربڕینەکانن. لەلایەکی دیکەوە کاتێ (نەوال) دەبورێتەوە بەهۆی بیرکردنەوەی لە ڕەنگی سوور، لەدوای بەخۆهاتنەوە هەستدەکات گوێی لە دەنگی هاتنەخوارەوەی دڵۆپەی ئاوە، نازانێت ئەو دەنگە سەرچاوەکەی لە کوێوەیە و دڵۆپە ئاوەکان بەر چ بەردێک دەکەون، لەلاپەڕە(٢٦٨)دا حەکایەتخوان دەڵێت: ((گوێچکەکانی کپبوون و دەنگی دڵۆپە ئاوێکی دەبیست، کەنەیدەزانی هی بارانە، یان هی چی و لە چییەوە دەتکێ.. دەتکێ و بەر چ تاوێرە بەردێکی

ئەفسانەیی دەکەوێت، ئاوا تییم.. تییم.. تییم، دەنگدەداتەوە..!! کاتێکی زانی لەسەر دۆشەگی ڕەشی سەر جۆلانە سپیەکەی ناوەڕاستی باخەکە پاڵیانخستووە)). بە هۆی وێنەکێشانی دەنگەکانەوە ئێمە وردتر دەتوانین لە بارە دەروونییەکان تێبگەین و ئاشنای ئاستی دەروونی روانینەکان ببین.

بەکارهێنانی زمان و دەربڕینە جیاوازەکان هۆکارێکن بۆ ناسینەوە و لێکتر جیاکردنەوەی کارەکتەرەکان، چونکە وەک باسمان کرد لە ڕێی دەربڕینەوە روخساری کارەکتەرەکان ئاشکرا دەبێت، بۆیە پێویستە لە خستنەڕووی روانینی کارەکتەرەکاندا حسێب بۆ گونجانی نێوان هزر و دەروون و دەربڕینەکانی ئەو کارەکتەرە بکرێت، چونکە((دەربڕینە جیاوازەکان گوزارشتن بۆ جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم جیاوازییانە رەنگدانەوەیان لە زماندا دەبێت...بۆیە پێویستە ئاستی زمانی بەکارهاتوو لەگەڵ بارودۆخی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هزری کارەکتەرەکاندا بگونجێت))[1].

کاتێ نووسەری ئەم رۆمانە ئاماژە بۆ دەربڕینی کارەکتەرێکی سواڵکەری هەژار دەکات، کە تەنیا پارە لەژنان وەردەگرێت، ڕاستەوخۆ خوێنەر لە بینینی دەربڕینەکانەوە هەست بە باری دەروونی کارەکتەرەکە دەکات، کە بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە خراونەتەڕوو، کاتێ لە جۆری بیرکردنەوەکەشی سەرنج بدەین، ئەوا گونجانێکی تەواو لەگەڵ دەربڕینەکانیدا بەرچاودەکەوێت، لەلاپەڕە (١٣٧)دا ئاماژە بۆ ئەوجۆرە دەربڕینەکراوە وەک دەڵێت: ((هەر ژنێکیش ئەفەرۆزی بکردایە و پارەی نەدابوایە، ئەو بە نەغمەیەکی زۆر سەیر،کە سەر بە قوڕی دەهێنایە پێکەنین و تەنها "نەوال" دەیتوانی لاسایی بکاتەوە، پێی دەوت:

ـ ئەگەر من و تۆ لە ناو بەرمیلێکدا بنووین و مێردەکەت بەردەوام تلۆرمانکاتەوە، کاممان دەکەوینە لای خوارەوە..؟!)).

کاتێ نەوال دەیەوێت لە ڕەوشی ژیانی مامە سیامەندی بزانێت، سەرەتا لەگەڵ دایکی قسە دەکات، کەچی دەزانێت ناتوانێت هیچ زانیارییەک لە دایکی وەربگرێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر گفتوگۆ لەگەڵ جابری برای، ئەگەرچی (جابر) عەرەبی نازانێت، ئاسان نییە بتوانێت لێی تێبگات. ئێمە لە گفتوگۆکەیان بەو ئەفراندنە جوانەی ئاستی دەربڕینی هەر کارەکتەرێکی ئەم رۆمانە دەگەین. نووسەر نەهاتووە یەک جۆرە

---

(١) عبدالمنعم زكريا القاضى: البنية السردية فى الرواية،دراسة فى ثلاثية خيري شلبي(الامالي لأبي علي حسن: ولد خالى)، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، الطبعه الاولى، ٢٠٠٩،ص١٨١.

زمان و دەربڕین بە هەموو کارەکتەرەکان بدات، لەم دیالۆگەدا هەست بەوە دەکرێ کە (جابر) عەرەبی نازانێت بۆیە بە شێوەیەکی نا دروست ئەو زمانە بەکار دەهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەنووسینی وەرگێڕانە عەرەبییەکاندا کاتێ جابر قسە دەکات، بەوپێیەی کارەکتەریکی کوردی خەڵکی هەولێرە، شێوازی ناوچەیی لەزاری ئەو کارەکتەرە دەردەکەوێت. لەبەر ئەوەی زمان ناسنامەی کارەکتەرەکانە، بۆیە ئێمە لە ڕێی دەربڕینەکانەوە (جابر) دەناسینەوە و دەزانین هەم عەرەبی نازانێت، هەمیش بە شێوەزارێکی تایبەت قسە دەکات، ئەویش شێوەزاری کوردی هەولێرە، وەک لەلاپەڕە(٣٨٨)دا هاتووە: ((-سدگنی أنی کلشی ما یعرف.(بڕوابکە ئەمن هیچ نازانی).

. أنی مو أختک..؟! أنت متحبنی..؟!(من خوشکت نیم..؟! تۆ خۆشتناوێم..؟!

. أنی أعب أنت.. بس سدگنی أنی کلشی ما یعرف.(ئەمن دەمەوێ خۆش ئەتوو.. بەران بڕوابکە ئەمن هیچ نازانی.)

دواجار چەمۆڵەیەکی لێنا و بە بێزاریەوە پێی وت:

. أدری أنت تعبنی و تتعبنی همینه، بس أنی ما أحبک.(دەزانم دەتخۆشوێم و ماندووشم دەکەیت، بەڵام من خۆشمناوێیت.)

. لیش نوال..؟!لیش..؟! أنی ختیه.. أنی أخو أنت.(لۆ نەوال..؟!لۆ..؟!ئەمن گوناعم.. ئەمن برای ئەتوو.)

. أنت بلوه..بلوه..! تعرف أنت شلون بلوه..؟!(تۆ بەڵایت..بەڵا..!! دەزانی چۆن بەڵایەکیت..؟!)). جابر هەرکات قسە بکات بە عەرەبییەکی ناتەواو دەدوێت، ئەو جۆرە دەربڕینە بووە بە ناسنامەی (جابر) و لەگشت دەربڕینەکانیدا ئەوە دەبیندرێت. لە زۆر جێگەی دیکەش ئەمە دووبارە بووەتەوە. ئەوە نیشانەی گونجانی نێوان هزرو باری دەروونی کارەکتەرە لەگەڵ جۆری دەربڕینەکانیاندا.

**ڕۆمانی مامزێر:**

لەم ڕۆمانەدا دەربڕینەکان لەگەڵ ئاستی هزری و بە تایبەت ئاستی دەروونی بە چڕی بە ناویەکداچوونە، کاریگەرترین دەربڕینەکان لە ژێر بارێکی دەروونی بە هێزدان، بە پێچەوانەشەوە بۆپیشاندانی هزر و باری دەروونی، ڕۆماننووس پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی دەربڕینی تۆکمە و

زمانێکی چڕ، زمان کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گەیاندنی هزر و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان لەدەقی ڕۆماندا، ((ئامرازێکی جەوهەرییە بۆ گەیاندن))[1] و نووسەر بەووردی سوودی لێوەرگرتووە. ئەم ڕۆمانە لەڕووی دەربڕینەوە پڕە لە کورتبڕی و چڕی واتایی دێڕەکان و تێکەڵکێش و...هتد.

زۆرجار روانینەکان ئەوەندە قووڵن، نامۆن بەکارەکتەرەکان، ناتوانن بە ئاسانی گوزارشتیان لێبکەن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگای گونجاو بۆ گەیاندنی هزر و بارە دەروونیەکان، گەلێ جار دەستەوەدامانن، لەوەی شێوازێک نادۆزنەوە، تاکو روانینەکانیان لە ڕێگەیەوە پێبخەنەڕوو. ئەم نەدۆزینەوە و بەگونجاو نەزانینی شێوازێکی دیاریکراوەیش بۆ گەیاندنی روانینەکان خۆی شێوازێکە زیاتر هێزی روانینەکە دەخاتەڕوو. کاتێ مامزێر بۆ خستنەڕووی روانینی خۆی لەبارەی ڕۆحی خۆیەوە تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، لە بارێکی ناجێگیردایە و ناتوانێت تەواو گوزارشت لە روانینەکەی بکات، بۆیە ناتوانێت بۆ کەسی بدرکێنێت و لەڕێگەی دەربڕینی وشەی(ئۆۆۆۆۆۆۆۆف)، لەو حاڵەتە تایبەتەی دەگەین، لەلاپەڕە(٣٠)دا دەڵێت: ((بەزەییەکی شاراوە، کە هەرگیز نەمدەتوانی بۆ کەسی بدرکێنم، دەیتلاندمەوە.... ڕەنگی بەبەرەوە نەدەهێشتم... بە نهێنی دەگریام و بە دزییەوە فرمێسکم هەڵدەڕشت... دەموت: "ئۆۆۆۆۆۆۆف چ ڕۆحێکی نەگریسم هەیە و ناشتوانم بەندی بکەم...!!)).

بۆ دەربڕینی روانینەکان هەرتەنیا وشە و دێڕ و ڕستەکان بۆ گەیاندنی تەواوی مەبەستەکانی خاوەن روانینەکان بەسنین، گەلێ جار وشە و ڕستەکان بەشی گەیاندنی تەواوی هەست و سۆزو بیرۆکەکان ناکەن، بۆیە ئێمەی خوێنەر لەحاڵەتی وادا دەبێت، گوێ بۆ هەناسەی وشەکان رادێرین، سەیری نێوان دێڕەکان بکەین، بەوردی خاڵبەندییەکان بخوێنینەوە، بۆئەوەی مەبەستی خاوەن روانینەکانمان بۆدەربکەوێت.

کەواتە ئەرکی گەیاندن تەنیا وشەکان نایگرنە ئەستۆ، بەڵکو کۆی پێکهاتەی زمان بەنووسراو، و نەنووسراوەوە ئەو کارە ڕادەپەڕێنن، ئەوەش پەیوەندی بە باری دەروونی کارەکتەرەوە هەیە. ئەم جۆرە دەربڕینە تایبەتە لە ڕۆمانی (مامزێر)دا دەبیندرێت. کاتێ پلکی (مامزێر)ی کارەکتەر باس لە هەستی خۆی دەکات بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی، ئەوەندە بە حەماسەوە دەدوێت وەک ئەوە وایە کە پێمان بڵێت ئەوەی دەیڵێم لەبارەی هەستی خۆشەویستیم بۆ خۆشەویستەکەم تەنیا کەمێکی هەستەکانمە بۆی، چونکە ناتوانم بە وشە

---

(١)اسماء احمد معيكل(د.):نظرية التوصيل فى الخطاب الروائي العربي المعاصر،الناشر دار الحوار، الطبعة الاولى،سورية -اللاذقية ٢٠١٠،ص٢١.

گوزارشتی لێبکەم، بەڵکو لە ڕێی شێوازی گوتنە تایبەتەکەی و جووڵە سەرنجڕاکێشەکانییەوە دەبێت خوێنەر زیاتر و زیاتری هەستەکانم هەستپێبکات وەک لەلاپەڕە(٥٢ ـ٥٣)دا هاتووە کە دەڵێت :((دەستەکانی لەملا و لەولایەوە تا ئاستی گوارەگانی گوێچکەی هەڵبڕی و وتی:

خۆشم دەوێ...!! خۆشم دەوێ...!! وای چەندم خۆش دەوێ...!! ئەمەیانم هەر بەڕاستی خۆشدەوێ...!! نامەوێ درۆی لەگەڵدابکەم..!!نامەوێ لە دەست خۆمی بدەم...!!

هەرگیز ئەو جووڵەیەت بیر ناچێتەوە، کە لە گەڵ دەربڕینی ئەو وشانەدا کردی..)). نەک تەنیا وشەکان، بەڵکو جووڵەکانیشی سەرنجڕاکێش و تایبەتن بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە، گوزارشت لە هەستی خۆشەویستی خۆی بکات.

دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان بەشێکە لە ئاستی دەربڕینەکانیان، کۆمەکیان دەکات بۆ خستنەڕووی روانینەکان، هەر لەڕێی دیالۆگیشەوە دووکارەکتەر یان زیاتر دەتوانن زۆرترین بیروڕا بۆ خوێنەر بخەنەڕوو، چونکە((لەڕێی دیالۆگەوە ئاست و شێوازی بیرکردنەوەی کەسێتیەکە دەردەکەوێت))[1]. کاتێ کارەکتەرەکان لە نێوان خۆیاندا دیالۆگ دەکەن، روانین و زانیاری زیاتر بە خوێنەر دەگات، کاتێک کارەکتەرێک بیەوێت بە روانینی کارەکتەرێکی دیکە بگات باشترین ڕێگا بۆ دەستخستنی زانیاری دیالۆگە لەگەڵیدا. کە(مامزێر)دەیەوێت لەگەڵ(گوڵدا)ی هاوپۆلی پەیوەندی خۆشەویستی دابمەزرێنێت و بزانێت ئەویش هەمان هەستی ئەوی هەیە یاخود نا؟ لە ڕێی دیالۆگەوە دەیەوێت هەستەکانی (گوڵدا) بزانێت،

ئێمەی خوێنەریش لەم دیالۆگەدا کە دیارخەری ئاستی دەربڕینی هەردوو کارەکتەرەکەیە دەگەین بەباری دەروونی و هزری هەریەکێکیان، لەلاپەڕە(٧١ ـ ٧٢)دا هاتووە: ((-دیارە تۆ حەز لە دارستان دەکەیت...!!

نەتدەزانی"ئا" باشە یان"نا"، بەڵام بە دوو دڵی وتت:

-هەندێک جار.

عەیارانە بەملا و بەولای خۆیدا ڕوانی و وتی:

-کچ و کوڕ ئەگەر یەکتریان خۆشبوێت، دەچن لە دارستان پیاسە دەکەن)).

(١)عەبدولڕەحمان مونیف:تیشکێک بۆسەر ڕۆمان، ل٢٩.

لەم رۆمانەدا بۆ خستنەڕووی هەندێ روانین، رۆماننووس سوودی لە (لەقتەی سینەمایی) وەرگرتووە، بە پێویستی نەزانیوە هەرچی هەیە بیخاتەڕوو، بەڵکو خوێنەریش مافی ئەوەی هەیە خۆی دێرە پچڕپچڕە تەواونەکراوەکان تەواوبکات، دەکرێ هەر خوێنەرێک بە شێوەیەکی جیا لە خوێنەرێکی دیکە ئەم بۆشاییە جێماوانە تەواوبکات. خوێنەر بەشدارێکی کارای ئەم رۆمانەیە ناتوانێت تەنیا چاوەڕێی رۆماننووس بکات، بەڵکو رۆماننووس دەیەوێ خوێنەر بەخۆی ئەو بەشانە تەواوکات کە پێویستی بە تەواوکردنە، ئەمەش وا دەکات خوێنەر زیاتر پەیوەستبێ بە خوێندنەوەی رۆمانەکەوە و خۆی بە بەشێک لە رۆمانەکە بزانێت. کاتێ مامزێر و پوری مامزێر گفتوگۆ لەبارەی سەفەرەوە دەکەن دوای هەوڵێکی زۆر مامزێر ڕازیدەبێت لەگەڵ پوری بڕوات، پوری مامزێر بۆ ئەوەی مامزێر ڕازیبکات سەری خۆی دەدات لە قەدی درەختێک، لەمبارەیەوە لە لاپەڕە(٩٢)ی رۆمانەکەدا هاتووە: ((وتت کەللەی تەقی و مێشکی ڕژا... لە دواوە دەستیت گرت و بە نارەزاییەوە وتت:

_دەبەسە دەی...!! دێم، بەڵام من لەوێ.......، ئەگەر وایش بێت....... هەقی ئەوەم هەیە.......

_ لە ئێستاوە ئەم شتانەم لێنەگریتەوە، ئێمە هەردووکمان...... کەسیش ناتوانێت........

_ ئێ تۆ هەقی منت چییە، بەشکوو من نەمەوێ.......؟!)). جێهێشتنی ئەم بۆشاییانە لە شوێنی دیکەی ئەم رۆمانە بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش ئاستی دەربڕینی روانینەکانی جوانترکردووە.

باسی ئەوەمان کردووە کاتێ فرە دەنگی بەرهەمدێت، کە روانینی جیاجیامان هەبێت، هەبوونی ئەم جیاوازیانەش، دەبێت لەسەر هەرسێ ئاستی روانینەکان ڕەنگدانەوەی هەبێت. کاتێ رۆماننووس لە ڕووی هزرییەوە کارەکتەری جیاوازی دروستکرد، بێگومان دەبێت باری دەروونی و دەربڕینەکانیشیان جیاواز بێت، واتا روانینە جیاوازەکان پێویستی بە زمانی جیاجیاش هەیە، چونکە چینە جیاوازەکان لە یەک ئاستی هزری و زمانیدا نین، بۆیە نووسەر دەبێت کار لەسەر ئەوە بکات دەربڕینی کارەکتەرەکان دژی ئاستی هزری و رۆشنبیری و پیشەییان نەوەستێتەوە. خولْقاندنی ئەم جیاوازییە، خوێنەر دووردەخاتەوە لە بیستن و بینینی یەک زمانی و یەک شێوازی لەدەربڕینی دەقی رۆماندا. بە گشتی (کاروان عومەر کاکە سوور) لە رۆمانەکانیدا ئەم کارەی کردووە و بە دەگمەن نەبێت ئەگەرنا نابیندرێت دژایەتی هەبێت لە نێوان زمان و هزری کارەکتەرەکانیدا. لەم رۆمانەشدا نموونەیەکی جوانی گونجانی نێوان هزر و زمان بەرچاو دەکەوێت

کاتێ(سیڤەری مارژەن) لە بارەی کۆچکردنەوە روانینی دەردەبڕێت، چونکە حەزی لە شیعر نووسینە ئەم روانینەی لە شیعرەکانیشیدا ڕەنگدەدەنەوە. (سیڤەر) لای وایە مرۆڤ یەک جار دەتوانێت کۆچ بکات، جیاوازیش لە نێوان(گەڕانەوە و کۆچ)دا نابینێت، ئەگەرچی زەمەنیشیان جیایە. کۆچ تەنیا گوێزانەوەی مەرگی خۆتە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەگەرنا هیچی دیکە نییە، بۆیە لە شیعرێکیشیدا هەمان ئەم روانینە بەرچاو دەکەوێت و لەلاپەڕە (١٠٤)ی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((لەبەرجەستەم نەبێت

هەر ڕۆژەی بۆلایەک سەر هەڵدەگرم

نە لەگەڵم دێت

نەڕێگام دەدات

تەنیا جێیبهێڵم

.......

.......

.......)).

**ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان:**

لەم ڕۆمانەشدا ئاستی دەربڕین بۆ گەیاندنی روانینەکان بە شێوەیەکی تۆکمە کۆمەکی هەردوو ئاستی دەروونی و هزری دەکات، ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەبیندرێت، ئەوەیە کە ڕۆماننووس بە شێوەیەکی فراوان بەوردی کاری لەسەر گونجاندنی ئاستەکان کردووە، واتا لە پێشکەشکردنی هەر روانینێکدا ئاستەکان لەگەڵیەکدیدا کۆکن، لە خستنەڕووی روانینەکاندا هیچ کارەکتەرێک ئاستی دەروونی و هزری لەگەڵ ئاستی دەربڕینەکانی ناکۆک نییە، سەرباری گونجانی ناو و نازناوی کارەکتەرەکان لەگەڵ پیشە و کەسایەتیەکانیان. لەسەرەتاکانی ئەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس بۆ خستنەڕووی ئەرکی چەند کارەکتەرێک کە تیمێکی هاوبەشن و بەیەکەوە مەفرەزەیەکی تایبەتیان لە ریزەکانی پێشمەرگە پێکهێناوە، دێت یەک یەک نازناوەکانیان شیدەکاتەوە، هەر یەکیان بە پێی جۆری کەسایەتی و ئەرکی خۆی نازناوەکانیشی بۆ گونجاندوون، هیچ یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو مەفرەزەیە بێ هۆ نازناوی بۆ هەڵنەبژێردراوە، بۆیە کاتێ سەرنج لە لاپەڕە(١٤)دەدەین ئەمە بە ڕوونی هەست پێدەکەین، کاتێ (ئامانج ) باسی نازناوی تاکەکانی

مەفرەزەکەیان دەکات و دەڵێت: ((ئێمە مەفرەزەیەکی ئاسایی نەبووین... نازناوەکانیشمان وەکو خۆمان سەیربوو... (وریا باگوردان) بەو قەڵافەتە پتەو و تێکسمڕاوەی وەک باگردێن شتی دەپەستایەوە... (شێرۆ کوورە) لەکاتی تووڕەبووندا ئاگری لێ دەباری... (ئازۆ ئازووقە) لەبنی بەردیش بووایە ئازووقەی پەیدا دەکرد... (دلۆ کەمتیار) لە دوور دوور دوورەوە بۆنی شتی دەکرد... (شاخۆ بەزمە) لەوپەڕی ناخۆشی و پەژارەیشدا لە بەزمی خۆی نەدەکەوت... (سەرۆ مەنجەنیق) بەردی بەقەدەر کفتەی هەولێرییانی بهاویشتایە، لەو گوندەی ئەوبەر بەر ئەرز دەکەوت....)). هەڵبژاردنی ئەو جۆرە نازناوانە، زیاتر ڕۆماننووس دەستواڵا دەکەن، لە بەکارهێنانی کارەکتەرەکان و تێکەڵکردنیان بە ڕووداو و ڕوانینەکان.

(دلارام) یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، هەمیشە دەربڕینەکانی بە شێوەیەکی تەنز ئامێزو پێکەنیناوی دەردەبڕێت، زیرەکانە ئامانجەکانی دەپێکێت. کاتێ (ئازادی هەمین مامان) جلەکانی پیسدەکات، دەربڕینە تایبەتەکانی ئەم کارەکتەرە دەردەکەوێ و هەمووشتێک دەڵێت بێ ئەوەی جگە لە(ئازاد) کەسی دی لێی تێبگات، چونکە بەتەنزەوە ئەم ڕووداوە دەبەستێ بە ڕووداوی پیسکردنی جلەکانی(هەتاو) لەلایەن کوڕێکی گەڕەکەکەیانەوە، لە لاپەڕە(١١٢)دا لەبارەی ئەم ڕووداوەوە حەکایەتخوانی کەمشتزان دەڵێت:

((ئەوسا(دڵارام) لە چاوی تۆ ڕاماو بە دەم پێکەنینەوە بە(هەتاو)ی گوت:

_جل ئەگەر پیس ببێت، هەر پیس دەبێت، هەتاو، هەتا ئەگەر لە ماڵیش جێی بهێڵێت)). لە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە لەوە تێدەگەین ڕوانینێکی ئەرێنی هەیە، بەرانبەر بەو کارەی کە(ئازاد) کردوویەتی، لە ڕێی شێوازی گوتنەکەیەوە ئێمە ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت، کاتێ زۆر عەیارانە بە پێکەنینەوە باسی ئەم ڕووداوە بە پەنهانی دەوروژێنێت.

زۆر جار جیاوازییە هزرییەکان دەبنە هۆی دروستکردنی ڕق بەرانبەر بە یەکدی و دروستکردنی ناو وناتۆرە بۆیەکتر. ئەم جیاوازییە هزرییانە لە دەربڕینەکانیشدا ڕەنگدەدەنەوە و دەبنە هۆی دروستکردنی ناکۆکی قووڵ لە نێوان تاکە هزر جیاوازەکان. ئەگەر لەم ڕۆمانە سەرنج بدەین، ئەم حاڵەتە بەرچاو دەکەوێت و ناکۆکییە هزرییەکان دەبنە هەوێنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکدی قبووڵنەکردن. کاتێ بنەماڵەی (عیمادی مەرجان) دەچنە داوای کچی مەلا عارەب بۆ عیمادی کوڕیان، ماڵی مەلا زۆر بەشێوەیەکی توند بەر پەرچیاندەدەنەوە و دەیانکەنە دەرەوە، مەلا عارەب بێ ئاگایە لەوەی کە کچەکەیان (عیماد) ی

خۆشدەوێت دوایی پێکەوە هەڵدێن. کاتێ مەلاژن دێتە لای (ئازادی هەمین مامان) بۆ ڕێگە چارەیەک، ژنەکەی مەلا عارەب کە ناوی دایکی عیماد دێنێت بە (مەرجان تیاترۆ) ناوی دەبات و بەشێوەیەکی ناشیرن لەبارەیەوە دەدوێت، ئەم روانینە لە لاپەڕە(١٣٧) خراوەتەڕوو، ئازاد دەڵێت: (("دایە ڕوقیە" گوتی:

-من دەبێت بە خێرایی هەموو شتێکت تێبگەیەنم و بڕۆم... عیمادی کوڕی مەرجان تیاترۆ کچەکەمی لە خشتە بردووە)). ناوی (تیاترۆ) بەر لە ڕوودانی ئەم ڕووداوە هەر لەلایەن ماڵی مەلا عارەبەوە بە (مەرجان)ی دایکی عیماد بەخشراوە بەوەی گوایە ماڵی خۆی کردووە بە تیاترۆخانە.

لەم ڕۆمانەدا تیشک خراوەتە سەر ئەو ناوە نهێنیانەی کە لە سەردەمی شۆڕشدا بۆ شاردنەوەی مەبەستەکانیان بە کاریان دەهێنا، ئەم ناوە نهێنیانە پیشاندەری بارودۆخێکی تایبەتن، بە هۆیانەوە دەتوانین ئاسانتر پەی بەزەمەنی ڕووداوەکان ببەین. کاتێ شۆڕشگێڕانی کورد لە سەردەمی شۆڕشدا ناتوانن بە ئازادی ناوی کوردستان و وڵات بهێنن، بێگومان دەبێت ناوێکی دیکەی بۆ بدۆزنەوە، تاکو هەم ناوی بهێنن و هەمیش بە نهێنی بمێنێتەوە، واتا تەنیا خۆیان تێبگەن. نموونەی ئەو ناوە نهێنیانە فرەجار بەرچاو دەکەوێت. لە لاپەڕە(١٩٠)ی ڕۆمانەکەدا هاتووە کە ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەم شێوەیە ناویان لەشتە نهێنیەکان نابوو، بۆ نموونە: ((وشەی (خانزاد)ی بۆ (کوردستان) و (کۆترەکە) ی بۆ (کۆمەڵە) و (فڕینی کۆترەکە)ی بۆ (ڕێبازی کۆمەڵە) کردبووە کۆد و لە ئاوەدانی بەکارتان دەهێنا...)). دەربڕینی ئەو ناوانە بە شێوەی نهێنی هەڵگری بارێکی دەروونین، تاکەکانی کورد لەو کات بە هۆی نەبوونی ئازادییەوە ڕووبەڕووی ببوونەوە، ئەمە دەرخەری ئەو ترسەیە کە شۆڕشگێڕانی کورد بەرانبەر بە دەسەڵاتی ئەوسا هەیانبووە.

وەک لە سەرەتای ئەم تەوەرە ئاماژەمان پێدا دەربڕینی تاکەکان لەیەکدی جیاوازن، هەر تاکێک بە شێوەیەکی تایبەت گوزارشت لە ڕوانینەکانی دەکات، ئەوەی ئەم دەربڕینە جیاوازانە دروستدەکات بێگومان ئاستی هزری و دەروونی کارەکتەرەکەیە، کە ئەمانەش بە هۆی ژینگەی جیاواز و ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازەوە دروستدەبن، چونکە کەسێکی نەخوێندەوار و خوێندەوارێک وەک یەک بیرناکەنەوە و وەک یەکیش گوزارشت لە بیریان ناکەن، هەر ئەوەشە ڕوانینی جیاجیا بەرهەمدەهێنێ. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بایەخی بەم خاڵە داوە و جیاوازییەکانی خستووەتەڕوو، کاتێ باسی ڕوانینی (ماهیڤان)ی کوڕە لادێی دەکات، شێوازی

دەربڕینی ئەو جیایە لەگەڵ ئامانج و شۆڕش کە دوو کوڕی شارین. ئەمانە لە دەربڕینەکانیاندا پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی نوێ دەبەن، کەچی (ماهیڤان) لە ڕێی هەستەوە ئەم کارە دەکات کاتێ (ماهیڤان) قسە دەکات. حەماسەت بە قسەکانیەوە دیارە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی سادە دەریاندەبڕێت. لە لاپەڕ(٢٦٩)دا (ئامانج) دەڵێت: (("ماهیڤان" وەسفی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی دوای هەرەسی شۆڕشی مەزنی دەکرد، کە چۆن لە نزیکەوە بینیوونیەتی و بە ئازایەتییان سەرسام بووە، لە ماڵیان ماونەتەوە و داڵدەیان داون، کەچی وەکو(شۆڕش)، (داندی) و (هەژار) نەیدەزانی زاراوەی نوێ بەکاربهێنێت و گوتەکانی برازێنێتەوە، بەڵکو بە زمانێکی ئاسایی، بەڵام بە حەماسێکی گەرمەوە باسی لە چەوسانەوە و خەبات و ڕزگاری دەکرد)). ئەگەرچی ئەو کارەکتەرانەی ناویان هات هەموویان هاوئامانج و هاوڕوانینن، بەڵام بەپێی ئاستی تێگەیشتن و ئاستی ڕۆشنبیرییان، دەبینین بۆ گوزارشتکردن لە روانینەکانیان دەربڕینی جیاواز بەکاردەهێنن. پیشاندانی ئەم جیاوازییانە بەم شێوە زەقە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی رۆمانی نوێ، ئەمەبۆ دەربازکردنی رۆمانە لەیەک دەربڕینی و لەیەک دەنگی. هەرکارەکتەرێک وەک ئەوەی هەیە بەشداری دەکات لە رۆماندا نەک ئەوەی کە نووسەر دەیەوێت.

**رۆمانی کازینۆی منداڵان:**

لەم رۆمانەدا ئاستی دەربڕین بە شێوەیەکی بەرچاو لە ژێر کاریگەری ئاستی دەروونیدایە، هەمیشە لە دەربڕینەکاندا ئاستی دەروونی بە روونی هەستپێدەکرێت، ئەگەرچی لە زۆربەی رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسەدا ئەوە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەم رۆمانەدا زیاتر ئەم پەیوەندییە لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا قوڵتر دەبێتەوە. (سوهاد)ی کارەکتەر دوای ئەوەی تەواو ماندووبوو لە دۆزینەوەی (کازینۆی منداڵان)، و سۆراغکردنی، دواجار یەکێک لە شۆفێرانی تەکسی دەڵێت ئەم شوێنە پێدەزانم و (سوهاد) سەردەخات، لەو کاتەدا (سوهاد) لە هۆش خۆی دەچێت، ئاگای لەوە نامێنێت کە چۆن خراوەتە ناو تەکسیەکەوە، کەبەئاگادێتەوە یەکەم شت کە دەیهەژێنێت دیار نەمانی جانتاکەیەتی، بە نائاگایی هاواردەکات و وادەزانێت جانتاکەی جێهێشتووە، ئەو جانتایە تاکە شتێکە لە(تیشکەشان)ی خێزانی لە دوای لێکدی جیابوونەوەیان بۆی بەجێماوە، (سوهاد) وەک یادگارێکی کۆنی بە نرخ لێی دەڕوانێت، بۆیە کاتێ دیارنامێنێت بە پەرۆشە

**بۆ بینینەوەی ، کەچی شۆفێری تەکسییەکە لە کاتی بوورانەوەی سوهاد دا جانتاکەی بۆ هێناوە و لە کوشینی دواوەی داناوە، سوهاد نەک جانتاکەی، بەڵکو گشت ئەو شتانەی لاجوانە کە هی ڕابردووە و پەیوەستن بە زەمەنێکی بەسەرچووەوە، لەلاپەڕ(١١) حەکایەتخوان بەمجۆرە باسی ئەو رووداوە دەکات و دەڵێت: ((دوور لە ویستی خۆی هاوارێک لە دەمی بەرز دەبێتەوە:**

**_جێمهێشتووە..!!**

**شوفێرەکە پێی دەڵێت:**

**_جانتاکەت...؟!ئا، مەترسە... وا لە دواوەیە)). ئێمە لە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە لەوە تێدەگەین کە(سوهاد) چەند پەیوەستە بە رابردووەوە و روانینێکی نوستالۆژیانەی بۆ ژیان هەیە، گەڕانە بەردەوامەکانی سوهاد بۆ دۆزینەوەی (کازینۆی مندالان)یش گەواهیدەری ئەم راستییەن.**

**(سوهاد) دوای کوژرانی باوکی، (خەلۆ چاوسوور)ی باپیری دەیباتە لای پەریهانی دایکی وریا، تاکو پەریهان لەگەڵ تاقە کوڕەکەی خۆی بە خێوی بکات،چونکە پەریهان مێردەکەی کوژراوەو تەنیا لەگەڵ کوڕەکەی دەژیت، بۆیە لەوکاتەوە وریا و سوهاد وەک دوو برا لەگەڵ یەکدی دەژیان و سەردەمی منداڵییان بەیەکەوە بەڕێکردووە. بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵییان دەتوانین ئاستی دەربڕین و روانین و چۆنیەتی ژیانی ئەوکاتەیان درک پێ بکەین، بۆنموونە کاتێ هەردووکیان لە بارەی منداڵنەبوونی دایکیانەوە قسەدەکەن، ئێمە ڕاستەوخۆ وێنەی ئەوانمان دێتە بەرچاو کە لە تەمەنی پێش شەشساڵیدان، سەرتاپای قسەکانیان بە شێوازێکی مندالانە دەربڕاوە، لە ئاستی هزریشدا هەست بەوە دەکرێ لە ئاستێکی نزمدان، توانای بیرکردنەوەی قووڵیان نییە، بۆیە ئەوەی دەیلێن زانیارییەکی کەمی ئەوانیدییە و ئەمان دەیلێنەوە. ئەو روانین و ئاستی دەربڕینەی منداڵییان لە گفتوگۆیەکی نێوان سوهاد و وریادا دەردەکەوێت، کە لەلاپەڕە(٤٠)دا خراوەتەڕوو کاتێ حەکایەتخوان دەڵێت: (("وریا" لەملاو لەولای خۆی ڕوانی و بە دەنگێکی نزم گوتی"**

**_دایکی ئێمە پیاوی نییە، هەتا شەوان لەگەڵی بنوێت... ئەی نابینی لە دوای مردنی بابەوە یەک منداڵیشی نەبووە...؟!**

**ئەوسا(سوهاد) سەیری ئەو پیاوانەی کرد، کە بۆ بازاڕ دەچوون و پرسی:**

-ئەی بۆ بانگی ئەوانە ناکات، تا لەگەڵی بخەون...؟!

-نابێت.

-بۆ نابێت...؟! نایانەوێت لەگەڵی بنوون...؟!

-نا خۆ ئاوانییە... عەیبە، عەیب...!!

-بۆ عەیبە...؟!

-نازانم بەڵام دیارە عەیبە)). ئاستەکانی ئەم روانینە تەواو گونجاون، هەم لەنێوان خۆیان و هەمیش لەگەڵ پێکهاتەی کەسایەتی کارەکتەرەکاندا لەشێوازی گوتن و بیرکردنەوەکانی ئەم دوو کارەکتەرە منداڵەوە لەوە تێدەگەین کە رۆماننووس چۆن کاری لە سەر دروستکردنی گونجانی نێوان روانین و کارەکتەرەکان، ئاستەکانی هەر روانینێک کردووە.

کاتێ رۆماننووس دەیەوێت، باری دەروونی کارەکتەرێک پیشانبدات، بێگومان دەربڕین نزیکترین و باشترین رێگایە بۆ گەیاندن و پیشاندانی ئەم بارە دەروونییە. لە دەربڕیندا نووسەر دەتوانێت وێنەی دەروونیی کارەکتەر لە رێی گواستنەوەی دەربڕینەکان و بارە دەروونییەکانەوە بە پیت و بەشێوەیەکی لێکدانەبڕاو بکێشێت، لێرەدا مەبەستی رۆماننووس تەنیا گواستنەوەی وشەی کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو ئیش لەسەر شێوازی گوتنە تایبەت و جیاوازەکان دەکات، خوێنەریش لەرێی شێوازە تایبەتەکانەوە بە ئاستی دەربڕین و ئاستی دەروونی روانینی خاوەن روانینەکان دەگات. لەم رۆمانەدا (ئارۆن) کارەکتەرێکە، هەمیشە حەز بەتەنیایی و دوورەپەرێزی دەکات، ترسێکی گەورەی لە تێکەڵبوون و ئاوەدانی هەیە، هەربۆیە کاتێ لەگەڵ (وریا) ی کوڕی، واتا ئەو کەسەی کە وەک کوڕی خۆی بە خێوی کردووە، بۆ یاریکردن دەچن بۆ شوێنی چۆڵ و دوور لە ئاوەدانی لەرێی وێنەی دەنگی ناخی (ئارۆن)ەوە، ئێمە لەو ترسە تێدەگەین و (وریا)ش ئاماژەی پێدەکات، کاتێ لەلاپەڕە (٨٦) دا دەڵێت: ((بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تۆپەکەی بە نێوان دوو بەردەکەی مندا تێبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوارێکی بەرزدا بڵێت: ((گۆۆۆۆۆۆۆڵ))، کە هەر خۆم دەمزانی ئەو هاوارە چ ترسێکی شاراوەی گەورەی لە ناخییەوە هێناوەتە دەرێ و چۆن بەو دەشت و دۆۆۆۆۆۆۆۆڵەیدا بڵاودەکاتەوە)).

کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە لە ڕووی هزری و کۆمەڵایەتی و تا زمانیشەوە لەیەک جیاوازن، تەواوی کارەکتەرەکان هاوزمان نین، ئەم جیاوازییەی کلتوور و نەتەوە و زمانییە پشت گوێ نەخراوە، هەر ئەوەشە وایکردووە وزە و زیندوویی تەواو لە کارەکتەرەکاندا ببیندرێت. بە شێوەیەکی گشتی (کاروان عومەر کاکە سوور) لە سەرجەمی رۆمانەکانیدا گرنگی بە دەرخستنی ئەو جیاوازییە زمانییانە لە نێوان کارەکتەرە زمان جیاوازەکان دەدات، بۆیە رووداو و کارەکتەری رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسە زیندوون و خوێنەر هەستیان پێدەکات. کاتێ(وریا و مەزاهیر مەزهەر) لە ژێر ڕەشماڵی عەرەبەکان لەگەڵ (عوریبە) ی سەرپەشتی خێمەکاندا قسە دەکەن، (عورێبە) کارەکتەرێکە کوردی نازانێت، بۆیە (مەزاهیر مەزهەر)، هەم قسەکانی وریا و هەمیش قسەکانی خۆی بۆ (عورێیە) بە عەرەبی دەکات، ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئاستی دەربڕینەکەی قووڵتر و جوانترکردووە کە هاوتایە لەگەڵ شوێنەکە و کارەکتەرە بەشدارەکانی ئەم شوێنە. لەلاپەڕە(١٥١)دا ئەم شێوە دەربڕینە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە (وریا) دەڵێت: (("مەزاهیر مەزهەر" ڕێگای نەدام دەم بکەمەوە، بەڵکو خۆی گوتی:

-اسمە وریا... بلعربی یعنی شاطر... هو صدگ شاطر...اسم علی مسمی... (ناوی وریایە، بە عەرەبی واتە شاطر... هەر بەڕاستییش وریایە... ناوی خۆی بەخۆیەوەیە)).

**رۆمانی ماڵی نانی:**

خوێنەر لەڕێی ئاستی دەربڕینەوە بەئاستەکانی دەروونی و هزری دەگات، لەهەر روانینێکدا ئەوەی ئەرکی گوێزانەوە و خستنەڕووی لایەنی دەروونی و هزرەکانی لە ئەستۆیە چۆنیەتی دەربڕینەکان و شێوازی پێشکەشکردنەکانە، ئەمەش لە نێوان ئاستەکانی هەر روانینێک بەناو یەکداچوونێکی چڕ دروستدەکات. هەردوو ئاستەکەش بە جیا کاریگەری لەسەر ئاستی دەربڕین دادەنێن، بە تایبەت لایەنی دەروونی هیچ دەربڕینێک نییە، باری دەروونی خاوەن روانینەکە ئاراستەی نەکات، ئەوە وادەکات نەک تەنیا لە نێوان دەربڕینی کارەکتەرەکان جیاوازی دروستبکات، بەڵکو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، بەهۆی گۆرانی باری دەروونی کارەکتەرێکەوە، روانینی جیاواز لای ئەو کارەکتەرە سەرهەڵدەدات, مرۆڤەکان لە دەرەوەی رۆمانیش باری دەروونیان لە گشت ساتەکانی ژیاندا وەک یەک نییە، ئەم جیاوازی و گۆڕانی باری دەروونییە رەنگدانەوەی لەسەر دەربڕینەکانیشیان دەبێت.

ئەگەر سەرنج لەرۆمانی (ماڵی نانی) بدەین دەبینین لە ئەنجامی گۆڕانی باری دەروونی کارەکتەرەکانەوە، گۆڕان لە شێوازی دەربڕینەکانیشیاندا ڕوودەدات، بەنموونە (نانی)ی دایکی ئامانج ئەو ڕۆژەی دەیەوێت شووبکاتەوە، (ئامانج) دەچێتە ئاودەست و لەوێ نایەتە دەرێ، لەسەرەتادا وەک لە لاپەرە (٢٩)دا دەردەکەوێ (نانی) بەشێوەیەکی نەرم داوای لێدەکات بێتە دەرێ و پێی دەڵێت: ((وەرە دەرێ ئامەی من، وا خەریکە ڕۆژ ئاوا دەبێت... بۆ خۆتت لەوێ عاسی کردووە...؟!)).

تا ئێرە هەم(نانی) هێمنە و هەمیش دەربڕینەکانی زۆر شیرین و خۆشەویستانەن بەرانبەر بە ئامانج، بەڵام(ئامانج) بە هیچ شێوەیەک وەڵامیان ناداتەوە و دەرگا ناکاتەوە، بۆیە (نانی) لەگەڵ بێ وەڵامی و نەهاتنە دەرەوەی (ئامانج)ی کوڕیدا تووڕە دەبێت و دەزانێت قسەی خۆش سوودی نییە، باری دەروونی دەگۆڕێت و کاریگەری ئەو گۆڕانەش لەسەر وتەکانی دەبیندرێت، لە شێوازێکی نەرمی دەربڕینەوە بۆ شێوازێکی تووڕە و پڕ لە ڕق، بۆیە هەر لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە کە دەڵێت: ((کاتێ درێژە دەکێشێت و ئەم قسانە سوودیان نابێت، ئەویش تۆنی دەنگی دەگۆڕێت:

-لەگەڵ تۆمە ملشکاو، دەرگا بکەرەوە...! بۆ گوێمان لێناگریت...؟! بە خۆشیی خۆت بێیتە دەرەوە، باشترە، ئەگینا بگاتە ئەوەی دەرگا بشکێنم و بێمە ژوورێ، گیانت لە کونی لووتت دەردەکەم... بیکەرەوە دەی، تاکو بە لەقە وردوخاشم نەکردووە...!!)).

ئەم ڕۆماننووسە کار لەسەر گونجانی دەربڕینەکان و کەسایەتی کارەکتەرە خاوەن دەربڕینەکان دەکات، وەک ئاماژەمان بۆ کردووە ئەوە یەکێکە لە ئەدگارە سەرەکییەکانی ئەفراندنی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆماننووسە، ئەم سیمایە زیندوویی زیاتری کارەکتەرەکان پیشاندەدات. لەم ڕۆمانەدا، لەکاتی شووکردنی(پەرهەنگ)دا وێنەیەکی دەگمەنمان بەرچاو دەکەوێت کە گونجانێکی تەواوی لێدەخوێندرێتەوە لە نێوان کارەکتەر و دەربڕینەکانیاندا، کاتێ دوو (شایەر) دێن بۆ جۆشدانی ئاهەنگەکەی (نانی-پەرهەنگ) بەندێک دەڵێن، هەم لە ڕووی وشە و هەمیش لە ڕووی ریتمەوە زۆر گونجاوە، ئەگەر بە وردی بی خوێنینەوە لە ڕێی ئاواز و وشەکانەوە مێژووی ئەم جۆرە بەندانە دەبینین، کە زەمەنیان بۆ پێش ڕاپەڕین و بەتایبەتیتر بۆ ساڵانی دوای شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە، کە شێوازو جۆریان جیاوازبوو لەگەڵ بەندەکانی ئەم سەردەمە. ڕۆماننووس سەرەتا بۆ خستنەڕووی وێنەی دەرەوەی شایەرەکان لە لاپەڕە (٣٤)دا دەڵێت:

((کەس نازانێت ئەو دوو شایەرە چۆن ئاوا بەم خێراییە بە دەهۆڵی گەورەوە دەگەن و هێندەی دیکە خەڵک جۆش دەدەن... شەویلگەیان لەملا و لەولاوە تا نزیک گوێچکەیان دەکشێت و ددانە زێڕەکانیان لێرە و لەوێ لە ناو دەمی نارێکیاندا دەبریسکێنەوە...)). دواتریش بۆ زیاتر ئامادەبوونی وێنەی ئەم دوو شایەرە لە بەردیدی خوێنەر بەندێکیان لە لاپەڕە (٣٤ ـ ٣٥) دەخاتە ڕوو کە دەڵێت:

((هاتووم بۆ ماڵی پەرهەنگ، تا بۆی بگێڕم ئاهەنگ

مانای ناوی نازانم، وای نازانم، بۆی دەگەڕێم لە فەرهەنگ

هەر بە نانی ناسیبووم، (پەرهەنگ)م زانی درەنگ

ئەو کوڵمانەی چەند جوانن، دەی چەند جوانن، وێنەی پوولەکەی نەهەنگ

لەسەر باڵای شەڕیانە، ئۆف شەڕیانە، هەزاران کوڕی چەلەنگ

چاوی دەدرەوشێتەوە، خۆی دەنوێنێت بە حەوت ڕەنگ....

پێڵاوی چەندێ بەرزە، چەندێ بەرزە خوایە بە پێی نەبێت تەنگ

قژی وەک ڕادیۆی شۆڕش، لاوان هانددات بۆ جەنگ

ئەم دەرگایەی بەرنادەم، دەی بەرنادەم، هۆ بەرنادەم،لێم دەن بە گوللەی تفەنگ)).

ئەم ڕۆماننووسە کاتێ کارەکتەرەکانی دەخوڵقێنێت، تەنیا بە وەسفێکی ڕووکەش نایانخاتە بەردیدی ئێمەی خوێنەر، بەڵکو دەچێتە نێو وردترین وردەکارییە پێویستەکانەوە و قووڵاییە ڕۆحی و دەروونییەکانیان دەخاتە ڕوو، ئەگەرچی ئەوە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام هەندەی دی هەستدەکرێت ئەوە ئەوەندەی ڕۆمانە ئەوەندەش واقیعە، یان ڕاستترە بڵێین، ئەو ڕۆچوونە قووڵەی ڕۆماننووس بە ناو ناخ و دەروونی کارەکتەرەکاندا نەهێشتنی هێڵی نێوان واقیع و ڕۆمانە. گەلێ جار دەبێت لە ڕۆماندا بۆ کارەکتەری واقیعی و لە واقیعیشدا بۆ کارەکتەری نێو ڕۆمان بگەڕێین.

دەربڕینەکان تەنیا لە ڕێی وشەوە دەرنابڕدرێن، گەلێ جار لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ئاماژە جەستەییەکانەوە مەبەست و ڕوانینەکان دەگەیەندرێن، واتا دەربڕین تەنیا زمان ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەفتاری کارەکتەرەکانیش بەشێکن لە دەربڕینەکان. (نانی) دوای ئەوەی شوو دەکات ناتوانێت سەرەتا بچێتەوە بۆ سەرکارەکەی، کە بەخێوکردن و دەرس پێگوتنی منداڵە دەوڵەمەندەکانە، ئەمە وادەکات ئەو منداڵانەی نانی بە خێویان دەکات غەریبی بکەن و خۆیان بێنە لای. کاتێ ڕۆماننووس ڕوانینی ئەو منداڵانە دەخاتەڕوو، شێوەیەکی منداڵانەیی بە دەربڕینەکانیانەوە دیارە، بۆیە بە گلەییەوە بە(نانی) دەڵێن ئایا چیدی ئەوانی

خۆشناوێت؟ لەلایەکی دیکەشەوە سەرباری ئەوەی بە زمان گوزارشت لە روانینەکانیان دەکەن بەرانبەر بە(نانی)، کەچی ئەو روانینەی بەرانبەر بە مێردە نوەکەی هەیانە، تەنیا لەڕێی چاوەوە دەری دەبڕن، وا دەزانن کە ئەو (نانی) ی ئەوانی داگیرکردووە، ئەمە بە ڕوونی لە سەرنجی منداڵەکاندا دەبیندرێت، لەلاپەڕە (٥٥)ی رۆمانەکەدا ئاماژە بۆ ئەمە کراوە: (( -نانی، تۆ نایەیتەوە...؟! تۆ منت خۆشناوێ...؟!ها...؟! منت خۆشناوێ...؟! بۆ لەم ماڵە پیسەیت...؟!بۆ...؟!
هاوکات بە ڕقەوە لە مێردەکەی دەڕوانن، وەک بڵێی لە ڕێی ئەو سەرنجانەیانەوە پێی بڵێن تۆ (نانی)ی ئێمەت داگیرکردووە)).

لەم رۆمانەدا ئەمجۆرە دەربڕینانە زۆرن و دەتوانین ئەگەر ناوی خاوەنەکانیشیان نەهێنین بزانین هی چ جۆرە کارەکتەرێکن، چونکە دەربڕینەکان تایبەتمەندی ئەو کارەکتەرانە وەردەگرن کە دەریان بڕیوە. لەم رۆمانەدا ئاسان هەست بە دەربڕینەکانی کارەکتەرێکی دوکتۆر دەکرێ، جیایە لەگەڵ کارەکتەرێک کە نەخوێندەوارە یان لە ڕشتەی سەربازیدایە، یان هەر جۆرە پیشەیەکی دیکەی هەبێ، واتە هەر کارەکتەرە و بەو شێوەیەی کە هەیە گوزارشت لە روانینەکانی دەکات، بێ ئەوەی زۆر لە خۆکردنی پێوە دیاربێت، بۆیە لە رۆمانی وادا دەنگ و دەربڕینی جۆراوجۆر بەرچاودەکەوێت، بەقەد هەبوونی کارەکتەرەکانیش دەربڕینی جیاواز جێی خۆی دەکاتەوە. لەلاپەڕە(٢٠٦)دا کاتێ(بسەلماح) بەر لەوەی خۆی بتەقێنێتەوە لەلایەن دوکتۆرێکەوە، پشکنینی بۆ دەکرێت ئێمە لە ڕێی دەربڕینەکانی دوکتۆرەکەوە لەوە تێدەگەین، رۆماننووس چەند شارەزایانە دەربڕینەکانی خستووەتەڕوو کاتێ دەڵێت: ((پسپۆڕەکە، یان چاکترە بڵێین دۆکتۆرەکە، مادام باسەکە بۆ مەسەلەی نەخۆشی و چارەسەر گۆڕاوە، زاراوەیەکی ئینگلیزی بەکار دەهێنێت( fecal incontinence) ، کە ئەم ئەگەرچی لێیی تێناگات، بەڵام دەزانێت پێوەندیی بە سکچوونەوە هەیە، ئەو حاڵەتەی هەرگیز لەو دوور نەبووە...)). بێگومان دوکتۆرەکان زۆرجار ئەو دەستەواژە و زاراوانە بەکاردەهێنن کە پەیوەستن بە بواری کارەکەیانەوە ئەویش بواری پزیشکییە. رۆماننووس بۆ ئەوەی زمانێکی گشتگیر بەکارنەهێنێ کە تایبەت بێت بە خۆی، سوودی لە زمانی تایبەتی دوکتۆرەکان وەرگرتووە، کە زمانێکە زۆربەی جار بۆ ناوی نەخۆشی و دەرمان و گەلێ شتی دیکەیش وشە و زاراوەی ئینگلیزی تایبەت بە بواری پزیشکی بە کاردەهێنن.

**ئەنجامەکان:**

**لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتووین بەچەندین ئەنجام کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو ئەنجامانە:**

**(١)روانین جیاوازە لەگەڵ گۆشەنیگا، چونکە(گۆشەنیگا) ڕەهەندێکی شوێنی هەیە. بەڵام روانین ڕەهەندی هزری و دەروونی و زمانی هەیە، لەیەک کاتدا هەرسێ ئاستەکەی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، لەبەر ئەوە تەنیا خودی روانین ئاماژەیە بۆ چەمکی روانین نەک گۆشەنیگا.**

**(٢)بۆ تێگەیشتن لە دەقی رۆمان، گرنگترین شت تێگەیشتنە لە روانینەکان، چونکە روانین کۆکەرەوەی (فۆرم و واتا)یە، پەیوەندی بەهزر و باری دەروونی نووسەر و کارەکتەرە جیاجیاکانی رۆمانەوە هەیە، لەگەڵ ئەو زمانەیش کە پێی دەدوێین، بۆیە لەڕێی روانینەوە دەتوانین پەی بە تەواوی ماناکانی رۆمان ببەین.**

**(٣)روانین پەیوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە و لەرێی روانینەکانەوە دەتوانرێ تایبەتمەندی جیاوازی کارەکتەرەکان دەستنیشان بکرێت. ئەگەرچی دەکرێ ئەم روانینە تایبەت بێ بە رۆماننووس و لە رێی کارەکتەرێکەوە خرابێتە نێو دەقی رۆمانەکەوە.**

**(٤) ئەم رۆماننووسە هەوڵیداوە رۆمانەکانی فرە روانین بێت و یەک ئایدیا بەسەر خوێنەردا نەسەپێنێ، هەروەها هەوڵی نەداوە روانینەکانی بە ئاشکرا لە دەقی رۆمانەکانیدا بە دەر بکەوێ.**

**(٥)رۆماننووس لە رۆمانەکانیدا سوودی لە هەموو جۆرەکانی حەکایەتخوان وەرگرتووە، بۆ پێشکەشکردنی روانینەکان، بەڵام لە هەردوو رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان و کازینۆی منداڵان)دا ئەمە تایبەتتر کاری لەسەرکراوە، چونکە لەم دوو رۆمانەدا هیچ حەکایەتخوانێک ناتوانێت تا سەر حەکایەتخوانی بکات. گەمەی گۆڕینی حەکایەتخوان جەوهەریترین کاری نێو ئەم رۆمانانەیە رووداوی وا بەرچاو دەکەوێت کە زیاتر لە حەکایەتخوانێک لەیەک کاتدا بەیەکەوە دەیگێڕنەوە. ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ خستنەڕووی ئاراستە هزرییە جیاوازەکان و نەهێشتنی بەربەست لەبەردەم روانینە جۆربەجۆرەکاندا.**

**(٦)لە رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسەدا کارەکتەرەکان وەک چۆن لە پێکهاتەدا لەیەکدی جیاوازن، ئاواش لە رووی روانینەوە هەریەکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیا لەگەڵ یەکێکی دیکە بیردەکاتەوە، نموونەیەکی دەگمەنی ئەم جیاوازییەی کارەکتەرەکان لە رووی روانینەوە لە رۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا لە نێوان (سوهاد) و (وریا)ی برایدا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دوو کارەکتەرە نەک روانینی جیاوازیان هەیە، بەڵکو خاوەن دوو روانینی پێچەوانەشن بۆ ژیان، (سوهاد) هەمیشە حەزی لە گەڕانەوەیە و بە خۆشەویستی رابردوو دەژیت، بەڵام (وریا) ڕقی لەرابردووە،**

دەیەوێت لە زەمەنێکدا بژیت تیژ تێپەڕێت کە ڕۆشتیش ئەو بۆی نەگەڕێتەوە. ئەو روانینانەی (سوهاد و وریا) لە منداڵییەوە تاکو تەمەنی پیریش هەر لەگەڵیاندا دەمێننەوە و دەبن بە ناسنامەی هەریەکێکیان.

(٧)جیاوازی هزری لە رۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا بە زەقی کاری لەسەر کراوە. هزرە دژ و جیاوازەکان وەک چۆن لە ژیان دروستکەری ناکۆکی نێوان چینە جیاجیاکانن، ئاواش لەم رۆمانەدا ناکۆکییە هزرییەکان بە شێوەیەکی قووڵ بەرچاو دەکەون، بۆنموونە دژایەتی نێوان هزری مارکسی و هزری ئیسلامی، (شێرزاد ناجی) هەڵگری هزری مارکسییە، (مەلا عارەب)یش نوێنەرایەتی هزری ئیسلامی دەکات، هەمیشە لەدژی یەکدی تێدەکۆشن و لە ناکۆکییەکی بەردەوامدان.

(٨)لە روانینەکاندا هەمیشە ئاستی دەروونی، دەربڕینەکان ئاراستە دەکات، بە هۆی گۆڕانی باری دەروونی کارەکتەرەکانەوە گۆڕان لە دەربڕینەکانیشیاندا ڕوودەدات، گۆرانی باری دەروونی (نانی)ی دایکی ئامانج لە رۆمانی (ماڵی نانی)دا نموونەیەکی بەرچاوە، کاتێ ئامانج لەڕۆژی شووکردنەوەی دایکیدا لە (توالێت) نایەتە دەرێ، بە تێپەرینی کات (نانی) باری دەروونی دەگۆڕێت لە گەڵیشیدا گۆڕان لە دەربڕینەکانیدا روودەدات.

(٩)ئاستی دەربڕینی روانینەکان لە رۆمانی مامزێر شێوازێکی قووڵ و تایبەتی وەرگرتووە، تەنیا وشە و رستەکان بەسنین بۆ گوزارشتکردن لە هزر و بارە دەروونییەکان. ئەمە لەسەر ئاستی هزری بۆ قووڵی روانینەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە کارەکتەرەکان زۆرجار ناتوانن بە وشە و رستە گوزارشتی تەواو لە مەبەستەکانیان بکەن، دەبێت لە ڕێگەی زمانی جەستەوە یان پیشاندانی سەرسوڕمان و شێوازی تایبەتەوە گوزارشت بکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کە دەربڕین پەیوەستە بە واتای گوتراو و نەگوتراوی روانینەکانەوە.

(١٠)پێشکەشکردنی روانینەکانی رۆمانی (ئای لە ڤیلیا لەڤیلیا..!!) لە ئاستی دەربڕیندا لە گشت رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسە جیایە، هەستدەکرێ کە رۆماننووس چەند بەوردی کاری لەسەر زمانی دەربڕینەکان کردووە، رستە و دەستەواژەکان لە قالبێکی پڕ لە ئاوازدا دەربڕاون، نووسەر وریایانە بە دوای جوانترین و ئاوازدارترین دەربڕیندا گەڕاوە بۆ گوزارشتکردن لە هزر و لایەنە دەروونییەکان، لە زۆرشوێندا زمانی دەربڕینی روانینەکان لەزمانی شیعر نزیکدەبێتەوە، ئەم دیاردەیەش لە وێنەکێشانی دەنگ و ریزکردنی وشەکانی ئەم رۆمانەدا بە روونی دەبیندرێت.

**سەرچاوەکان:**

**ا/ بە زمانی کوردی:**

**رۆمانەکان:**

**(١)کاروان عومەر کاکەسوور: ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.**

**(٢) کاروان عومەر کاکەسوور: مامزێر، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

**(٣)کاروان عومەر کاکەسوور: کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی،٢٠١٢.**

**(٤)کاروان عومەر کاکەسوور: کازینۆی منداڵان،چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.**

**(٥)کاروان عومەر کاکەسوور: ماڵی نانی،ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی تاران،چاپی یەکەم،٢٠١٤.**

**پەرتووکەکان:**

**(٦)ئازاد ئەحمەد مەحموود:بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥. ٢٠٠٥لێکۆلینەوەییێکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.**

**(٧)ئەرەستۆ: هونەری شیعر(شیعرناسی)، و:عزیز گەردی،چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**(٨) ئەریک فرۆم: چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و:ئارام جمال سابیر، چاپخانەی چوارچرا ،چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠١١.**

**(٩)ئەفلاتون: کۆمار، و:سۆران عومەر حمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات،چاپی دووەم، هەولێر ، ٢٠١٥.**

**(١٠)بەختیار عەلی: لە دیارەوە بۆ نادیار/دەربارەی میتۆد_بونیاد_زمان/پرۆژەی کۆکردنەوەی کۆی بەرهەمە تیۆرییەکان-بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.**

**(١١) بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی(د): گۆشەنیگا لەرۆمانەکانی سەبری سلێڤانی دا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.**

(١٢) بەسام قطوس(د.): دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و:د.محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

(١٣)تزوتان تودۆرۆف: بۆتیقای پێکهاتە خواز، و:محەمەد تەرەغە، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

(١٤)جارلز برێسلێر: رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و:عەبدولخالق یەعقوبی،چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

(١٥)جەلال ئەنوەر سەعید: تەکنیکی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(١٦) حەمە مەنتک: تەکنیکی فرەدەنگی لەرۆمانی کوردیدا(کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

(١٧)دانا فایەق: منداڵێک بەدزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە/ گفتوگۆ لەگەڵ(کاروان عومەر کاکەسوور)،لە بلاوکراوەکانی رەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٨.

(١٨)ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ: جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

(١٩)ژان پۆل سارتر: ئەدەب چییە؟ و: مستەفا غەفور، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٩.

(٢٠)سابیر رەشید: رۆمانی کوردی خوێندنەوەو پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

(٢١)سەباح ئیسماعیل: چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا،دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

(٢٢)سەلاح عومەر: رۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە،چەند وتارێک لەبارەی چیرۆک و رۆمانەوە،چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی،دهۆک ٢٠١٠.

(٢٣)سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی: بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا لێکۆڵینەوەیەکی (ڕەخنەیی، پراکتیکی، بەراوردکاری)یە، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک، ٢٠٠٩.

(٢٤)سۆران ئازاد: گوزارشتی خود، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، هزری و هونەرییە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

(٢٥)سیامەند هادی:مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان،چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٢٦)شکری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، و: سەردار ئەحمەد گەردی (پ.ی.د)، چاپخانەی ماردین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

(٢٧)ڤەنسان ژووڤ: بووتیقای ڕۆمان، و:محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی(د.)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ،٢٠١٢.

(٢٨)فوئاد ڕەشید(د): دەقی ئەدەبی ئەدگار، چێژ، بەها چەند نووسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکیە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

(٢٩)فوئاد عەبدولڕەحمان: بیر-ئاوەز-زمان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٣٠)عەبدوڵڵا سەراج، بەرەو..ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان ـ سلێمانی، ٢٠٠٧.

(٣١)عەبدولڕەحمان مونیف: تیشکێک بۆسەر ڕۆمان، و:شیرین.ک، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، کوردستان ـ سلێمانی، ٢٠٠٦.

(٣٢)عوسمان یاسین: بونیادگەری پێکهاتووی (میتۆدی لوسیان گۆڵدمان)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

(٣٣)کۆمەڵێ نووسەر: بوونگەرایی، فەلسەفەی واقیعی مرۆڤایەتی، و:خالید عوسمان تەها، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

(٣٤)محەمەد فەریق حەسەن: ئەزموونی چیرۆکنووسین، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

(٣٥)مستەفا سالح مستەفا خرواتانی(د.): تەکنیکی گۆشەنیگا لەرۆمانەکانی (بەختیار عەلی) دا, چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٣.

(٣٦)نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی: بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، ڕاز) (لێکۆلینەوەیەکی تیۆری، پراکتیکی، ڕەخنەیی)یە، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٣٧)نەجم خالید ئەڵوەنی (پ.ی.د): کارەکتەرسازی لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی شیکارییە، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠٩.

(٣٨)نەجم ئەڵوەنی(د): ٣لیکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی رۆمانی کوردییەوە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

(٣٩)نەجم خالید ئەڵوەنی(پ.ی.د):جۆرەکانی دەقئاوێزان لە رۆمانی(پێنچەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب-دا/لێکۆڵینەوەیەکی(تیۆری-پراکتیکی)یە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.

(٤٠)نەجم ئەڵوەنی(پ.ی.د): دەسەڵاتی حەکایەتخوان لەچیرۆکدا بەنموونەی کۆ چیرۆکی(کێ وەستا کەریمی کوشت؟)، لەنووسینی(موحسین چینی)، شیکردنەوەیەکی رەخنەییە لەڕوانگەی بنیاتگەری سۆسیۆلۆجییەوە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.

نامە زانکۆییەکان:

(٤١)ڕێزان ڕەحمان خدر: تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٢.

(٤٢) کارزان موحسین قادر: سیماتازەکانی رۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی١٩٩١ ـ ٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، ٢٠٠٩.

رۆژنامە و گۆڤارەکان:

(٤٣)ئازاد سبحی: مەرگی تاقانەی دووەم (گێڕانەوەی زیندوو..خەونی مردوو)، گۆڤاری رامان، ژمارە٤٣، (٥)ی کانونی دووەم٢٠٠٠.

(٤٤) زاهير كەريم (پ.د.): سايكۆلۆژيای دەق، رۆژنامەی: ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ:(٥٣٨٩)، ٢٠١١/١/٢٧.

(٤٥) سەعيد محمد نووری: دەروازەيەک بۆ سايکۆلۆژيای نووستن و خەوبينين، گۆڤاری "رامان" هەولێر، ژ:١٥، چاپخانەی خانی دهۆک، ٢٠١٥/١/٥.

(٤٦) فەرهاد پيربال(د.): ئەم تەوەرەی رۆمان..بۆ؟، گۆڤاری:کاروان، ژ(١٠٨)،هەولێر، ١٩٩٧.

فەرهەنگەکان:

(٤٧)شێخ محەممەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

(٤٨)لێژنەی ئەدەبی کۆڕی زانياری کورد: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (کوردی- عەرەبی- ئينگليزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

(٤٩)محەممەد چيا:فەرهەنگی فەلسەفی(ئينگليزی-عەرەبی-کوردی)، چاپخانەی مەهارت، چاپی سێيەم، تەهران، ٢٠٠٦.

ب/بە زمانی عەرەبی:

پەرتووکەکان(الكتب):

(١)إبراهيم جنداري:الفضاء الروائي في أدب جبرا إبراهيم جبرا،تموز للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، دمشق،٢٠١٣.

(٢)إبراهيم جنداري: الفضاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا،دارالشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى،بغداد، ٢٠٠١.

(٣)اسماء احمد معيكل(د.): نظرية التوصيل فى الخطاب الروائي العربي المعاصر،الناشر دار الحوار، الطبعة الاولى، سورية-اللاذقية ٢٠١٠.

(٤)باسم صالح حميد(د): الرواية الدرامية دراسة فى تجليات الرواية العربية الحديثة، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد،٢٠١٢.

(٥) بوريس اوسبنسكى: شعرية التاليف، بنية النص الفني وأنماط الشكل التأليفي، ت:سعيدالغانمي و ناصرحلاوي، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية،١٩٩٩.

(٦)بيرسى لوبوك: صنعة الرواية، ت: عبدالستار جواد، المركز العربى للطباعة والنشر، بيروت، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٨١.

(٧) تزڤيتان تودوروف: ميخائيل باختين المبدأ الحواري، ت:فخري صالح،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الثانية،بيروت، ١٩٩٦.

(٨) جيرار جنيت وآخرين: نظرية السرد من وجهه النظر الى التبئير، ت:ناجى مصطفى، منشورات الحوار الأكاديمي و الجامعي، الطبعة الاولى، ١٩٨٩.

(٩)حميد الحمداني(د.): بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، بيروت، ٢٠٠٠.

(١٠) رولان بورنوف و ريال اوئيلية: عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، ، دار الشؤون الثقافية العامة "افاق عربية"، الطبعة الاولى، بغداد-اعظمية،١٩٩١.

(١١) زياد العوف(د.): الأثر الايديولوجي فى النص الروائي، ثلاثية نجيب محفوظ، مطبعة الداودي، الطبعة الاولى، دمشق،١٩٩٣.

(١٢)سعيد يقطين: تحليل الخطاب الروائي (الزمن، السرد، التبئير)، دارالبيضاء، الطبعة الرابعة، المغرب،٢٠٠٥.

(١٣)سمير روحي الفصل(د.): الرواية العربية البناء و الرؤيا - مقاربات نقدية، منشورات اتحاد الكتاب العرب - دمشق، ٢٠٠٣.

(١٤)سيزا أحمد قاسم: بناء الرواية، دراسة مقارنه لثلاثية نجيب محفوظ ،الهيئةالمصرية العامة للكتاب،القاهيرة،١٩٧٨.

(١٥)شاهو سعيد(د): التبئير الفلسفى فى الرواية.. مقاربة ظاهراتية فى تجربة سليم بركات، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، كوردستان ـ السليمانية، ٢٠٠٧.

(١٦)شجاع مسلم العاني: البناء الفني فى الرواية العربية فى العراق، دارالشؤون الثقافية العامه،بغداد،١٩٩٤.

(١٧)طلعت منصور(د.) و آخرون: أسس علم النفس العام، الناشر: مكتبة الانجلو المصرية - القاهرة،٢٠٠٣.

(١٨)عبدالمنعم زكريا القاضي: البنية السردية فى الرواية، دراسة ثلاثية خيري شلبي(الامالي لأبي على حسن : ولد خالي)، عين للدراسات والبحوث الأنسانية والأجتماعية، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.

(١٩)لوسيان غولدمان: الإله الخفي، ت: د.زبيدة القاضي، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق،٢٠١٠.

(٢٠)مجموعه مؤلفين: البنيوية التكوينية والنقد الادبى، ت:محمد سبيلا، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت،ط٢، ١٩٨٦.

(٢١)محمد عزام: شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٥.

(٢٢) محمد نجيب التلاوي(د.): وجهة النظر في روايات الأصوات العربية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق،٢٠٠٠.

(٢٣)محمود امين العالم و آخرون: الرواية العربية بين الواقع والأيديولوجية، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية ـ اللاذقية،١٩٨٦.

(٢٤)م.ن.باختين: قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، ت: د.جميل نصيف التكريتي، دار الشؤون العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦.

(٢٥) محمد يونس: الفطرة الروائية، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، دمشق، ٢٠١٢.

(٢٦)ناصر نمر محي الدين: بناء العالم الروائي، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى اللاذقية،٢٠١٢.

(٢٧) والاس مارتن: نظريات السرد الحديثة، ت:حياة جاسم محمد، المجلس الاعلى للثقافة،الأسكندرية، ١٩٩٨.

(٢٨)يمنى العيد: الراوى الموقع و الشكل (بحث فى السرد الروائي )، الطبعة الاولى، مؤسسه الابحاث العربية، بيروت ـ لبنان، ١٩٨٦.

(٢٩)يمنى العيد: تقنيات السرد الروائي فى ضوء المنهج البنيوي، دار فارابي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٠.

فەرهەنگەکان(قاموس):

(٣٠)مجموعه مؤلفين: معجم السرديات، دار محمد على للنشر- تونس، دار فارابي-لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠١٠.

(٣١) مجموعه مؤلفين: الموسوعة الفلسفية المختصرة، دار القلم، بيروت-لبنان، بلا سنة الطبع.

(٣٢) مجمع اللغه العربيه: المعجم الفلسفي،الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية ، قاهره،١٩٨٣.

(٣٣) نبيل راغب (د.): موسوعة الفكر الادبية ، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع، قاهيرة، ٢٠٠٢.

(٣٤)نور بير سيلامى: المعجم الموسوعي فى علم النفس،الجزء الثالث،ت: وجيه اسعد،منشورات وزارة الثقافة -سوريا-دمشق، ٢٠٠١.

نامەی زانكۆیی(الرسائل الجامعيه):

(٣٥) ليلى عثمان عبدالله: فواد التكرلى روائيا، رساله دكتورا، كليه اللغات، جامعة كويه، كويه، ٢٠٠٧.

گۆڤارەکان(المجلات):

(٣٦)أنجيل بطرس سمعان: وجهة النظر في الرواية المصرية "الفصول" مجلة النقد الادبي، عدد٢، مجلد٢،الهيئة المصرية العامة للكتاب، ينار- فيبروری- مارس ١٩٨٢.

(٣٧)بشير القمري: مفهوم التناظر-تحديات نظرية ، مجلة شؤون ادبية ، العدد١١، الشارقة ، ١٩٩٠

(٣٨)فيصل مالك أبكر: الرواية الحديثة ونظرية ٠٠ وجهة النظر، مجلة نزوي، العدد ٧٣،٢٠١٣.

پێگەی ئینتەرنێتی ( مواقع الانترنیت):

(٣٩) سمیر الخلیل (د.): قراءة فی (وجهه النـظر) ٩ /٠٤/٢٠١٤،

http://www.almashriqnews.com/inp/view.asp?ID=66023

ج/بە زمانی فارسی:

پەرتووکەکان(کتابها):

(١)ادوارد مورگان فورستر: جنبه‌های رمان، ت:ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه،چاپ پنجم، تهران،١٣٨٤.

(٢) اعظم بیژنی دلیوند: از تهران مخوف  تا جای خالی سلوچ(نقد و پژوهش رمان ایرانی پیش از کودتای ٢٨مرداد و پس از ان)، نشر روزگار،تهران، ١٣٨٩.

(٣)آلن رب گری یه: برای رمان نو،ت:پرویز شهدی، انتشارات بافکر-تهران، چاپ اول، ١٣٨٨.

(٤) جاناتان کالر: نظریه ادبی،ت: فرزانه گاهری، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٥.

(٥) جمال میر صادقی:ادبیات داستانی (قصه، رمانس، داستان کوتاه، رمان)،چاپخانه بهمن،چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٦.

(٦) جمال میر صادقی: عناصر داستان، چاپ سوم، چاپخانه بهمن، تهران، ١٣٧٦.

(٧) حسین بیات: داستان نویسی جریان سیال ذهن، چاپ و صحافی سحاب، تهران، بهار١٣٨٧.

(٨) رولان بارت: در امدی بر تحلیل ساختاری روایت ها، ت:محمد راغب، موسسه فرهنگی رخ دادنو، تهران،١٣٨٧.

(٩) ژان میشل آدام، فرانسواز رواز : تحلیل انواع داستان(رمان، درام، فیلم نامه)، ت:آژین حسن زاده و کتایون شهپرراد،نشر قطره، تهران،١٣٨٣.

(١٠) محمود فلکی: روایت داستان تئوری های پایه‌یی داستان نویسی، چاپ وصحافی(تکثیر)، چاپ اول، تهران، ١٣٨٢.

(١١)  وحید رنجبر: راوی، انتشارات باغ نی، چاپ اول، کرمانشاه، سال١٣٨٩.

**فەرهەنگ(فرهنگ):**

**(١٢)غلامحسين صدرى افشارو ديگە: فرهنگ معاصر فارسى يک جلدى،مؤسسە فرهنگ معاصر،چاپ پنچم، تهران، ١٣٨٧.**

**گۆڤارەکان(مجلها):**

**(١٣)قدسيە رضوانيان(د.) و حميدە نورى: راوى در رمان ((آتش بدون دود)، مجلە متن شناسى ادب فارسى، پژوهشهاى زبان و ادبيات فارسى (علمى ـ پژوهشى)، دانشگاه اسفهان، شمارە:٤، زمستان١٣٨٦.**

**پێگەی ئەنتەرنێتی(سايتهاى انترنيت):**

**(١٤) سلماز يگانە مهر: بررسى رمان (سمفونى مردگان) از لحاظ زاويە ديد،٢٠٠٨/٦/٩.**

.http://solmazyeganemehr.files.wordpress.com/.../barasi-roman

**(١٥) منير احيايى: راوى، زاويە ديد، كانون سازى، بوطيقا (خانە ادبيات داستانى) ، ٢٣آبان، ١٣٩٢،**

.www.butiqa.org

**د/ بەزمانی ئینگلیزی:**

(١)A shorn by oxford advanced learner's Dictionary of current English, seventh edition, oxford university press.

(٢)George Hartley (pro.): point of view and narrative voice, Ohao University, http//teen writing. About.com/library/weekly.

زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Levels of Outlook in Karwan Omer kakasur's novels

**A Thesis**

**Submitted to the Council of the College of Language in Salahaddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Sciences in Kurdish Literature**

By
**Diyar Mohammed Kareem**
B.A. Kurdish Language and Literature - Salahaddin University- Erbil – 2010

Supervised by
**Asst. Prof. Dr. Najim Khalid Alwany**

**Erbil - Kurdistan**
**December 2015**

# Abstract

## Title of the research:

This research is under the title (the levels of outlook in KARWAN OMER KAKASURS Novels) we chose this title because the spout point for understanding any novel begins in understanding its outlook.

Outlook means thinking of human about life, society and universal. Also for any tiny movement or thought that have relationship with the environment that the human lives in. Here we can say that outlook begins with the first steps of human thinks.

Outlook is necessary for any person, because through outlook we can understand thing that surrounded us. Through expressing our thoughts we can send our massage to others. And this leads to relationship between human, this is structure of civilization.

**Problem of research:**

One of the points that we chose this title is mixing between ( outlook) and (point of view).

In our research we realized that these two concept. Are totally different althought some of Kurds, Arab, and Persian writters could not differ wate between the two terms. The levels of outlook in kurds novels have not been worked about. If we found are search that talks about this topic there is no doubt that it talks about it wiring with point of view. And this is wrong because they are two different and saperate terms.

We think that working on the novels of this author is important because they are in ahigh level of art and thought. Also the novels of this auther has few works about, that’s why we decide to work on.

## Importance of the research:

The most important thing for understanding any novel is understanding it's outlooks. The outlook of novel can be devided into three different parts. There is a strong relationship between the levels. Nou of levels can not exist whithout others. Any of then effect the two others and effect by them

The thinking level is the core level among others. Thing decide apposition for characters and they depend on the way that they think, the psychology level is also important because there is not outlook without psychology side. Psychology is the basic of creating different thought. And select the style of expressing. The function of expressing level is showing thoughts and psychology in outlook.

## Method of the research:

In our research we depend on ( Bores Osbnske)'s method. This method works directly on the text and anal is the exterior impacts. In other words both sides of a text be work on and doesn't neglect any side.

## Result's of the research:

In this research we gain many different results, most importants are:

1/ Outlook is different of point of view. Point of view has a setting side while outlook has things to do with thought, psychology, and language. In same time it contains all different levels.

2/ for understanding a novel, the most Important thing is understanding outlook, because it contains both (form and meaning). It has relationship with the psychology of different characters and with a language that they speak by, that's why we can found most novel's meaning.

3/ Outlook has a relationship with characters. Through outlook features of characters can be realized, in spite of that in some cases may be the novelist express his/her thoughts through novel characters.